2021

ژمارە ٦

# HANA

گۆڤارێکی ئەدەبی، کلتووریی و کۆمەڵایەتییە



لوئیز میشێل خاتوونی سووری کۆمۆن/ دیدارێک لە گەل فاتح شێخ / کۆچی
مەریوان / مێژووی سروودێ ئەنترناسیۆنال/ ژنان لەراپەرینی کۆمۆنی پاریسدا /
ئەزموونی شووراکانی لە کوردستان / گوستاو کوربێ و تابلۆکانی ـ/ مانیفێستی
فیدراسیونی هونەرمەندان لە کۆمۆنی پاریس/ چۆنیەتی سەرهەلدانی
بنکەکانی گەڕەک لە سنە/ / شیعر و هەندێ بەرهەمی تر

**سەرنووسەر:**
سلیمان قاسمیانی (کاکە)



ISSN: 1401-1336

Hana
Box 62
42422 Angered
Sweden

www.hana.se
info@hana.se
govaryhana@gmail.com

ژمارە حیسابی پۆست جیرۆی هانا: **٥- ٦٠٨٣٤٥**

**هانا** گۆڤارێکی ئەدەبیی، کولتوریی و کۆمەڵایەتییە. **هانا** هیچ بەرهەمێک کە دژ بە بیری ئازادی، یەکسانی، حورمەت و کەرامەتی مرۆڤ بێ، بڵاو ناکاتەوە. هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینەکەی خۆیەتی. **هانا** تەنیا بەرپرسی ئەو بابەتانەیە کە بە ناوی دەستەی نووسەرانەوە بڵاو دەبێتەوە.
**هانا** هەم لە سەر کاغەز و هەم بە شێوەی دیجیتاڵ واتە لە سەر ئینتەرنێت بڵاو دەبێتەوە. بۆ وەرگرتنی **هانا** لە سەر کاغەز، دەتوانن ڕاستەخۆ لە سەر پەیجی **هانا** گۆڤارەکە داوابکەن و پارەکە لە سەر نێت بدەن.
چاوەڕوانی بەرهەمەکانتانین.

**بەرهەمەکانی ئەم ژمارەیە:**


١- سالیادی کۆمۆن، بۆچی ژمارەی تایبەت؟ / سلیمان قاسمیانی ٣

٢- وتوویژێک سەبارەت بە یادی ١٥٠ ساڵەی کۆمۆنی پاریس لە گەل فاتح شێخ ٩

٣- مێژووی سروودی ئەنترناسیۆناڵ / موسلیح ڕێبوار ٢٣

٤- ژنان لە کۆمۆنی پاریس دا / زوهرە ستوودە / وەرگێرانی لەیلا قاسمیانی ٣٧

٥- لوئیز میشێلی شاعیر و ڕۆڵی شۆڕشگێرانەی لە (کۆمۆنەی پاریس) دا /
ئامادەکردنی عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) ٥٣

٦- چۆنیەتی سەرهەڵدانی بنکەکانی گەرەگ لە شاری سنە / مەنسوور فەرزاد /
وەرگێرانی سلیمان قاسمیانی ٦٥

٧- خاتوونی سووری کۆمۆن / وەرگێرانی لەیلا قاسمیانی ٩٧

٨- "کۆمۆنی پاریس ١٨٧١" / ڕانانی فیلمی پیتر واتکینز / وەرگێرانی هەتاو عەبدولاهی ١٠٩

٩- باسێک لە ئەزموونی شوورا کرێکارییەکانی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٩١
نووسینی: عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) ١١٥

١٠- گوستاو کوربێ تابلوکێشی کۆمۆنارد / ئامادەکردنی سلیمان قاسمیانی ١٣٣

١١- چەند وشەیەک لە بارەی ڕاپەڕین و شۆراکانەوە / کاروان عومەر کاکەسوور ١٤٥

١٢- رئالیسم لە هەڵبژاردنی ئامێردا / ڕانانی شانۆیەکی بیرتۆلت برێشت /
وەرگێرڕنی رامیار ڕەزایی ١٧١

١٣- کۆچی مەریوان / مەجید حوسێنی ١٧٥

١٤- فیدراسیونی هونەرمەندان / ئامادەکردنی عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) ٢١٥

١٥- نامەی لوئیز میشێل بۆ ویکتور هیوگۆ / وەرگێڕانی ئازاد عەبدالی ٢٢٥

١٦- شاعیری وەرزی گێلاسەکان / ئامادەکردنی سلیمان قاسمیانی ٢٣٥

١٧ - شیعر ٢٤٣

# سالیادی کۆمۆنی پاریس

## بۆ ژمارەی تایبەت؟

سلیمان قاسمیانی

## بۆ ژمارەی تایبەت؟

رۆژی ١٨ مارس، ١٥٠ سال بە سەر راپەرینی کریکاریی کۆمۆنی پاریس و راگەیاندنی دەسەلاتی شورایی، تێپەڕیوە. ئەم ژمارەیەی هانا، ژمارەیەکی تایبەتییە کە تەرخان کراوە بۆ ئەزموونی کۆمۆنی پاریس لە مەیدانەکانی جۆراوجۆری ژیان دا و ئەو دەرسانەی کە جوولانەوەی کرێکاریی لە کۆمۆنەوە وەریگرتووە و ئەو کاریگەرییەی بوویەتی لە سەر خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی و دەسەڵاتی شورایی لە کوردستان دا.

ئەوەی کە کۆمۆنی پاریس بەرجەستە دەکا، دەستبردنی چینی کرێکار و هەژارە بو دەسەڵات. خەبات دژی دەسەڵاتی نایەکسان و چەوسێنەر، بە درێژایی مێژوو و لەو کاتەوە خاوەندارێتی تایبەت خۆی بە سەر کۆمەڵگادا داسەپاندووە، بەردەوام لە ئارادا بووە. بەڵام ئەو راپەرینانە هەرگیز



نەیانتوانی ئاڵوگۆڕی سەرەکی پێک بێنن بە هۆی ئەوەی نەیاندەتوانی دەسەڵاتێکی جیاواز بهێننە ئاراوە بەڵکوو تەنیا کەسەکانیان دەگۆڕی و سیستەمەکە بە ئیدارە و دەمودەزگای حکومەتەوە هەر وەک خۆی دەمایەوە. ئەوەی کە کۆمۆنی پاریس کردی، گۆڕینی دەسەلات لە بنەڕەترا و حکومەتکردن بە شێوەیەکی تەواو جیاواز بوو. بەرێوەبەرانی کۆمۆن هەڵدەبژێردران و هەرکات خەڵک بیانویستبایە دەیانتوانی بیانگۆڕن و کەسێکی تر لە جێگەیان دابنێن. مووچەی بەڕیوەبەرەکان نەدەبوو زیاتر لە حەقدەستی کریکارێک بێت. سوپا هەڵوەشێنرایەوە و خەلک بە گشتی چەکدار کران. دەستی ئایین لە مەدرەسەکان و بارهێنان بە گشتی کورتکرا. ئەمانە بە گشتی بە مانای مانەوەی خەلک لە گۆڕەپانی خەبات و دەسەلات دا بوون.

بە داخەوە زۆریک لە لایەنەکانی ژیان و خەباتی کۆمۆنی پاریس بۆ ئێمە لە خۆرهەڵاتی ناوەراست نەناسراو و نادیارە. بەرنامەی بارهێنانی کۆمۆن چۆن بوو؟ ئەوە دەزانین کە ئایین بە تەواوی لە بارهێنان دوورخرایەوە، بەڵام لە وردەکارییەکان و بۆچوونەکان بە گشتی شتێکی زیاتر نە بە کوردی نە بە فارسی و نە بە عەرەبی دەستناکەوێ یان ئەگەریش بووبێ، شوێنی نەماوە. لە سەر هونەر و ئەدەب لەمبارەوە تا رادەیەک شتی زیاتر بەدەستەوەیە بەڵام تەنانەت لەو مەیدانەشدا زۆر شت ون و نادیارە. لێرەولەوێ لە بیرەوەرییەکان یا نووسینی جۆراوجۆر لە سەر کۆمۆنی پاریس، ئیشارەی کورت بە هەڵسووڕان و چالاکی هونەری دەکرێ، بەڵام نەک لەوە زیاتر. ڕاستە کە کۆمۆنی پاریس زیاتر لە ۷۰ رۆژی نەخایاند بەڵام بێشک کۆمۆن دەبێ لەوبوارەوە زۆر کاری کردبێت، هۆیەکەشی ئەوەیە کە زۆرێک لە رابەران و هەڵسووڕاوانی کۆمۆن، زۆرێک لە کۆمۆناردەکان، هونەرمەند و

نووسەر و شاعیر بوون.

گوستاو کوربێ، تابلۆکێشی ناسراو کە وەکوو باوکی ریئالیسم لە نەقاشی دا ناوی دەبرێ، لە رابەرانی کۆمۆنی پاریس بوو. کوربێ لە نووسەرانی مانیفێستی فیدراسیۆنی هونەرمەندانی پاریس و لە دامەزرێنەرانی فیدراسیونەکە بوو. لەم ژمارەیەدا ئەم مانیفێستە بلاوکراوتەوە و روانگەی کوربێ و هونەرمەندانی چەپ و پێشرەو لە سەر هونەر نیشان دەدا.

کۆمۆنی پاریس زۆر شاعیر و نووسەری بە دەورە بوو کە هەم بە پێنووس و هەم بە گیانیان وەکوو چەک دژی نایەکسانی وەستانەوە و سینگیان کردە قەڵغانی دەسەڵاتی کرێکاریی کۆمۆنی پاریس. لەوانەدا ئوژێن پۆتییە لەهەموویان بۆ ئێمە ناسیاوترە. شیعری سروودی ئەنترناسیونال، یادگاری کۆمۆنی پاریس، کە بۆتە سروودی جیهانی کریکاران و بە زۆربەی زمانەکانی دونیا دەخوێنرێتەوە، بەرهەمی ئوژێن پوتییەی شاعیرە. دانەری ئاهەنگی سروودەکە، کریکاری دارتاش "پییەر دەگییت"ە کە دوای بیستنی شیعرەکە دەسبەجێ ئاهەنگێک بۆ شیعرە ساز دەکا و لە گەل کۆڕی مۆسیقاکەی خۆی پێشکەشی دەکەن.

شاعیرێکی کۆمۆناردی ناوازەی تر، "ژان باتیست کلێمان"ە. کلێمان، شیعری زیاتر لە ٣٠٠ گۆرانی سەردەمی خۆی نووسیوە. ئەم هەلبەستوانە مەزنە کە بەداخەوە ئێستا زۆرێک لە گۆرانییەکانی لەبیرچوونەوە، ئێستاش چەن دانە لە گۆرانییەکانی هەرماون. کلێمان، لە رابەرانی کۆمۆن بوو و تا دوا ساتەکانی کۆمۆن جەنگا. بەناوبانگترین گورانییەکانی کلێمان "وەرزی گێلاسەکان" و "حەوتووی خوێناویی"ن کە ئەم دواییەیان لە سەر قەتلوعامی کۆمۆناردەکان بە دەس سوپای بورژواکانە.

لوئیز میشێل کە بە "خاتوونی

سووری کۆمۆن" ناودەبرێ، شاعیر و نووسەر بوو. لوئیز لە کۆمۆناردە بوێرەکانی پاریس بوو و لە ڕێکخستنی ژنانی کرێکار و دامەزراندنی یەکیەتی ژناندا دەستی باڵای بوو. لوئیز تا دوا گوللە دژی سوپای دوژمن شەری کرد. بوێری و راوەستاویی لوئیز لە کاتی دادگاییکردنی لە لایەن "دادگای لەشکریی" ناوی ئەوی گەیاندە لوتکە. ئەو نەتەنیا سەری بۆ دادگا دانەنواند بەڵکوو بە راشکاوی بە فەرماندەکانی سوپا و دادگای راگەیاند کە تاوانبارەکان ئەوانن و دەبێ دادگایی بکرێن. ئەو بە سەری بەرزەوە هاواری کرد کە ئەگەر جارێکی تر فرسەتی پێبدرێ دووبارە دژی ئەم دەسەڵاتە رادەوستێتەوە و تۆڵەی خوێنی کۆمۆناردەکان دەستێنێتەوە. ئەو وتی کە بۆ گیانی ناپاڕیتەوە و مردنی پێ خۆشترە. یەکێک لە شیعرە بەناوبانگەکانی ئەو "مێخەکی سوور"ە.

ویکتۆر هیوگو نووسەر و شاعیری بە ناوبانگی فەرانسی، هەرچەن خۆی لە هەڵسووڕاوانی کۆمۆن نەبوو بەڵام لایەنگیریان بوو. ئەو شیعرێکی حیماسی هەیە بۆ ڕیزگرتن لە راوەستانی قارەمانانەی لوئیز بەرامبەر "دادگای لەشکریی" و بەرەنگاریی لە بڕوا و ئایدیاکانی کۆمۆنی پاریس.

ئەمانە و زۆر لایەنی تر لە بواری هونەر و ئەدەبی پێشرەو و رادیکال لە ماوەی کورتی تەمەنی پاریس دا، هەیە کە نادیار ماون یان زۆر بە کەمی لە سەریان نووسراوە. بەرهەمی هونەری و ئەدەبی زوربەی رابەرانی ئەدیب و هونەرمەندی کۆمۆن، وەرنەگێڕدراونە سەر زمانەکانی تر. دیارە زمانی ئینگلیسی لەوبارەوە کەمێک لە ئێمە دەستی پڕترە، بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەو بەرهەمانە هەر بە زمانی فەرانسە ماون و ئەم ئەرکە بەر لە هەموو شتێک شارەزای زمانی فەرانسە دەخوازێ.

ئاشکرایە کە ئاسەواری ئایدیا و ئەزموونی کۆمۆنی پاریس لە هەر

هانادا قامکمان خستووەتە سەر سێ ئەزموونی جیاواز لە




شوێنێک چەوسانەوە و نایەکسانی لێ بێ، خۆی نیشان دەدا. کوردستانێش لەم ئەزموونانە بێبەش نەبووە و جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە کوردستانیش بە شێوەی جوراوجور هەوڵیان داوە کە چارەی خۆیان بگرنە دەست خۆیان و دەسەلاتی خۆیان لە بەرامبەر دەسەلاتی سەرکوتگەران دا بخەنە ئاراوە. ئێمە لەم ژمارە تایبەتەی

کوردستان.

یەکەمیان "کۆچی مەریوان"ە لە ساڵی ١٣٥٨ (١٩٧٩) دا، کاتێک کە خەڵک دژی هەڕەشەی سوپا بۆ هاتنە ناو شارەوە، شاریان چۆڵ کرد و لە دەرەوەی شار، لە نزیک ئاوایی پیرسلێمان، مانیان گرت. ئەوەی کە جێگەی سەرنجە تەنیا کۆچەکە نییە، بەلکوو رێپێوانی جەماوەریی بە سەدان کیلۆمەتری

بەرەو مەریوان لە شارەکانی سنە، سەقز، بۆکان، سەردەشت ... بۆ پشتیوانی لە کۆچەکە بوو.

ئەزموونێکی تر هەر لەو سالانەدا، "دامەزراندنی بنکەکانی گەڕەک" بوو لە شاری سنە لە سالەکانی ١٣٥٨-١٣٥٩ (١٩٧٩-١٩٨٠).

ئەزموونی سێیەم کە لەم ژمارەدا هاتووە، راپەرینی ١٩٩١ و دامەزراندنی شووراکانی کرێکاریی و خەلکیی لە باشووری کوردستانە. ئەزموونێک کە ناسیونالیستەکانی کورد بە زەرد و نیوە سوور و سەوزەوە بە تەواوی هیزیانەوە دژی راوەستان.

ئەزموونێک کە لیرەدا جێگەی بەتالە، "دەسەلاتی خۆجێیی"یە لە رۆژئاوای کوردستان. بەداخەوە راپۆرتی جێی متمانە و سەربەخۆ لەو ناوچانە لەبەردەست نییە و هیوادارم کە ئەم کەمایەسییە بەزوویی چارەسەر بکرێ و تیشک بخرێتە سەر لایەنەکانی ئەرێنی ئەم ئەزموونە کە قارەمانانە توانی هێرشی دڕندانەی ئیسلامییەکانی داعیش تێکبشکێنێ و کەموکوورِیەکانیشی هەڵسەنگێنێ.

"کۆمۆنی پاریس" پێناسەی نەتەویی فڕیدا و ئالای سووری وەکوو دروشمی نێونەتەوەیی خۆی هەڵبژارد. کۆمۆنی پاریس، مێژووی هاوبەشی هەموو چەوساوەکانی جیهانە. بەسەرداچوونەوەی دەرسەکانی کۆمون، بەسەرداچوونەوەیە بۆ روونکاتر کردنی هەرچی زیاتری رێگای مرۆڤی خوازیاری ئازادی و یەکسانی. ئێمە ئەگەر بێبەزەییانە قامک دانەنێین لە سەر کەموکورِەیەکانمان، ناتوانین بە ئامانج بگەین و دووبارە و سەدبارە دەکەوینەوە چاڵە شاراوەکان و لە بەرامبەر هێز و فێڵی چەوسێنەران کە هەمیشە بۆ سەرکوتکردنمان لە خۆبەرۆژکردن دان، کەم دێنین.

☆

# یادی سەد و پەنجا (١٥٠) ساڵەی کۆمۆنی پاریس

## وتوویژی گۆڤاری هانا لە گەل فاتح شێخ

**گۆڤاری هانا:** هەژدەی مانگی مارسی ئەمساڵ، سەدوپەنجا (١٥٠) ساڵ بە سەر راپەرینی کۆمۆنی پاریس دا تێپەردەبێ. هەموو بزوتنەوەیەک چ راست و چ چەپ روژی گرینگ و میژوویی خۆی هەیە، جەژن و پرسەی خۆی هەیە، کەسایەتی خۆی هەیە کە ریزیان لێدەگرێ و سوننەت و رێ و رەسمی تایبەتی خۆی هەیە کە دەیکاتە عادەت و دووپاتی دەکاتەوە تا خەلکانێکی زۆرتر بکاتە هاودەنگی خۆی. چ شتێکی تایبەت لە ڕاپەرینی کۆمۆنی پاریسی ١٥٠ سال لەوە پێشدا هەیە کە دەیکاتە رۆژێک ئێمە ئەورۆ یادی بکەین؟

**فاتح شێخ:** من دەڵێم کاریگەرترین ڕاپەڕینی کارگەری لە مێژووی هاوچەرخدا، ڕاپەڕینی کۆمۆنی پاریسە لە ١٨ی مارسی ١٨٧١ دا. گرنگی ڕاپەڕینی کۆمۆن بۆ پڕۆلیتاریای جیهان، شایستەیە تەنیالەگەل ڕاپەڕینەکانی فێبرواری و ئۆکتۆبری ١٩١٧ی کارگەرانی ڕووسیە، بەراورد کرێ.

تایبەتمەندییەکانی، دەرسەکانی، ئەزموونە تەمەنکورتەکەی، سەرکەوتنە بەرچاوەکانی، یادگارە هونەرییە جوانەکانی، شکستی قارەمانانە و قوربانیای گرانی لەسەر گیانی شیرین و نەسرەوتەی کارگەرانی شۆڕشگێڕی پاریس و شارەکانی تری فەرانسە، گشتەکەی جێگای وردبوونەوە و سەرنجدانی

وشیاریدەرانە و لێکۆڵینەوە بە میتۆدی مارکسیانەن.

دەستتان خۆش بێ ئێوە بەرهەمهێنەران و بەڕێوەبەرانی گۆڤاری هێژای خۆشتام و بۆنی "هانا"، کە لە گەڕی ١٥٠ ساڵەی ڕاپەڕینی ١٨٧١ی کۆمۆنی پاریسدا ئەرکی ئەم پرۆژەی پێویست و بەجێیەی ڕێزگرتنەتان گرتوەتە سەرشان و دەرسەکانی لەگەل خوێنەرانتان دەخەنە بەر باس. جوانتریش ئەوەیە دەرکتان بە ڕێکەوتێکی سەرنجراکێش کردوە: ڕێکەوتی بەهەڵکەوتی ساڵگەڕی ڕاپەڕینی کۆمۆن لەگەل ساڵە تاڵەکەی ٢٠٢١ کە (لە درێژەی ساڵە تاڵ و درێژەکەی ٢٠٢٠دا) جەنگەی شەڕێکی قورسی ڕۆژاوڕۆژ و سەراسەرییە وا ئێخەی سەربەسەری بەشەرییەتی گرتوە. ساڵە تاڵەکانی بیست-بیستویەک، مۆری ڕۆژگارێکی دژوار و کوشەندەی بە ناوچاوانی مێژووی سەدەی بیستویەکەوە ناوە کە هەرگیز ناشۆردرێتەوە، لە بیر بەشەرییەت ناچێتەوە. گشت دانیشتوانی گۆی زەوی، بە تاک و بە کۆ، دەستەویەخەی قەیرانێکی لفەدوانەی کۆرۆنایی- ئابووری بوون کە نە پێشتر بینراوە، نە چۆنیەتی دوارۆژی لە ئاسۆدا دەبینرێ.

جووت قەیرانی بیست-بیستویەک هاوکات پاشاگەردانیەکی جیهانی خولقاندوە کە جارێ هەر ڕۆژەڕۆژە دەچێتە پێش. هێشتاش ئەوپەڕ نادیارە. بەشەریش بەناچار هەر ڕۆژەڕۆژە دەیباتە سەر. لێکچوونی دۆخی قەیراناوی ئەمڕۆی جیهان لە گەل هی پاریسی ئەوسا (١٨٧١-١٨٧٠) لە جەنگەی شەڕی دوو لەشکری ئەڵمان و فەرانسە لە پشت دیوارەکانی پاریسدا، وای کردووە دەبێ ئەمڕۆ ئەزموونی ڕاپەڕینی کۆمۆن و دەرسە سەرەکییەکانی لە ڕوانگەیەکی دیاریکراوی ئابووری-سیاسییەوە بەرچاو بگرین و بەکاری بێنین. ئەو قەیران و پاشاگەردانییە بەسەر پاریسی

ئابلۆقەدراوی ئەودەمدا سەپێندرا، بەربینی کارگەرانی لە پایتەخت و چەن شاری تری فەرانسە، کوتووپڕ و گورچکبڕ دەگووشی و

ئەمڕۆش دۆخی کارگەران و کۆمەڵانی بەشمەینەت هەروایە. سەرتاخواری کۆمەڵگای جیهانی، کە بەسەر نزیک دووسەد



داوای لێ دەکردن ئیرادەی بەکۆمەڵیان بۆ چارەسەر کردنی ئەو مەینەتبارییە بێننە مەیدان. لەو دۆخە نالەبارەدا مەحاڵ بوو کارگەران و شۆڕشگێڕان دەستەوەستان دانیشن.

"دەوڵەت"دا دابەش کراوە، تووشی قەیرانێکی ئابووری بێوێنە بووە کە ساڵی پێش کۆرۆنا ڕوودانی پێشبینی کرابوو، دواتریش پێبەپێی کۆرۆنا، بێکاری سەدان ملیۆنی و هەژاری بێوێنەی بەسەریاندا،

بەتایبەت بەسەر نەسڵی نوێدا، سەپاندوە، دوارۆژی لێ تاریک کردوون. بیرمەندانی بورژوازی سەلایان بەرز بوەتەوە، پەیتاپەیتا باس لە پێویستی "ڕێکخستنەوەی گەورە" – THE GREAT RESET [1] – لە نیزامی کاپیتالیستیدا دەکەن و دەڵێن زەبرێکی وەها قورسی لێکەوتوە کە مادام بەمجۆرەی ئێستا بمێنێ، دەرکەوتوە وەلامی گیروگرفتە ئالۆزاوەکانی ئەمرۆی کۆمەڵگای پێ نادرێتەوە! لەم بارودۆخە ناوازە و نالەبارەدا، چ ئەرکێک لەسەر شانی پێشڕەوانی کارگەری جیهانە، گەر نەیانەوێ بۆ پرۆژەی بیرمەندانی بورژوازی سەر دانەوێنن؟ گەر نەیانەوێ تەسلیمی "ڕێکخستنەوەی کاپیتالیستی" ئەم دەورودووکانەی ئێستا بن، بۆ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگای قەیرانلێداوی ئێستا چ ئالترناتیڤێک بە دەستەوە بگرن؟ کام "چ کەردەن" بە پێویست دەزانن؟ پرسیاری پێویست بۆ کارگەرانێک کە خۆیان بە درێژەدەری ڕێگای کۆمۆناردەکانی پاریس دەزانن ئەوەیە: بۆ "ڕێکخستنەوەی سۆسیالیستی کۆمەڵگا" کام بەشی ئەزموونەکانی کۆمۆن دەگرنە بەرچاو و بەکاری دێنن؟

**گۆڤاری هانا:** سەرەکی ترین پەیامی کۆمۆنی پاریس بۆ ئیمە چییە؟

فاتح شێخ: بە ڕای من سەرەکی ترین پەیامی کۆمۆنی پاریس ئەوەیە جیا لەوەی هەمیشە هەوڵ و ئامادەسازی بۆ ڕاپەڕینی سۆسیالیستی پێویستە بەردەوام بێ، هەرکات بە هەر هۆیەک، کۆمەڵگا کەوتە تەنگانە و قەیران و تووشی بنبەست و بارودۆخێک هات کە هەڕەشەی جیددی لە هەبوون و مەدەنییاتی کۆمەڵگا بکات، بەشی پێشڕەو و ڕادیکاڵی کارگەران لەسەریە دەس بداتە ڕاپەڕین، کۆمەڵگا بگرێتە کۆنترۆڵی خۆی و بە ئەنجامدانی کۆمەڵێک کاری فەوری و شۆڕشگێڕانە هەوڵ بدا لە قەیران و بنبەست تێپەڕی کات. ناوی ئەم کۆمەڵە

پراتیکە شۆڕشگێڕانەیە سەرجەم دەکرێ: "ڕێکخستنەوەی سۆسیالیستی کۆمەڵگا" بێ. جیا لەوەی ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکەی ١٨ی مارسی ١٨٧١ی کۆمۆنی پاریس، خۆیان تەواو یا ناتەواو لەسەر ئەم فۆرموولە ساغ و وشیار بووبن، پراتیکی کارگەری و شۆڕشگێرانەیان ئەم پەیامە سەرەکییە مێژووییەی بۆ ئێمە بەجێ هێشتوە. چونکە لە ڕاستیدا ڕاپەڕینی کۆمۆن مەبنایەکی مێژوویی – کۆمەڵایەتی نوێی بۆ کۆمەڵگای فەرانسە خوڵقاند، موژدەدەری پەیامێکی مێژوویی بوو: پەیامی پێداگرتن لەسەر پێویستی "ڕێکخستنەوەی سۆسیالیستی کۆمەڵگا" لە بارودۆخێکدا کە مەوجوودییەتی کۆمەڵگا بە هەر هۆیەک دەکەوێتە بەر هەڕەشەی بەرەو هەڵدێر چوون.

**گۆڤاری هانا:** کرێکار نەتەوەپەرست نییە، بەڵام شەڕی کۆموناردەکانی پاریس وەکوو شەڕێکی نیشتمانیش لە لایەن خۆیانەوە ناو دەبرا. لە کاتێکدا کە دەسەلاتی بورژوازی فەرانسە لە پاریس ڕایکردبوو بۆ شاری ورسای و ڕاستەخۆ تەسلیمی ئیمپراتۆری پرۆس ببوو و غەیری سازان و خۆ بەدەستەوە دان بەرنامەیەکی تری نەبوو، کرێکارانی پاریس دژ بەو سازان و خۆبەدەستەوەدانە هەڵوەستان و ئامادە نەبوون پاریس بدەنە دەست پرۆسییەکان. ئەم دژایەتی بەینی نەتەوە و کریکار، نێشتمان و بێبەشی کریکاران چۆن لە گەڵ یەک دەگۆنجێ؟

**فاتح شێخ:** شەڕی کۆموناردەکانی پاریس "نیشتمانی" نەبوو، هەر بۆیەش بەشی پێشڕەویان ناوی "شەڕی ناوخۆیی"یان لێنابوو. لێکدانەوەی کۆتایی مارکس لەسەر کۆمۆنیش هەر بەو ناوە بوو: "شەڕی ناوخۆیی فەرانسە". بەڵام لە کۆمۆنی پاریس و تەنانەت لە ڕاپەڕینەکەی ١٨ی مارسدا تەنیا

کارگەران بەشدار نەبوون بەڵکوو ورتکە بۆرژواکانیش بەشدار بوون، چونکە ئەوانیش بە هۆی شەڕی داگیرکەرانەی بیسمارک و دەستێکەڵی حکوومەتی "تییێر" (حکوومەتی ڤێرسای) لەگەل لەشکری ئەڵمان، ماڵوێران ببوون. "شەڕی نیشتمانی" بۆچوونی ورتکەبۆرژوای بوو کە بەشداری کۆمۆن بوو، بۆچوونی کارگەران وا نەبوو، بۆیەش کۆڵەکەی "ڤاندۆم"یان ڕووخاند کە سیمبۆلی "نیشتمانی" و پەیکەری نەتەوەپەرستی ئیمپراتۆری بۆناپارتی بوو. دیارە هەمیشە ئیمکانی ئەوە هەیە کە بۆچوونی بۆرژوایی و ورتکەبۆرژوایی لە ناو ڕیزی کارگەراندا هەبێ، بەڵام بۆچوونی دژ بە نەتەوەپەرستی لە کۆمۆنی پاریسدا ئەوەندە بەهێز بووە کە لە مێژووی هاوچەرخدا نازناوی "ئەنترناسیۆناڵ"ی بۆ سروودە بەناوبانگ و پڕماناکەی خۆی تۆمار کردوە.

**گۆڤاری هانا:** لە گەڵ سەرکەوتنی ڕاپەڕین، بڕیاری دەسەلاتی شورایی ڕاگەیەندرا. کەم نین ئەوانەی کە تەعبیریان لە حکومەتی شورایی تەنیا دەسەڵات و مافی کرێکاران لە کۆمەڵگادایە. ئەوانەی کە کریکار نین جێگایان لە دەسەلاتی شۆرایی کریکاران دا چۆنە؟ شۆراکانی کۆمۆنی پاریس ئایا ئەندامەکان و دەنگەدەرەکانی تەنیا کرێکار بوون؟

**فاتح شێخ:** نیزامی شۆرا لە کۆمۆنی پاریسدا هەر تەنیا بۆ کرێکار نەبوو، مافی دەنگدان بۆ هەموان بوو. هەر بۆیەشە کە هەموو بەشدارانی کۆمۆن بە "کۆمۆناردەکان" ناویان لە مێژوودا دەرچووە. لە دەسەلاتی شۆرایی کۆمۆندا کۆمۆناردەکان وەک یەک بەشدار بوون.

**گۆڤاری هانا:** هەڵسووڕاوانی ڕاپەڕین و شۆراکان لە کۆمۆنی پاریس دا تیکەلاوێک بوون لە چەن بزوتنەی جیاوازی کرێکاری و رادیکال، هەم ئانارشیستی تیابوو و

هەم سۆسیالیست و کۆمۆنیست. چۆن دەڕوانییە پەیوەندی حزبە سیاسییەکان و حزبە کرێکارییەکان و دەسەلاتی شۆرایی؟

چارەسەر نەکرێ بێگومان کاتاسترۆفی لێ دەکەوێتەوە. تەنانەت لە ناو هەر یەک لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانیشدا، بۆ وێنە لە بزووتنەوەی ڕادیکاڵی




*دیواری کۆمۆناردەکان> ئەو دیوارەی ئاخرین شەڕی لێکرا و دیلەکانی لێ تیرەباران*

**فاتح شێخ:** لە هەر ڕاپەرینێکی جەماوەری ناو کۆمەڵگادا بوونی بزووتنەوەی جیاواز و حیزبی سیاسی جیاواز ئاساییە. غەیری ئەوە ئەگەر هەشبێ غەریبە! لە حاڵەتی وادا گرفت و نوقسانێک دەبێ لە ئارادا بووبێ، کە ئەگەر بە پێوەری ئازادی سیاسی بێسنوور

کارگەریدا، بوونی حیزبی جۆراوجۆر ڕێی تێدەچێ، تابلۆی سیستێمی سیاسی تاک-حیزبی، بێگومان پێشێل کرانی ئازادییە سیاسییەکانی لە پشتە. لە کۆمۆنی پاریس ئەوە ئاشکرایە کە سێ ڕەوتی حیزبی- سیاسی خاوەن پێگە و جێگە هەڵدەسووران: ڕەوتی

سەر بە ئانارشیزم بە ڕابەرایەتی بلانکی، ڕەوتی پرۆدۆنیستی کە ڕیفۆرمخواز بوون و شوێنکەوتووی دیدگای ورتکەبۆرژوایی پرۆدۆن بوون، ڕەوتی سەر بە ئەنترناسیۆناڵ کە ڕەوتێکی کارگەری ڕادیکاڵ بوون و بە پێی ڕێنوێنییەکانی مارکس هەڵسوکەوتیان دەکرد، مارکس ئەو سەردەمە ڕابەری ناسراوی ئەنترناسیۆناڵ بوو، لە ماوەی حەوت ساڵ تێکۆشانی ئەو مەرجیعە جیهانییەی کارگەراندا مارکس بێوچان پرەنسیپەکانی پراتیک و تیئۆری کۆمۆنیزمی پەرە پێ دەدا. یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەو هەوڵەی مارکس ئەوە بوو کە لایەنگرانی شیوەکار و پراتیک و دیدگای ئەو لە ناو هەڵسووراوانی کۆمۆنی پاریسدا زۆر بە ئۆتۆریتە بوون و لەو دوو ڕەوتەکەی تر ڕۆڵیان کاراتر بوو.

**گۆڤاری هانا:** ڕێژەی کریکاران لە پاریس بە پێی ئامارەکانی ئەوسەردەمە، زیاتر لە ١٢٠ هەزار کەسە کە زیاتر لە ٦٠ هەزار کەسی کریکاری ژنن. کۆمۆنی پاریس چۆن ئەیروانییە ژنان و مافەکانی ژنان؟

**فاتح شێخ:** کریکاری ژن بڕبڕەی پشتی کۆمۆن بوون. لە شانۆنامەکەی بێرتۆڵد برێشت بە ناوی "ڕۆژانی کۆمۆن"دا، ڕۆڵی لە هەموو شوێن دیاری ژنانی کۆمۆنارد زۆر بە گەشی تەسویر کراوە. ژنە کۆمۆناردی ناسراو لوئیز میشێل یەکێک لە ڕابەرانی کۆمۆن بوو. ئایکۆنێکی جێبڕوا و خۆشەویستی جەماوەری کۆمۆنارده ڕادیکاڵەکان بوو لە ژن و لە پیاو. ئەو ژنێکی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیست بوو کە دوای شکستی کۆمۆن لە دادگای بکوژانی کۆمۆناردەکانا بوێرانە و لێبڕاوانە پێی لەسەر ئامانجە ئینسانی و هاوتاییخوازانەی کۆمۆن داگرت .

لە مێژووی بەر ئەڵبەت ڕۆڵی ژن و دوایڕاپەڕینی کۆمۆنداهێشتا تا ئەمڕۆش مافی خۆی پێ نەدراوە و

بە باشی نەنووسراوەتەوە. خۆ بەداخەوە ئێستەش هەر وایە ساڵ ١٥٠ نەخواز لە کۆمەڵگای لەمەوبەردا. لەبیر نەچێ کە ی مارس، ڕۆژی ٨ ڕێوڕەسمی جیهانی ژن، بۆ وەبیرهێنانەوەی ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگای بەشەردا لە سەردەمی کۆمۆندا هێشتا ٢ دانەمەزرابوو، لە ئەنترناسیۆناڵی بنیاد نرا. ئێستاش کە ئێمە لە سەروبەندی ٨ی مارسی ٢٠٢١ دا، خەریکی ئەم وتووێژەین، وەزعەکە دەرهەق بە جێوڕێ و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ژن بە ڕادەیەکی سەرسووڕهێنەر ناتەواوە، لە ژێئۆپۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت لە وڵاتانی ئێران و عێراق، ئەو کەمایەسییە لە چاو باقی جیهان زۆر بەرچاوتر و دڵتەزێنترە. پێویست بە جەختی قورسە کە لە کوردستانی عێراق گەرچی دەسەڵاتی داپڵۆسێنەری بەعس لە سەر ئەو هەرێمە لا چووە بەڵام ژنان لەو کۆمەڵگایە بەقسە پێیان دەگوترێ "نیوەی کۆمەڵ"! بەڵام سی ساڵە بە هەزارانیان بوونەتە قوربانی تێرۆر و تۆقاندن و تەنانەت گۆڕی ژنانی تێرۆر کراو بی ناوونیشانە لەو وڵاتە. مەبەستم ئەوەیە تەنانەت لە چاو هەندێ شوێنی دنیا ئەمڕۆ ڕۆڵی ژن لە کۆمۆنی پاریس جێی سەربەرزییە بۆ بەشەرییەت.

**گۆڤاری هانا:** یەکێ لە بریارە گرینگەکانی کۆمۆن جیایی دین لە دەولەتە. ١٥٠ سال لەوە پێش کۆمۆنی پاریس هەموو داراییەکانی کلیسای زەوت کرد و دەستی ئایینی بە تەواوی لە دەسەلات بڕی. بەداخەوە کەم نین ئەو هێزە سیاسییە کوردییانەی کە خۆیان بەرادیکال یان چەپ ناودەبەن بەلام لە گەڵ مزگەوت و کلیسا مەعامەلە دەکەن و بە نێوی ریزگرتن لە خەلک سەر بۆ بیروباوەری ئایینی خەڵک و عادات و سوننەتە دینییەکان دادەنوێنن و لەلایەن ڕێکخراوی حزبی و سیاسییانەوە ئاگاداری پیرۆززبایی لە مەراسەم و بۆنە ئایینەکان وەکوو رەمەزان و قوربان و میعراجی موحەممەد و



له خاچدانی عیسا و چوون و هاتنەوه خواری له زەوی و ئاسمان، بلاو دەکەنەوه. ئەمه له گەڵ بیری کرێکاری و رادیکال و پیشرەو چەندە یەک دەگریتەوە؟

**فاتح شێخ:** بڕیارەکانی کۆمۆن له سەر جیا کردنەوەی دین له دەوڵەت لەوه واوەتر ڕادیکاڵ و مێژوویی بوون که لەگەڵ ئەو هێزانەی لەم پرسیارەدا ناو براون بەراورد بکرێن. جیا له ڕادەی ڕادیکاڵ بوون، به ڕای من سەردەمی شۆڕشگێڕانەی کۆمۆن لەگەڵ بارودۆخی کۆنەپارێزانەی سی ساڵی ڕابردوو که ئەو هێزانه تێیدا به دەسەڵات گەیشتوون و له سێبەری دەسەڵاتی لفەدوانەی دێوەزمەی سەرمایە و پاشماوەی نەریت و ئایینی سەردەمی دەرەبەگایەتیدا وەک دۆڵپا لەسەر ملی کۆمەڵگا سوار بوون، لەگەڵ هەڵسەنگاندنێکی مێژوویی جیاوازی زۆرە.

**گۆڤاری هانا:** تەجرەبەی مێژویی کۆمۆنی پاریس، له کوردستاندا چ ئاسەوارێکی له خۆی بەجێ هێشتەوە؟

**فاتح شێخ:** له کوردستاندابه دوو هۆ ئاسەواری ئەزموونی کۆمۆن له شوورایی ژیان و هەیئەتی شێوەی یەکگرتوویی جەماوەریدا شوێنی

دیاره: لە قۆناغی ئاڵوگۆڕی گشتگری سیاسی بەتایبەت ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەدا تێکۆشەرانی ڕادیکاڵ ئەزموونی کۆمۆنیان بەدەستەوە گرتوە و پەرەیان پێداوە، چونکە کۆمۆن جیهانییە و –ئەزموونێکی مێژوویی لە هەموو شوێنێک ناسراوە. بۆ لە ١٩٧٩ وێنە لە ساڵانی شۆڕشی کوردستانی ئێران و لە بەدواوەی ١٩٩١ ئاڵوگۆڕەکانی کوردستانی عێراق. دووهەم لە هەر کوێ کۆمۆنیستەکان لە جێوڕێی ڕابەری و دەسبەکاری سیاسی بوون جێ پەنجەیان لە پەرەپێدانی تەجرەبەی شوورایی کۆمۆنی پاریسدا دیار بووە. لە دوارۆژی ئاڵوگۆڕەکانی هەر دوو کۆمەڵگای ئێران و عیراقدا پەرەسەندنەوەی زیاتری تەجرەبە شۆڕشگێرانەکانی .کۆمۆن چاوەڕوان دەکرێ

**گۆڤاری هانا**: تەجرەبەی بنکەکانی مەحەلات لە سنە، بە دوای ڕاپەڕینی ٢٢ی بەهەمەنی ساڵی ١٣٥٧ نموونەیەکە لە ڕاپەڕینی جەماوەری و بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات کە بۆنی کۆمونی پاریسی لێوە دێ. بۆچوونی تۆ چۆنە لەوبارەوە؟

**فاتح شێخ:** بێگومان ڕێکخستنی بنکەکان لە گەڕەکی شارەکانی کوردستان، بەتایبەت لە شاری سنە، سەرخستنیان تا ئاستی هاوئاهەنگی نێوانیان، هەوڵدانێکی گرنگ و کاریگەر بوو لە ژیان و تێکۆشانی جەماوەری تینووی ئازادیدا. دڵنیام ناتەواو مانەوەی ئەو هەوڵ و تێکۆشانانە نەبوەتە هۆی کاڵ بوونەوەی گرنگی و جێگاوڕێگایان لە ڕەوتی بزووتنەوە جەماوەرییەکاندا، هەروەک شکستی کۆمۆن نەبوەتە هۆی بزرکانی ڕەنگی ئەو سەرکەوتنە جیهانیەی چینەکەمان.

**گۆڤاری هانا**: کۆمۆنی پاریس تێکشکا، شۆڕشی کرێکاری ئالمان بەرلەوەی دەست پێبکا، خنکێنرا، شۆڕشی ئۆکتۆبەر وردە وردە دوای مەرگی لێنین خاپوورکرا...

ئەوانە تەجرەبەی کۆنی میژووی کریکارین، لە میژووی نزیکتردا، بنکەکانی مەحەلات بێ سەروشوێن کران، راپەرینی شۆرایی لە کوردستانی عیراق  بە زۆری چەکی یەکیەتی نیشتمانی لە بەین برا... دەڵێی شکست لە چارەی چینی کریکار نووسراوە. چۆنە کە چینی کریکار نەیتوانیوە دوای ١٥٠ سال خەبات و سەدان تەجرەبەی راپەرین و بەرەنگاربوونەوەی چینی دەسەلاتدار لە دونیادا، بە کۆشکی ئامانجی بگات؟

فاتح شێخ: شکست لە چارەی هیچ تەکان و هەڵمەتێکی چینی کرێکار نەنووسراوە، لە ئەنجامی هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا سەرکەوتنیش دەگونجێ و شکستیش دەگونجێ، چونکە کێشمەکێشی چینەکان بەردەوام لە ئارادایە. ڕادەی توانا و ئامادەیی پراتیکی و وشیاری لە ڕیزەکانی بەرەی کارگەری بەتایبەت لە ئاستی ڕابەری و لە ڕیزەکانی پێشڕەواندا زامنی گۆڕینی بالانسی هێزی مەیدانییە و دەیبڕێتەوە کە سەرەنجامی ڕاپەڕین و تەکانی کۆمەلانی چەوساوە و ستەملێکراو بە لووتکەی سەرکەوتن دەگا یان ناگا و بەرەو شکست دەڕوا. لە حاڵەتی شکست هێنانی ڕاپەڕینەکانیشدا وەک ئەوانەی لە پرسیارەکاندا ناو براون، لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی سۆسیالیستی بە شێوەی مارکسیانە زامنی دەرس وەرگرتنی پێشڕەوانەیە لە ئەزموونی شکست بۆ قۆناغێک کە دادێ. خۆ بەدەستەوەدانی ناهۆمێدانە بەرانبەر بە شکست، خۆ تاوانبار کردن وەک ئەوەیە دەرگای قەلا ئاواڵە بکرێ بۆ هاتنە ژوورەوەی دوژمن. ڕۆشنە کاتێک دوژمن بتوانێ بێتە ناو قەلای تێکۆشانتەوە، دەشتوانێ زەفەر بە ورە و هێز و توانات ببات. بۆ لێکدانەوەی ئەزموونی تەمەنکورتی و شکست پێدراوی کۆمۆنی پاریس، نووسراوە ناسراوەکەی مارکس: "شەڕی ناوخۆیی لە فەرانسە" گەنجینەیەکە دەتوانین لە دێربەدێری فێر بین و کەڵک

وەرگرین.

**گۆڤاری هانا:** کۆمۆن و هونەر و ئەدەبی پێشرەو و کرێکاری؟

**فاتح شێخ:** پرسیارێکی شیرینە. پێویستە یەکەم جار لەسەر ئەوە جەخت کەم کە لە جیهانی مۆدێرن (مەبەستم لە شۆڕشی ١٧٨٩ی فەرانسە بەملاوەیە) هەر ڕاپەڕینێک لە هەر کۆمەڵگایەک ڕووی داوە، دەسبەجێ بارودۆخی بۆ گەشەی هونەر و ئەدەب و شێعری پێشڕەو و کرێکاری ئاواڵەتر و لەبارتر کردوە، چونکە هەر لەو سەردەمەوە "کارگەر" وەک چینێکی کۆمەڵایەتی و ئاکتەرێکی سیاسی و کولتووری قەوارەی گرتوە، وەک چۆن مەیدانداری ژیان و بەرهەمهێنانی ماددی کۆمەڵگا بووە، هەرواش حازری مەیدانی ژیان و بەرهەمهێنانی مەعنەوی بووە.

دیارە چینی خاوەن دەسەڵات، ڕێی پێ نەداوە داهێنەرییەکانی لە مەجالی هونەر و ئەدەب و شێعردا گەشە و شنەی خۆی هەبێ و ئازادانە بڵاو بێتەوە. جا چینی خاوەن دەسەڵات، بۆرژوا بێ یا خراپتر لەوە تێکەڵێک لە بۆرژوا و دەرەبەگ کە وەک دوو دێوەزمە و دوو دۆڵپا سواری ملی کۆمەڵگای مۆدێرن بووبن. کە ڕاپەڕینێک ڕووی داوە یا ڕوو دەدا، دەرخۆنەی سەرکوت فڕێ دەدرێ، ڕێگرییەکانی چینی خاوەن دەسەڵات دەچنە لاوە، مەجال بۆ شنەی هونەر و ئەدەب و شێعری کارگەران و ژنان و کۆمەڵانی داهێنەری قووڵایی کۆمەڵگا بە ڕوویاندا دەکرێتەوە.

جەختی دووهەمم لە وەڵامی ئەم پرسیارە شیرینەدا ئەوەیە کە ڕاپەڕینی کۆمۆنی پاریس لەم مەجالەدا هەر زۆر زۆر پڕدەسکەوت و بەرهەم بووە. سروودی ئەنترناسیۆناڵ کە ئۆژێن پواتیە، شاعێری کۆمۆنارد یا کۆمۆناردی شاعێر بەرهەمی هێناوە هەتا ئەمڕۆ سروودی جێکەوتووی "ڕزگار دەبێ ئینسان"

ماوەتەوە، هەتا "نازانم کەی"ش لە دوارۆژی بەشەرییەتدا دەمێنێتەوە. دڵنیام ئێوە وەرگێردراوە کوردییەکەی ئەنترناسیۆناڵ کە بە هەوڵی هێژای شاعێری کۆمۆنیست یا کۆمۆنیستی شاعێر: ڕێبوار- موسلێح بەرهەم هاتووە، لەم ژمارەیەی "هانا"دا بڵاو دەکەنەوە.

زیاد لە بەرهەمە هونەرییەکانی سەردەمی تەمەنە کورتەکەی کۆمۆن، دوابەدوای شکستی قارەمانانەی کۆمۆن و بە بۆنەی قارەمانەتی کۆمۆناردەکانەوە کۆمەڵێکی زۆر، دەکرێ بڵێین دەریایەک، لە هونەر و ئەدەب و شێعری کارگەری بە دەست و دەمی عاشقانی کۆمۆن و تینوانی "ڕزگاری ئینسان"، بەرهەم هاتووە کە هەر تەنیا هەژمار کردنیان فەسڵێکی گەش و گەورە لە کتێبێکی گوڵزارئاسا پڕ دەکاتەوە. لێرە مەجالی ئەوەمان نیە. بۆ وێنە هەروەک تاکە نموونە با چاوێک لە شانۆنامەکەی بێرتۆڵد برێشت کەین بە ناوی: "ڕۆژەکانی کۆمۆن" (*The Days of the Commune*). شێعرە بەناوبانگەکەی برێشت، "بڕیارنامە" بەشێکە لەو شانۆنامەیە کە برێشت لە زمان کۆمۆناردەکانەوە هێناویە و هۆنیویەتەوە.

خۆزگە ئێوە، بەرهەمهێنەرانی ئازیزی "هانا" بۆتان بگونجێ وەرگێڕدراوی کوردی "بڕیارنامە" هەر لەم ژمارەیەدا بڵاو کەنەوە، تەنانەت بۆ نا؟ خۆزگە بگونجێ سەرجەمی شانۆنامەکەی "ڕۆژانی کۆمۆن"ی برێشت بە کوردی بڵاو کەنەوە.

**فاتح شێخ:** کۆتایی کەلام: دەستتان خۆش بێ، هەزاران سپاس بۆ ئێوە بەڕێوەبەرانی گۆڤاری هێژای هانا. سەرکەوتوو بن!

## روونکردنەوە:

1 – *COVID-19 THE GREAT* ***RESET*** KLAUS SCHWAB & THERRY MALLERET- JUNE 2020 World Economic Forum -

# ئۆژێن پۆتیە و سروودی ئەنترناسیۆناڵ

مصلح ڕێبوار

***ئەم دەقەی خوارەوە، لە ژمارە ٢ی "پێشەنگ" گۆڤاری هونەر و ئەدەبی کارگەری، کە ژمارەیەکی تایبەت بە "کۆمۆنی پاریس" بوو، وێڕای هەندێک دەستکاری پێویست، وەرگیراوە.***

کۆمۆنی پاریس، یەکەمین حکومەتی کارگەری جیهان، لە ١٨ی مارسەوە هەتا ٢٨ی مای ١٨٧١، بەرپا بوو. ئەم یەکەمین حکومەتە کارگەرییە، وێڕای هەموو دەسکەوت و ئەزموونەکانی بۆ پرۆلیتاریا، دەسکەوتێکی هونەریشی هەبوو؛ سروودی ئەنترناسیۆنال!

ئەم سروودە، دەکرێ بڵێین،



بەیاننامەی دەنگ دلێرانەی کرێکارانی خەباتکار و شۆڕشگێڕی "کۆمۆن" بۆ کرێکاران و چەوساوەکانی جیهان. لە کۆنگرەی

ساڵی ١٨٩١ی حیزبی کرێکارانی فەرانسەدا، ئەو سروودە، بوو بە مارشی خۆپیشاندانێک کە لە لایەن ئەم حیزبەوە، خەڵکی بۆ بانگەوازکرابوو.

ئەو هەیئەتانەی کە لە دەرەوەی فەرانسەوە، بۆ ئەو کۆنگرەیە هاتبوون، ئەم سروودەیان بۆ وڵاتانی تر برد و بە زمانەکانی تر وەرگێڕا. بەمجۆرە، بڵاوکردنەوەی جیهانی ئەم سروودە، دەستی پێکرد کە تا ئێستاش بەردەوامەوە و دەکرێ بڵێین، ئێستا، ئەم سروودە، بە هەموو زمانەکانی دنیا، وەرگێڕدراوەتەوە. وەرگێڕدراوی کوردی ئەم سروودە، لە کوردستانی شۆڕشگێڕیش، کەوتوەتە سەر زاری کرێکاران و زەحمەتکێشان و شۆڕشگێڕانی کۆمۆنیست.

کاتێک، یەکەمین جار، سەلای سروودی ئەنترناسیۆناڵ، بەدەنگی هونەرمەندی شۆڕشگێڕ و پێشمەرگەی کۆمەڵە، هاوڕێ جەمالی موفتی[1] لە میتینگێکی کۆمەڵەدا، زستانی ساڵی ٥٩ (١٩٨١)، بەرز بوووەوە، خۆی، بانگەوازێکی کرێکارانی وشیار و کۆمۆنیستی کوردستان بوو کە جارێکیتر و بەشێووی خۆی، هاتنەمەیدانی چینی کرێکاری لە شۆڕشی میللی دیمۆکراتیکی کوردستاندا ڕادەگەیاند:

هەستن؛ ئەی هۆزی بەشمەینەتان؛
دیلانی برسیەتی دنیا!
لە تەنوورەی بیروباوەڕمان،
قرمژنی تریشقە راسا!
تەنوورەی ئاخر هەستاوە،
هەستین؛
با هەڵیپێچین دەورەی کۆن؛
رابین و ژێرەوژوور کەین جیهان؛
ئێمەی هیچ
بین بە گشت ئەی کۆیلان!
ئاخرین شەڕە، شەڕی سەروماڵ؛
با یەکگرتووبین هەڤاڵان
بە ئەنترناسیۆناڵ رزگار دەبێ ئینسان! [2]

بەم جۆرە، کرێکارانی کوردستان، بەهۆی ئەم سروودەوە، دەتوانن



ئۆژێن پوتیه

جارێکیتر، و بە زمانی خۆیان، لە ڕنج و ئامانجی خۆیان و هاوچینەکانیان لە سەراسەری جیهان، بدوێن.

***

لێرەدا، جێگای خۆیەتی، باسێک لە شاعیری ئەم سروودە؛ "ئۆژێن پۆتیە" کە خۆی کرێکارێکی کۆمۆنیست و یەکێک لە ڕابەرانی حکوومەتی کارگەری کۆمۆنی پاریس بووە، بکەین:

٢٥ ساڵ پاش مەرگی "ئۆژێن پۆتیە" Eugène Pottier، لێنین، سەبارەت بەو نووسی:

"٨ ی نۆڤەمبری ساڵی ڕابوردوو، (مەبەستی لێنین ١٩١٢ەیە)، بیست و پێنج ساڵ تێپەر بوو بەسەر مەرگی کرێکاری شاعیری فەرانسەیی، "ئۆژێن پۆتیە"، هۆنەری سروودی بەنێوبانگی پرۆلیتاریا: "ئەنترناسیۆناڵ"!

**هەستن؛ ئەی هۆزی بەشمەینەتان!**

....

ئەم سروودە، بە هەموو زمانە ئەورووپاییەکان و هەندێک وڵاتانی دیکەش، وەرگێڕدراوەتەوە. هەر کرێکارێکی وشیار، لە هەر وڵاتێک بێ، چارەنووس بۆ هەرکوێی فڕێی دابێ، هەرچەندەش خۆی بە غەریب و بەستەزمان زانیبێ، یار و ناسراوێکی نەبێ و پەریوەی وڵاتی خۆی بووبێ، بە نەغمەی ئاشنای سروودی ئەنترناسیۆناڵ، دەتوانێ، خۆی وەکوو ئاشنا و خۆیی و وەکوو هاوڕێی باقی کرێکاران، ببینێتەوە.

کرێکارانی هەموو وڵاتانی جیهان، هۆنراوەی بەهێز و جەنگاوەرانەی ئەو سروودەی خۆیان وەرگرتووە و کردوویانەتە سروودی جیهانی پرۆلیتاریا!

بۆیە، ئێستا، کرێکارانی سەراسەری جیهان، یادی "ئۆژێن پۆتیە" بەڕێز دەگرن.

هاوسەری "ئۆژێن پۆتیە" و کچەکەی، هێشتا (مەبەست ساڵی ١٩١٢یە) ماون و ژیانێکی هەژارانەیان هەیە. وەک چۆن شاعیری ئەنتەناسیۆناڵ خۆی، هەمیشە، هەژارانە دەژیا.

"ئۆژێن"، رۆژی ٤ ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٨١٦، لە پاریس، چاوی بەژین پشکووت. چواردەساڵە بوو کە یەکەمین سروودی بەناوی "بژی ئازادی"، دانا. ساڵی ١٨٤٨، "ئۆژێن"، یەکێک لە جەنگاوەرانی نێو باریکادەکان بووە لە شەڕی گەورە و گرانی کرێکاران دژی بۆرژوازی دا.

"ئۆژێن"، لە کۆشی خێزانێکی هەژاردا، لەدایک بوو؛ هەموو عومریشی هەژار و کرێکار مایەوە. بژیوی گوزەرانیشی سەرەتا، لە ڕێگای کاری بەستەبەندیەوە و پاشانیش کاری نەخش لێدان لە پارچە و قوماش، دابین دەکرد.

پاش ساڵی ١٨٥٠، "ئۆژێن پۆتیە"، بە سروودە جەنگاوەرەکانی لە پێناو بانگەوازکردنی پرۆلیتاریا بۆ یەکگرین، زیاترین کاری کردە سەر ژیانی سیاسی کۆمەڵی فەرانسە و

له دژی بــۆرژواز و دەوڵەتـــی بۆرژوایی ئەو وڵاتە، خەباتی کرد.

ســەردەمــی "کـۆمــۆن" (ســاڵــی ١٨٧١)، "پـۆتـیە"، یەکـێـک بـوو لە نــوێــنەرە هەڵــبــژاردراوەکــانــی "کۆمـۆن" کە لە سـەرجەمـی ٣٦٠٠ دەنـگ، ٣٣٥٢ دەنگی هێـنابووەوە. ئەو لە هەموو مەیدانەکانی خەباتی "کۆمۆن" – ئەم یەکەمین دەوڵەتە کارگەرییە- دا، هەڵسووڕاو بوو.


تێکشکانی "کۆمـۆن"، "پۆتیە"ی ناچار کرد کە بەرەو بەریتانیا و پاشانیش بەرەو ئەمریکا دەرباز بێ.

ســروودە بەنــێــوبــانــگەکەی "ئەنـتەرنـاسـیـۆنـاڵ"ی لە مـانـگـی ژۆئەنی ١٨٧١ دا و دەکرێ بڵێین: سبەینێی تێکشکانی خوێناوی "کۆمۆن"، یان ئاخری مانگی ئەیار، داناوە! بەڵام کۆمۆنی تێکشکاو و "ئەنترناسیۆناڵ"ی "پۆتیە" کە ئیدە و ئــامــانــجەکــانــی کــۆمــۆنــی بە سەراسەری جیهاندا بڵاوکردەوە، ئێستاش لە هەمووکات زیندووترە!

سـاڵـی ١٨٧٦، "پـۆتـیە"، کـاتـێـک پەریوەی ئەمریکا بـوو، شـیـعـرێـکی دانــا بە نــاوی "لە کــرێــکــارانــی ئەمریکاوە بۆ کرێکارانی فەرانسـە"؛ لەو شـیـعـرەدا، "پـۆتـیە"، ژیـان و گوزەرانی کرێکارانی لە ژێر کۆت و بەندی سەرمایەداریدا و هەژاری و کوێرەوەری و چەوسانەوەیان و لە هەمان کاتدا، باوەڕی پتەویان بە ســەرکەوتــنــی دواڕۆژیــنــی ئامـانـجەکانیان، خستـووەتە پێش چاو.

٩ ساڵ زیاتر بەسەر تێکشکانی ""کـۆمـۆن"دا تـێـپەڕ نەیـبـوو، کە "پـۆتـیە"، هـاتەوە بـۆ فەرانســە و دەستبەجێ، بوو بە ئەندامی حیزبی کرێکارانی فەرانسە.

بەرگـــی یەکەمـــی بەرهەمە شیعریەکانی، ساڵی ١٨٨٤ و بەرگی دووهەمــی بە نـێـوی "ســروودە شۆڕشگێڕەکان" ساڵی ١٨٨٧، بڵاو کرانەوە. هەندێکیتر لە هۆنراوەکانی ئەم کارگەرشاعیرەش، پاش مەرگی خۆی، لە چاپ دران.


پییەر  دەگیتە، دانەری ئاوازی ئەنتەرناسیونال لە سەر شیعرەکەی ئۆژین

"٨ی نۆڤەمبری ١٨٨٧، کرێکارانی پاریس، تەرمی "ئۆژن پۆتیە"یان، بە ڕێورەسمێکی غەیرەئائینی، هەتا گۆڕستانی "پێرلاشێز"، ئەو شوێنەی کۆمۆنارە قارەمانەکانی لێ ئێعدام کراوە، بەڕێ کرد. پۆلیسی فەرانسە، هێرشی کردە سەر ئەو خەڵکە و هەوڵی دا کە ئاڵا سوورەکەیان لەدەست بڕفێنێ. وەڵامی بەڕێکەران، سەڵای بەرزی "بژی پۆتیە" بوو!

"پۆتیە" بە هەژاری مرد؛ بەڵام، یادگارێک کە پاش خۆی جێی هێشتووە، بەڕاستی نەمرترین خولقاوی دەستی بەشەرە. ئەو شاعیرە جەنگاوەرە، یەکێک بوو لە گەورەترین هۆنەرانی مورەوویج[٣]، لە سەردەمێکدا کە یەکەمین سروودەکانی دەهۆنیەوە، ژمارەی کرێکارنی سۆسیالیست، لە دەیان کەس تێپەڕ نەدەبوو، بەڵام ئەمڕۆ، سروودی مێژوویی "ئۆژێن پۆتیە"، لە سەر زاری کۆمەڵانی ملیۆنی چینی کرێکارە!

دانەری ئاوازی سروودی

ئەنترناسیۆناڵیش، کارگەرێکی دارتاش بوو، بە ناوی: "پییەر دەگیتە" Pierre Degeyter. شەش مانگێک بوو کە "سروودە شۆڕشگێڕەکان"ی "پۆتیە"، بڵاو ببوەوە کە ئەم کۆبەرهەمە گەیشتە دەستی "پییەر دەگیتە"، کارگەری دارتاشی ئەوکات چل ساڵەی خەڵکی ناوچەی "لیل" لە باکووری فەرانسە.

"پییەر"، ئەوکات، کۆڕێکی مۆسیقای بەڕێوەدەبرد. هەر هۆنراوەکەی سروودی "ئەنترناسیۆناڵ"ی دی، دەسبەجێ، کەوتە سەروکاری ئاهەنگ دانان لە سەر ئەو هۆنراوەیە. چەند شەوێکی کورتی پێنەچوو کە لە بەربەیانێکدا، کاتێک گزنگی هەتاو لە ڕۆژهەڵاتەوە دیاری دەدا، ئەو ئاهەنگەی گەیاندە ئەنجام کە پاشان ئەو نێوبانگە بەرزەی دەرکرد!

شایانی باسە کە ئەم سروودە، دەمێک ساڵ بوو، "لاهووتی"، شاعیری چەپ و شۆڕشگێڕی ئێرانی، کردبووی بە فارسی و کەوتبوە سەر زاری خەڵک، بە ڕووناکبیر و کۆمۆنیستیشەوە. بەڵام، ساڵی ١٣٦١ (١٩٨٣)، من، لە نامیلکەیەکی کۆمەڵەدا (پاشکۆی "خەبەرنامەی ژمارە ١٧٨" بە ناوی "هنر انقلاب"، کە ٢٧ی ئەسفەندی ١٣٦١، ڕێکەوتی ١٨ی مارسی ١٩٨٣، دەرچوو)، ناتەباییەکانی ئەم دەقە لەگەل دەقی ئەسڵی فەرانسەیی و باقی دەقە وەرگێڕدراوەکانم خستە بەرچاوان و لەبەر هەندێک کەم و کووڕی بەرچاو کە ئەو دەقە فارسییە هەیبوو، وەرگێڕدراوێکی نوێی فارسیم، ئامادەکرد و خستمە بەر ڕای گشتی و لەئەنجامدا، دەقێکی پالافتە و نویێ لەم سروودە، بەفارسیش، هاتە بەرهەم.

تا ئێرە، وەک لە سەرەتایشەوە ئاماژەم پێکرد، لە گۆڤاری "پێشەنگ"، ئۆرگانی "کانوونی هونەری کارگەری" ژمارە ٢، ژمارەی تایبەتی "کۆمۆنی پاریس"، مارسی ١٩٨٦، وەرگێراوە.

هەندێکیش، دەستکاری پێویست کراوە؛ لەوانە: دەقی کوردی و دەقی فارسی سروودەکە، کەوتۆتە کۆتایی!

لێرەدا، بەجێیە، باسی پێکهاتی دەقە کوردییەکەش بگێڕینەوە:

## هۆنراوەکە چلۆن کرایە کوردی؟

پێویستی وەرگێڕان و ئامادەکردنی ئەم سروودە بە کوردی، لەگەڵ هاتنەمەیدانی چینی کرێکار لە کوردستان و لەگەل بەسەرمایەداری بوونی کوردستان، کەوتە سەر شانمان. بۆیە، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکارانی کوردستان، بە "کۆمەڵە"یەوە، ئەم سروودەی پێویست بوو.


من، کە هەستم بەم پێویستییە کرد، لە هەمان کاتدا، ئاگاداری گیروگرفتی وەرگێڕانی ناتەواوی دەقەکان بە فارسی بووم و هەروەک لە چەند دێڕێکی پێش ئەمەشدا هاتوە، ئەم ئەزموونە دژوارەم لە کاری کەسانیتردا دەدی، بۆیە، وریای ئەوە بووم لە وەرگێڕانەکەمدا، گیانی هونەری و هەروەها، پەیامی سیاسی ئەم یادگارە شیرینەی "پۆتیە" و "کۆمۆن"، خەمخۆرانە و بەدەربەستانە، بپارێزم. شایانی باسە کە دەقی کوردی، لای من، گەلێک زووتر (١٩٨١) لە دەقی فارسی (١٩٨٣) هاتە بەرهەم. کاتێک دەقە کوردییەکە، وەک ئێستا باسی دەکەم، بە خەمخۆری و تێبینی خۆم و کۆمەڵێک هاوڕێی لێزان و زمانزانەوە، سەرکەوتووانە هاتە بەرهەم، دەستم بۆ فارسییەکەش برد و ئەویش، بەڕای من، دەقێکی خاراو و پاراوە!

ئەڵێم هاوڕێی لێزان و زمانزان؛ مەبەستم؛ وێڕای هاوڕێیانی ئەوکاتی کۆمەڵە، کۆمەڵێکیش کەسانی چەپ و کۆمۆنیستە، کە ئەوکات (١٩٨١) لە شاری "بۆکان" کۆوەببوون! بەڵێ؛ گەلێک هەل و

مەرجی گونجاوی لەو چەشنە، یارمەتی دام؛ سەردەمێک کە شاری "بۆکان" هێشتا بەدەست خۆمانەوە بوو! "حسین بەفرین"ی شاعیر، لە شوێنێکدا، سەبارەت بەو سەردەمە دەنووسێ. "لەو کاتەدا (بۆکان) وەک شارێکی ئازاد و دوورە دەستی (کۆماری ئیسلامی) بوو هەرچی ئۆپۆزسیۆنی ئێران هەبوو بە چاک و خراپەوە لەوێدا مۆڵدرابوون. (بۆکان) لەو کاتەدا وەک شاری (ئەسینای کۆنی یۆنانی) ئەهاتە بەرچاوم پڕ بوو لە قسە و باس و دواندنی جەماوەری بە کۆمەڵ"[٤] مەبەستی "حسین بەفرین"، گەلێک ئینسانی ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕ و کومۆنیست بوو، کە نەک هەر لە "سنە" و "سەقز" و "مەریوان" و شوێنە داگیرکراوەکانی ئەوکاتەوە، بەڵکو، لە شوێنی جۆربەجۆری ئێرانیشەوە، لە دەسەڵاتی نگریسی جمهووری ئیسلامی هەڵاتبوون و لە "بۆکان" گیرسابوونەوە! هەر وەها، کەسانی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستی عیراقی کە لە حوکمی خوێنڕێژی "سەددام" هەڵاتبوون و هەندێکی بەرچاویان لە "بۆکان" بوون.

بێنەوە سەر باسی سروودەکە؛ سەرەتا، چەن دەقی جۆراجۆرم، دەستەبەر کرد؛ وێڕای دەقە سەرچاوەکەی "پۆتیە"، بە زمانی فەرانسە، فارسییەکەی "لاهووتی" و هەروەها دەقی ئینگلیزی و عەرەبی سروودەکەم، ئامادەکرد؛ بۆ فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی کێشەیەکی گەورەم نەبوو؛ بۆ سەرچاوە فەرانسەکەی "پۆتیە"ش، هاوڕێی فەرانسەزانم هەبوو کە یارمەتی دەدام! بۆ سەرجەم دەقەکان، ڕا و ڕاوێژی گەلێک کەس، لە نێو ئەو خەڵکە خەمخۆرەدا، بەپیرمەوە هاتن.

لە نێو ئەمانەدا، کەم نەبوون کەسانی کۆمۆنیست کە خوێندەوارییان لە ئەورووپا تەواو کردبوو، یان ئەو هاوڕێ فەرانسە-زانەی باسم کرد کە لە نزیکەوە یارمەتی دەدام و لە سەر دەقە ئەسڵییەکەی "پۆتیە" کارمان دەکرد؛ سەرباقی ئەوەی هاوڕێیانی تریش



هەرکەسە بەشێوەی خۆی، پێشنیاریان دەدا و بەخەمەوە بوون. کەم نەبوون هاوڕێی خەڵکی ئەوبەری سنوور، خەڵکی کۆنە-شیوعی و جەوانی بە زەوق و سەلیقە، کە نەک هەر بۆ عەرەبییەکە بەڵکوو بۆ چێژی نوێ و مودێڕن دەهاتنە نێو باسەکەوە.

هاوڕێیەکی ئەوکاتی "پ.کا.کا"، ژنێک، کە پێشتر لە سەردەمی خوێندکاری خۆی لە ئەورووپا، لە خۆپیشاندانەکانی خوێندکاراندا لە فەرانسە، ئەو سروودەی، بەشێوەی کۆڕ، بەشێوەی ئاوەڵجەمعی خوێندبوو، پێشنیارێکی دا کە لەبیرم ماوە:

وتی: کاتێک لە پاریس ئەم سروودەمان دەخوێند، هەر کۆڕ و کۆمەڵێک بەزمانی وڵاتێک کە لێوەی هاتبوو سروودەکەی دەخوێند؛ من بە ئەڵمانی، ئەو بە چێکی ئەو بە سویدی ئەو بە ئینگلیزی و هەتا دوایی ... بەڵام، کە دەگەیشتینە وشەی "ئەنترناسیۆناڵ"، ئەوەمان، پێکەوە ئەدا دەکرد! هەموو دەقەکان، بەهەر زمانێک بوایە؛ کە دەگەیشتە ئەو سەربەندە، وشەی "ئەنترناسیۆناڵ"،

دەبوو بە وشەی دووهەمی دێڕەکە!

بە ئینگلیزی دەڵێن:

The International....

بە فەرانسە دەڵێن:

La Internationale....

بە سویدیش دەڵێن:

Ty Internationalen...

منیش، بەپیر ئەم ڕاوێژەوە چووم و هاوئاهەنگییەکەم پێ جوان و گونجاو بوو؛ هەر بۆیەش، لەدەقی کوردییەکەم دا، کە زستانی ئەوساڵە ١٣٥٩ (١٩٨١)، بڵاو بووەوە، وشەی "ئەنترناسیۆنال"م کردە وشەی دووەم:

بە "ئەنترناسیۆناڵ"، رزگار دەبێ ئینسان! ٥

ئەمە و دەیان سەرنج و پێشنیاری لەم چەشنە، لە ماوەیەکی چەند هەفتەییدا، وای لەو دەقە کوردییە کرد، کە ئاوا چووە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکەوە و کەوتە سەر زاری گەورە و بچووک.

لێرەدا دەقی کوردی و فارسییە دێنین؛

## ئەنترناسیۆناڵ

هەستن؛ ئەی هۆزی بەشمەینەتان؛
دیلانی برسیەتی دنیا!
لە تەنوورەی بیروباوەڕمان،
قرمژنی تریشقە راسا!
تەنوورەی ئاخر هەستاوە،
هەستین؛ با هەڵیپێچین دەورەی کۆن؛
رابین و ژێرەوژوور کەین جیهان؛
ئێمەی هیچ
بین بە گشت ئەی کۆیلان!
ئاخرین شەڕە، شەڕی سەروماڵ؛
با یەکگرتووبین هەڤالان
بە ئەنترناسیۆناڵ رزگار دەبێ
ئینسان!

دەسەڵاتدار، رزگارمان ناکەن؛
نەشا، نەشێخ، نە ئاسمان!
با خۆمان بۆ ڕزگاری ڕابین
ئەی خێڵی بەرهەمهێنەران!

رزگاری گشتی بێ و ڕەهاکەین
گیان لە بەند و ماڵ لە تالان
خۆمان ئاگر خۆش کەین و بوکتین
بەگەرماوگەرمی، ئاسنمان!
ئاخرین شەڕە، شەڕی سەروماڵ؛
با یەکگرتووبین هەڤالان
بە ئەنترناسیۆناڵ رزگار دەبێ
ئینسان!

ئێمەین کرێکاران و وەرزێران:
کۆمەڵی مەزنی زەحمەتکێش؛
هەر بەئێمە دەبڕێ جیهان،
تاکەی، بۆ تەوەزەلی خوێنڕێژ؟!
بەڵام، ئەمرۆ و سبەی، ئەی هەڤالان؛
هەرکە فەوتان قەل و دالان،
هەتاوی گەش هەتا هەتایە
تیشک داوێژێ بۆ ئینسان
ئاخرین شەڕە، شەڕی سەروماڵ؛
با یەکگرتووبین هەڤالان
بە ئەنترناسیۆناڵ رزگار دەبێ
ئینسان!

دەقی فارسیش، کە لە ١٩٨٣دا هاتە بەرهەم و ئەوکات، بەدەنگی هاوڕێ فاتمەی موحەمەدی، لە بەشی فارسی رادیۆکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەوە، بڵاو دەکرایەوە، لێرەدا دەبینن:

## انترناسیونال

خیزید محنت زدگان جهان
بردگان گرسنگی
آگاهی غرد چو آتشفشان
برخروشاند زندگی
برپا گشته توفان آخرین
بروبیم کهنه جهان برخیز
برخیز برپا داریم نظم نوین
هیچیم کنون گردیم همه چیز
پیش به سوی آخرین پیکار
همچو یک تن ای همرزمان
با انترناسیونال
آزاد گردد انسان

ناجی در آسمان نجوئیم
نه شاه نه شیخ نه آسمان

خود به رهاییمان برشوریم
آفرینندگان ای کارگران
جان از بند جهل و دستاورد کار
از چنگ رهزن رها کنیم
دمیم خود برآتش این پیکار
آهن را گرماگرم کوبیم
پیش به سوی آخرین پیکار
همچو یک تن ای همرزمان
با انترناسیونال
آزاد گردد انسان

مائیم، کارگران و زحمتکشان
اردوی بیشمار کار
باید از آن ما شود جهان
نه بیکارگان خونخوار
تا کی نوشند از شیره‌ی جان ما
نابود گردانیم کرکسان
آنگاه دمد آفتاب فردا
درخشد جاودان بر انسان!
پیش به سوی آخرین پیکار
همچو یک تن ای همرزمان
با انترناسیونال
آزاد گردد انسان

## پەراوێزەکان:

١- هاوڕی جەمال، هاوینی ساڵی ٦٠ (١٩٨١)، لە شەڕێک دا لە نێو شاری مەهاباد، کەوتە بەر گولەی بەکرێگیراوانی جەهل و سەرمایە و گیانی بەخت کرد!

٢-دەقی پڕبەپڕی سروودەکە، لە کۆتاییدا هاتوە

٣- لێنین، لێرەدا، وشەی هۆنەری مورەوویج بەکاردێنێ؛ واتە ئەو کەسەی بە هۆنراوە، بیروباوەڕێک تەرویج دەکا.

٤- کۆبەرهەمی بڕوانە سەرەتای شیعرە کوردیەکانی من؛ چاپی یەکەم؛ سلێمانی؛ ساڵی ٢٠١٢

٥- ساڵی ١٩٨٣ش، لە دەقی فارسیم دا، لەجیاتی ("انترناسیونال" است نجات انسانها) کە لە دەقی "لاهووتی"دا هاتووە، من، وشەی "انترناسیۆنال"م کردە وشەی دووهەم، بەم جۆرە:

با "انترناسیونال"، آزاد گردد انسان...

***پاشماوەی:** باسێک لە سەر ئەزموونی شووراکان...*

کلتوریکی دژە ئازادییە. ئەم عەقلییەتە لە ڕادەبەدەر زیان بە سەرجەم بونیادی فیکری ئەو بزووتنەوەیە ئەگەیێنێت.

لە کۆتاییدا بەداخەوە ئەڵێم سالی ١٩٩٢ بڵاوکراوەی سەرنجی کرێکار لە ڕێگەی کاک جەعفەر عەلی پەیامنێریانەوە لە هەولێر چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ساز کردم سەبارەت بە بزووتنەوەی شورایی و ئاستەنگەکانی و هۆکارەکانی شکستی ئەو بزووتنەوەیە. منیش بە وردی و بە درێژی وەلامی پرسیارەکانم دایەوە و تەسلیمی کاک جەعفەر عەلیم کرد و تا ئێستاش ڕووناکی نەبینی. ئەگەر بێت و ئەو دیدارە بڵاو بکرابایە، ئەوا بۆ ئەمڕۆ بایەخی سیاسی خۆی ئەبوو. ئێستاش پاش تێپەڕبوونی بیست سالی تەواو بەسەر بەرپاکردنی ئەو بزووتنەوە شکۆدارە، ئەڵێم لە هەر پێچکردنەوەیەکی مێژوویدا بەکەڵک وەرگرتن لە وانە و ئەزموونەکانی ئەو بزووتنەوە شوراییە ئەکرێ خەڵکی کوردستان وەک ئەلتەرناتیڤی دەسەلات بە دەستییەوە بگرن و پیادەی بکەن.

٤ ی ئازاری ٢٠١١
ڤانکۆڤەر – کەنەدا

## دوو تێبینی:

**تێبینی یەکەم:** سوپاسی هاوڕێیانی بەڕێزم کاک سەردار حەمید سالح و تاڤگە ئیبراهیم ئەکەم کە لە یادهێنانەوەی هەندێ ناوی ئەو بەڕێزانەی ناویان لەم یادەوەری و سەرنجەدا هاتووە کۆمەکیان پێکردم.

**تێبینی دووەم:** ئەم نووسینە (لە یادی بیست سالەی ڕاپەڕین ئاورێک لە بزووتنەوەی شوورایی) دوای هەشت سال بەسەر نووسینەوەی، ئەمسال جارێکی تر بەسەریدا چوومەتەوە و تایتڵەکەیم گۆڕی.

☆

# ژنان له كۆمۆنی پاریس دا

نووسەر: زوهره ستوده

وەگێران لە فارسییەوە: لەیلا قاسمیانی

کۆمۆنی پاریس ڕووداویکی مێژوویییە کە ریشەکانی دەگاتەوە شۆرشەکان وخەباتی کۆمەڵایەتی و سیاسی رابردووی فەرانسە و بە تایبەت دوای شۆرشی مەزنی ١٧٨٩ی فەرانسە. رووخانی ئیمپراتۆریەتی دووەم، راگەیاندنی کۆماری سێیەم، قاتی و چەند مانگ برسییەتی، شکستی فەرانسە لە شەڕ لە گەڵ دەولەتی پرۆس و تەسلیمبوونی لە بەرامبەر "بیسمارک" سەرۆکی مەزنی ئالمان، لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کۆمۆنی پاریس بوون. بە هەزاران کتێب و نووسراوە سەبارەت بە کۆمۆنی پاریس نووسراوە. بەلام زۆر کەم لەوانە لە بارەی بەشداری ژنان لە کۆمۆنی پاریسدا قسەیان کردووە. مێژوونووسەکان یان کەمتر سەرنجیان داوە بە ژنان یان کەمترباسیان کردووە لە بەشداری ئەوان لە کۆمۆندا.

ئولیویە لیسا گارە Olivier Lissagaray یەکێک لەو کەم کەسانەیە کە لە کتێبەکەی خۆی دا "مێژووی کۆمۆنی پاریس"، قامک دادەنێ لە سەر بەشداریکردنی ژنان. "ئێدیت توما" Edith Thomas لە کتیبی "ئاگرخۆشکەرەکان" Les Pétroleuses بە شێوەیەکی راستەقینە دەکەوێتە شوێن جێپێی ژنان کە لەو شۆرشەدا بەشدارییان کردووە. سەبارەت بە ژنانی کۆمۆن، "ژان میترۆن" Jean Maitron لێکۆلینەوەیەکی فراوانی

کردووە کە "کۆمەڵەی لایەنگرانی کۆمۆنی پاریس" بڵاویان کردووەتەوە. بیرەوەرییەکانی "لوئیز میشێل" Louise Michel بە ناوی "کۆمۆنی پاریس" *La Commune* شاهیدیەکانی کەسێکە کە خۆی لە کۆمۆندا بەشدار بووە و باسی چالاکییەکانی ژنان لەویدا دەکات.

## چۆنیەتی ژیانی ژنان

لە سەردەمی ئیمپراتوریەتی دووەمدا، ئاڵوگۆڕێکی فراوان لە پاریس دا پێکهات. "ژۆرژ ئیوجین ئۆسمان" Georges Eugene Haussmann ئارشیتێکتی بەناوبانگ، شەقامی نوێی لە پاریس بنیات نا کە بوو بەهۆی ڕامالینی جەماوەری هەژار و کریکار بەرەو باکوور و رۆژهەلاتی شار. بۆ وێنە شەقامەکانی بێل ویل Belle ville، مێنیل مونتان Ménilmontant...

زۆربەی ژنانی دانیشتووی پایتەخت، لە بەشی بەرهەمێنانی سەنعەتی دا کاریان دەکرد. بە پێی ساڵنامەی ئاماریی ۱۸۷۱ لە کۆی ۱۱٤۰۰۰ کرێکار، ٦۲۰۰۰ کەسیان ژن بوون. ژنان یەکەمین قوربانییەکانی سەنعەتیبوونی کۆمەلگای سەرمایەدارین. ئەم ژنانە ناچار بوون بە رکبەڕکێ لە گەل مەکینەکانی بەرهەمهێنان لە لایەک و لە گەڵ مووچەی هەرزانی ژنانی دەیرەکان واتە ئەو ژنانەی لە خانەی ئایینیی تەرکە دونیا کردووەکاندا دەژیان. ئەوان هەروەها مەجبور بوون بسازێن لە گەل پێشداوەرییەکانی دژبە ژنی کرێکارانی پیاو کە لە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی "پرودۆن" دابوون. بەمجۆرە ئازار و ئەزیەت و توندوتیژی بەردەوام لە ئارا دابوو. ژنان بە توندی دەچەوسێنرانەوە و بۆ ۱۲ تا ١٤ سەعات کار، کەمتر لە نیوەی مووچەی پیاوانیان پێدەدرا. ئەمە کەشی زاڵ بە سەرئەو سەردەمەدا بوو. ئەم مووچە کەمە بە هۆی ئەوەی کە زۆر جار ژنەکان بەرپرسی بەخێوکردبی مناڵ و تەنانەت دایک و باوکی پیریشیان

بـوون، بەشـی نەدەکـرد. لە هەلومەرجی ئاوادا، ژنان ناچار بە فرۆشتنی لەشیان دەبوون بۆ چارەسەرکردنی موشکیلەی ماڵی.

ساڵی ١٨٦٨ پیشانگای مەزنی نێونەتەوەیی لە پاریس کرایەوە کە ١٥ ملیون کەس لە شارستانەکان و ولاتەکانی ترەوە بۆ سەردانی روویان کردە پاریس. "لەم پایتەختی ئەورووپا"یە، بە وتەی ویکتور هیوگۆ، زۆربەی ژنان بە شوێن کار دەگەران و خوازیاری گرتنی مافەکانیان بوون بەلام زۆرێک لە ژنانی هەژار بە فرۆشتنی لەشیان ناچار بوون خۆبەخیوبکەن.

بە شیوەیەکی گشتی ژنانی کریکار لە سەدەی ١٩ دا لە هەلومەرجێکی زۆر خەمباردا ژیانیان بە سەردەبرد، هەم دەچەوسانەوە و هەم بەهیچ دەژمێردران. ژنان نە پلەی کۆمەلایەتییان بوو نە هیچ مافێک. داهاتوویەکیان بۆ خۆیان نەدەدی و تەنانەت لە ماڵیشەوە مافەکانیان دەخرایە ژێر پێ. ئەوان ناچاربوون زۆر ئەرکی جیاواز بگرنە ئەستۆ. ژنان هیچیان نەبوو کە لە دەستیان



ئەننا ژەکلارد

بچێ و تەنیا چاوی ئومێدیان بە ئەگەریی ئاڵوگۆڕپێکهاتن بوو. بۆ یەکەمجار لە مێژوودا بە دەستپێکردنی شۆڕشی کۆمۆن، هەلومەرجێکی بەجێ بۆ ئەوان هاتە پێش و ئەوانیش ڕاشکاوانە و پێداگرانە بە شێوەیەکی بەربڵاو و وشیارانە لەو خەباتەدا بەشدارییان کرد.

هەندێک نیشانە لە دەسپێکردنی



ئاندرێ لیئو

چالاکی ژنانی پێشرەو هەر لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی دووەمی فەرانسەدا بەدیدەکرێ. لوئیز میشێل سالی ١٨٥٦ دێتە پاریس و لە شەقامی ١٨، "کۆمیتەی پارێزگاری لە ژنان" پێک دێنیت. ساڵی ١٨٦٨ "کۆڕی بەرەنگاری لە مافی ژنان" پێک دێت و گۆڤاری "بیروڕای نیشتمانی" L'Opinion Nationale ، بەیاننامەی ٢٠ کەس لە شارومەندانی ژن بۆ وەدیهێنانی مافە کۆمەڵایەتییەکان، بە ناوی "بەیانییەی مافی مرۆڤایەتی" ، لە جیاتی "مافی مرۆڤ" کە پەسندکراوی شۆرشی ١٧٨٩ بوو، بڵاو کردەوە. ئەم ناوگۆڕینە (لە مافی مرۆڤ بۆ بەیانییەی مافی مرۆڤایەتی) لە لایەن "ئاندرێ لیئۆ[١] André Léo ش پشتیوانی لێکرا. داخوازییەکانی ژنان بریتی بوون لە یەکسانی یاسایی ژنان لە مەیدانی ژیانی هاوبەشی خێزان و لە مەیدانی ئیش و کار. ئەوان پێیان وابوو کە ژن هەم بە هۆی ژن بوونیەوە و هەم بە هۆی کریکاری ژن بوونیەوە زۆڵمی لێدەکرێ.

ئاندرێ لیئۆ لە ١٥ی ژانوییە ١٨٦٩ ناوەندیکی کۆمەڵایەتی بۆ وەدیهینانی مافەکانی مەدەنی بنیات نا. ناتالی لومێل[٣] ، کە سەرپەرشتی رێستورانی "لامارمیت"ی La Marmite ، لە سالی ١٨٦٨ بە ئەستۆوە بوو، بۆ کرێکاران خواردنی خاوێن و باش و هەرزانی دروست دەکرد. ئەم

ریستورانە هەروەها شوێنی کۆبوونەوە و گۆڕینەوەی بیروڕا و خویندنەوەی نووسراوە "گۆمرا"کان بوو.

## شۆڕشی کۆمۆن و بەشداری ژنان

له رۆژی ١٨ مارسی ١٨٧١، یەکەم رۆژی شۆرشی کۆمۆن، ژنانی پاریس بڕیاریان دا کە لە دژ بە دەولەتی فەرانسە هەستن کە خەلکی خستبووە ژێر فشارەوە، کە رۆژنامەکانی دادەخست و کۆڕ و کۆمەڵی رۆشنبیری دەخستە تەنگانەوە، ئەو دەولەتەی کە لە بەرامبەر سوپای "پرۆس"دا پاشەکشەی کردبوو. ژنان شانبەشانی "کۆمیتەی پارێزگاری لە ژنان- گەرەکی ١٨" هەستان بە بەشداریکردن لە کاروباری گەڕەک دا و نەیانهێشت هێزەکانی چەکداری دەولەتەکەی ئادۆلف تییەر Adolphe Thiers (سەرۆکی دەولەتیی نیشتەجێ لە شاری ڤێرسای) دەست بگرێ بە سەر تۆپخانە ی گەڕەک دا. "ئێدیت تۆما" ئەڵێ ئەگەر بڵێین کە لەو رۆژە شۆرشگێرانە دا تەنیا ژنان بەشداربوون، زۆر راست نییە بەلام ژنان قورس و قایم بەشدارییان کرد و ساغ بوون لەسەر ئەوەی کە شانبەشانی پیاوان لە بەرگری کردن لە پاریس، بەشداربن.

## پێکهێنانی یەکیەتی ژنان بەشداری لە کلوبەکان و کارگە هاوبەشییەکان

ژنان بە توندی خۆیان رێکخست. رۆژی ٣ی ئەپریل، ٥٠٠ ژن لە "مەیدانی کونکۆرد"ڕا بەرەو ڤێرسای رێکەوتن.هاواری هەزاران ژن و پیاوی پاریسی دەگەیشتە گوێ: "نا بۆ پاشەکشێ"، "مردن بۆ خەیانەتکارەکان"، "مردن بۆ پرۆسییەکان"، "بژی کۆمارییەت"، "بژی ژیانی بەکۆمەل"، "بژی کۆمۆن". پیداویستییەکی زۆر بۆ سەروساماندان بە بزوتنەوەی ژنان هەست پێدەکرا. هەر بۆ ئەم

مەبەستە ئاندرێ لیئۆ و لوئیز میشێل، لە ئەمسەربۆ ئەوسەری پاریس لە گەڕاندابوون. ڕۆژی ١١ ئەپریل ئێلیزابێت دیمیترییێف[٢] Élisabeth Dmitrieff و ناتالی لۆمل Nathalie Lemel هاتنە پاریس و بانگەوازێکیان بەم چەشنە بڵاوکردەوە: "شارومەندانی ژن! کاتی بڕیاردان گەیشتووە، سەردەمی دونیای کۆن تێپەڕیوە و ئیمە ئەمانەوێ ئازاد بین." هەر ئەو شەوە کۆبوونەوەیەک کرا و "یەکیەتی ژنان بۆ پاراستنی پاریس و پێڕاگەیشتن بە بریندارەکان" دامەزرا. ئەم یەکیەتییە لە شارەوانی ژمارە ١٠ی پاریس نیشتەجێ بوو. لە پێڕەوی یەکیەتییەکەدا ناوی یازدە ئەندام هاتووە کە هەموو ڕۆژێ لە شارەداری کۆدەبوونەوە بۆ نووسینی ناوی شارومەندانی ژن کە ئەیانەویست لە پاراستنی پاریس دا بەشداری بکەن.

"یەکیەتی ژنان" بە روونی بۆ یەکەمجار قامک دادەنێ لە سەر ئەوەی کە هەر جۆرە نایەکسانی و دژایەتیەکی جینسی، بناغەکانی سەرەکی دەسەلاتی چینەکانی حاکم پێکدێنن. ژنان یەکسانی مووچەی ژنان وپیاوانیان بە ئەنجام گەیاند. ئەم یەکسانی مووچە بۆ مامۆستایانی ژن و لە ناو زۆرێک لە کارگە خۆبەرێوەبەرییەکاندا بەڕێوەچوو.

یەکیەتی ژنان ڕادەگەیێنێ: "دوژمنانی ئیمە، خاوەنی مافە تایبەتییەکانی چینی داران کە لە ئارەقی رەنجی ئیمە دەژین و پێی قەڵەو بوون. ئیمە داواکاری ئیش و بەدەستەوەگرتنی بەرهەمی ئیشی خۆمانین. نە چەوسێنەرمان دەوێ و نە ئاغا. سەرجەمی ئەو نووسراوانە پیشان دەدن کە "یەکیەتی ژنان" لە ئەندامانی کۆمۆن پێشرەوتربوون. "یەکیەتی ژنان" چوارچێوەی خەبات لە رووخانی سەرمایە و هەرجۆرە چەوسانەوەیەکدا دەبینێ.

لە کۆتایی ئەپریلی ١٨٧١ دا،

بەشێک لە بەرپرسانی یەکیەتی ژنان وەکوو ئێلیزابێت دێمیترییێف ، ناتالی لۆمل و ئێلین ژاکیە، بانگهێشتن کران بۆ کۆمیسیۆنی "ئیدارەی کار" لە ژێر رابەرایەتی لئۆ فرانک، کە گرینگی "یەکیەتی ژنان" لەوکاتەدا پیشان ئەدات. لئۆ فرانک روو بە ژنان ئەلێت: "ئێمە لە شارومەندانی ژن کە هاوکاری لەخۆبوردووانەیان لە شۆرشی کۆمەڵایەتیدا زۆر بە نرخە، داوا دەکەین کە لە پرسیکی گرینگی وەکوو "رێکخستنی کار" دووری نەگرن و لە سەندیکاکانی پیشەیی جۆراوجۆری ژنان دا، خۆ رێکبخەن و دەستەی نوینەرایەتی خۆیان بنێرن بۆ لامان".

ئیدارەی کار، لە کرێکارانی پیشە جۆراوجۆرەکان داوا دەکات کە رۆژی ١٥ی مانگی مەی، بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەیەکدا بە مەبەستی هەلبژاردنی نوینەرانی ژن بۆ دامەزراندنی لقەکانی سەندیکا کۆوەبن. بەدوای ئەوەدا یەکیەتی ژنان بانگەوازی دا بۆ کۆبوونەوەیەک لە ٢١ی مانگی مەی دا کە بە هۆی هیرشی سوپای ڤرسای بۆ سەر پاریس، بە ئەنجام نەگەیشت.

## کۆبوونەوەی ژنان و کلوبەکان

پیویستی بەشداری و هاوکاری ژنان لە کلوبەکاندا هەست پێدەکرا و لە رۆژنامەی رەسمی کۆمۆن، بانگهێشتنی ژنان کرا بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەیەک لە رۆژی ١٢ی ئەپریل. کۆبوونەوەکە ئەیویست کە بزوتنەوەی ژنان رێکبخات بۆ بەشداری لە پاریزگاری پاریس، لە ئەگەری هیرشی نیزامی بو سەر شار. کۆمیتەی ناوەندی گەرەکان بە ٧ ئەندامەوە بە ناوی "کۆمیسیۆنی بەرێوەبەرایەتی ئەرک و کار" ، لە نوێنەرانی گەرەکەکان، پێکهێنرا. رۆژنامەی کۆمەڵ La Sociale بەرنامەی ئەنجومەنەکانی بڵاوکردەوە. ژنانی پاریس لە هەموو گەڕەکەکاندا کۆبوونەوەکانیان رێکخست و

بیروباوەری شۆرشگێرانەیان بڵاو دەکـــــردەوە. جـــــوولانەوەی نـاڕەزایەتـی و شـورشـگـیـرانەی کــــۆمــــۆن کـــاریـــگەریـــی ئەنـتـرنـاسـیـۆنـاڵـی یەکەم و بـیـروبـۆچـوونـی رەنـگـاورەنـگ ، لەوانە "بلانکیسم"ی بە سـەرەوە بوو. لەو کۆبوونەوانەدا ژنـانـی ئەنـــدام و غەیـــرە ئەنـــدام بەشدارییان دەکرد. هەروەها لە کلوبە تێکەلاوەکانیش (ژن و پیاو) بەشدارییان دەکرد و خوازیاری کردنەوەی دەرگای کلوبەکانی تـایـبەت بە پـیـاوان بـۆ ژنـان بـوون. وەکـوو کـلـوبـی سـەن نیکولا St. Nicolas کە لە کلیسای نۆترەدام دێشان Notre Dame des Champs بەڕێوە دەچوو.



ئێلیزابێت دێمیترییێف

لە کلوبی "دێلیوێرانس لا" لە کلیسای "لاترینیتیێ"، لە ژێر سەرپەرستی "لادۆئیچکا کاوێکا" سەرنووسەری پێشووی رۆژنامەی "شارومەندانی ژن"، بە هاوکاری ناتالی لومێل رایانگەیاند: "لە کارگەکاندا ئێمەیان لە سەریەک هەڵچنیوە، ئەم کارگەیانە هی ئیوەن و مەکینەکانی بەرهەمهێنان هی ئێوەن". لە کلوبە پرۆلیتارییەکان لە ٤٠٠٠ کەس بەشداربووەکانی، ٣٠٠٠ کەسی ژن بوون. لە هەندێک لە گەڕەکە کرێکارییەکان دا کە بزوتنەوەی "ئەنترناسیۆنالی یەکەم" دەستی باڵای هەبوو، هەرچەن کە ژنان ئەوکاتە مافی دەنگدانیان نەبوو، بەڵام ژنانیان لە هاوکاری و ئیدارە و سەرپەرشتی

شارەدارییەکاندا بەشدار دەکرد.

ڕۆژی ٦ ی مانگی مەی لە کلوبی ڕووناکبیرانی ئازاد لە کلیسای "سەن ژێرمەن لوئیسێروا" St. Germain L'Auxerrois لە جەماوەری ٥٠٠ کەسی بەشداربووان، ١٠٠ کەسیان ژن بوون و بە پێشنیاری شارومەندێکی ژن بە ناوی "ڕوندییە" Rondier، ئازادی بیقەید وشەرتی ژنان و مافی جیابوونەوە، خرایە بەر دەنگدان.

## کارگە هاوبەشەکان

هەموو کۆمەلەکانی ژنان لە "لئۆ فرانک" بەرپرسی "کۆمیسیۆنی کار، سەنعەت و ئالوگۆرییەکان"، داوای دروستکردنی ئیشیان دەکرد. یەکیەتی ژنان پەیامی ژێرەوەی بۆ کۆمیسیۆن نارد: "لە هەلومەرجی ئیستادا کە هەژاری و نەداری بە شیوەیەکی ترسێنەر زیاد دەکات، مەترسی ئەوە هەیە کە ژنان پاسیڤ ببن و کەم تا زۆر تووشی دواکەوتوویی ببنەوە، کە ئەمەش بۆ شۆڕش خەتەرێکی گەورەیە". کۆمیسیۆنی کار و سەنعەت و ئالۆگۆڕییەکان، پێشنیاری یەکیەتی ژنانی سەبارەت بە ئەسپاردنی ئیختیاری کارگەکانی بەرهەمهێنان بە دەست بەرهەمهینەرەکان، پەسند کرد. لئۆ فرانک، قەولی ٢ فرانک یارمەتی ڕۆژانە بۆ ژنانی کرێکاری کارگەکانی، لە شارەداری وەرگرت. هەروەها هەندێ کۆمیتە لە لایەن ژنانەوە لە گەڕەکەکان دروست کران بە ناوی کارگەی هاوبەش، کە یاریدەی ئەوکەسانەی دەدا کە بە دوای ئیشی دەسبەجێوە بوون.

ڕۆژی ٦ ی مانگی مەی، ڕۆژی دەستپێکردنی خۆبەرێوەبەری ئە کارگەیانە بوو کە خاوەنە کانیان ڕایان کردبوو. کریکارەکان بە دوای بڕیارێکدا کارگەکانیان خستەوە ڕێ. هەندێک لە کارگەکان لە یەکی مانگی مەی ڕا دەستیان کرد بە ئیشی سەربەخۆ. ژنان لە کۆمیتەکانی گەڕەکدا زۆر کاریان بە دەستەوە بوو، وەکوو سەرژمێری ژنانی بێکار و کارگە

چۆڵەکان و هەڵبژاردنی بەرپرس.

لە ۱۳ی مانگی مەی هەقدستی ڕۆژانە دیاری کرا، و ڕێککەوتن لە سەر کڕین و فرۆشی کارگەکان ڕاگەیەنرا. ئەمجۆرە کردەوانە، پیشاندەری ڕوانگەیەکی نوێ، بە شێوەی پێشکەوتووتر و سەرەتای ڕێکخستنی سۆسیالیستی لە ناو دامودەزگا بەرهەمهینەرییەکانە. ئەمە هەروەها خەباتێک بوو هەم دژ بە کاری کرێگرتەی ژنان لە مالان کە بە توندی ئەچەوسێنرانەوە و هەم کاری خۆماڵی ژنان.

یەکیەتی ژنان بە پشت بەستن بە بیروبۆچوونی ئەنترناسیۆنالی یەکەم ، ڕایگەیاند: "ئەرکی بێ مووچە و مووچەی بێ ئەرک، هەبوونی نییە." ئەمە ڕستەیەکە کە ئوژن پۆتیە Eugene Pottier لە سروودی ئەنترناسیۆناڵ دا کەڵکی لێوەرگرتووە. لە سایەی دیموکراسی ڕاستەخۆدا، ژنان ڕێکخراوی خۆیان پێکهینا و داخوازییەکانی خۆیان دەگەیاندە دەست نوێنەرانی کۆمۆن. ئەم نوێنەرانە لە لایەن خەلکەوە هەلدەبژێردران و هەمووکاتێک دەکرا نوێنەرایەتییان لێ بستێنرێتەوە. ئەمەش دەبووە هۆی ئەوە کە سەندیکاکان، کۆمەڵەکان، یەکیەتی ژنان و ... زۆر زوو ئەنجامی داخوازییەکانیان ببینن.

## چاکسازی لە بەشی پەروەردەدا

هەندێک لە ژنە کۆمۆناردەکان[٤] وەکوو ئاندرێ لیئو André Leo ، ئەننا ژاکلێر Anna Jaclard، نۆئێمی ڕێکلو Noémie Reclus و کلارا پرییە Clara Perrier، لە گەڵ کۆمیسیۆنێک سەبارەت بە "ڕێکخستن و چاوەدێری پەروەردە لە خوێندنگاکانی کچانە" هاوکارییان کرد. ئەوان بناغەکانی خوێندنگای غەیری ئایینییان ۱۰ سا ڵ بەر لە هەنگاوەکانی کۆماری سێیەمی فەرانسە دانا. کۆماری سێیەم دواتر "ماوەیەکی دوورودرێژی بۆ بە

ئەنجام گەیشتنی ئەو داخوازییە" دانا. (مەدرەسەی لائیک، لە ٦ ژوئەنی سالی ١٨٨٩ لە لایەن "ژول فێرری"یەوە Jules Ferry بنیات نرا). لە گەڕەکی مونمارتر Montmartre یەکێکی تر لە کۆمۆناردەکان بە باوی "پۆل مینک" Paule Mink مەدرەسەیەکی کچانەی لە یەکێک لە هۆڵەکانی کلیسای سەن پییەر St. Pierre دامەزراند. هەروەها مامۆستایەکی ژن بە ناوی ماری مەنییەر Marie Manière مەدرەسەیەکی دانا کە لە ژێر چاوەدێری قەشەکان دا نەبوو. رۆژی ٣ی ئەپریل رۆژنامەی لووانژور Le Vengeur دامەزراندنی ئەم مەدرەسەی لە لایەن مامۆستایان و کرێکارانەوە بە هەنگاوێکی پێشکەوتنخوازانە ناوبرد. لە ٩ ی ئەپریل، سەرەرای نارەزایەتی قەشەیەک بە ناوی لوپێر دوشەن Le père Duchene، مەدرەسەی کچانە لە لایەن کۆمۆنەوە کرایەوە. ماری مەنییەر ئەڵێ: "ئەی شارومەندانی ژن، ئەگەر ئێوە بتانزانیبایە کە شۆرش چەندە بە بوونی ئێوەوە گرێدراوە، هەر لەسەرەتاوە چاوپۆشیتان لە خوێندکاری کچەکانتان نەدەکرد و نەتاندەهێشت لە نەزانیدا بمێننەوە. ئەو کارەی کە تا ئێستا لە گەل ئێوەشیان کردووە."

ژنانی کۆمۆن یەکەم دامەزراوەی هونەرگەی سەنعەتییان بۆ فێرکاری کچان لە گەڕەکی شەشەمی پاریس دا، بنیات نا. سەبارەت بە منالان، ماری لاوێردیور Marie Laverdure و ئێلی دوکودریێ Elie Ducoudray، بەم رستەیە دەس پێدەکەن: "فیرکاری هەر لە سەرەتای لەدایکبوونەوە دەست پێدەکات." لە راستیدا ئەم هەنگاوەی کۆمۆن بۆ ئاگاداری لە منالان، زۆر لە پێشتربوو لە چەمکی ئاگاداری لە منالان لە باخچەی منالانی ئەمرۆییدا .

## دەستپێکرانی بەشێك لە چاكسازییە كۆمەڵایەتییەكان

بەشداریکردن لە هەموو مەیدانەکانی ژیانی جەماوەریی

شارومەندانی کۆمۆن، بووە هۆی پێشکەوتوویی داخوازییەکانی ژنانی کۆمۆن. کۆمۆنی پاریس لەشفرۆشی وەکوو شێوەیەک لە چەوسانەوە و بازرگانی بە لەشی مرۆڤ رەتکردەوە. هەروەها



ناتالی لومێل

ئازادیی ژیانی هاوبەش و مافی جیابوونەوەی لە سەردەمێکدا کە نیزامی ئەخلاقی کلیسا دەستی باڵای هەبوو، بە رەسمیی ناسی. کۆمۆن هەروەها بڕیاری دا کە مووچەی گیانبەختکردووانی "گاردی نیشتمانی" بە شەریکی ژیانیان و بە منداڵەکانیان بدرێ، چ ئەو پەیوەندە رەسمیی بووبێ یان غەیرە رەسمی.

ژنانی هونەرمەند لە گەڵ کۆمیتەکانی شارومەندانی ژن هاوکارییان دەکرد. بۆ وێنە رۆژی ١١ی مانگی مەی لە ئاهەنگێکدا لە پارکی "تویلێری" Tuileries بە قازانجی برینندارەکانی "گاردی نیشتمانی" بەشدارییان کرد. لە "هۆڵی مارشاڵەکان" Les maréchaux خاتوو ئاگار Agar شانۆنووسی بە ناوبانگی تیاتری کومیدیای فەرانسی، بە خوێندنەوەی شانۆنامەی "شێری بریندار"ی ویکتور هیوگۆ، هەموو تالارەکەی شەیدای خۆی کرد. لە ئاهەنگێکی تردا کە گوردانی ٩٣ی کۆمۆن° رێکیخستبوو، یارمەتییەکی زۆر بۆ منداڵانی هەتیو و بۆ بێوەژنانی ئەو گوردانە کۆکرایەوە.

## ژنان و بڵاوکراوەکان

ژنانی کۆمۆن ئیمکاناتی ماڵی و هەلی چاپی رۆژنامەی گەورەیان نەبوو و نووسینەکانی خۆیان لە

هەندێک لە رۆژنامەکانی وەکوو: "کـــۆمـــۆن" La commune و "وەبـــیـــرخـەرەوە" Le Rappel و هەروەها "کۆمەڵ" La Sociale دا بڵاودەکردەوە. ئاندرێ لیئۆ پێڕەوی یەکـیەتـی ژنـانـی لە رۆژنـامەی "کۆمەڵ"دا بـڵاو کـردەوە. "ئـاندرێ لـێـئـۆ" هەر لەو رۆژنـامەیەدا بانگەوازی ژنانی کرد کە: "هیوادارم ژنان کە وابە دڵ پشتگیریی خەباتی کـۆمـۆن دەکەن، لە مەیـدانـی پراتیکیشدا بەشداری بکەن." ئەو لە بەشی تایبەتی خۆیدا لە رۆژنامەی "کۆمەڵ"دا لە کۆمۆن داوا دەکات کە دەرگـــاکـــانـــی ئەرتەش بەرەورووی ژنــان بــکــاتەوە. بەمــجــۆرە ژنــانــی کــۆمــۆن چالاکییەکان و بەشداری خۆیان لە هەردوو مەیدانی مەدەنی و نیزامی دا پەرەپێدەدا.

## ژنان و باریکادەکان [٦]

ژنان لە خەباتی چەکداریدا تا دوایـیـن رۆژ و دوایـیـن سـات بەشداربوون. ناتالی لومێل ئەڵێ: "شــارومەنـدانـی ژن! دەســتەوانە فڕیدراوەتە ناو مەیدان[٧]، یا ئەبێ شەربکەین یان ئەبێ بمرین!". لیسا گارێ، کە خۆی لە بەشداریکەرانی ئەم خەباتە بوو ئەڵێ: "١٢٠ ژن لە بـاریـکـادی "مەیـدانــی بــلاش" بەشدارییان بوو. لە مەیدانی پیگال، ٥٠ کەس لە گەل ناتالی لومێل بـوون، ئـانـدرێ لـێـئـۆ لە سـەر باریکادی باتینیۆل بوو، لوئیز مــیــشــێــل و مــارگــوریــت دیــبــلان Margueritte Diblanc لە باریکادی شوسە کلی یانکور Cligncourt Chaussée بــــوون. ئێلیزابێت رێتیف، ئاشپەزی گوردانی ١٣٥، لە شەقامی لیل بوو. ئەیدل شینییون Adèle Chignon لە ژنانی خەباتگێڕی شۆڕشی ١٨٤٨، لە باریکاردی پانتێئۆن و ئێلیزابێت دمیترییێف لە باریکادی مەیدانی باستیل بوو".

بەڵام بە وتەی لوئیز میشێل و بـێـنـوا مەلـون Benoit Malon بەشـداری ژنــان لە "حەتــووی خـوێـنــای[٨]" دا دەگـاتە دەیـان

هەزارژن. ئەم ژمارانە پیشاندەری ورەی بەرزی ژنانێکە کە لاپەڕەیەکی قارمانانەیان لە مێژوودا نووسیوە.

## سەرکوت

سەرکوت سامناک بوو. ژمارەیەکی زۆر هەر لە سەر سەنگەرکان گوللەباران کران. یەکێک لە چەکدارانی سوپای فرسای بە ناوی "دو ویلیە" De Villiers سەبارەت بە باریکادێکی گەرەکی ١٠ی پاریس ئەگێڕێتەوە کە زۆرێک لە ژنە چەکدارە کۆمۆناردەکان دەسبەجێ لەوێ گوللەباران کران. بە پێی لێکۆڵینەوەی یەکێک لە نوێنەرانی پارلەمان، هەزاران ژن گیران و درانە دەست "دادگاکانی شورای جەنگی" . سووکایەتیان بە ژنەکان دەکرد و بە جندە ناو ئەبران. لە کاتێک دا کە پاریس لە ناو ئاگردا ئەسووتا، ژنانیان بە ئاژاوەچی و "ئاگرخۆشکەر" نێو دەبرد.

٢٩ ژن مەحکوم کران بە کاری زۆرەملیی. ٢٠ ژنیان لە قەڵا نیزامییەکاندا زیندانی کرد و ١٦ کەسیان شاربەدەرکرد. سەرجەم ١٣٧٠٠ ژن و پیاو خرانە زیندانەوە کە هەندێکیان بۆ ماوەی ٩ساڵ لە زیندان بوون.

لوئیز میشێل و ناتالی لومێل لەو ژنە بەندییانە بوون کە لە وڵات دوورخرانەوە و ناردران بۆ دورگەی "کالێدۆنی نوێ". کاتێک یادی ژنانی کۆمۆنارد دەکەین، یەکەم ژنێ کە دێتە بەرچاومان، بە هەق، لوئیز میشێلە، بەلام کۆمۆن زۆر هەڵسووڕاوی تری ژنی هەبوون. بێجگە لەوانەی کە ناومان بردن دەبێ ناوی زۆرکەسی تریش ببردرێ وەکوو: "ئولالی پاپاووئان" Eulalie Papavoine، ویکتورین بروشێ Victorine Brocher، ئالین ژاکیێ Aline Jacquier، لێئونتین سوتێنس Léontine Suetens و جەماوەرێکی بێ ناوونیشان لە تەمەنی جۆراوجۆر دا و بە پێشەی جیاوازی وەکوو: لیباسشۆر، بەرگدروو، زەڕدروو، پەڕەچنی

کتێب، کریکار، مامۆستا و ڕووناکبیر.

ئەوەی کە وترا ژنانی کۆمۆن جێگەیەکی تایبەتییان لە مێژوودا



ژنانی کۆمۆناردی زیندانیکراو

لوئیز میشێل و ئاندرێ لێئۆ، دوای کۆتایی پێهاتنی دوورخستنەوەیان لە ولات و گەڕانەوەیان بۆ پاریس، بۆ زیندووهێشتنەوەی ئەندێشەکانی کۆمۆن درێژەیان بە چالاکییەکانی خۆیان دا. لوئیز میشێل ئەڵێ: "شۆڕش ئەبێ بەرەوپێش بچێ و نابێ چاوی بەدواوە بێت". بە پێێ

بەدەست هێنا و قۆناغێکی گرینگیان لە ڕێگەی ڕزگاری ژنان دا دیاریکرد.

سەرئەنجام کۆماری سییەم سەقامگیر بوو. ژنانێکی تر بە شوێنگرتنی خەباتی ژنانی کۆمۆنی پاریس، بۆ وەدەستهێنانی مافی ژنان تا بەئەمرۆ ئەم خەباتەیان بە شێوەگەلی تر درێژە پێداوە.

داواکارییەکانی ژنان، بەردەوام مەسەلەی رۆژە. هەندێک لە داخوازییەکان بە ئەنجام گەیشتوون بەلام خەبات دژی دەستدرێژی کردن بۆ سەر ژنان، تێزاورژاندن بە سەر ژنان، هەڵاواردن لە دونیای کار و بارهێنان دا، نابەرابەری مووچە... هێشتا هەر درێژەی هەیە.

لوئیز میشێل ئەڵێ: "ئەگەر یەکسانی بەینی جنسی پیاو و ژن جێگیربکرێ، نەفامی مرۆڤ، قەڵشی تێدەکەوێ".

## روونکردنەوە:

١- ئاندرێ لیئۆ: رۆماننووس و ژورنالیستی چەپ و رادیکال کە چالاکوانی کۆمۆنی پاریس بوو.

٢- ئێلیزابێت دێمیتریێف : نووسەر و چالاکوانی سوسیالیست بە بنەچە رووسی کە لە بەشدار بووە ئەنترناسیونالی یەک و لە هەلسووراوانی کۆمۆنی پاریس بوو.

٣- ناتالی لۆمل: شۆرشگیری ئانارشیست و چالاکوانی فێمینیست و کۆمون

٤-کۆمۆناردد: چالاکوان و بەشداریکەری کۆمۆن

٥- گوردان: لە ناو ئەرتەش دا بە سێ گرووهان دەوترێ.

٦- باریکادەکان: بریتییە لە سەنگەربەستن لەو ناو شەقامەکان

٧- دەستەوانە فرێدان: فرێدانی دەستەوانە بۆ ناو مەیدان، رەسمێکی کۆنی میرزادەکان بوو و مانای ئەوە بوو کە نەیار بانگهێشتن دەکا بۆ شەڕی مان و نەمان بۆ پاریزگاری لە شەڕەف.

٨- حەوتووی خوێنای: حەوتووی کۆتایی کۆمۆنی پاریس، کە سوپای ورسای، دەستی دایە قەتلوعام و نزیکەی ٣٠ هەزار کەس لە لایەنگیرانی کۆمۆنیان کوشت.

☆

# لوئیز میشێڵی شاعیر و ڕۆڵی شۆڕشگێرانەی لە (کۆمۆنەی پاریس) دا

ئامادەکردن و وەرگێرانی: عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)



## سەرەتا

لوئیز میشێلی شاعیر و خەباتکاری سۆشیالیست، بێ هیچ گومانێک گرنگترین فیگەری سیاسی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بووە، کە بەدڵنیاییەوە یەکێک بووە لە ژنە هەرە بەهێزەکانی سەردەمی خۆی. میشێل چ بە نووسین یان بە

وتارە ئاگرینەکانی کاریگەری زۆری لەسەر هەزاران ژن و پیاوی فەرەنسی و ئەورووپی هەبووە، بۆ هۆشیاکردنەوەیان سەبارەت بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ هەژاران و چینی کرێکار. دەسەڵاتدارانی فەرنسا لە هێزی ئەم ژنە شاعیرە سۆشیالیستە شۆڕشگێڕە کە دواتر دەبێت بە (ئەنارکیست) زۆر ترساون. میشێلیش شەو و ڕۆژی پێکەوە گرێ دەدا لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە چینایەتییەکانی کرێکاران. ئەم ژنە شاعیر و سۆشیالیستە لە ٢٩ی ئایاری ساڵی ١٨٣٠ لە فەرەنسا لەدایکبووە. لەسەر دەستی دایک و نەنک و باپیری گەورە دەبێت. میشێل بە پەروەردەیەکی جوان پەروەردە دەکرێت و خۆشەویستی ئینسان و تەنانەت ئاژەڵیش وەکو زیندەوەرێکی خاوەن مافی ژیان، دەبێتە بەشێک لە پێکهاتەی ئینساندۆستی ئەم ژنە شاعیر و خەباتگێڕە. هەربۆیەش ژمارەیەک ئاژەڵی لەماڵەوە ڕاگرتووە. پێبەپێی گەشە و گەورەبوونیشی، هاوسۆزیی و تێگەیشتنی سەبارەت بە چەوسانەوە باڵا دەکا. ئەمەش وای لێدەکات ساڵ لەدوای ساڵ غەریزەی یاخیبوون سەبارەت بە نادادپەوری کۆمەڵایەتی بەرەو ڕێگایەکی شۆڕشگێرانەی ببات. بەرەو ئەو باوەڕەی ببات کە خەبات بکات لەپێناو دنیایەکی بێ ستەم و چەوسانەوە. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٥٣ دەبێتە بەڕێوەبەری قوتابخانە و بەردەوامیش ئارەزووی ئەوەی هەبووە سەردانی پاریس بکات. لە پاریس ئەو هەستەی لا دروست دەبێ کە خەڵک لێرە دەتوانن زۆر بە چاکی دژی دەسەڵاتی ئیمپراتۆر، تێبکۆشن. لە پاریس فۆکسی چووە سەر وانەبێژی و نووسینی شیعر و خوێندنەوە. هەر کاتێکیش بۆی بلوایە ئامادەی ئەو کۆڕ و موحازەراتانە دەبوو کە دەربارەی فیزیا و کیمیا و یاسا بوون بۆ ئەوەی تینوویتی میشێل بۆ مەعریفە بشکێنن. شەوانیش کاتێک دەگەڕایەوە بۆ ماڵ ئەو

قوربانیانەی دەبینی کە بە شەقامەکانی پاریسدا بڵاو بوونەتەوە. میشێل لە شیعرێکیدا گوزارشتی لەوە کردووە کە چۆن ئەو قوربانییانە دەستیان لە ڕوحی گیر کردووە.

تاوانباران و لەشفرۆشانم بینی و
کەوتمە قسەکردن لەگەڵیان
ئێستا ڕوونی دەکەمەوە
گەر پێتوایە لەوەتەی هەیە هەر وا بوونە
دەبێ ئێستا ئەم جنسی ئەهریمەنانە
دەستیان چۆتە خوێن و خراپەکاری پیرۆزی
بەدووی خۆیان ڕابکێشن
تۆ وات کرد ئەو هەموو خەڵکە ببنە نێچیر
ڕێک بەوجۆرەی کە ئێستا هەن. (١)

میشێل لە ساڵی ١٨٦٥ ەوە لەڕێگەی ڤیکتۆر هیوگۆی ڕۆماننووس کەوتە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی. ناوەڕۆکی شیعرەکانی لوئیز وەک دەبینین لە پەیوەندییەکی نزیکدان لەگەڵ خەڵکی هەژار و ستەمدیدەی پاریس و فەرەنسا. لە بواری بەدەستهێنانی مافەکانی ژنانیش، لوئیز میشێل و دەستەیەک لە ژنان و پیاوانی سۆشیالیست و خەباتکار (کۆمەڵەی داواکاری بۆ مافە مەدەنییەکانی ژیان) وەک مانیفێستێک لەساڵی ١٨٦٩ دا دەنووسن و کار بۆ جێخستنی دەکەن.

## جەنگ و لوئیز میشێڵ

کاتێک لە ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٨٧٠ جەنگ لەنێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا هەڵگیرسا. پاریسیش لەلایەن سوپای بروسیا گەمارۆ درابوو. لەو کاتەدا لوئیز میشێل بۆ یەکەمجار لە ئوتێلی دی ڤیل دەستگیر دەکرێ بە تاوانی ئەوەی کە لەگەڵ ئەندری لیۆ خانم کۆمەڵەی خۆبەخشی پێک دێنێ و دەست دەدەنە چەک بۆ یارمەتیدانی ستراسبۆرگ بۆ دوا بەرەنگاری دژ بە سوپای بروسیا. لە ٢٧ ئەیلوول ئازاد دەکرێ، بەڵام ستراسبۆرگ لەلایەن سوپای بروسیاوە داگیر دەکرێ. سەرباری ئەمەش لوئیز گەشبینانە درێژەی

بەچالاکییەکانی خۆیدا. لوئیز بوو بە سەرۆکی لیژنەی هوشیارکردنەوەی ژنان لە مۆنمارتەر. ئامانجیشیان ئامادەکردن و دەستەبەرکردنی شوێن و خواردن بوو بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستییان پێبوو. ئەوە بوو جارێکی تر بە تومەتی ڕێکخستنی خۆپیشاندان لەبەردەم ئوتێل دی ڤێڵ دەستگیر کرایەوە. میشێل بەتوندی ئەو تومەتەی ڕەت کردووە و ڕایگەیاند (من بەهیچ جۆرێک هیچ خۆپیشاندانێکم ڕێکنەخستووە تا لەگەڵ حکومەت وتووێژ بکات، چونکە بڕوام بە حکومەت هەر نییە). (٢) لە مانگی کانوونی دووەمی ١٨٧١ پاریس خۆی بەدەستەوەدا و بروسیا ڕێی بە فەرەنسییەکاندا حکومەتێکی نوێ هەڵبژێرن. ئەوحکومەتە زۆربەی زۆری لایەنگرانی پاشایەتی تێدا بوو کە خەریکی پلان دانان بوون سوپای نیشتمانی نەهێڵن و کۆماریخوازەکان دەستگیر بکەن، بەڵام سەرنەکەوتن



تابلۆی لوئیز میشێڵ کاری هونەری هونەرمەندی فەرەنسی جەی جیرارد ساتۆری ١٨٧١

بەهـۆی ئەوەی خەڵـک کەوتـنە دژایەتیکردنیان و ئینجا هەڵاتن بۆ ڤەرسـای. بۆیە لە ١٨ ی ئـازاری ١٨٧١ خەڵکی پاریس شـارەکەیـان گـرتە دەسـت و کـۆمـۆنە سـەربەخـۆکـانـیـان دامەزراند کە خەڵک خۆی حوکمی خۆی دەکرد.

## کۆمۆنەی پاریس

کۆمـۆنەی پـاریس شـۆڕشـێـکی کـۆمەڵایەتـی بـوو هەوڵـی دەدا ئـازادی و یەکسـانـی بۆ خەڵـکی پـاریس دەسـتەبەر بـکـات. لـویش میشێل وەک زۆر جەنگـاوەری تـر خۆی بە تەواوەتی تەرخـان دەکـات بـۆ کـۆمـۆنەی پـاریـس. لەسـەنگەرەکـانـدا شـەڕی کـرد و خۆی تەرخان کرد بۆ ئەو کێشـە مەزنە ئامادەی گیانبەختکردن بوو لەپـێـنـاو ئـازادیـدا. لـوئـیـز لە بیرەوەرییەکـانیدا ئـاوا دەربـارەی خەبات دەنووسێت:

لە بیر و هۆشی مندا لە شەوێکی بەهاردا هەست بە تاریکییەکی نەرم دەکەم. ئەویش ئایاری ساڵی ١٨٧١ ە. وە ڕەنگدانەوەی گـڕی سـووری ئاگریش دەبینم، ئەویش پاریسە کە گـڕی گـرتـووە و ئەو گـرەیـش سبەینێیە. ...

ئۆو..مـن چ دڕنـدەیەکم، حەز لە بۆنی باروت و بۆنی چرە دووکەڵ و ساچمەی نێو هەوا دەکەم. بەڵام لەپـێـش هەمـوو شـتـێـکەوە مـن دڵسۆزی شۆڕشم (٣)

ئەم شاعیرە تـا توانـی جەنگا لە پـێـنـاو ئـازادی و یەکسـانـیدا. لە سـەنـگەرەکـانەوە بە تـفەنـگەکەی بەرگری لە کۆمۆنە دەکرد. لوئیزی شاعیر لە بەڕێوەبەری قوتابخانەوە و ژنێکی قژ ماش و برنـجـی پەنـجـا سـاڵـیـیەوە بـوو بە قسـەکەر و ڕابەری ڕێـکـخـراوی ژنـان بـۆ بەرگـری لە کـۆمـۆنەی پـاریس و یارمەتیدەری برینداران و باڵەخانە بۆ باڵەخانە دەچوو تـا ڕیزەکـانـی ژنانی ئامادە ساز بکات.

لە کۆمۆنەی پاریسدا ئـازادییەکـی بەربڵاو بە فیعلـی بوونـی هەبـوو.

ئازادییەک دوور لە هەموو گزی و فزییەکی بۆرژوازییانە. لەوێدا کۆمۆنارەکان گرنگترین بڕیارە شۆڕشگێرەکانی خۆیان دەرکرد کە دواتر ئەو بڕیارانەی کۆمۆنە بوونە بنەمای بڕیارگەلێک کە فەرەنسا لە هەنگاوەکانیدا بەرەو عەلمانییەت نای، وەک:

بڵاوکردنەوەی پەروەردەی گشتی بەسەرپەرشتی جول فیری،

ساڵی ١٨٨٣ خوێندن بووە خۆڕایی لە دەزگا دەوڵەتییەکان،

ساڵی ١٨٨٦ بڕیار درا پەروەردە تەنها کاری مامۆستا عەلمانییەکان بێت. (٤)

## لوئیز دوای ڕووخانی کۆمۆنەی پاریس

دوای ڕووخانی کۆمۆنەی پاریس لوئیز میشێل ناچار بوو خۆی ڕادەستی دەسەڵاتداران بکات ئەگەر نا دایکی گوللەباران دەکەن. میشێل لەگەڵ دەستگیرکراو و چالاکوانەکانی تر بە پێیان لە فەرسایەوە بۆ ساتۆری دەبردرێن. بەدرێژایی ڕێگا هەندێکیان گۆڕەکانیان پێ هەڵدەکەنن و هەر لەوێ گوللەبارانیان دەکەن. لە کۆی خۆیدا سی هەزار پیاو و ژن و منداڵ ئیعدام دەکەن. لە ١٦ دیسەمبەری ١٨٧١ لوئیز میشێل لە تەمەنی چل و یەک ساڵیدا لەلایەن حکومەتی فرسایەوە دەدرێتە دادگا بە تاوانی ئەوەی:

**یەک**: هەوڵدان بۆ ژێرەوژوور کردنی حکومەت.

**دوو**: هاندانی خەڵک بۆ چەک هەڵگرتن.


**سێ**: لەبەرکردنی جلی سەربازی و چەک کردنە شان.

**چوار**: ساختەکردنی دۆکیومێنت.

**پێنج**: پلاندانان بۆ کوشتن.

**شەش**: دەستگیرکردنی نایاسایی و ئەشکەنجە و کوشتن.

**کاتێکیش** لێیان پرسی ئەگەر




ژنانی زیندانی بەشداربوو لە کۆمۆنەی پاریس کە بە پێیان دەگوازرێنەوە بۆ زیندانی ساتۆری ساڵی ١٨٧٣.

شتێکی هەیە بۆ بەرگریکردن لە خۆی بیڵێ، لوئیز میشێڵ وەڵامی دایەوە:

نامەوێت بەرگری لەخۆم بکەم و ناشمەویت کەس بەرگریم لێبکات. من بەتەواوەتی بەرپرسیاری سەرجەم چالاکییە کۆمەڵایەتیەکانی خۆمم، بە تەواوەتی قەبووڵمن بێ هیچ خۆلادانێک. ئاواتەخواز بووم دژایەتی داگیرکاری ڤرسایم بە سەنگەری گڕ و ئاگر بکردایە. من هیچم دەستنەکەوت و خۆم دەستپێشکەری کارەکانی خۆمم.(٥)

## میشێڵ لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا لە پاریس،

لوئیز میشێل جگە لەوەی جەنگاوەرێکی کۆمۆنە بووە،

لەهەمان کاتیشدا شاعیریکی بەوەفا بووە سەبارەت بە هاورێ کۆمۆنارەکانی و بەرگرێکارێکی سەرسەخت بووە لە هاوسەنگەرانی و ئەو بەرگریکردنەش بە کردەوە و هەروەها لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەوەتا لەشیعری گوڵەمێخەکی سووردا کە بۆ یادی کۆمۆنار تیوفیل فریە نووسیوە، کە تیوفیل وەک کۆمۆنارێکی شۆڕشگێڕ ڕەتی دەکاتەوە دان بە دادگای سەربازی بنێت و سەرەنجام ئیعدام دەکرێت.

## مێخەکی سوور

براکانم!
ئەگەر ڕۆژێ گۆرستانی سارد بۆ بە جێگام
وەک دوا هیوا
چەن گوڵە مێخەکی سووری پشکووتوو
بخەنە سەر گۆڕەکەم.
لە دوایین ڕۆژەکانی ئیمپراتۆری دا
ئەو کاتەی خەلک هەڵسابوون
مێخەکی سوور بزەی تۆ بوو
باسی ژیانی دووبارەی هەموومانی بۆ دەکردین.
ئێستاش بپشکوێ
لە ژێرِ سێبەری تاریک و تەنگی زیندانەکاندا
بپشکوێ لە پەنا زیندانییە خەمبارەکە و
بێژە کە چەن خۆشمان دەوێ.
بێژە کە لەم سەردەمی گۆڕانکارییەدا



لوئیز میشێل بە جلوبەرگی سەربازییەوە لە سەردەمی دەسەلاتی کۆمۆنە دا

هەر داهاتوو دەیباتەوە
بێژە کە سەرکەتووی تەوێڵ بزرکاوی شەڕ
هەر وەک دۆڕاوی شەڕ دەمرێ! **(٦)**

لوئیز میشێل نەک تەنها وەک هەڵسووڕاوێکی بزووتنەوەی سۆشیالیستی، بەڵکو وەکو ژنێکی فیمینیست لەبازنەی ئیش و کارە فیمینیستییەکانیشدا چالاک بووە. جگە لەوەش ئەم شاعیرە هەر لە بەرایی تەمەنییەوە دەستی کردووە بە شیعر و کورتە درامای نووسیوە و بەردەوام بەرهەمە ئەدەبییەکانی بۆ نووسەرانی ناودار ڤیکتۆر هیوگۆ ناردووە تا ئاخرین ساتەکانی ژیانی. جگە لەشیعر میشێل کتێبی (کورتکراوەکان)ی نووسیوە کە بریتییە لە یادەوەریی خۆی لەسەردەمی کۆمۆنە و دوای کۆمۆنە. ڤیکتۆر هیوگۆش جوانترین شیعری بۆ لوئیز میشێڵ نووسیوە.

ئەو کەسانەی کە شارەزان
بە شیعرەکانی رەمزاوی و شیرینی تۆ
بە رۆژەکان، شەوەکانت، خەمەکانت،
بەخشەندەیی و فرمێسکەکانت بۆ هەموان
بە لە خۆبوردوویی تو
....

چاکێتی تۆ، سەربەرزیت وەکوو ئافرەتێ
لە ڕێی خەڵکا،..
نیگای قوولی پڕ نەفرەتت
لە هەموو نامرۆڤەکان
قاچی ئەو منالآنەی دەستت گەرمی کردوونەوە...

ڤیکتۆر هیوگۆ درکی بەو ڕاستییە کرد کە لوئیز میشێل جگە لە کاری باشە و خەباتگێڕیی شتێکی تر ناکات، بۆیە بەم دێرانە کۆتایی پێ دێنێت.

ئەوەی ئەوان بە یەکجاری دەشڵەژێنێ
دوو رۆحی لە یەکتەنراون
ئاژاوەی خوداوەندانەی ئەستیرە ورشەدارەکان
کە لە ناخی دڵی گەورە و پێداگردا
دێتە بەرچاو
هەر وەکوو ئەو پڕشنگەی کە
لە لەرینەوەی بلێسە دا دێتە دی! (٧)

دوای نەمانی کۆمۆنەی پاریس لە ٧٢ ڕۆژی تەمەنیدا کە پڕ


میشێل لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا لە پاریس، سەرەتای سەدەی بیستەم

شانازیترین ڕۆژەکانی ژیانی لوئیز میشێلی شاعیر بوو، میشێل دوای بیست مانگ، لە ٨ی ئابی ١٨٧٣ دەگوازرێتەوە بە کەشتی سەربازی بەرەو کالیدۆنیای نوێ.(٨) ئەو گەشتە چوار مانگ دەخایێنێت و لەو ماوەیە ئاشنا دەبێت بە هێنری ڕۆشفۆرت کە دەبێتە هاوڕێی ژیانی و هەروەها بە ناتالی لیمیل. میشێل بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە کالیدۆنیای نوێ دەمێنێتەوە و لایەنگری خەباتی خەڵکە ڕەسەنەکەی کاناک دەکات.

پێش کۆتایی هێنان بەم کورتە نووسینە بینینی عەزمی پۆڵایینی لوئیز کە لە نامەیەکدا بەرپرسی سەربازی زیندانەکەی دەنێرێت، ڕەنگە بتوانێت پۆرترەیتێکی ڕوونتری شۆڕشگێڕانەی لوئیزمان نیشان بدات.

**زیندانی ڤرسای ٢ی کانوونی یەکەمی ١٨٧١**

**گەورە و بەڕێز**

**دواجار لەو بڕوایەدام ئەو سێ غافڵکوژییەی سەرلەبەیانی سێشەممە ئەنجام دران، بەڕاستی ڕوویاندا. ئەگەر ناتەوێت ملکەچی ئیجرائاتی یاسایی بیت تۆ بە کردەوە ئەوەندەم لەبارەوە دەزانیت کە گوللەبارانم بکەیت. من ئامادەم و دەشتی ساتۆریش نزیکە. تۆ و هەموو هاوکارانت چاک ئەزانن ک ئەگەر لێرە بە زیندوویی دەرباز ببم تۆڵەی هەموو گیانبازەکان دەکەمەوە.**

**بژی کۆمۆنە**
**لوئیز میشێل (٩)**

لوئیز میشێلی شاعیر و خەباتگێڕ دوای گەڕانەوەی بۆ وڵاتی فەرەنسا کەوتە گەشت و گەڕان و بوو بەیەکێک لە ژنە ئانارکیستەکانی فەرەنسا. دواجار میشێڵی شاعیر لە ٩ ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٠٥ لە شاری مارسیل لە فەرەنسا چاو لێک دەنێت و ئومێد و خەونە چینایەتییەکانی کرێکاران و ئەزموونە پڕ وانەکانی و دراما و شیعر بەجێدێڵێت.

## سەرچاوە و پەراوێز:


1-Louise Michel edited by Nic Mclillan Published by Ocean Press NewYork U S A 2004 page 31.

2- http://www.iisg.nl/collections / louisemichel/images/a33-045.jpg

Prison Narratives from Boethius to Zana Chapter 6 The radicalization of Louise Michel Nancy Sloan Goldberg Edited by Philip Edward Philips plagrave Mcmillan 2014 page 119

3-http://www.iisg.nl/collections/louisemichel/images/a33-045.jpg

لە یادی ١٤٩ ساڵەی کۆمۆنەی پاریسدا، یەکەم حکومەتی هەژاران لە مێژوودا. نووسینی عەلی سیاسی وەرگیراوە لە

٤- ماڵپەڕی تایبەتی عەلی مەحموود

محەمەد سایتی ئەمڕۆ.

5- https://www.marxists.org/history/france/paris-commune/michel-louise/1872/red-carnations.htm

6- Stage politics and Gender, French Women’s Drama 1880 – 1923 Chapter 2 Staging the Revolution Louise Michel Cecilia Beach page 27.

شایانی باسە ئەم کورتەشیعرە هاوڕێ سلێمانی قاسمیانی وەریگێڕایە سەر زمانی کوردی.

٧- ئەم شیعرە لە وەرگێرانەکەی سلێمان قاسمیانی یە کە لەم ژمارەیەی هانا دا هەمووی هاتووە.

٨-کالیدۆنیای نوێ چەند دوورگەیەکی سەر بە کۆلۆنیالی فەرەنسایە و کەوتۆتە باشووی ڕۆژئاوای ئۆقیانووسی ئارام.خەڵکە ڕەسەنەکانی ئەم دوورگەیە گەلی کاناکن.

9- The Red Virgin Memoirs of Louise Mechil translated by Bullitt Lowry and Elizabeth Ellington Gunter 1981

☆

***پاشماوەی:*** *فیلمی کۆمۆنی پاریس ...*

دونیای بێ هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی، بیرۆکەیەکی بێ کۆتاییە. شۆرشی کۆمۆنی واتکینز، زیاتر شۆرشێکی بەردەوامە تاکوو فیلمێک لە سەر ڕووداوێک کە لە ویژدانی گشتیی فەرانسە و جیهانی سەرمایەدارییدا بێدەنگی بەسەرداسەپێندراوە. لەبیرمان بێت کە هەر وەکوو واتکینز ئاماژەی پێداوە، دژبەرانی کۆمۆن تەنانەت فیلمێکیان لە دژی کۆمۆنی پاریس دروست نەکردووە.

بوونی "ئاگات بلویزن"، دەرهێنەری داکیۆمێنتەر و چالاکوانی فێمینیستی فەرانسەیی هەم وەکوو نووسەر و هەمیش وەکوو ئەکتەر لە فیلمەکەدا، تیمی فیلمی "کۆمۆن پاریس ١٨٧١"ی یارمەتی داوە تا قورساییەکی تایبەت بخرێتە سەر مەسەلەی ژنان و پێوەندییەکەی لە گەڵ شورش و خەباتی شورشگیرانە.

☆

# چۆنیەتی سەرهەڵدانی بنکەکان لە شاری سنە

نووسەر: مەنسوور فەرزاد
وەرگێڕان لە فارسییەوە:
سلیمان قاسمیانی

هاورێی خۆشەویستم مەنسوور فەرزاد، کە بەداخی گرانەوە سالی ٢٠١١ی زایینی بەجێیهێشتین، خۆی لە هەڵسووڕاوانی "بنکەی برایانی ناهید" لە شاری سنە بوو. مەنسوور ئەم وتارەی ١٨ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٤ (٢٠٠٥) بە فارسی بە ناوی "پروسه شکل گیری بنکه‌ها در سنندج" بڵاوکردەوە. بنکەکانی گەڕەک کە لە سنە بە "بنکەی مەحەڵات" ناسرابوون، خۆڕێکخستنێکی خۆجێیی جەماوەری بوون کە لە دڵی خەڵک هەڵقوڵابوون و ئامانجیان تەئمینی هێمنی و ئاسایشی گشتی و هاوپشتی و هاوکاری دانیشتوانی گەڕەک بوو لە ڕێگەی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ و خۆجێییەوە. من بەش بەحاڵی خۆم تا ئێستا نووسینێکی تر کە بەمجۆرە بە سەر مێژووی بنکەکان و چۆنیەتی سەرهەڵدان و چالاکییەکانی دا بچێتەوە نەدیوە. سەرەڕای ئەوەی چەندە لە گەڵ لێکدانەوەکانی نووسەر بین یان نەبین، بیرەوەریی و فاکتەکانی ئەم بەسەرهاتە، زۆر بە نرخ و جێگەی سەرنجن. من لە وەرگێڕانی نووسراوەکە دا،هەندێک شوێن کە لە لێکدانەوەی بنکەکان دووردەکەوێتەوە، دامنەناوە. ئەم نووسراوە بە زمانی فارسی لە سەر سایتی مەنسوور فەرزاد هەیە و لینکەکەی لە کۆتایی ئەم نووسینەدا دانراوە. نووسینەکە بە فارسی لە سایتی "هانا"ش دادەنرێ.

سلیمان قاسمیانی

***

لە سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧ دا زۆربەی شیعارەکانی خەڵک لە شاری سنە، شیعاری دژی پاشایەتی و دژ بە دیکتاتۆری دەسەلاتدار بوو کە پیشاندەری



مەنسوور فەرزاد

نەفرەتی خەلک لە هەلومەرجی دژواری ژیانیان بوو. بەڵام تا ئەو کاتە لە باری سیاسییەوە هیچ هێز و رێکخراویک نەبوو کە بتوانێ وەکوو نوێنەری ئەو نارەزایەتییە بیتە مەیدان و سیاسەتێکی روونی هەبێ. زۆرینەی خەڵک وەشوێن ئەو کەسانە دەکەوتن کە وەکوو کەسایەتی شۆڕشگێر و دژ بە دەسەڵاتی پاشایەتی ناسرابوون. تەنانەت ئەو کەسایەتییانەیان لەوەی کە بوون گەورەتر دەنواند. بە هۆی زەبرو زەنگ و سەرکوتی توندوتیژی ئەو سەردەمە، سوننەتی رێکخراوبوون زۆر لاواز بوو، تەنانەت دەتوانین بلێین کە هەر نەبوو. دیارە کە رەوتی ڕاست و چەپ هەردووکیان لە کۆمەلگادا هەبوون بەڵام کەس نەبوو کە بتوانێ هێڵە سەرەکییەکانی ئەم رەوتانە بخاتە روو. لە ناو ڕابەرەکانی ئەو سەردەمەدا، دەرکەوتنی کەسانێک کە بە شیوەی ئاسایی لە شوێنی ژیان و هەڵسوکەوتەکانی رۆژانەی ژیاندا، لە رێزی پێشەوە بن، هێندە زۆر نەبوون. ئەم ڕابەرانە هەبوون بەڵام بە هۆی فەزای پۆلیسی ئەوکاتە، و رووتێکردنی خەلک لەو تاک و رێکخراوانە کە راستەوخۆ

دژی حکوومەت کاریان دەکرد، ئەوان لە بەرچاو نەبوون و ئەوەندەش متمانەیان بە خۆیان نەبوو کە خۆیان دەرخەن. سەرەرای ئەوە، شێوەی کاری زاڵ لە نێو خەباتگێرانی ئەو سەردەمەدا کە زۆربەیان خوێندکاری گەنج یان کرێکاری سەنعەتی بوون، شێوە کاری حزبی توودە، یان خەباتی چەکداری (چریکی) یان هێلی ٣ (ئەو هێزە چەپانەی کە باوەڕیان بە خەباتی سیاسی بوو و حزبی توودە و خەباتی چەکدارییان رەد دەکردەوە) بوو، بێ ئەوەی کە ئەوخەباتگێرانە خۆیان ئاگاداری ئەو سوننەتە لە کار بن. ئەم شێوازانە لە خەبات، لە راستیدا توانایی شکڵ پێدان بە رێکخراوی جەماوەری بۆ مەسەلە جۆراوجۆرەکانی ژیان و خەباتی خەڵکیان نەبوو. بە هۆی ئەمەوە، سەرنجی خەلک کێشرا بەرەو رووناکبیرانی شار، مامۆستایانی شۆڕشگێر، خوێندکاران و بەندییە سیاسییەکان کە دژ بە دەسەڵات بوون.

لە ناو شاری سنە دوو رەوتی گەورە هەبوون کە بەر لە پەرەسەندنی نارەزایەتییەکان لانی کەم لە نێو هەڵسووڕاوانی سیاسی شار ناسراوبوون. رەوتی یەکەم و گەورەتریان، رەوتی چەپ بوو کە خۆی لە چەند گرووپ پێک هاتبوو. رێکخراوی "فیدایی" و "پەیکار" چەند کۆڕی بچووکیان هەبوو بەلام هێزێکی وایان نەبوو و نەیانتوانی شوێنەوارێکی ئەوتۆ لە خۆیان بەجێ بێڵن. هەروەها هەندێ گرووپی بچووکی تریش هەبوون توانیان چەند کاری بەنرخ بە ئەنجام بگەیێنن وەکوو: سەندیکای کرێکارانی بێکار، کۆمەلەی مامۆستایانی سنە، رێکخراوی ژنان و هەندێ کۆڕ و کۆمەڵ لە مەدرەسەکان و نەخۆشخانەکان و دایرەکانی دەولەتی. هەروەها کۆمەڵێک رووناکبیری خۆپارێزی سەر بە حزبی توودە کە کارگەرێتییان نەبوو. گرووپێکی تر کە دوایی بە ناوی کۆمەلە ناسرا، کۆڕی جۆراوجۆری لە شارودێ هەبوو، بە تایبەت پەیوەندی




وەڵامی سنە بۆ راپرسی گشتی بۆ ”ئەرێ یان نە“ بۆ کۆماری ئیسلامی

بەربڵاوی هەبوو لە گەڵ مامۆستایانی دێ و تا رادەیەک شار و بە رادەیەکی کەمیش کریکارانی شار. رێکخراوی ژنان و رێکخراوەکانی ناو مەدرەسەکان زیاتر لە ژێر رابەرایەتی کۆمەلە دابوون و بەشی سەرەکی هەڵسووڕاوانی سەندیکای کرێکارانی بێکار و کۆمەڵی مامۆستایان و باقی رێکخراوەکان، هەلسووڕاوانی کۆمەڵە بوون. کۆمەڵە لە ناو خۆیدا زۆر هەڵسووڕاوی ناسراو و جێ متمانەی خەڵکی هەبوو و رەوتی خەباتی داهاتوو لە شارەکانی سنە، مەریوان، دیواندەرە و کامیاران کەوتە ژێر کاریگەرێتی بیروبۆچوونەکانی ئەوان، وەکوو فواد موستەفاسولتانی، سەدیق کەمانگەر، ئەیوب نەبەوی... زۆر کەسی تریش لە پرۆسەی خەباتدا، بەر لە راپەرین و دوای سەرکەوتنی راپەرین، بوونە کەسایەتی ناسراو لە شار دا کە هێنانی ناوی هەمووان لێرەدا ناگونجێ.

ڕەوتی دووەم، ئایینییەکان بوون. ئەحمەد موفتیزادە کەسایەتی سەرەکی ئەم ڕەوتە بوو کە زیاتر لە ناو بازار و لە ناو لاتولووتەکانی شاردا لایەنگری هەبوو. لە گەڵ پەرەسەندنی خەبات، ڕیزەکانی ڕەوتی چەپ و ئایینی لە یەک دابڕان کە ئەم جیاییە گەیشتە ناو گەڕەک و ماڵەکانیش. ڕەوتی ڕاست و چەپ هەردوو دژ بە ڕژێمی پاشایەتی بوون. بەلام دوو شت بوون بە هۆی باڵادەستبوونی ڕەوتی چەپ. یەکەم: لاوازبوونی کاریگەرێتی موفتیزادە و "سەفدەری" نوێنەری خومەینی لە سنە لە نێو خەڵکدا، هەروەها ساتوسەودای ئەوان لە قۆناغە گرینگەکانی خەبات لە گەڵ ئەرتەش (سوپا) و کۆنەپەرستانی ناوچە و سەرانسەریدا، دووەمیش: ناسراویی کەسایەتییە چەپەکان و لایەنگری و پەیوەندی بەربڵاویان لە گەڵ خەڵکی هەژار و لاوانی شار. هێزی چەپ هەرچەند لە بنەڕەت ڕا بەرنامەیەکی ئەوتۆی نەبوو بەلام بە هۆی ڕادیکاڵ بوونی خۆی و هاودەمبوونی لە گەڵ خەباتی جەماوەری و سەرانسەری وهێزی بەرێنی ئەو خەباتە، بەرەوپێش دەچوو.

ڕژێمی پاشایەتی بە تایبەتی لە سەردەمی هاتنە سەرکاری "بەختیار"، بە شیوەی جۆراوجۆر هەوڵی دەدا بۆ تێکشاندنی خەباتی خەلک و سەرەرای پولیس و سوپا کەڵک وەردەگرێ لە لاتو لووتی گۆپاڵ بە دەست. شاری سنە کەوتە نائەمنییەکی بێ وێنە و زۆر کەڵوپەل و پێداویستی خەلک لە بازاردا نەما و جیرە کرا. لە بەرانبەر ئەم قەیرانەدا، بە تایبەت لاوانی شار زیاتر خۆیان ڕێکخست و دەستیان کرد بە هەندێک کاری زۆر بە نرخ لە گەیاندنی پیداویستییەکان بە خەلک وەکوو دابەشکردنی نەوت. خەڵک لە گەڕەکەکان دا کۆ دەبوونەوە و باس و گفتوگۆ لە سەر پرس و ڕووداوەکانی ئیران، شەو و ڕۆژ لە ئارا دابوو. ئامادەییەکی بەربڵاو بۆ کاری ڕێکخستن و

دەسبەکاربوونی شۆرشگێرانە هەبوو. لە گەڵ نائەمن بوونی شار و هێرشکردنی لاتولووتە گۆپاڵ بەدەستەکان بۆ سەر خەڵک و زیادبوونی دزیی، کۆبوونەوەی خەلک رێکوپێکییەکی تری بە خۆوە گرت. خەلک بە شەو لە مزگەوتەکان کۆدەبوونەوە و بە پاسەوانی پارێزگاریان لە گەڕەکەکان دەکرد. کۆبوونەوەی خەلک لە مزگەوتەکان هەموو گەڕەکەکانی گرتە بەرخۆ. هەڵسووراوانی شار کەوتنە بیری جێگیرکردنی ئەو کۆبوونەوانە. بەشێکی زۆر لە هەلسووڕاوانی شار سەردانی گەڕەکەکانیان دەکرد و هەولیان دا بۆ هاوئاهەنگکردنی هەڵسوورانەکان لە هەموو شاردا. تا ئەو جێگایەی کە من لێم کۆڵیوەتەوە کۆبوونەوە پەیتاپەیتاکانی مزگەوتەکان لە لایەن هیچ هێزێکی سیاسییەوە رابەری نەکرا بەلکوو بزووتنەوەیەکی خۆڕسک بوو. ئەم بزووتنەوەیە پێشاندەری تامەزرۆیی بەربلاوی خەلک بوو بۆ درێژەپیدانی رێکخراو و شێلگیری خەبات، بە تایبەت لە نێو لاوانی شاردا، رەنگدانەوەیەک بوو لە شۆڕشێکی جەماورەی کە بە پانتای ئیران لە ئارا دا بوو. رەوتی چەپ پێشوازی لەم بزووتنەوە کرد، لە گەلی چوو و بەو هۆکارانەی کە باسم کرد ڕابەریشی بوو. چەپی ئەو سەردەمە "کۆمەلە، چریکە فیداییەکان، پەیکار و..." رەوتێکی پۆپۆلیست، بێ نەخشە و بێ سیاسەتێکی روون بوو. هێشتا کۆمەڵگای نەدەناسی و شوێنکەوتووی تیۆرییەکانی سێ جیهان، رێبازی چریکی (ریبازی شەری چەکدارانە) ، خەباتی گەلان و ماڵی نهێنی دەستەیی (تیمی) بوو و توانای ناسینی ئەو بزووتنەوە گەورە و ئەو رێکخراوە بە گوڕ و تینانەی نەبوو کە بکەوێتە پێشیان بەلکوو کەوتە شوێن ئەو ڕاپەڕینە و بەمجۆرە خۆی زۆر هەنگاو بەرەو پێش کێشرا.

کۆبوونەوە پەیتاپەیتاکان و

پێیاگەیشتن بە کاروبار، پارێزگاری لە گەڕەک و هاوپەیوەندی بەربڵاوی خەڵکی شار، ئیتر لەوە بەرینتر بوو کە بگەڕێتە دواوە. هەرئەوە بوو کە لە درێژەی خۆیدا دوای رووخانی پاشایەتی، رێگەی خۆش کرد بۆ پێکهاتنی شۆرای شار و دواتر بنکەکان.

## بنکەکان

دوای رووخانی رژێمی پاشایەتی بۆ ماوەی چەند مانگ فەزایەکی ئاواڵەی سیاسی لە هەموو ئێراندا خۆی نواند. لە شاری سنەش جەوەکە بە توندی گۆڕا و زۆر مەقەر بە ئاشکرایی دامەزرێنران، لەوانە: کۆمەڵەی پارێزگاری لە ئازادی و شۆڕش، رێکخراوی چریکە فیداییەکانی گەل، مەکتەبی قورئان[١]، رێکخراوەکانی مامۆستایان، ژنان و سەندیکای کرێکارانی بێکار. ئەو هەڵومەرجە سیاسییە بووە هۆی ئەوەی کە جەماوەرێکی زۆر لە خەلکی بێ ماڵ، زەوییەکانی زەویدارە گەورەکانیان لە دەوری شار داگیر کرد و ماڵیان لێ بنیات نا. چاپ و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەی جۆراوجۆر و دووبارە بڵاوکردنەوەی کتێبە بەرگ سپییەکان، شوێنێکی گەورەی هەبوو لە بردنە سەری وریایی خەلک.

بە دوای راپەڕین دا، رێکخراوی چریکە فیداییەکان، سەرنجێکی زۆری بەدوای خۆیدا راکێشا. لایەنگیریی لەو ڕێکخراوە هەمەگیر بوو و زۆر کەس پێی خۆش بوو بەو رێکخراوەوە بناسرێتەوە. بەڵام زۆر زوو دەوریان چۆڵ بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەوان لە هەلومەرجی نوێدا و سەبارەت بە رژێمی تازەهاتوو، قسەیەکیان نەبوو بیکەن. ئەوانیش لە کۆتایی دا هەر ئەو ئاسۆیەیان هەبوو کە حزبی توودە هەیبوو و لە گەڵ رژێمی ئیسلامی و هەڵوێستی "دژی ئامریکایی" یان "دژی رۆژئاوایی" دەسەڵاتی ئیسلامی هەستیان بە دژبەرایەتی نەدەکرد.

"چریکە فیدائییەکانی خەلک" کە بەشی خۆشناوی چەپی پۆپۆلیستی ئەو کاتە بوو، لە گەڵ بە دەسەلات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی جێگەی راستەقینەی خۆی لە "ئەکسەریەت" (واتە: بەشی زۆرینە) دا دۆزییەوە و ئیتر چەپ نەما. حزبی دیموکرات لە شاری سنە، مەریوان، دیواندەرە و کامیاران پێگەیەکی بچووکی هەبوو و هەر وەکوو بزووتنەوەی "موفتیزادە" رۆژ بە رۆژ زیاتر دەکەوتە پەڕاوێزە.

خۆمپارەبارانکرانی سنە لە نەورۆزی ١٣٥٨ دا، بوێریی سەدیق کەمانگەر (قسەکەری کۆمیتەی شۆڕشگێر) لە لێدوانە رادیۆییەکەیدا و بانگەشەی بۆ هێرش بردنی خەلک بۆ سەر پادگانی شار، سەنگەکەی بە قازانجی کۆمەڵە قورستر کرد و کۆمەڵەی بە شێوەیەکی بەرین، جەماوەریی کرد. کۆمەلە کە لە باری تیۆرییەوە باڵی راستی پۆپۆلیسمی ئەو کاتە بوو بەڵام بە هۆی خۆتێهەڵقوتانی سیاسی و پارێزگاری لە زەحمەتکێشان و پشت بەستن بە رێکخراوێک کە لە دەیەی پەنجا دا، دروستی کردبوو، لە مەیدان دا ماویەوە. هەڵویستی روونی کۆمەلە دژ بە رژیمی ئیسلامی، بەشداری چالاکانەی کۆمەلە لە شەری نەورۆزی ٥٨، لەقاودانی سازشکارییەکانی حزبی دیموکرات، شەری رووبەروو لە گەڵ موفتیزادە و بزووتنەوەی ئیسلامی و فیودالەکان، کۆمەلەی وەکوو رابەر و بەستێنی سەرەکی چەپ خستە پێش بە شێوەیەک کە لە ناو هەموو رێکخراوەکانی شار دا دەستی باڵای پەیداکرد. هەلبژاردنی شورای شار و هەلبژاردنی ١١ کەس کە دوو کەسیان چەپ بوون، بە سەر رژێم و موفتیزادەییەکان دا سەپێندرا. پاشەکشەکردن بە دەولەت کە دەیەویست شۆرای کۆنەپەرستی خۆی بە سەرخەلکدا بسەپێنێ و لە جیاتی ئەو دامەزراندنی شۆرای ١١ کەسی، ورەی خەباتگیرانەی خەلکی بەرز کردەوە. ئەم شۆرایە

سەرەرای ئەوەی کە هیچ بەرنامەیەکی رانەگەیاند و نەیتوانی کارێک بە ئەنجام بگەیێنێ، بەڵام خەلک وەکوو دەسکەوتی خۆیان دەیانناسی.

بە دوای راگەیاندنی خەزا (جەهاد) و فەرمانی هێرشی خومەینی بۆ سەر کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨، ئیعدامەکانی خەڵخالی ، داگیرکرانی شارەکان لە لایەن رژێمەوە، خەبات بە شێوەی تر درەێژەی پەیدا کرد.هێزی چەکداری کۆمەلە بە ئاشکرا و شێوەیەکی بەهێزدامەزرا. پاش ماوەیەک خۆپێشاندانی گەورە لە شەقامەکاندا دووبارە سەری هەڵدایەوە. یەکێک لەو خۆپیشاندانە گرینگانە بۆ نارەزایەتی دەربڕین بوو سەبارەت بە کوشتنی لاوێک لە لایەن پاسدارەکانەوە. یەکێکی تر هێرشی پڕ لە تووڕەیی کرێکارانی بێکار بوو بۆ سەر مەکتەبی قورئان و ئاگرتێبەردانی لە مانگی رەزبەری ١٣٥٨ دا. مەکتەبی قورئان، ناوەندی سەرەکی موفتیزادە و سەمبولی کۆماری ئیسلامی لە شاردا بوو. ئەم دوو



حەرەکەیە لە لایەن هەڵسووراوان و رابەرانی خۆجێیی رێکخرابوون. بە دوای ئەمانەدا خۆپیشاندانی گەورەتر دژی هێزە سەرکوتکەرەکان هاتنە گەڕ.

بە دوای گەڕانەوەی هێزی چەکداری کۆمەلە لە مانگی گەلاریزانی ١٣٥٨ دا بۆ ناو شار، پێشوازی بێ وێنەی خەڵک و دانانی مەقەڕی ئاشکرا، لە گەڕەکە کانیش بنکە دامەزران[٢] و تەقریبەن هەموویان خۆیان بە کۆمەڵەیی

دەناساند. ناوەندێکیش بە ناوی "دەستەی دامەزرێنەری شۆرای گەڕەکەکان" دامەزرا کە ئامانجەکەی پێکهێنانی هاوئاهەنگی بوو لە نێو بنکەکانی گەڕەکەکان. دامەزرانی ئەم ڕێکخراوانە درێژەپێدەری کۆبوونەوە گشتییەکان لە مزگەوت، کاریگەریی قووڵی راپەرینی ٢٢ی ڕیبەندانی ١٣٥٧ لە تاران و هەروەها پیویستییەکانی خەباتی بەربڵاو و هەمە لایەنە کە بە شێوەیەکی بەرین دژ بە دەسەلات لە ناو خەلکدا پێکهاتبوو، بوو.

## هۆی دامەزرانی بنکەکان

لە گرینگ ترین هۆکارەکان دەتوانین قامک لە سەر ئەم چەند خاڵە دابنێین:

خەڵک بیرەوەری خۆشیان لە کۆبوونەوە و کاری ڕێکخراو لە گەڕەکەکان دا هەبوو و دەیانزانی ڕێکخراوبوون هێزی یەکگرتوویی ئەوان بە سەدان جار زیاتر دەکا. بە ئەزموون دەرکەوتبوو کە یەکێک لە هۆکارەکانی شکانی موفتیزادە و پاشەکشەی رژێم، ڕێکخراوبوونی خەڵک بوو. خەڵک تامی شیرینی سەرکەوتنی لە شوێنی جۆراوجۆر چێشتبوو، کە هەمووشیان لە سایەی خەباتی بوێرانە و ڕێکخراوەیی خۆیان بوو.

پێگەی رژێم لە سنە و لە ناوچە دا (تاقمی ئیسلامی موفتیزادە) زۆر زووتر لە باقی ئیران، بێ ئابروو بوون و کەوتنە پەڕاوێزەوە. بە هۆی تانوپۆی شاریی، کریکاریی، دژە ئایینی و هەروەها لە ئارادابوونی ژمارەیەکی زۆر لاو و کرێکاری چەپ و سوسیالیست و ئاستی زۆر نزمی لایەنگری لە ناسیۆنالیزم، حزبی دیموکرات نەیتوانی جێ پێیەک بۆ خۆی لە شاردا بکاتەوە. حزبی دیموکرات لە سنەدا نفووزی نەبوو و کارتێکردنی لە سەر خەڵک نەبوو. ئەم مەسەلە سەبارەت بە وەزعی "چریکەکانی فیدایی خەلک" یش دەگونجا. چریکەکانی فیدایی بە دوای راپەڕێنی ٢٢ی ڕێبەندانی

١٣٥٧، پێگەیەکی زۆر تایبەتییان بە دەست هێنا و بە ملیون مرۆڤی چارەڕەشییە نەبووایەین کە هەموو ئێرانی داگرتووە. بەڵام ئەم



*بەشداری ژنانی سنە لە خەبات دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی*

ئازادیخواز و بە سۆزیان لە دەوری خۆیان کۆکردبۆوە. ئەم ڕێکخراوە و هەلسووڕاوانی زۆر خۆشەویستترو بەناوبانگتر لە خومەینی، تاڵەقانی و کەسایەتییەکانی هێزە نیشتمانییەکان بوون و لە ڕاستییدا دەیانتوانی چارەنووسی شۆڕشی ئێران بە لایەکی تر دا ببەن، بە جۆرێک کە ئێمە ئەمرۆ شاهیدی ئەو ٢٥ ساڵە لە هەژاری و ڕێکخراوە بە هۆی بۆچوونی گەلپەرستانەی پۆپۆلیستی زال بە سەریدا کە ڕەگ و ریشەی دەگەڕایەوە سەر مارکسیسمی ئالۆزاویی سەردەمی ستالین و دوای ئەو، لە گەڵ سیاسەتەکانی "دژی ڕۆژئاوا"ی ڕژیمی ئیسلامی ناکۆکیەکی ئەوتۆی نەدۆزییەوە و نەیتوانی بە داخوازییەکان و ئارەزووەکانی نەوەکانی شکستخواردووی پێشوو و خەلکی

شۆرشگیری ساڵی ١٣٥٧ وەڵام بداتەوە. بەمجۆرە سەرەرای تەواوی ئەو تەنگ و چەڵەمانەی کە لە لایەن "حزبولڵلا"وە لە بەردەم هەلسووڕانیاندا دادەنرا، بە حەبەساوی سەیری رووداوەکانیان دەکرد. خەڵک بە رێکخراوێک کە دەیتوانی پاشەکشە بە رەوەکانی حزبوڵڵا بکا یان لە باری توانایی ئینسانی و مادی و نیزامی هیزی ئەوەی هەبوو کە کۆسپی جیددی بخاتە سەر رێی سەقامگیربوونی دەسەلات بەڵام نەیکرد، متمانە ناکەن. ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە متمانە بە چریکەکانی فیدایی لە هەموو ئێراندا تا رادەیەکی زۆر لە بەین چوو.

شۆرش هەروا لە زۆر شوێنی ئێراندا بەردەوام بوو و مەسەلەی دەسەلاتی سیاسی هەر لە ئارا دا بوو. خەلک ئاگاداربوون کە رژێمی ئیسلامی لە فکری هێرشیکی دووبارەیە بۆسەر شۆرشگێران لە هەموو ئێراندا. پەیوەندی و هاوپشتی بەربڵاوی خەلکی سنە و شارەکانی دەوروبەری لە گەل خەلکی تاران، هەمەدان و کرماشان و کاریگەرێتی قوولی راپەرینی ٢٢ ی رێبەندان لە سەر خەلک، ئەنگیزەی خۆرێکخستن و درێژەپیدان بە شۆرشی بە دەیان جارزیاتر دەکرد. پێکهێنانی بنکەکان هەروەها وەڵامێک بوو بەو هەلومەرجە. بە تایبەت کە رێکخراوی کۆمەلەش هەبوو کە بریاری دابوولە بەرانبەر رژێمی ئیسلامی بوەستێت، خەلکیش بە پێکهێانی بنکەکان هەوڵیان دەدا کە یارمەتی ئەم هێزە بدەن و ئیرادەکەی پتەوتر بکەن.

لاوازبوونی حزبی دیموکرات. ئەم حزبە هیزێکی باڵی راست و ناسیونالیست بوو. حزبی دیموکرات بە ماچکردنی دەستی خومەینی، پشتیوانی لە هێرشی فیودالەکان بۆ سەر فەلایان و خەلکی زەحمەتکێشی ئاواییەکان، پشتیوانی لە کۆنەپەرستانی ئایینی و شێخەکان، هەوڵی بەردەوام بۆ رێککەوتن لە گەل دەولەتی

"بازەرگان" و خنکاندی خەباتی رادیکال لە کوردستان، دژایەتی لە گەڵ خۆئامادەکردنی خەڵک دژ بە ئەگەریی هێرشی رژێم بۆ سەر کوردستان و لەو روانگەوە دژایەتی کردن لە گەل دەسەڵاتی بنکەکان وچەکداربوونیان، راگەیاندنی هاوکاری لە گەل سوپا و ئێسکورت کردنی سوپا تا ناو پادگانی سنە، (هاوکاری و گەیاندنی خواردەمەنی بۆ پادگانی سەردەشت هاوکات لە گەل خۆمپارەباران کردنی شاری سەردەشت لە لایەن پادگانەوە لە مانگی رەزبەری ١٣٥٨) جەوهەری راستەقینەی خۆی بۆ خەلک ئاشکرا کردبوو. ئەم کردەوە و هەلوێستانە لە گەل ویست و داخوازی خەلک و لاوانی تامەزرۆی ئازادی و دادپەروەری یەکی نەدەگرتەوە. ئەم حزبە بە توندی لە گەل داخوازییەکانی خەلک بێگانە بوو و هەر بۆیەش زیاتر و زیاتر دەکەوتە پەراوێز و تەنانەت خەلک لێی بێزاربوون.

هۆکارێکی تری بە هێزبوونی بنکەکان، خەبات دژی تاقمی کۆنەپەرستی موفتیزادە و شکاندنی ئەو کەندو کۆسپانە بوو کە حزبی دیموکرات دروستی دەکردن. تا ئەو جێگایەی لە بیرم بێ، تەنیا یەکێک لە بنکەکان لایەنگیری حزبی دیموکرات بوو، ئەویش نەک هەموو بنکەکە بەلکوو هەندێک لە هەڵسووراوانی بنکەکە. یەک یا دوو بنکەش لایەنگیری چریکەکانی فیدایی بوون. هەڵسووراوانی رێکخراوەکانی تر و بە تایبەت "پەیکار" کە هێزێکی لەبەرچاوبوون، لە بنکەکان دا بەشدار بوون.

## ئامانجەکانی بنکە

بنکە ناوەندێک بوو پێکهاتوو لە هەڵسووڕاوانی گەڕەک (مەحەڵە) کە ئامانجیان دابینکردنی هێمنی و ئیدارەکردنی گەڕەک و هەروەها رێکخستن و بەڕێوەبردنی هەموو کاروباری گەڕەک بوو. هەڵسووڕاوانی بنکەکان زیاتر ئەو لاوانە بوون کە پەیوەندییەکی

بەربڵاویان لە گەڵ خەلکی گەڕەک هەبوو و هەموو هەواڵ و ئاگادارییەکیان پێ دەگەیاندن. بنکەکان زۆر خۆشەویست بوون و گرووپی پزیشکی و گرووپی نیزامییان بوو و لە ژێر رابەڕایەتی شۆرای بنکە، کاریان دەکرد. پەیوەندییەکی بەردەوامیان بوولە



*محەمەد مائی "کاک شوان" فەرماندەی جەسووری کۆمەلە لە شەری ٢٤ رۆژە ی سنە*

تەقریبەن لە لایەن هەموو دانیشتوانی گەڕەک پشتیوانیان لێدەکرا. مەقەڕی بنکەکان بە پێچەوانەی دەوری پێشوو کە زیاتر لە مزگەوتەکان بوو، بیجگە لە چەن دانەیەک، لە مەدرەسەکان، بینا دەولەتییەکان یان ماڵی چۆڵکراو بوون. کەم تا زۆرهەموو بنکەکان بەڕێوەبەرێک، کتێبخانەیەک، گرووپی بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان، گرووپی ئاگاداری، گەڵ کۆمەلە و دەتوانین بڵێین کە سیاسەتەکانی کۆمەلەیان بەڕێوە دەبرد. بەڕێوەبەرانی بنکەکان لە رێگەی هەڵبژاردنەوە دیاری دەکران. هەرچەن بنکەکان پەیرەوێکی نووسراویان سەبارەت بە ئەندامەتی و ئامانجەکانی خۆیان نەبوو بەڵام بە کردەوە ناوەندێک بوون کە هەموو دانیشتوانی گەڕەک دەیانتوانی ببن بە ئەندامی و لە کاروبارەکەی دا بەشدار بن.

بۆکارکردن لە بنکەدا داوای پێناس لە کەس نەدەکرا و بیروبۆچوونی سیاسی، ئینتمای نەتەوایەتی، ئایینی یان بێ ئایینی هیچ بەربەستێکی بۆ چالاکی لە بنکەدا پێک نەدەهێنا. هەربۆیە لە بنکەکان دا، لایەنگرانی هێزە جۆراوجۆرە سیاسییەکان، خەلک بە زمانی جیاواز و شوێنی لەدایکبوونی جیاواز یان خەڵک بە ئایدۆلۆژیای جۆراوجۆری ئایینی و غەیرە ئایینی یان مارکسیستی بەشدار بوون. بەداخەوە هێزە چەپەکانی ئەو سەردەمە نەیانتوانی تەنانەت ئەو کارانەی کە لە بنکەکان دا بە ئەنجام گەیشت، بیخەنە سەر کاغەز و وەکوو بەڵگەیەکی نووسراو بیخەنە بەر دەست کۆمەڵگا.

هێزی کۆکردنەوە و رێکخستنی ئیمە وەکوو رێکخراوی کۆمەلە، بە تایبەت لە هێرشی دووەمی رژێم بۆ سەر کوردستان لە کۆتایی خاکەلێوەی ١٣٥٩ دا، لە رێگەی بنکەکانەوە بوو. هەڵسووڕاوانی بنکەکان لە هەموو مەیدانەکاندا لە ڕیزی هەرە پێشەوە بوون. بەشداری کچان و ژنان و تەنانەت خەلکی بەسالاچوو لە هەموو چالاکییەکانی بنکەدا لەبەرچاو بوو.

## چالاکی رۆژانەی بنکەکان

بنکە ناوەندێک بوو کە هەڵسووراوانی گەڕەک ئازادانە تێیدا کۆببوونەوە. چالاکییەکانی رۆژانەی بنکە بریتین بوو لە: دابینکردنی ئەمنییەت و ئاسایش، پاسەوانی شەوانە، بلاوکردنەوەی هەوال و ئاگاداری نوێ، بڵاوکردنەوەی کتێب و بڵاوکراوەی جۆراجۆر، یارمەتی و ریکخستن و دابەشکردنی سووتەمەنی لە گەڕەک دا، یارمەتیدانی بەساڵاچووان و ئەوانەی کە خۆیان توانای بە ئەنجام گەیاندنی پێداویستییەکانی رۆژانەی خۆیان نەبوو، کۆکردنەوەی دەرمان و پێخەو و خۆراک بۆ ئەو میوانانەی کە سەردانی "سنە"یان دەکرد (رۆژانە بە سەدان کەس سەردانی سنەیان دەکرد بۆ دیتنی شێوەی

کار و خەبات لە شاری سنە) حاواندنەوەی ئەو خەلکانەی کە بە هۆی هیرشی رژێم بو سەر شار و ئاوایییەکانی دەوروبەری سنە، پەنایان هینابوو بۆ شار، رێکخستنی کۆبوونەوە بۆ باس و جەدەلی سیاسی بەینی ڕیکخراوە سیاسییەکان، پیشاندانی فیلم و تیاتر، سازدانی پێشانگای وێنە، خەبات دژی مادە هۆشبەرەکان، یارمەتیدانی موعتادەکان بۆ دەستکێشانەوە لە مادە هۆشبەرەکان. بێجگە لەوانە راهێنانی چەکداریش یەکێک لە چالاکییەکان بوو.

دەستەی دامەزرێنەری بنکەکان، بەرپرسی پێکهێنان و هاوئاهەنگکردنی چالاکییەکانی بنکەکان لە ئاستی سەرانسەری شاردا بوو.

## خەبات دژی مادە هۆشبەرەکان

یەکێک لە کارە بە نرخەکانی بنکەکان خەبات دژی مادەهۆشبەرەکان و یارمەتیدانی موعتادەکان بۆ وەلانانی ئەو ماددانە بوو. موعتادەکان منالّی گەڕەک بوون و چالاکوانەکانی بنکە پەیوەندی نزیکیان هەبوو لە گەڵیان. ئەوان برا بوون، باوک بوون، دوست و ناسیاوی کۆن یان هاوکار و هاوپۆلی کۆنی یەکتر بوون. هەڵسووراوانی بنکە دەرد و رەنجی موعتادەکان و کەسوکاری ئەوانییان بە تەواوی هەست پێدەکرد. هەربۆیەش بە سۆزێکی تەواوە هەوڵیان دەدا کارێکیان بۆ بکەن. بڕیار درا کە موعتادەکان بکێشرێنە بنکەکان و لە هەموو چالاکییەکانی بنکەدا بەشدار بکرێن. هەروەها بریار بوو کە چاویان تێوەبێ کە دەستیان بە مادەی هۆشبەر نەگات. چالاکییەکانی ناو بنکە و باوەشی ئاوالەی هەلسووراوانی بنکە لە هەڵسوکەوت لە گەل موعتادەکان وەکوو شارومەندانی یەکسان و بەرێز، تا رادەیەکی زۆر کۆمەکی کرد کە موعتادەکان قەرار و دەستوورەکانی بنکە لە

بەرچاوبگرن و نەکەونە شوێن مادەی هۆشبەر. سەرەرای ئیمکاناتی کەم و نەبوونی شارەزایی ئەوتۆ لەوبارەوە هەندێک لە موعتادەکان توانیان سەرکەوتووانە دەس لە مادەهۆشبەرەکان بەردەن.

## کۆمەڵە و بنکەکان

کۆمەلە تەنیا رێکخراوێک بوو کە چالاکییەکانی بە بنکەکانەوە دەناسرایەوە. کۆمەلە بوو بە ڕابەری نارەزایەتییەکان لە جنووبی کوردستان، بە تایبەت لە سنە و مەریوان و کامیاران. لە هۆکارە گرینگەکانی ئەم مەسەلە دەتوانین ئیشارە بکەین بەوانە:

تۆرێکی بەربلاو لە ڕووناکبیران، مامۆستایان و کرێکارانی سەنعەتیی کە بەر لە راپەرین لە گەل کۆمەلە لە پەیوەندی دابوون. سەرەرای دروستبوون یان نادروستی تیۆریی و سیاسەت و سونـنەتەکانی ئەو کاتە، ئەو کەسایەتییانە لە ناو خەلکدا وەکوو کەسی جێی متمانە، دادپەروەر، بە باوەر و ناڕازی ناسرابوون. ئامادەیی کەسانی وەکوو سەدیق کەمانگەر و ئەیوب نەبەوی لە ریزی پێشەوەی نارەزایەتییەکان و بە تایبەت رابەری کردنی هێرش بۆ سەر پادگانی سنە و رێپێوان بەرەو مەریوان و پێکهێنانی یەکێتی جوتیاران لە مەریوان، کاریگەرییەکی زۆری بوو لە بەهێزکردنی هیزە شۆڕشگیرەکان و رادیکالیسم لە شار و ناوچەکەدا و کۆمەڵەی کردە رێکخراوێکی جەماوەری. فواد مستەفا سولتانی لە پێکهینانی یەکێتی جووتیاران دا ڕۆڵی سەرەکی هەبوو. فواد مستەفا سولتانی لە رابەرانی بوێر و کۆمۆنیستی ئەو کاتە بوو کە لە رێکخستنی هێزە شورشگیر و رادیکاڵەکان، هەروەها لە زۆرێک لە نارەزایەتییەکانی ئەو کاتە لە جنووبی کوردستان وەکوو ڕێپێوان بەرەو مەریوان و دانیشتنەکانی نوێنەرانی مەریوان لە گەڵ دەولەت، رۆڵی سەرەکی هەبوو. لە لایەکی تریش لاوازبوونی

ریکخراوەکانی تر وەکوو چریکە فیداییەکان و حزبی دیموکرات و رەوتە ئیسلامییەکان ریگای بۆ کۆمەلە خۆشتر کردبوو.

بەڵام سەرەرای ئەوەی کە کۆمەلە لە دوو دەورەی بەدوای یەکدا، راپەرینی ریبەندانی ١٣٥٧ تا سەرەتای مانگی خەزەلوەری ١٣٥٨` و لە مانگی سەرماوەزی ١٣٥٨ تا خاکەلێوەی ١٣٥٩ چەکدارانە لە شاری سنە بو، بە هۆی کەموکووڕی زۆر، نەیتوانی ئاستی چاوەڕوانییەکانی خەڵک بباتە سەر. کۆمەلەی ئەوکاتە، رێکخراوێکی رۆژهەلاتی بوو بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە. بیرورا و تیۆرییەکانی کۆمەلە جیاوازییەکی ئەوتۆی لە گەل رێکخراوەکانی ناسراو بە هێڵی ٣ نەبوو. شارەزایی نەبوو سەبارەت بە پێویستیی نووسین و دانانی یاسا و پەیوەندی یاسا لە گەل بەرزکردنەوەی ئاستی چاوەروانی لە ژیاندا و باشتر کردنی هەلومەرجی ژیانی خەلک و هێزی تەیارکردنی خەلک بە دەوری یاسای پێشرەو. ئەوە یەکێک لە لاوازییە سەرکییەکانی رەوتی چەپ بوو کە لە بەدەستەوە گرتنی دەسەلاتی سیاسی و گۆڕانکاری لە ژیانی خەلکدا رۆڵیکیان بۆخویان دیاری نەکردبوو. لە گێڕانی رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن واتر، چاوەڕوانییەکی تریان لە رێکخراوی سیاسی نەبوو. تەنانەت وەکوو ئۆپۆزیسیۆنیش تێگەیشتنێکی هەڵەیان بوو سەبارەت بە پەیوەندی رێفورم و شۆڕش.

بۆ وێنە کۆمەلە ریورەسمی ٨ ی مارس، (رۆژی ژن)ی بە رێوە دەبرد بێ ئەوەی کە خەبات بۆ بەرابەری ژن و پیاو وەکوو خەباتێکی بەردەوام و هەمیشەیی خۆی چاو لێکا و هەنگاوێک بۆ گۆڕینی راستەقینەی وەزعی ژنان هەڵێنێتەوە، یان سەبارەت بەو بێداد و سەرکوتە بەردەوامەی کە لە لایەن دەولەت و کۆمەڵگادا دژی ژنان، منالان، بەساڵاچووان و کرێکاران لە ئارادایە هەلوێستی



*کاک شوان و ئەندامانی بنکە خەریکی پاککردنەوەی بەفر لە کۆلانێکی سنە*

جیددی سیاسی بگرێ. سەبارەت بە هەلومەرجی ژیانی کرێکاران و بێکاران و هەوڵدان بۆ باشترکردنی وەزعی ژیانیان یان یارمەتیدان بە گەشەکردنی ئەو رێکخراوانەی کە ئەو کاتە هەبوون، زۆر بە کەمی کاریان کرد. هەروەها سەبارەت بە مافەکانی شارومەندی، پاریزگاری لە ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی، دژایەتی لە گەڵ ئیعدام و هەلسوکەوت لە گەل دیلەکان، هیچ بەڵگەنامەیەکی رانەگەیاند. تەنانەت بۆ بانگەشەی سیاسیش کەڵکی لەو ئیمکاناتە کە هەبوو، وەرنەگرت. بێجگە لە دووسێ جار نەبێ کەڵکی لە رادیۆ و تەلەویزیۆنی شار نەگرت کە زۆربەی کارمەندەکانیشی لایەنگری کۆمەلە یان رێکخراوە چەپەکانی تربوون.

چاوپێداخشاندنێک بە سەر بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەی

کۆمەڵە ئەوەمان پیشان دەدا کە زۆربەی کاری تەبلیغی کۆمەڵە، ئەو کاتە لە سەر روونکردنەوە لە سەر رژێم و حزبی توودە، یان هەندێک لە کردەوەکانی حزبی دیموکرات و تاقمە ئیسلامییەکان بوو و رووی لە مەسەلەکانی جۆراوجۆری ژیانی رۆژانەی خەلک نەبوو. لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئەوکاتەی کۆمەڵە کە دانیشتووی سنە نەبوون، حوسین مراد بەیگی، "حەمە سوور"، تەنیا کەسی ناسراو بوو کە بۆ لێدوان و قسەوباس وەلامی بەرپرسانی بنکەکانی دەدایەوە و دەهاتە کۆبوونەی بنکەکان. خەلک لە شار و لە بنکەکان تێنووی زانیاری و چالاکی شۆرشگێرانە و رادیکاڵ بوون و بەردەوام لە هەوڵدابوون بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئایدیای نوێ. زۆربەی ئەو کارانەی کە بنکەکان بەرێوەیان برد، نەخشە و پرۆژەی هەلسووراوانی بنکەکان خۆیان بوو. بەشداری کۆمەڵە بریتی بوو لە هاوکاری و بەرگری لە بنکەکان، چەکدارکردنی هەندێکیان ودامەزراندنی گرووپی لێکۆڵینەوە. کۆمەڵە تەنیا بە هۆی هەلویستی رادیکالی دژ بە کۆماری ئیسلامی کەوتبووە رێزی رابەرایەتی کردنی شار و بە قەبوولکردنی ئەم رابەرایەتییە، پێگەیەکی زۆر تایبەتی بە دەستهینابوو. بەلام بەهۆی هەلویستی تیۆریی خۆی کە لە بەرەی راستی چەپی ئەو سەردەمە دابوو، نەیتوانی ئەو جەماوەرە شۆرشگێرە و هەڵسووراوە کە خوازیاری گۆڕین و تینووی زانیاری بوون، بێنێتە ئاستێکی بەرزتر و بەرەوپێشتریان ببات. کۆمەڵە لە پەنا و لە گەڵ حەرەکەی رادیکالی شار کەوتە رێ و لە جوولانەوەی شورشگیرانە کاریگەریی وەرگرت و هێزی وەرگرت و هاوکات حەرەکەکانی ئەو کاتەشی کردە هاورەنگی خۆی. چالاکییەکانی گرینگی کۆمەڵە لەو کاتەدا بریتی بوون لە پارێزگاری و پاراستنی هێمنی شار بە هاوکاری بنکەکان، پێراگەیشتن بە هەندێک لە شکایەتی خەلک، بەشداری کردن لە هەندێک کاری گشتی وەکوو ماڵینی

بەفرلە کۆڵانەکان لە گەڵ خەڵک، کۆمەک بە مسۆگەرکردنی کەشی ئـاواڵەی سـیـاسـی لە رێـگەی وەرێـخـسـتـنـی کـۆبـوونەوە و خـۆپـیـشـانـدانـی بەربـڵاو دژی سـەرکـوتـگەریـیەکـانـی دەوڵەت، پێشکەشکردنی وتار لە گەڕەکەکان، ڕاونان و گرتنی چەتە و ڕێگری بەێنی شارەکان، گرتنی دز لە نـاو شـار و پـێشـگـرتـن لە قـاچـاغ و فرۆشتنی خواردنەوەی ئەلکۆلیی.

## بڕیارەکانی کۆمۆنی پاریس

کۆمۆنارەکان لە مـاوەی ٧٣ رۆژ دەسـەڵاتـی خـۆیـان، بـڕیـارنـامەی خـۆیـان راگەیـانـد و تەواوی نیشانەکانی حکومەتی بورژواییان هێنایە خوار. لە مەیدانی شـاردا بە هەڵـپەڕکـێ و سـەمـا "گـیـوتـیـن"ی سەربڕین و ئامرازی ئەشکەنجەیان ئاگرتێبەردا. بۆ بەرئاورد کردن، من لـێرەدا چـالاکـیـیە سـەرکـیـیەکـانـی کۆمۆن بە کورتی باس دەکەم:

١-زەوتکردنی تەواوی داراییەکان و مڵکەکانی کلیسا. مەدرەسەکان لە ژێر دەسەڵاتی کلیسا خرانە دەر.

٢-دادگـاکـان و پەروەردە و بارهێنان لە ئایین جیاکرانەوە و قازییەکان هەڵبژێردران .

٣-کـارگە گەورەکـان خـرانە دەستی شـەریکە هـاوبەشییەکانی کرێکاری.

٤-لەداردان قەدەغە کـرا و گیـوتـیـن و ئـامـرازی ئەشـکەنـجە سووتێنران.

٥-هەموو قەرزەکانی کریکاران بە بـانـکەکـان و قەرزی کـرێـخـانـووی کریکاران بەخشران.

٦-ئەو شتوومەکەی کە کرێکاران بـۆ قەررزوەرگـرتـن لە لای بـانـکەکـان بە گـرێـو دایـانـنـابـوو، درایەوە بە کرێکارەکان.

٧-ئەرتەش هەڵـوەشـێـنـرایەوە و خەڵک چەکدارکرا.

٨-کـۆمـۆن رایـگەیـانـد کە ئـاڵای

کۆمۆن، ئاڵای نێونەتەوەییە.

٩-کۆمۆن رایگەیاند کە زەوی هی جوتیار، ئامرازی کار هی کرێکار و ئیش، مافی گشتییە.

١٠-ئیدارەی دۆزینەوەی ئیش لە ژێر دەسەلاتی پۆلیس هێنرایە دەرەوە و خرایە ژێر دەسەلاتی ٣٠ گەڕەکی شارەوانی .

١١-کۆمۆناردەکان بورجی "واندۆم" کە نیشانەیەک بوو بۆ سەروەریی نەتەوەی فەرانسە ، رووخاندیان. ئەو بورجە لە تواندنەوەی تۆپەکانی دەسکەوتەی شەڕەکانی داگیرکەرانەی ناپۆلیون دروستکرابوو.

١٢-کاری شەوانەی نانەواییەکان قەدەغە کرا.

*

کۆمەلە تەنانەت یەک یاساشی سەبارەت بە ژیانی خەڵک، لەو دەورەیەدا، دانەنا. بنکەکانیش وردە وردە رەنگی کۆمەڵەیان گرت. بۆ وێنە جلی ژنان و پیاوانی کۆمەلە بوونە گشتی،کراسی رەشی درێژی تا سەر کەوش، لێچکەی رەش و کەوشی کەتانی یان پلاستیکی، کاتێک کە حکومەت دووبارە دەسەلاتی گرتەوە دەست، ناڕەزایەتییەکی بەدواوە نەبوو و هەروەک خۆی مایەوە. بەشیکی زۆر لە نەریت و عاداتی کۆمەلە پەیوەندییان نەبوو بە دونیای مودێرن و سوننەتی مارکسیستی و کۆمۆناردەکان بەلکوو لە ژێر کاریگەریێتی چەپی سوننەتی دژ بە رۆژئاوا و ناسیونالیسمی کوردی و پیاوسالارانە و بەتایبەتی "یەکیەتی نیشتمانی" دابوو. بۆ وینە چۆنیەتی ئیدارە کردنی شار، هەلسوکەوت لە گەڵ تاوانباران، رێکخستنە چەکدارییەکان، و نەریتی پێشمەرگایەتی. تەنانەت هەلبژاردنی ناو بۆ پلە جۆراوجۆرەکانی نێو رێکخراوەکە زیاتر لە فەرهەنگێکی دواکەوتوو و عەشایری سەرچاوەی گرتبوو کە سەرەرای خواستی ئەندامانی کۆمەلە ماوەیەکی زۆر بە سەر کۆمەڵە دا

حاکم بوو. دیاره ئەوە لە پینەیەکی ناجوور دەچوو کە بە سەر دیکەشەوە، عادات و سوننەت گەلێکی لاوازی ناسیونالیستی، کە



*یەکێک لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی سنە*

پەیکەری کۆمەڵەدا چەسپێنرابوو. وردە وردە سوننەتێک شکڵی دەگرت کە هێزی پێشمەرگەی جیا لە خەلک و زاڵ بە سەر خەلکدا سەیر دەکرد و خەلکی وەکوو هێزی پاشەرۆکی پێشمەرگە دەبینی. لە راستیدا کۆمەلە هەر لە سەرەتای شۆرشەوە تووشی هەندێک دژبەیەکی ببوو. لە لایەکەوە خۆی بەشداری شۆرش و راپەرینی ١٣٥٧ بوو و لە لایەکی

بە هۆی هیرشەکانی کۆماری ئیسلامی بەهیزتر دەبوو، لە ئاکاری کۆمەلە دا پەرەی دەسەند.

کۆمەلە بۆ پاریزگاری لە شار و بەرگرتن لە دزەکردنی سیخورەکانی کۆماری ئیسلامی خۆی ئامادە دەکرد و چەند جارێکیش توانی بەربگرێ لە پلانی تێرۆریستی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی. گرووپی دژی

جاسووسی و لێکۆڵینەوە لە زۆرێک لە بنکەکان دامەزرا بەڵام شێوەی بەرخوردیان زۆرجار بە دوور بوو لە هەڵوێستی رادیکال و ئینسانی. بۆچوونی زاڵ لەو سەردەمەدا لە ژێر کاریگەرێتی سوننەتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی "دژی ئیمپریالیستی" ئەو کاتە، وەکوو گرووپەکانی فەلەستینی و یەکیەتی نیشتمانی بوو. تاوانبار هیچ مافێکی نەبوو و دادگاییکردنەکان سەلیقەیی بوون وپشت بەستراو بە یاسای داڕێژراو و ئینسانی نەبوون. نموونەی ئەوانە ئەو دادگایانە بوون کە پێیان دەوترا دادگای جەماوەری. لەوێدا تاوانی تۆمەتبارەکان رادەگەیەنرا و زۆرجار لە لایەن خەڵکەوە بە شیعاری "دەبێ لە دار بدرێ" وەلامی دەدرایەوە.هەرچەن زۆرێک لەو کەسانە دوایی ئازاد دەکران بەڵام شێوەی دادگایی کردنەکە، دواکەوتوانە و نائینسانی بوو و مافەکانی شارومەندی تێیدا لە بەرچاو نەدەگیرا و مافەکانی تاوانبار دەخرایە ژێرپێ.

چۆنیەتی هەڵسوکەوت لە گەڵ جاسووس و ئەو کەسانەی گۆماندەکرا هاوکاری کۆماری ئیسلامی بن، ببووە مەسەلە و موشکیلەی هەلسووراوانی بنکەکان، بە هۆی ئەوەی کە هیچ بریارنامەیەکی تۆمارکراو لەوبارەوە نەبوو. زۆریک لە ئەندامانی کۆمەڵە، کە بەشیکی زۆریان ئەندامی مەقەری ناوەندی کۆمەلە لە سنە بوون، سەبارەت بە نەبوونی سیاسەتێکی روون لە بارەی ئەزیەت و ئازاری دیلەکان، یان لە داردان کە چەن جار رووی دابوو، بە توندی ناڕازی بوون. هاوڕێیانی بەرپرس رازی بەم رەفتارانە نەبوون. ئەم نارەزایەتییانە لە ناو ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵە دا زۆر پەرەی سەند و لە کۆتایی دا بە ئاکام گەیشت کە دواتر لە لایەن مەنسوور حیکمەتەوە پوختەکرا و وەکوو بڕیارلە ناو حزبی کۆمۆنیستی ئیران دا بڵاو کرایەوە.

کۆمەڵە لە سەر مەسەلە

سەرکییەکانی کۆمەڵگا، سیاسەتێکی روونی نەبوو. لە سەر هەموو مەسەلەکان لەو دەورەدا، واتە لە ساڵەکانی ١٣٥٧ تا ١٣٥٩ لە ناو کۆمەلەدا جیاوازی و ناکۆکی هەبوو. هەلسوکەوت لە سەر گرینگترین مەسەلەکان وەکوو یەک نەبوو. بۆ وێنە مەسەلەی زەوی و زار و کاریگەرییەکانی ریفورمی زەوی لە ئیران دا، ئایین، سەرمایەداری خۆیی، شیکردنەوە لە سەر باڵەکانی جۆراوجۆری رژیمی ئیسلامی، ئازادی خۆرێکخستن و ئازادی دەربڕینی بیر و ڕا، مەسەلەی خانوو، مافەکانی شارومەندی، مەسەلەی لەداردان و مەسەلەی دیلەکان، بەرابەری ژن و پیاو و مافی منالان... ئەو مەسەلانە لەو ماوەی زەمەنییەدا لە رێکخراوەکانی کۆمەلەدا نەخرایە بەردەم و بە شیوەیەکی جیددی سەعاتێکیش باسی لە سەر نەکرا. لیرەدا دەمەوی بۆ وێنە ئیشارە بکەم بە مەسەلی خانوو.

## مەسەلەی خانوو

مەسەلەی خانوو و چارەسەرکردنەکەی یەکیک مەسەلە سەرکییەکانی شورشی ١٣٥٧ بوو. تەنانەت سەرهەلدانی شۆرشی ٥٧ دەگەرایەوە سەر خەباتی چەندین ساڵەی خەڵک لە گەڕەکانی دەرەوەی شاری تاران. بەدوای راپەرێنی ٢٢ی بەهەمەنی سالی ١٣٥٧، زەوییەکانی دەوروبەری شارەکان لە لایەن کریکاران و زەحمەتکێشان و خەلکی هەژار دەستی بەسەردا گیرا و دەستیان دایە دروستی کردنی ماڵ لەسەر ئەو زەوییانە. بە تایبەت لە تاران، بیناسازی "نایاسایی" پەرەی سەند. هاوکات بیناکانی دەولەتیی پێشوو زوەتکران و خەلکی هەژاری بێ ماڵ تێیدا نیشتەجێ بوون.

ئەم مەسەلەیە لە شاری "سنە" ش روویدا. زەوییەکانی دەوری شار کە خاوەنەکەی زەویدارە گەورەکان بوون زوەتکران. رۆژانە بە هەزاران کەس خەریکی کار و

دروستکردنی ماڵ بوون. هۆی ئەم زەوتکردنانە زۆر ئاسایی بوو، جەماوەرێکی گەورەی کریکار و زەحمەتکێش کە ساڵەها رەنجیان کێشا بوو و بەرهەمهێنەری هەموو داهاتەکانی کۆمەڵگابوون، خۆیان بێبەش دەدی لە بەرهەمی کاری خۆیان لە پۆشاکەوە بگرە تا خواردەمەنی و ماڵ. راپەرینی ٢٢ی رێبەندان، پەنجەرەیەکی کردبۆوە کە جەماوەرێکی بەربلاو کە لە هەموو شتێک بێبەش بوون، خۆیان وەکوو شارومەند دابنێن و مافەکانیان داوابکەن. مەسەلەی خانوو، یەکێک لەو مافانە بوو. تەبیعیە کە خەڵکی هەژار ئەو هەموو زەوییە بەکارنەهاتووانەی کە لەدەوری شارەکان هەبوون بپێکێ و داوا بکات کە بخرێنە خزمەت خەڵکی بێ ماڵ و حاڵ. کرێکاران هەبوونی خانووی شیاویان بە مافی بنەرەتی هەموو شارومەندێک دەزانی و بڕیاری خۆیان بە ئەنجام گەیاند.

زۆرێک لەو خەلکە لەوە پێشتر خاوەنی یەک ژووریش نەبوون. ئەوان هەقیان بوو کە زەوییەکانی زەویدارە گەورەکان زەوت بکەن و ماڵێکی راحەت بۆ خۆیان و مناڵەکانیان بنێنەوە. نە دابەشکردنی زەوییەکان، نە دانانی بیناسازییەکان بە پێی پلان و نەخشەی بیرلێکراو نەبوون و ماڵەکان هیچ ستانداردێکیان نەبوو. بەنا، موهەندیس، کرێکار و نەقاش و نەجار... هەمووی هەر ئەندامانی بنەماڵە بە مناڵەوە و هەندێ جاریش دوست و ئاشنا بوون و کەڵکیان وەردەگرت لە ئەزموونی ساڵەها کاری کرێگرتەی خۆیان. کەلو پەلی بیناسازییەکە، بە هۆی هەژاریی زیاتر بەرد و لەتە خشتە، بەردی نارێک، تەنەکە و میلەی ئاسن و شتی فڕێدراوی تر بوو. پانی و بەرزی دیواری ژوورەکان، لە گەل ئەستووری دارەکانی بانی ماڵ یا تیرە ئاسنەکان تەبایی نەبوو. بە هۆی نەبوونی نەخشەی گەڕەک، ماڵەکان زۆربە شێوەیەکی نارێک لە لای یەک دروستکرابوون کە ئەوەش دەبووە هۆی



شەری ٢٤ رۆژەی سنە سالی ١٣٥٩: سەقامی شاپوور

موشکیلەی هاتوچۆ بە سەیارە، موشکیلەی کێشانی کاناڵی ئاوی زیادە (فاضلاب)، و کێشانی ئاوو کارەبا بۆ ماڵەکان. مەسەڵەیەکی تر ئەوە بوو کە ئاو و کارەبا لە ژێر ئیختیاری شارەوانی دا بوو و ئەگەریی کێشانی ئاوو کارەبا بە شیوەی یاسایی بۆ ئەو ماڵانە، لە ئارادا نەبوو. هەروەها بەهۆی ئەوەی کە خەلکی هەژار لەوە دڵنیابوون کە وەزعەکە هەرئاوا بە قازانجی ئەوان نامێنێ هەوڵییان دەدەا هەرچۆنێک بووبێ، ماڵەکەیان تەواو بکەن. ئاکامەکەی ئەوە بوو کە بە هۆی کەمبوونی کات، ئەو خانوانەی کە دروستکران، لە یەک یان دوو ژوور و عەمبارێک و حەوشێکی بچووک زیاتر نەبوون.

سەرەرای تەنگوچەڵەمەی زۆر و هەڕەشەی جۆراوجۆر لە لایەن دەولەت و گرووپە کۆنە-پەرستەکان، بیناسازییەکان بەردەوامبوون. بیری ئەوەی کە ببیە خاوەنی ماڵ بۆ خەلکەکە سۆزبزوێن بوو. ئەو جەماوەرە دڵیان خۆش بوو بە هاوکاری و هاوپشتی یەکتر و دەیانزانی کە دوای دروستبوونی ماڵەکان و نیشتەجێ بوونیان تێیدا، هێزی

بەرگریکردن لە خۆیان زیاتر دەبیت و هەموو گەڕەکەکە و کەس و کاریان لە بەرانبەر ئەگەریی هیرشی دەوڵەتدا پشتیوانیان دەبن. هەڵویستی دەوڵەت و تاقمی موفتیزادە لە سنە لەمبارەوە روون بوو. ئەوان دژی زەوتکردنی زەوییەکان بوون و هاوکات ئەم کارەی کرێکارانیان بە دژایەتی لە گەل دەولەت حیساب دەکرد. هەلویستی حزبی دیموکراتیش لەوبارەوە پشتیوانی لە زەویدارەکان بوو.

گرووپەکانی سیاسی چەپ و لەوانیش کۆمەلە، هەڵوێستێکی فەرمییان لە سەر داگیرکردنی زەوییەکان و بیناسازییەکان دەرنەبڕی و چالاکییەکیان نەنواند بەڵام بە شێوەیەک ئەم کارەیان پێ رەوا بوو و بە مافی خەلکیان دەزانی. کۆمەڵێک لە خەباتگێڕانی شار لە دروستکردنی ماڵەکاندا چوونە یارمەتیدانی کرێکاران و زەحمەتکێشان. بۆ وێنە دوای راپەرینی ٢٢ی ڕێبەندان، تاقمێکی ١٠ کەسە لە ئێمە، ئەندام و لایەنگری کۆمەلە، کە دواییش لە هەڵسووڕاوانی "بنکەی برایانی ناهید" لە شەقامی ناسرخەسرەو بووین، بۆ ماوەی یەک مانگ یارمەتی بنەماڵەیەکی کرێکارمان دا لە دروستکردنی خانووەکەیدا. زۆر تاقمی تریش لە هەلسووراوانی بنکەکان، بۆ پشتیوانی لە کریکارەکان لە کاری دروستکردنی ماڵەکاندا بەشدارییان دەکرد بەڵام ئەم چالاکی و



شەری ٢٤ رۆژە: خومپارەبارانکرانی ماڵی خەلک

هاوکارییە بە سۆزانەی بنکەکان نەبوونە هۆی هێنانە مەیدانی جووڵانەوەیەکی سیاسی بەهێز. نەبوونی هەڵویستی فەرمی لە لایەن کۆمەلە، بوو بە هۆی ئەوەی کە بیناسازییەکان بێ نەخشە و پلان بمێننەوە. کۆمەلەی ئەو کاتە، هێزی کریکار و زەحمەتکێشی وەکوو هێزی پاشەرۆک یان پشتیوانی خۆی چاو لێدەکرد و هەر لەو سنوورەشدا سەرنجی دەدایە سەر موشکیلەکانیان. زەوتکردنی زەوی و بیناسازی بەهۆی مەترسییە بێ ئەژمارەکانیەوە، بۆ کریکاران مەسەلەیەکی زۆر گرینگ بوو.

کۆمەڵە توانی پشتیوانییەکی زۆر لە ناو خەڵکدا بەدەست بێنێ بەڵام لەو دەورەدا بەو مانایەی کە وتم نەیتوانی ببێتە نوێنەری راستەقینەی جەماوەری خەلک. رابەرایەتی کۆمەلە لە وەلامدانەوە بە پرسیار و مەسەلەکانی بەردەم ئەندامان و ریکخراوەکانی تر دەستەوەستاو بوو. هەرچەند هەنگاوی وەکوو پشتیوانی لە زەحمەتکێشان، خەبات دژ بە شیخەکان و ئایین، دژایەتی و راوەستان دژ بە کۆماری ئیسلامی، تێکۆشان دژی دواکەوتوویی حزبی دیموکرات، بوونە هۆی بەرجەستەکردنەوەی کۆمەلە... بەڵام رەمزی ئەو ئاڵوگۆڕە ئەرێنییانە (موسبەت) کە دواتر بە سەرکۆمەلەدا هات، دەبێ لەم فاکتەرانەی ژێرەوەدا بدۆزینەوە: هاتنە مەیدانی بەرینی کرێکاران، ژنان و لاوان و خستنە رووی داواکارییەکانیان، پەیوەستبوونی تاقمێکی زۆر لە کرێکاران و رووناکبیرانی چەپ و وریا و شورشگیر بە ریزەکانی کۆمەلە و هەروەها خەباتێکی ئایدیۆلۆژیکی فراوان لە نێوان رەوتەکانی چەپی ئێران کە رابەرایەتی کۆمەڵەی بەرەو چەپ وەرچەرخاند.

## شەڕی ٢٤ رۆژەی سنە

لە کۆتایی مانگی فەروەردین (خاکەلیوە) ی ١٣٥٩ دا، هیزەکانی

کۆماری ئیسلامی ئیران، لە سەرەتاوە هێزەکانی بەرەو کامیاران و دوایی سنە خستە ڕێ. زووتریش پادگانی "سنە"ی بەهێزکردبوو. هێزێکی زۆری نیزامی لە کرماشان و هەمەدانەوە کە بەشێکی لە تارانەوە تەیارکراوبوو، شاری سنەیان گەمارۆ دا. تێکهەڵچوونەکان لە کۆتایی فەروەردین دا دەستی پێکرد و پادگان (ناوەندی نیزامی دەولەت لە شاردا) شاری دایە بەر تۆپ و خۆمپارە. هەلیکۆپتەرەکان پەیتاپەیتا تەقەیان لە شار دەکرد کە ئاکامەکەی ویرانی سەدان ماڵ و کوژران و برینداربوونی خەڵکێکی زۆر بوو. هیزەکانی چەکداری خەلک و بنکەکان، لە تەواوی شاردا سەنگەریان دروست کردبوو و لە هەموو ئەو شەقامانەی کە باشگای ئەفسەران (کلووبی ئەفسەران) بە سەریدا دەڕوانی و دەکەوتە بەرگوللەی دوژمن، کانالیان لێدابوو. لەو کانالانەوە خەلک و تێکۆشەران خۆیان دەگەیاندە شوێنەکانی جۆراوجۆری شار. خەڵک لە چەند جەبهەوە شەریان دەکرد، جەبهەی شیمال کە پادگانی دەولەتی لێبوو، و جنووب و جنووبی شەرقی. خەلک ڕێکخراو و هاوئاهەنگ شاریان دەپاراست. ئەوان خواردەمەنی و خواردنەوە و پۆشاکیان لە ریگەی بنکەکانەوە دەنارد بۆ جەبهەکان و تاقمی یارمەتیدەری بریندارەکان، بە پەلە خۆیان دەگەیاندە بریندارەکان و دەیانگەیاندە شوینی هێمن. بەرپرسانی نیزامی کۆمەلە و بە تایبەت موحەممەد مایی (کاک شوان)، کە فەرماندەیەکی زۆر وریا و بە جەرگ بوو، شوێنێکی زۆر بەرجەستەیان بوو لە ڕێکخستن و بەرەنگاری شاردا. هیزەکانی دەولەت لە باری چەک و کەرەسەی نیزامییەوە یەکجار زۆر دەستی بالایان بوو و لە هەموو شتێک بە تەیارە، هەلکۆپتەر، تۆپ و تانگ و تیرباری بێ ئەژماری قورس و سووک... کەڵکیان وەردەگرت بەڵام سەرەرای ئەوەش هەوڵەکانیان بۆ پێشرەوی، بە هۆی

پارێزگاری توندی خەلک زۆر بە هیواشی دەچووە پێش و چەند جاریش پاشەکشەیان پێکرا. هەربۆیە خۆمپارەبارانکرانی شاریان توندتر کردەوە. هیزەکانی سەرکوتگەری دەولەت دوای دوو حەوتوو توانیان تەپۆلکی "توش نۆزەر" کە دەڕوانێتە جنووبی شەرقی شار، داگیربکەن. شار بەردەوام لە سێ لاوە بەر تۆپ و خۆمپارە دەدرا و لە توانای چەکداریی پارێزەرانی شاردا نەبوو کە بەر بەم هێرشانە بگرن. لە ئاکامدا دوای ٢٤ رۆژ شەڕی توند بەینی پارێزەرانی شار و ئەرتەش و سپای پاسداران، رۆژی ۲۱ی مانگی گولان (ئوردیبێهێشت) کۆمەلە بریاری دا بۆ بەرگری لە زیانی زیاتری خەلک، شار بەجێبێلێ و بنکەکانی لەو بڕیارە ئاگادار کردەوە.

هیزەکانی ئەرتەش و سپای پاسداران دوو رۆژ دواتر هاتنە شار. هێزی "سەرکەوتوو" لە گەڵ شارێکی تەواو سەنگەربەستووی وێرانکراو لە ژێر زەبری تۆپباران و خۆمپارەبارانەکاندا رووبەڕوو بوون، شارێک بە دەرودیواری پڕ لە شیعار و نیگای پڕ لە بێزاری و نەفرەتی خەلک. نە تەنیا هیچکەس بە پیل "سەرکەوتووەکان"وە نەچوو بەلکوو خەڵکی "شکستخواردوو" سوور و سەربەرز جەفەنگیان دەکرد بە تەواوی پیرۆزییەکانی کۆماری ئیسلامی ئیران. بە گیرانەوەی شاری سنە بە دەست چەکدارەکانی دەولەتی ئیسلامی، وەرزی بنکەکانیش بەسەرچوو.

بەڵام بەسەرچوونی هەر وەرزێک، دەستپێکەری وەرزێکی نوێیە. لەمێژە حەرەکەیەکی نوێ دەستی پێکردووە کە رووی لە باشکردنی هەڵومەرجی ژیانی خەلکە. تەنیا پیرۆزییەکانی ئەم جووڵانەوە نوێیە رێز و حورمەت و ئازادی ئینسانە. دەیان خۆپیشاندان و مانگرتنی کرێکاری و خوێندکاران و خەباتی چین و توێژەکانی جۆراوجۆری ناو کۆمەڵگا، بڵاوبوونەوەی شیعاری

ئازادی و بەرابەری لە زۆرێک لە شارەکان، پشتیوانی خوێندکاران لە کرێکارانی پێترۆشیمی، فستیواڵی پرشکۆی منالان، سەرکەوتنی کریکارانی شاهۆی سنە... تەنیا سەری ئەو کێوە نادیارە سەهۆڵیینەیە کە پەیکەرەکەی بە گەورەیی جەماوەری بەرینی هەموو ئیرانە.

## پەڕاویزەکانی نووسەر

*١- مەکتەبی قورئان ناوەندی سەرەکی تاقمی موفتیزادە بوو و خواردەمەنی ئیمکاناتێکی زۆریان پێدەدرا. بە دوای فەرمانی جەهادی خومەینی، شاری سنە لە کۆتایی مانگی گەلاوێژ تا مانگی گەلاریزان لە ژێر سەیترەی سوپا و پاسدار و هێزە چەکدارەکانی موفتیزادە بوو. سەدان کرێکاری تووڕە بۆ ناڕەزایەتی دژ بە بێکاری و برسییەتی دوای کۆبوونەوە لە مەیدانی ناوەندی شار بە شیعاری "کارمان دەوێ، خۆمان و منالمان برسین، نانمان دەوێ" و شیعاری تری دژ بە کۆماری ئیسلامی بەرەو مەکتەبی قورئان رێدەکەون. خۆپیشاندەرەکان لە گەل هێزە چەکدارەکانی مەقەری ناوەندی کە دەیانویست بلاوە بە خەڵک بکەن، تێکهەڵدەچن و دوای ماوەیەک پاشەکشە بە چەکدارەکان دەکەن و دوای داگیرکردنی بینایەکە، ئاگری تێبەردەدەن.*

*٢- من جارێک لە مانگی سەرماوەز یان بەفرانبار، لە کۆبوونەوەیەکی بەرپرسانی بنکەکان دا بەشدار بووم. تا ئەو جێگایەی من لە بیرم بێ لە کۆبوونەوەکەدا زیاتر لە ٣٠ نوینەری بنکەکان بەشداربوون. لە کۆبوونەوەکەدا راپۆرتێک سەبارەت بە بنکەکان و ژمارەیان درا کە بەداخەوە بە روونی لە بیرم نەماوە.*

☆

***پاشماوەی:** رئالیسم لە هەڵبژاردنی....*

دروستەکەی ئاوهایە: "یان دەوڵەتی ئەوان یان دەوڵەتی ئێمە." یان بە گوێرەی ئینجیل: "ئەو کەسەی کە شمشێر دەکێشێ، بە شمشێر دەکوژرێت." وە پرسیاری بەرامبەریشی: "ئەی ئەو کەسەی کە دەست بۆ شمشێر نابات؟"

☆

# خاتوونی سووری کۆمۆن [١]

وەرگێڕان: لەیلا قاسمیانی

سەعات یازدەو نیوی پێش نیوەرۆی ١٦ ی دیسەمبەری ١٨٧١ "لوئیز میشێل" Louise Michel لە بەرامبەر شەشەمین شورای جەنگی "ڤێرسای" ئامادە بوو.

کۆلۆنێل دێلاپۆرت Delaporte سەرۆکی دادگا بوو. "کاپیتان دەیلی" Dailly دادستانی دادگا بوو. بە پێی یاسا، دادگا "میتر هوسمان"ی Maitre Haussman وەکوو پارێزگار بۆ لوئیز دیاری کرد بەڵام لوئیز رازی نەبوو هیچ پارێزگارێکی هەبێ.

"گۆڤاری رەسمی دادگاکان" لە رۆژی یەکەمی دادگادا، "لوئیز"بەم جۆرە ئەناسێنێ:

لوئیز میشێل، ژنی ٣٦ ساڵان، باڵاکورت،[٢] رەش ئەسمەر، سەرپۆشی رەشی لەسەرە و جلوبەرگیشی هەر بەو رەنگەیە. بە هەنگاوی ئارام بەڵام قورس و قایم دێتە بەر دادگا. هیچ خۆشییەک لە روومەتیدا نابینی. تەوێڵی پان، لووتی ئاسایی، قژە خورمایی و پڕەکەی، قیافەی کەسێکی خاوەن بیری پێئەدا. بە چاوە گەورەکانی و بە متمانە و ئارامییەکی تەواو



ئەڕوانێتە دەستەی قازییەکان. لە کاتی خوێندنەوەی راپۆرتی دادستان دا، ئەوسەرپۆشەکەی بە سەر شانی دا وێڵ ئەکا و بە بزەوە گوێ رادێڵێ.

سکرتیری دادگا "دوپلان" Duplan، شکایەتنامەی دادگا ئەخوێنێتەوە:

"شەشەمین شورای جەنگیی ڤرسای، لوئیز میشێل بەم تاوانانە تاوانبار ئەکات:

♦تێکۆشان بۆ رووخاندنی حکوومەت

♦تیکۆشان بۆ وەڕێخستنی شەری ناوخۆ و چەکدارکردنی خەلک

♦لەبەرکردنی جلوبەرگی نیزامی، هەڵگرتنی و بەکارهێنانی بە ئاشکرای چەک و بەشداری لە بزوتنەوەیەکی ئاژاوەگێڕی دا

♦تەزویرکردنی نووسراوە و دانانی مۆر و ئیمزای کاربەدەستان لە ژێریانەوە

♦بەکارهێنانی پارەی قەڵب

♦هاندان و هاوکاری لە کوشتنی خەلکی گیراو

♦هاوکاری لە دەسبەسەرکردنە نایاسابییەکانی خەلک، ئەشکەنجە کردن و کوشتنی دیلەکان بە شارەزایی بە سەر ئاکامەکانی ئەم تاوانانەدا، بە پێی ماددەکانی ژمارە ٣٤١، ٣٠٢، ٠٦٠. ٠٥٩، ١٥١، ١٥٠، ٩١، ٨٧، ٣٤٤ ی قانوونی سزا و ماددەی ٥ی قانوونی ٢٤ی مانگی مای ١٨٣٤.

ئیمزا: کۆلۆنێل "دێلاپورت" Delaporte، لە تیپی سوارە نیزام. (گۆڤاری حوقووق)

## لێپرسینەوەی سەرۆکی دادگا لە تاوانبار و شاهیدەکان

**کۆلۆنێل دێلاپۆرت**: ئێوە ئەو کارانەی پێی تاوانبار کراون، بیستتان. چیتان هەیە بۆ پارێزگاری لە خۆتان بیڵێن؟

**لوئیز میشێل**: من هیچ بەرگرینامەیەکم لە خۆم نییە و



لوئیز میشیل لە بەرامبەر دادگای "شۆرای جەنگی"

ناشمهەوێ کە هیچ کەس لە من بەرگری بکات. من بە تەواوی بوونمەوە پەیوەستم بە شۆرشی کۆمەڵایەتی و هەر لێرەوە رائەگەیێنم کە من بە تەواوەتی بەرپرسیاریەتی هەرچی کردوومە، بێکەم و زۆر بە ئەوستۆە ئەگرم. ئێوە تۆمەتبارم ئەکەن بە کوشتنی سەرۆکەکانی نیزامی. من ئەڵێم بەڵێ. ئەگەر ئەورۆژە لە "مونمارت" Montmartreبوایەم کە سوپا فەرمانی دا لە خەلک تەقە بکەن، دڵنیابن کە یەک چرکەش لە سزادان و لە لەبەینبردنی ئەو کەسانەی کە فەرمانی لەم چەشنەیان دا، رانەئەوەستام. بەڵام کاتێک ئەوان گیران و زیندانی کران، ئیتر تێناگەم بۆچی گوللەباران کران و ئەو کردەوە بە کارێکی دزێو و نابەجێ دەزانم. بەڵام سەبارەت بە ئاگرتێبەردانی پاریس، بەڵی من بەشدار بووم و ئەمەویست بەم کارە دیوارێکی ئاگرین لە بەرامبەر هێرشکەرانی ڤرسای دروست بکەم. لەم کارەدا هیچ شەریکێکم

نەبوو و خۆم بە تەنیایی بریارم لە سەردا و بە ئەنجامم گەیاند. من تاوانبار دەکەن بە هاوکاریی لە گەل کۆمۆن. بەڵێ وایە! چونکە کۆمۆن بەر لە هەموو شتێک خوازیاری شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بوو و بۆ من شۆرشی کۆمەڵایەتی لە هەموو ئارەزووەکانم ئازیزتر و بەرێزترە. من بەوە شانازی ئەکەم کە یەکیک لە ڕابەرانی کۆمۆن بووم، کۆمۆنێک کە هیچی بە سەر ئەم کوشتار و خوێنرێژی و ئاگرتێبەردانانەوە نەبووە. من کە لە هەموو کۆبوونەوەکانی شورای ناوەندی کۆمۆن و "گاردی نیشتمانی"دا بەشدار بووم، هەرگیز باسێک لە سەر ئاگرتێبەردان و خوێنرێژی نەکرا.

ئەتانەوێ تاوانباری سەرەکی بناسن؟ تاوانباری سەرەکی هیزەکانی پۆلیسن و لە داهاتوودا رۆژیک خۆری راستیی بە سەر ئەو رووداوانەدا ئەدرەوشێ. لەو رۆژەدا ڕەوابوونی شەڕی کۆمۆنارەکان،[٤] ئەم پارێزەرانی ڕاستەقینە و خەباتگێڕانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بۆ هەموان روون ئەبێتەوە. دوای تێکشکانی کۆمۆن، رۆژێک من بە "فێوریێ" Fevre، یەکێک لە رابەرانی کۆمۆن، پیشنیارم کرد کە هێرش بکەینە سەر پارلەمان. لەو هێرشەدا من دوو قوربانیم ئەبینی، یەکیان خۆم و ئەوی تر "تییەر"[٣] Thiers. من کە ژیانم لە ریگەی شۆڕشدا فیدا کردبوو و هیچم نەبوو لە دەستم بچێ، هەر بۆیش بە تەمابووم "تییەر" لە بەین بەرم.

**دێلاپۆرت**: لە بەیاننامەیەک دا ئیوە وتبووتان کە دەبێ هەر ٢٤ سەعاتەی یەکێک لە دیلەکان لە دار بدرێ.

**لوئیز میشێل**: نا، مەبەستی من تەنیا هەڕەشە بوو. ئێوە ئەوە بزانن کە من بەم وڵامەم نامەوێ پاکانە بۆخۆم بکەم. من لە پێشدا وتم کە هیچ پارێزگارییەک لە خۆم ناکەم. ئێوە ئەتانەوێ من دادگایی بکەن. تۆ بە ئاشکرا لە بەرامبەر من دا

راوەستاوی. تۆ پیاوی و منیش تەنیا ژنێکم بەلام من رێک چاو ئەبڕمە ناو چاوت. ئەزانم کە قسەکانی من هیچ شتێک ناگۆڕێ. حوکمی من زووتر دراوە. ئێمە کۆمۆنارەکان بێجگە لە سەرکەوتنی پرەنسیپەکانی گەورەی شۆڕش، هیچی ترمان لە فکردانەبوو. من بە خۆێنی رژاوی هاوڕێ گیانبەختکردووەکانم لە دەشتی "ساتۆری"[٥] Satory سویند ئەخۆم، و بە دەنگی بەرز ئەڵێم کە رۆژێک دێ تۆڵەی خوێنی رژاوی ئەم گیانبەختکردووانە بسێنرێتەوە.

من لە ژێر دەسەلاتی ئێوەدام. هەرچی بە دڵتانە لە من بکەن. ئەگەر ئەتانەوێ گیانم بستێنن، بیکەن. دڵنیابن کە من ژنێک نیم کە بۆ ژیانم لە گەڵ ئێوە چەنە لێ بدەم.

**دێلاپۆرت:** ئێوە ئەڵێن کە رازی بە کوشتنی سەرکردەکانی ئەرتەش نەبوون. بەلام راپۆرتەکان پیشان ئەدەن کە کاتێک هەوالی ئەم رووداوەت پێگەیشت بە خۆشحالی و بە سۆزەوە وتبووت ئێمە گوللەبارانمان کردن و باشیشمان کرد.

**لوئیز:** من جارێک وەڵامی ئەم پرسیارەتانم دایەوە. تەنانەت لەبیرمە کە ئەو قسانەم لە کاتێکدا وت کە "فێور" Fevre و "لوموس"یش لەوێبوون.

**دێلاپۆرت:** کەوابێ کردەوەی کوشتنەکە قەبووڵ دەکەی.

**لوئیز:** تکایە! ئەم قسە دەلیل نییە بۆ کردەوەکە. ئامانجی من لەو قسانە بردنەسەری ورە و سۆزی شورشگێرانە لە نێو جەماوەردا بوو.

**دێلاپۆرت:** ئێوە لە گۆڤارەکانی وەکوو "هاواری خەلک" وتارتان بلاو دەکردەوە.

**لوئیز:** بەڵی، هۆیەک نییە بۆ شاردنەوەی ئەم کارە.

**دێلاپۆرت:** بەلام تەواوی ئەم

رۆژنامانه، خوازیاری دەستبەسەرداگرتن و زەوتکردنی ماڵ و مڵکی کلیسا و کردەوەی شۆرشگیرانەی لەم چەشنە بوون. ئایا ئەمانە بیروبۆچوونی ئێوەش بوون؟

**لوئیز:** بە دڵنیاییەوە وایە. بەلام لەبیرتان بێت کە ئامانجی ئێمە لە زەوتکردنی ماڵ و سامانی کلیسا ئەوە بوو کە دوایی بۆ خیروخۆشی گشتی بە سەر خەڵکدا دابەشی بکەین.

**دێلاپۆرت:** ئیوە هەمیشە داواکاری هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی دادپەروەریی بوون.

**لوئیز:** بەڵێ، چون من هەزاران پێشێلکاری مافی خەلکم لە بەرچاوە.

**دێلاپۆرت:** ئایا تۆ ئەیسەلمێنی کە ئەتەویست "تییەر" (سەرۆک وەزیر) بکوژی؟

**لوئیز:** من جارێک وەلامی ئەم پرسیارەتانم دایەوە، بەلام دووبارە ئەڵێم بەڵێ.

**دێلاپۆرت:** وا دیارە کە تۆ جاربەدوای جار، جلوبەرگی پیاوانەت لەبەرکردووە.

**لوئیز:** من تەنیا یەک جار ئەو کارەم کردووە ئەویش رۆژی ١٨ی مارس بوو کە یونیفۆرمی "گاردی نیشتمانی"م کردە بەر، ئەویش تەنیا بۆ ئەوە بوو کە هەموو سەرنجەکان بەرەو من رانەکێشرێ.

***لوئیزمیشێل هیچ شاهیدی نەبوو لە دادگا بەڵام دادستان ناوی چەن کەسی وەکوو شاهید راگەیاند. یەک لەوانە خاتوو "پۆلن"ی بازرگانە.***

**دێلاپۆرت:** ئایا ئێوە ئەم تۆمەتبارە ئەناسن؟ چ شتێک سەبارەت بە بیروبۆچوونی سیاسی ئەو ئەزانن؟

**خاتوو پۆلن:** بەڵی بەرێز. ئەو

هیچ کات بێروبڕوای خۆی نەدەشاردەوە. هەمیشە بە سۆز و پرکار بوو. ئێمە ئەومان تەنیا لە کلوب دا ئەدی. هاوکات لە گۆڤارەکانیش دا وتاری بڵاو ئەکردەوە.

**دێلاپۆرت:** ئایا ئێوە لە لوئیز سەبارەت بە کوشتنی سەرکردەکانی ئەرتەش ئەم رستەی "باشمان کرد کە کوشتمانن"ت، بیستووە؟

**پۆلن:** بەڵێ بەڕێز.

**لوئیز:** من کە هەموو ئەوانەم بۆتان باس کردووە. لەخۆڕا ئەم شاهیدانە دێنن و ئەم شتانە دووپات دەکەنەوە.

دوای شاهیدی دانی پۆلن، نۆرەی شاهیدیدانی خاتوو"بوتن"ی نیگارکێشە.

**دێلاپۆرت:** بەرێز، ئایا خاتوو لوئیز براکەی تۆی مەجبوور کرد کە بچێتە ناو ریزەکانی "گاردی نیشتمانی" و لەوێدا ئەرک وەئەستۆ بگرێ؟



**بوتن:** بەڵێ جەنابی بەڕێوەبەر.

**لوئیز:** ئەم شاهیدە برایەکی هەبوو کە من لام وابوو لاوێکی راستگۆ و لەخۆبوردوویە. هەربۆیەش ئەمەویست خزمەتی کۆمۆن بکات.

**دێلاپۆرت:** (روو بە شاهید ئەڵێ) ئایا ئێوە رۆژێک ئەم تاوانبارەتان لە کاتی گەڕان لە ناو کۆمەڵێکی

گاردی نیشتمانی، سواری عەرەبانە، دیوە؟ هەر لەو رۆژەدا ئەو خاتوونە وەکوو مەلەکەیەک دەستی بۆ خەلک نە ئەجوولاند؟

**بوتن:** بەڵی بەرێز، دیتوومە.

**لوئیز:** بەڵام ئەمە راست نییە. من چۆن ئەتوانم لاسایی رەفتاریٚ کەس گەلێک بکەم کە ئێوە قسەی لیٚ ئەکەن؟ کەسانێک کە من بە ئاواتەوەم هەر ئەو بەڵایەیان بە سەر بێت کە بە سەر ماری ئانتوانت [٦] هات. راستییەکەی ئەوە بوو کەمن بەدوای رووداوەکانی "ئیسی"دا Issy و بازدان لە بەرزاییەکەوە، ئەژنۆم ئازاری پێگەیشت و هەلامسا و ژانیکی کوشندە ئازاری ئەدام. هەربۆیەش ئەو رۆژە سواری عەرەبانە ببووم.

شاهیدێکی تری دادستان خاتوو "دنزیات"ە کە بیٚ ئیشە و خاتوو لوئیز باش ئەناسیٚ.

**دێلاپۆرت:** ئایا ئێوە ئەم تاوانبارەتان لە جلوبەرگی گاردی نیشتمانی دا دیوە؟

**خاتوو دنزیات:** بەڵیٚ. لە دەوروبەری ١٧ی مانگی مارس دا.

دێلاپۆرت: ئایا دەمانچەت بە کەمەرییەوە بینیوە؟

**دنزیات:** هەروەک پێشتریش وتم من ئەم مەسەلەیەم بە باشی لەبیر نییە.

**دێلاپۆرت:** ئایا ئیوە ئەم تاوانبارەتان بە سواری عەرەبانەوە لە کاتی گەڕان لە ناو گاردی نیشتمانی دا دیوە؟

**دنزیات:** بەڵیٚ بەرێز، بەڵام وردەکارییەکانم بەباشی لە بیر نەماوە.

**دێلاپۆرت:** ئێوە هەروەها وتتان کە پێتان وایە تاوانبار لە ریزی پێشەوەی ئەو کەسانە بوو کە ژێنرال "کلێمان توماس" و "لوکمێت"یان کوشت.

**دنزیات:** من ئەو شتانەم دووپات کردەوە کە لە دەوروبەرم وترابوو.

کاتێک کە دادستان، سەروان "دەیلی" Dailly، هاتە قسە، تەنیا قامکی دانایە سەر یەک تاوان، ئەرێنی شارەداری "ورانکو" Vron court (شاری لەدایکبوونی لوئیز) و شارەداری شاری




تابلۆیەک لە لوئیز میشێل لە کاتی قسەکردندا

ئەویش هەڵگرتنی چەک بە ئاشکرا لە بزوتنەوەیەکی ئاژاوەگێردا بوو. سەرەڕای شاهیدیدانی باش و "ئودولانکۆر" Audelincourt (ئەو شارەی کە لوئیز بەر لە ڕووداوەکانی کۆمۆن، لەوێ وەکوو

ماموستای مەدرەسە ئیشی دەکرد)، بەڵام دادستان لە دەستەی قازییەکان داوای باڵاترین پلەی سزای کرد بۆ لوئیز میشێل، "ژنێک



کە مەترسییەکی هەمیشەییە بۆ دەسەڵات و هەربۆیەش ئەبێ لە کۆمەڵگا دوور بخریتەوە".

*** پارێزگارەکەی لوئیز میشێل

دوای ئەو رایگەیاند کە بەرامبەر بە ئاکاری لوئیز میشێل کە بە هیچ شێوەیەک لە کردەوەکانی خۆی پەیشمان نییە، دەبێ هیوامان ببەستین بە زانایی و هەستی بەرپرسیارییەتی لیژنەی قازییەکان.

**دێلاپۆرت:** تاوانبار، ئایا شتێکت هەیە کە بۆ پارێزگاری لە خۆت بیڵێی؟

**لوئیز:** من لە ئێوە وەکوو شوورای جەنگی، وەکوو قازی دۆسییەکەم، ئێوە کە وەکوو کۆمیسیۆنی لێبوردن پێناسەی خۆتان ناشارنەوە، ئێوە دەسەڵاتدارانی چەکدار کە لە بەرامبەر خەلکدا خەریکی دادوەریی کردنن، بە تەنیا داوای دەشتی "ساتوری"تان لێدەکەم، ئەو جێگەیەی کە دڵی گەرمی هاورێکانی منتان تێدا دایە بەر گوللەکانتان. ئەبێ من لە کۆمەڵگا دوورخەنە! ئەمە ئەو فەرمانەیە کە پێتان دراوە. ئێ!

کەوایە دادستان بەرهەقە! چون هەر دڵێک کە ئەمرۆ بۆ ئازادی لێئەدات هیچ مافێکی تری نییە بێجگە لە گوللەیەک. هەربۆیە منیش تیکەیەک لەو مسە، لەو گوللەیەم ئەوێت. ئەگەر ئیوە من زیندوو بهێڵنەوە، بزانن کە من هەمیشە لە فکری سەندنەوەی تۆڵەی هاوڕێکانم دائەبم. هیچ کاتێکیش لە ئاشکراکردنی تاوانەکانی کۆمیسیۆنی لێبوردن سەبارەت بە هاوڕێکانم دەست هەڵناگرم.

**دێلاپۆرت:** ئەگەر ئێوە بتانەوێ بەمجۆرە قسەبکەن، ناتوانم رێگەتان پێبدەم درێژە بە قسەکانتان بدەن.

**لوئیز:** قسەکانی من تەواو بوو. بەڵام ئەگەر ئێوە ترسەنۆک و بێ زات نین، حوکمی کوشتنم بدەن!

بە دوای قسەکانی لوئیز میشێل دا، شەشەمین شورای جەنگی بۆ رایزەنی هۆڵی دادگایان بە جێهێشت. کۆبوونەوەی شورای جەنگی، زۆری نەخایاند. دەستبەجێ دوای گەڕانەوەی شورای جەنگی، دەستپێکردنەوەی دووبارەی کۆبوونەوەی دادگا بۆ خوێندنەوەی حوکمی تاوانباریی لوئیز میشێل راگەیاندرا. دادگای جەنگی بە کۆی گشتی دەنگ، بریاری شاربەدەرکردنی لوئیز میشێلی دا بۆ ناوچەیەکی ژێڕ چاودیری لە دورگەی "کالێدۆنیای نوێ". دوای ئەوە لوئیز میشێل هێنرایەوە ناو هۆڵی دادگا بۆ ئەوەی حوکمی دادگای پێراگەیەنرێ. سکرتێری دادگا حوکمەکەی بۆ لوئیز خوێندەوە و وتی کە ٢٤ سەعات کاتی هەیە کە داوای گۆڕینی ئەو حوکمە بکا. لوئیز هاواری کرد: "نەخێر، پیویست بە شکایەت لەو حوکمە نییە بەڵام لەداردانم پێ خۆشتر بوو لەم حوکمە."

## روونکردنەوە:

سەرچاوەی ئەم وەرگێرانە لە سەرەتاوە لە سایتی فارسی "چریکەکانی فیدایی ئیران"

www.iranian-fedaii وەرگـیـراوە. بەڵام دوایی بەراورد کراوە لە گەل کتێبی "خاتوونی سوور" Red Virgine نووسینی لوئیز میشێل Louise Michel خۆی. لوئیز لە کتێبەکەی خۆیدا رەشنووسی کۆبوونەوەکانی دادگاییکردنەکەی خۆی کە ئەوکات لە "گۆڤاری حقووق ی دادگاکانی فەرانسە" دا بڵاوکراوەتەوە، وەکوو خۆی دەنووسێتەوە. تەنیا بەشێکی کورتی لە دادگاکە، کە قسەی شاهیدەکانە، لە کتیبەکەی خۆیدا لابردووە. لە وەرگێڕانە کوردییەکەدا من لێپرسینەوەی شاهیدەکانم هێناوە کە لە کتێیبەکەی لویز خۆیدا لابراوە. هەروەها لە بەشی ناساندن و دەقی شکایەتەکەی دادستان، تەنیا کۆتاییەکەم هەڵبژاردووە و دوایی یەکسەر چوومە سەر لێپرسینەوەی سەرۆکی دادگا، "کۆلۆنێل دێلاپۆرت" لە لوئیز میشێل.

٢- **وادیارە** گۆڤاری دادگاکان سالی لەدایکبوونی لوئیزیان بە هەڵە نووسیوە. لوئیز سالی ١٨٣٠ لە دایکبوو و لە کاتی دادگایی کردنەکەدا تەمەنی ٤١ ساڵ بوو. "لوئیز" باڵای کورت نەبوو، بەڵکوو باڵابەرز بوو.

٣- **تییەر:** سەرۆکوەزیری فەرانسە لە سەردەمی شۆڕشی کۆمۆنی پاریس دا کە ڕایکردە وێرسای.

٤- **کۆمۆنار:** چالاکوان و بەشداریکەری کۆمۆن

٥- **دەشتی ساتۆری،** لە نزیک شاری "ڤرسای"یە کە لەوێدا ژمارەیەک لە رابەران و حوکمی مەرگ پێدراوەکانی کۆمۆن، گوللەباران کران.

٦- ماری ئانتوانت: هاسەری پاشا، لوویی شازدە، کە لە ١٦ ئۆکتۆبەری ١٧٩٣ خرایە ژێر گیوتین و کوژرا.

# فیلمی "کۆمۆنی پاریس ١٨٧١"

ڕانان: گرووپی مەنجەنیق

وەرگێران لە فارسییەوە:
هەتاو عەبدوڵڵاهی


فیلمی "کۆمۆنی پاریس ١٨٧١" La commune Paris, 1871 دەرهێنەرەکەی پیتر واتکینز Peter Watkins ە و ساڵی ٢٠٠٠، لە فەرانسە بەرهەمهاتووە. نووسەری سناریۆکە: پیتر واتکینز و ئاگات بلویزن Agathe Bluysen بە یەکەوەن

فیلمێکە سەبارەت بە کۆمۆنی پاریس و دەتوانین بڵێین کە لە بارەی کۆمۆنی پاریسیشەوە نییە. ئەم فیلمە گێڕانەوەیەکی مێژوویی نییە، لەو فیلمانە نییە کە بیهەوێ بە پشتبەستن بە نۆستالژی، بیرەوەرییەکی نایاب لە ڕابردوو بگێڕێتەوە. فیلمی "کۆمۆنی پاریس ١٨٧١" نموونەی خولقاندێکە لە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بۆ گۆڕینەوەی بە بابەتێکی ئەمڕۆیی و دەرهێنەر لە هەموو بەشەکاندا ئامانجی خۆی ئاشکرا دەکات. لە لکاندنی شتگەلێک بە مێژوویی کۆمۆنە کە پێشتر نەبوونە تا نیشاندانی تلویزیون و بەرپرسانی تلویزیونی لە حاڵکێدا لەو سەردەمەدا تلویزیون هەر نەبووە بە شێوەیەک کە کتووپڕ بینەر هەست دەکا فیلمەکە خەریکە باسی ئەمڕۆ دەکا، پاریسی ئەمڕۆ و



جیهانی ئەمڕۆ.

بۆ ئێمە بینینی ئەم فیلمە سەبارەت بە ئەمڕۆی پاریس یا ڕابردوو نیە، بەڵکوو سەبارەت بە داهاتووی پاریسە، سەبارەت بە ڕۆژانی شۆرش و ئەو کێشانە کە لە شۆرش دا روو ئەدەن، سەبارەت بەو بارودۆخە کە لە کاتی مەترسیدا لە کۆمۆنی پاریس ڕویانداوە و لە داهاتووشدا روو ئەدەن. ڕوونە کە چۆن نەزمی کۆماری سێهەم تەنیا بە قەتلۆعامی چینایەتی لە پاریس هاتە سەرکار و هەر نەزمێکی دیکەی سەرمایەداریش بە قەتلوعامێکی چینایەتی دیکە بە دەسەڵات دەگات. بینینی فیلمی "کۆمۆنی پاریس ١٨٧١" گەڕانەوە بۆ ئەم پرسیارەیە کە دەبێ لە هەر شۆرشێکمان هەبێت: چۆن دەکرێ ڕەوشی شۆرشگێرانە درێژەی پێبدرێ؟ هەروەها لەم فیلمەدا بە نێوبژیکاریی گەڕانەوە بۆ سەر




ئەزموونەکانی کۆمۆن، بیرمان دەچێتە سەر میدیا، پەروەردە، مەسەلەی ژنان و قەوارەکانی ستەم..

کۆمۆنی پاریس یەکەمین ئەزموونی دەستبەسەرداگرتنی شۆرشگێرانەی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن چینی کرێکارەوەیە کە لە ١٨ی مارسی ١٨٧١ تا ٢٨ی مانگی مای (گولان) هەمان ساڵ دەسەڵاتیان لە شاری پاریس گرتە

دەست. کۆمون بە دوای شەریکی دەستەویەخە لە ٢١ تا ٢٨ ی مانگی مای کە بە حەوتووی خوێناویش ناوی دەرکردووە و بوو بە هۆی کۆمەڵکوژیی کۆمۆناردەکان و بەشێکی زۆری خەڵکی پاریس، لە کۆتاییدا رووخا.


کریستین راس لە زاری شایەتحاڵێکەوە حەوتووی خوێناوی ئاوا گێراوەتەوە: کوشتوبڕەکان تەنیا لە باخی لۆگزامبورگ رووی نەدا، ئەوان لە شەقامەکان، لە نێو دالانی ماڵەکان و لە پێش دەرگاکان تەقەیان لە خەڵک دەکرد، خەڵکیان دەلکاندە دیوارەکانە و تیربارانیان دەکردن، قەراخ چۆمی "سن" شایەتی کوشتوبڕی ترسناکی خەڵک بوو. لە ژێر پردی "نف" خەڵکیان بە درێژایی یەک حەوتوو تیرباران دەکرد. دوای نیوەرۆیان نەجیمزادەکان و پیاوماقوڵەکان لە گەڵ ژنەکانیان دەهاتن بۆ تەماشای تیربارانەکان. ژن و مێردە پۆشتەکان بە جۆرێک سەیری ئەو کوشتوبڕ و تیربارانەیان دەکرد دەتگوت هاتوونە بۆ سەیرکردنی نمایشێک. لە گۆشەیەکی قەراخ چۆمی سن کە گەڕەکی پانتئونی لێ بوو، پێنج یا شەش دادگای سەربازی سەرقاڵی کارکردن بوون، کوشتوبڕە بە کۆمەڵییەکان لە باخی لۆکزامبورگ بەرێوەدەچوو، بەڵام ئەوان خەڵکیان لە مونە، لە ئۆبزرواتور، لە زانکۆی یاسا، لە گەڕەکی پانتئونیش دەکوشت. لە کۆلێژدوفرانس ئەو کەسانەی لە لای چەپی دەرگای هاتنە ژوورەوەبوون، دادگایی و حوکمی کوشتنیان دەردەچوو و هەر لەوێ بەڕێوەدەچوو، لە بازاری موبر قەڵاچۆ بەردەوام بوو، شەش دادگای سەربازی لە یەک گەرەکدا کاریان دەکرد، هەرکامیان ژمارەیەکی زۆر حوکمی کووشتنیان دەردەکرد، بە جۆریک بوو کە کوژراوانی لۆکزامبورگ نزیکەی هەزار کەس دەبوون، بە تێپەڕینی کات، قازیگەلی سەختگیرانەتریان دەهێنا و

هەرکامیان تەنها ڕێکخەری کوشتنی خەڵک بوون. دادوەریی هیچ گرینگیەکی نەبوو. لە نزیک کوشتارگاکانی نزیل باخی لۆکزامبورگ، ئێکلون میلیتەر، پارک مونسو، ئێل روکێت، پێرلاشێز، بوت شامون و جێگاکانی دیکە، کوشتارەکان بە بێدەنگی و بە بێ هیچ نمایشێکی سەرکەوتووانە بەڕێوەدەچوو".

بەڵام ئەمە تەنیا ناوەڕۆکی فیلمی "کۆمۆنی پاریس ١٨٧١" نیە کە گرینگی هەیە، شێوازی ئەم بەرهەمەیش گرینگە. ساڵیانێکی زۆر، بەشی پشت کامێرای فیلمی سینەمایی، کورسی دەقخۆر، بڵندگۆی دەستی و کەسێکی زۆر جار کڵاو لەسەر، بە ژێستێکی خودایانەوە، لە ناوەندا بوو. لە نزیک ئەو کەسەوە چەندین فایل بەدەست، گێرانەوەکانیان بە چاودێرییەکی وردەوە دەپشکنی تا هەڵەکان بە خوداکە ڕابگەیێنن و لە کۆتاییدا ئەو ئاخرین نەفەر دەبێت کە بە هۆی ئەو دەسەڵاتە گشتییەی کە هەیەتی، بڕیار لەسەر وردەکارییەکانی کۆتایی بدات. هێشتا ئەم مەنتیقە دەسەڵاتی خۆی بەسەر بەرهەمە ویدیۆیی و بیسراوەییەکاندا دەسەپێنێت. هەوڵی زۆر درا تا لە ڕێگەی ڕابوونی کۆمەڵایەتیی ١٩٦٨ەوە، ئەم وێنەیە لە ناو بچێت بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کەمتر کەسێک هەیە بە ئەندازەی پیتر واتکینز لەم بوارەدا قووڵ بووبێتەوە. لە فیلمی "کۆمۆنی پاریس ١٨٧١" واتکینز، دوای ئەزموونی زۆر، دەگا بە بەرزترین شێوەی سینەمای خۆی. ئەمجارەیان، ئەوە کە بە ناوی فیلمساز لە پێگەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مۆنۆفورم دەردەکەوێت، کە سەرەکیترین تایبەتمەندییەکەی بریتییە لە حیکایەتی لە پێشەوە دیاریکراوی زاڵ بە سەر بەرهەمە میدیاییەکان. لە "کۆمۆنی پاریس ١٨٧١"، سووژەبوونی هەموو ئەکتەرەکان بە فرێدانی خۆیان بۆ نێو کاناڵی بەلەزی مێژوو، جێگەیەکی بەرهەمهێنەرانە، ئەزموون دەکات. واتکینزیش خۆی

یەکێک لە ئاڵقەکانی ئەم زنجیرەیە کە بە هۆی کار، لە نزیکەوە لەگەڵ میدیا و ئەزموونی سانسۆڕ لە لایەن میدیای دەسەلاتدار، رۆلی خۆی لە خەبات دژی ئەم فەزایە و توخمی سەرەکییەکی یانی مۆنۆفۆرم، دەدۆزێتەوە. لە ساڵی ١٩٦٥ و دوای ئەوەی سەرکەوتنی لە فیلمی کالدون *Culloden* بەدەست هێنا، "بی.بی.سی" بەرهەمهێنانی فیلمی دواتری واتکینزی بە ناوی "کایەی شەڕ" *The War Game* وەئەستۆ گرت بەلام سەرەڕای پێشوازی باش لە فیلمەکە لە فستیواڵە سینەماییەکاندا، "بی.بی.سی" بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ نەیهێشت فیلمەکە بۆ خەڵک نمایش بکرێ. دوای ئەم ئەزموونە واتکینز بۆ هەمیشە بەریتانیای بەجێهێشت و فیلمەکانی دیکەی لە ولاتانی دیکە بەرهەم هێنا. لە فیلمی "کۆمۆن" دا سەرەڕای ئەوەی کە فیلمەکە بە وێنەی سەیری دوو کۆمۆنارد لە تەلەویزیۆنی خەیاڵیی کۆمۆنەوە دەست پێدەکا، کە بە میکرۆفۆنەوە خەریکن فەزای فیلمەکە بە خەڵک دەناسێنن، لە کاتی هاتنە ژووریان بۆ ناو ستۆدیۆ، بینەر خودی واتکینز لە بەردەم مانیتۆرێکدا دەبینێت کە خۆی خەریکە سەیری ڕۆڵی خۆی دەکات.

بۆ دەستپێکی کار بە سەردان و بلاوکردنەوەی رێکلام لەو شوێنانەی خەباتی کۆمەلایەتی ئەمرۆی فەرانسەی تێدا بەرێوەدەچێ، لە چالاکوانانی کۆمەلایەتی سیاسی، کە زیاتر




فیلمی: کایەی شەڕ

کۆمۆنیستن، بانگهێشتن دەکات تا لەم ئەزموونەدا بەشداری بکەن. ئەو هەروەها لە دژبەرانی کۆمۆن، کە زۆربەیان لە چینی دەوڵەمەندن، داوا دەکات تا بەشداری لەم پرۆژە بکەن و ڕۆڵی دژبەرانی کۆمۆن لە ساڵی ١٨٧١ بگێڕن. بەشیک لە مێژوونووسانی فەرانسەیی کە بە تایبەتی لە سەر مێژووی کۆمۆن کاریان کردوە، لەم پرۆژەدا بەشداری دەکەن. ڕۆڵی سەرەکی ئەم کەسانە ئەوەیە کە لە پرۆژەکەدا یارمەتی ئەو کەسانە کە ڕۆڵ دەگێڕن بدەن. بەم شێوەیە لە ساڵی ١٩٩٩ لە پاریس و لە کارگای هونەری نمایشی "ئارمان گاتی"، تەمرینی شۆرش دەست پێدەکات. فەزایەک کە لە حەوشەکەیدا، دارێکی ١٢٨ ساڵە وەکوو یادگاری کۆمۆن سەری بۆ ئاسمان هەڵکێشاوە، فەزایەک کە پێش ئەوەی ببێتە لابراتوارێک بۆ وێناکردنی شۆرش، بوو بە مەیدانێک بۆ ئەزموونی شۆرش، شۆرشێکی چەندلایەنە، هەم کۆمەڵایەتی و هەم سینەمایی و میدیایی، گۆڕەپانێک کە بەشداربووەکان تێیدا بکەربوونی کامڵیان ئەزموون دەکرد و هەنگاویان بەرەو رزگاری دەنا.

بەم شێوەیە کە واتکینز سنوورەکانی نێوان ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو تێدەپەڕێنێ، هەروەها سنوورەکانی نێوان ئەکتەر و ڕۆڵگێر و لە کۆتاییدان لەبەینی سینەما و بینەرەکەی، لە مێژوو بۆخۆی تێدپەڕێ و لە ڕابردوو کەڵک وەردەگرێ بۆ خزمەتکردن بە داهاتوو. واتکینز لە گێڕانەوەی سەرراست تێدەپەڕێ و ئیمکان (دەشێ و لوان) لە بەرامبەر چارەنووس دادەنێ، ئیمکانگەڵێکی زۆر کە بە فیلمەکە ئەم تایبەتمەندییە دەبەخشێ کە کۆتاییەکی نەبێ. فیلمەکە ئەو جۆرەی کە بەرهەمهێنەرەکەی دەیهەوێ لە یەک ساعەت و چل و پێنج دەقیقەدا کۆتایی نایەت. ئەوەش دەبێتە هێمایەک بۆ ئەوەی کە بیرۆکەی رزگاری، بیرۆکەی

**بڕوانە لاپەڕەی ٦٤**

# باسێك لە ئەزموونی شوورا کرێکارییەکانی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٩١

نووسینی:
عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

لە گەڵ هەڵگیرسانی شەڕی کەنداوی یەکەم و لاوازبوونی حکومەتی بەعس و دارمانی پایەکانی دەسەڵات بەتایبەتی لە شارەکانی باشووری عێراق، لە کوردستانیش جموجۆڵ پەیدا بوو. لە نێو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان لەو ساڵەدا ١٩٩١ تەنها هێزێک کە بە چڕی خەریکی چالاکی سیاسی و ڕوماڵکردنی بارودۆخەکە بوو بزووتنەوەی چەپ بوو. حیزبە سیاسییە کوردییەکان ئەو کات لە بەرەی کوردستانیدا لە ئێران و سنوورەکان خۆیان کۆکردبۆوە و لە چاوەڕوانی هەر ئەگەرێک بوون تا بتوانن بگەڕێنەوە



کوردستان و چنگیان لە شتێک گیر بێت. بۆیە ئەو لایەنە سیاسییانە و ئەو حیزبە کوردستانیانەی کە دەڵێن ڕاپەڕینمان کرد و هێزی پێشمەرگە شارەکانی کوردستانی گرت جگە لە درۆیەکی گەورە هیچیتر نییە. وەختێ هێزی پێشمەرگە گەیشتەوە، شارەکان بەتەواوی لە هێزەکانی بەعس پاککرابوونەوە. هێزی پێشمەرگە ڕاپەڕینی نەکرد. ئەوەی ڕاپەڕینی ئەنجامدا خەڵکی کوردستان بوو. خەڵک ڕاپەڕی تا ئازاد بێت، تا چیتر نەکوژرێت، تا بگات بەخەونەکانی. بەڵام ئەو بزووتنەوەیە چی بوو وا لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ لەدایک بوو و گەشەی کرد و دواتریش لە ماوەی کەمتر لە مانگێک شوێنەواری نەما؟

هەموو ئەو خەڵکانەی کە لەنزیکەوە لێیان دەڕوانین گومانیان لە دڵسۆزییان نەبوو بەڵام متمانەی پێویست لە ئارادا نەبوو. ئەو خەڵکە نازانم لە یادیان ماوە یان نا، بەڵام دڵنیام کاتێ باس لەوە ئەکەن کە



**ڕێپێوانی شوراکانی شاری هەولێر نەورۆزی ١٩٩١**

چۆن بەرەی کوردستانی لە سنوورەکانەوە هاتەوە و وەک کەڵەگا سواری پشتی ڕاپەڕینی خەڵک بوو، ئاواش لەوانەیە ئەو ژمارە کوڕ و کچە گەنج و ڕۆشنبیر و خوێن گەرم و چوست و چالاکانەیان لەبیر مابێت کە باسیان لەشێوازێکی تری دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا ئەکرد، کە

ئەویش دەسەڵاتی شورایی بوو. ئەگەر بزووتنەوەی شورایی خەمی چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانی بووایە و هەنگاوی جیددی هەڵبهێنایە، دڵنیام جەلال تاڵەبانی لە ساڵی ١٩٩١ نەیدەتوانی بڵێ "شوراکان هیچ نەبوون بڵقی سەر ئاو بوون." ئەوەی بزووتنەوەی شوراکانی دووچاری ئەو چارەنووسە کرد و هۆکارەکانی چیبوون ڕەنگە نە لە توانای مندا بێت و نە لە توانای ئەم کورتە نووسینەشدا بێت بە وردی خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێت، ئەوە لە لایەک و لە لایەکی ترەوە ئەوە ئەرکی سەرجەم هەڵسووڕاوانی شوراکانی ١٩٩١ە بەو کارە هەڵبسن. بەڵام من ئەمەوێت وەک هەڵسوڕاوێکی شورا کرێکارییەکانی ئەو سەردەمە ئەگەر زۆر ڕاگوزارانەش بێت چەند سەرنجێکی کورت لەپاڵ یادەوەریم لەو بزووتنەوە شکۆدارە بنووسم.

لە سەروبەندی ڕاپەڕین بەرجەستەترین ڕێکخراوی سیاسی لە بزووتنەوەی چەپی نوێ لە گۆڕەپانی کوردستان و چالاکترینیان ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بوو. ڕەوتی کۆمۆنیست کاریگەری بەهێزی هەبوو لەسەر ڕێڕەوی بزووتنەوەی چەپی ئەوکات کە زیاتر پەرش و بڵاو و ناڕۆشن بوو. چ لەڕووی تیئۆرییەوە و چ لەرووی پراکتیکەوە تەنها ڕەوتی کۆمۆنیست بوو سیاسەتەکانی ڕۆشن بوو. لەو سەردەمە کۆمیتەکانی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست لەشارەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و دهۆک چالاکانە سەرقاڵی خوێندنەوەی ورد بوون بۆ بارودۆخەکە و دانانی پیلانی تۆکمە و پتەو و جێبەجێکردنیان. سیاسەتی ئەو کاتەی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست ئەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەم شێوەیە چڕ بکەینەوە وەک:

**یەک**: بەدەستهێنانی هەر ئیمکاناتێک بەتایبەتی پەیداکردنی

چەک و ئۆتۆمبێل.

**دوو:** دەستگرتن بەسەر بەڕێوەبەرایەتی باری شارستانی.

**سێ:** دەستگرتن بەسەر بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەی عێراقی.

**چوار:** دەستگرتن بەسەر بەڕێوەبەرایەتی پاسەپۆرت.

**پێنج:** سووتان و تەفروتووناکردنی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش (دائرة الامن).

**شەش:** پێکهێنانی شورا لە شوێنی کار و ژیانی کرێکاران.

**حەوت:** جێبەجێکردن و بەعەمەلی دەرهێنانی بڵاوکراوەی ئەرکە دەستبەجێکان و داواکارییە کرێکارییەکان.

من ئێستا کە بیری لێ ئەکەمەوە پێموایە ڕابەرانی ڕەوتی کۆمۆنیست ئەیانزانی کە هیچ شتێکیان پێناکرێت بۆیە قورسایی تاکتیکەکانیان خستبۆوە سەر پەیداکردنی ئیمکانات. بەهەرحاڵ کە ڕاپەڕین شارەکانی کوردستانی گرتەوە لە ١١ی ئازاری ١٩٩١ هەولێر لە بەعس پاککرایەوە و دامودەزگاکانی بەعس تەفروتونا کران. لێرەدا جێی ئاماژەیە کە ڕەوتی کۆمۆنیست سەرباری چالاکی سیاسی و لەسەر پێی خۆ وەستانی، بەڵام هێشتا بێئەزموونی زاڵ بوو بەسەر ئەندامانی ڕێکخراوەکە و کادیرەکانیدا. بۆیە کادیرە باڵاکانی ڕەوت نەیانتوانی پێشوەخت ئامادەکاری پێویست بکەن بۆ پێشبینییەکانیان. هەرچەندە لە بارودۆخێکی وادا پیلان داڕێژرابوو بەڵام ئەو پیلانانە، پیلان نەبوون بۆ ڕابەرایەتیکردنی چینی کرێکار بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە، ئەوەندەی ئامادەکاری بوو بۆ دەربازبوون لەو قەیران و بارودۆخە. کە ڕاپەڕین دەستی پێکرد کادیرەکانی ڕەوت هەریەکە لە قوڵێک و بە تەنها و دوو دوو و سێ سێ خەریکی پیادەکردنی سیاسەتەکانی ڕەوتی کۆمۆنیست و بنەماکانی

بڵاوکراوەی" ئەرکە دەستبەجێکان و داواکارییە کرێکارییەکان" بوون، کە لە ١٦ ی کانوونی دووەمی ١٩٩١ بڵاو کرایەوە. ئەم بێئەزموونییە بە بڕوای من کاریگەری جیددی هەبوو بەسەر ژیان و چارەنووسی نەک هەر ڕێکخراوەکە بە تەنها، بەڵکو بەسەر داهاتووی کۆمەڵگەش.

ئەگەر ئێمەی هەڵسوڕاوانی ئەو کاتی بزووتنەوەی شوراکان بە ئەزموون بووینایە لە بواری بەڕێوەبردن و چەکداری و خاوەن سیاسەتێکی ڕۆشن بووینایە لە بوارە کۆمەڵایەتییەکان ئەوا لەوانەبوو ڕەوڕەوەی کۆمەڵگا بەرەو جێگایەکی تر بچووبایە.

ڕۆژی یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٩١ هەولێر ئازادکرا و من لەسەعات هەشتی سبەینێ برینداربووم. هەر زوو بۆ ئێوارەکەی بەڕێز کادیری ڕەوتی کۆمۆنیست



**ڕێپێوانی شوراکانی شاری هەولێر نەورۆزی ١٩٩١**

هاوڕێ ئەکرەم مەحموود سەردانیکردم و پێی ڕاگەیاندم کە ناوەندی ڕەوت بڕیاریداوە کار بۆ دروستکردنی شورا کرێکارییەکان بکات. ئەوەبوو دوای دوو سێ ڕۆژ لەگەڵ هاوڕێیان سەمیر نووری و جەماڵ کۆشش کۆبووینەوە. هاوڕێ سەمیر نووری بڕیارەکانی ناوەندی ڕەوتی کۆمۆنیستی پێداین کە جەماڵ کۆشش ببێ

بەلێپرسراوی مەقەڕی ڕەوتی کۆمۆنیست لە هەولێر و من و هاوڕێ سەمیر نووری و ئەوانی تریش سیاسەتەکانی ڕێکخستن پەرە پێبدەین و تواناکانمان بۆ دروستکردنی شوراکان بخەینە گەڕ. ڕۆژی ١٢ ی ئازاری ١٩٩١مەڵبەندی شورا کرێکارییەکان هێشتا دانەمەزرابوو، ئەوە بوو سەردانێکی کارگەی دەواجنی هەولێر و کارگەی نەسیجمان کرد. من لە لایەن ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە ڕاسپێردرام کە شورای کارگەی نەسیج دابمەزرێنم. منیش تەواوی ڕێکخستەکانی کارگەی نەسیج و لایەنگرانم خستە گەڕ بۆ پێکهێنانی شورای کارگەی نەسیج.

## چۆنیەتی دروستکردنی شورای کارگەی نەسیج

سالی ١٩٩١ من زیاتر لە سێ ساڵ ئەبوو لە خانووەکانی کارگەی نەسیج ئەژیام. لەبەرئەوەی (دایکی ئالا) کرێکاری ئەو گارگەیە بوو. ئیتر ئەمە بواری بۆ من و ڕەوتی کۆمۆنیستیش خۆشکردبوو تا بەئاسانی بتوانین سیاسەتەکانی ڕەوت و بلاوکراوەکانی ئەوسا لەچەشنی "بۆ پێشەوە" و "پرۆلیتاریا" و "الی الامام" و نووسراوەکانی تریش لەناو کرێکارانی ئەو کارگەیە بلاو بکەینەوە. دایکی ئالا و خەرامانخان (تاڤگە ئیبراهیم) و بەیان خان و کاک عوسمانی برای بەیان، زولەیخا، کلیلی بردنە پێشەوەی سیاسەتەکانی ڕەوتی کۆمۆنیست بوون لەو کارگەیە. دوای چەند ڕۆژێک لە ڕاپەڕین کە من بەداخەوە مێژووەکەم لەیاد نەماوە بەلام ئەزانم پێش نەورۆز بوو، لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا بە بەشداری ژمارەیەک لە کرێکارانی کارگەی نەسیج و خێزانەکانیان و بە ئامادەبوونی هەڵسوڕاوانی مەڵبەندی شورا کرێکارییەکان لە حەوشەی قوتابخانەی سەرەتایی خانووەکانی نەسیج، شورای نەسیچ دامەزرا وئەوەندەی لە یادم



***هەڵسوڕاوانی شورا کرێکاریی و شورای خەڵک لە بەردەم باڵەخانەی پارێزگای هەولێر لە ٢١ی ئازاری ١٩٩١***

بێت هەر یەک لە دایکی ئاڵا و تاڤگە ئیبراهیم و نەزمیە عەلی و فەوزیە و ڕوقیەخان و مام سابیر و عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) و غەنی و زۆری تر بووین بە ئەندامی هەڵبژێردراوی شورای نەسیج. لەو کۆبوونەوەیە کاک کاروان عومەر کاکەسوور شیعرێکی "مامەناڵە"ی شاعیری خوێندەوە کەپێموابێ ئاوا دەستی

پێدەکرد:

لە گەردوونی ژینی منا
هەموو شتێک لە کۆتایی و تەواو بوونە
بیرکردنەوە و عەشق نەبێ
ئەو کاتانەی کە ڕقیشم لە بۆرژواکان
هەڵئەستێ
ئەو ڕقەم وەک کیژێکی جوان لا شیرینە و
خۆشم ئەوێ... تاد

هەر بۆ یادگاری ئەو ڕۆژە من بەدار شەقە ڕێم ئەکرد و شیعرێک (سروودێک)م نووسیبوو بەناوی "شەپۆلی دەریا" و داوام کرد بیخوێنمەوە. هاوڕێیانی ئەوکاتی مەڵبەندی شورا کرێکارییەکان شیعرەکەیان دایە دەست کاک کاروان عومەر کاکەسوور، ئەویش بە بیانووی درێژی شیعرەکە ڕێگەی نەدا ئەو شیعرە بخوێنرێتەوە کە دواتر لەلایەن هونەرمەند کاک "کامەران عەبدولڕەحمان" کرایە سروود و بووە جێگای ڕەزامەندی خەڵکانێکی زۆر. ئەم شورایە لە زۆر لاوە "بەرەی کوردستانی" ئەوکات دژایەتی ئەکرد و ئەندام و لایەنگرانی خۆیان ئاگادار ئەکردەوە بەشداریمان لە گەڵ نەکەن و تەنانەت ناو و ناتۆرەی قۆڕیان بۆ هەڵئەبەستین لە چەشنی کۆنە بەعسی و تابووری پێنجەم و کافر و بێئەخلاق و ... تاد. ئێمە بەیاننامەی دامەزراندنی شورای نەسیجمان بڵاو کردەوە و تەنانەت ئاهەنگی یەکی ئایاری ١٩٩٢ دوای ئاوارەیی و سووتانی من، هەر لەناو خانووەکانی نەسیج ساز کرد. ئێمە هەوڵمان ئەدا کرێکاران لە دەوری سیاسەتەکانی ڕەوت ڕێکبخەین چونکە پێمان وابوو ئەو سیاسەتانەی ڕەوت گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی کرێکاران دەکات. تەمەنی شورای کارگەی نەسیج وەک باقی شوراکانی تری کوردستان تەنها دوو هەفتە بوو. داخوازییەکانی شورای نەسیج ئەوەندەی بێنەوە بیرم ئەمانە هەندێکیان:

١- دەرکردنی بەڕێوەبەری کارگەی نەسیج شێخ زیاد.

٢- بەڕێوەبردنی کارگە لە لایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی شورای نەسیجەوە.

٣- وەگەڕخستنەوەی دەستبەجێی کارگە و بەرهەمهێنان.

٤- بەهرەمەندبوونی کرێکاران لە قوماش.

٥- زیادکردنی حەوافز و



***تاڤگە ئیبراهیم و تەها قەڵادزەیی ، تەها قەڵادزەیی عەریف حەفلەیە. تاڤگە ئیبراهیم لەکاتی خوێندنەوەی وتاری یەکی ئایاری کارگەی نەسیج لە ئایاری ١٩٩٢***

هەقدەست.

٦- دیاریکردنی کرێ بەپێی بژێوی خێزانێکی پێنج کەسی.

٧- سی و پێنج سەعات کار لە هەفتە و دوو ڕۆژ پشووی لەسەر یەک.

٨- هەوڵدان بۆ باشترکردنی شوێنی کار و دابینکردنی دایەنگە و باخچەی ساوایان.

٩- چەندین داواکاری تر کە لەڕاستیدا من لەبیرم نەماون.

هەرچی شێخ زیاد و کۆنە ڕەفیق حیزبییەکانی بەعس بوون، ناسنامەیان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان یان یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە بۆ کرابوو. وەک نە بایان دیبێ و نە باران بەو ناوە ئەسووڕانەوە. کۆنە ڕەفیق حیزبییەکان تەنها جلەکانیان ببووە جلی کوردی ئەگینا هەمان چەکی سەدامیان لە شان بوو. لایەنگرانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و

پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەردەوام خەریکی ئەوە بوون شکاتیان لە شورای کارگەی نەسیج ئەکرد. هەر بۆ یادگاریش یەکێک لەو شکاتانە درابووە کۆمیتەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە گەڕەکی (حی عەسکەری) ئەوسا و گەڕەکی نەورۆزی ئێستا. لە ڕێگەی ناسیاوێکمەوە بۆم باسکرا کە تێیدا هاتبوو "ئەو عەبدوڵا سلێمانە کۆمەڵێ کرێکاری کارگەی نەسیجی داوەتە دوای خۆی و بە ئارەزووی خۆی دێتە ناو کارگەوە و کۆبوونەوە بە کرێکار ئەکات."

## مەڵبەندی شورا کرێکارییەکان

ئەم مەڵبەندە لە کۆمەڵێ هەڵسوراوی چەپ پێکهاتبوون کە هاوڕێ سەمیر نووری چالاکێکی بەرجەستەی ئەو مەڵبەندە بوو. لێرەدا ئەمەوێ ئەو ڕاستییە بڵێم کە من بە حوکمی ئەوەی کادیری پێشکەوتووی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بووم و ئەندام کۆمیتەی شاری کەرکووک و هەولێر بووم، بۆیە زۆر بۆم مەبەست نەبوو دەربکەوم و خەڵک بناسم و بمناسن، ئەگەرچی ئەو تێڕوانینە سەرتاپا نادروست بوو بەڵام پەیرەوم کرد. لەبەر ئەم هۆیە تێکەڵی چەپەکانی ئەو کات نەبووم لە مەڵبەند. بۆیە نازانم بە دروست چەند کەس لەوێ بوون و چالاکییان دەنواند بەڵام ئەزانم کە بەڕێزان گۆران عەبدوڵا و عەبدولڕەحمان مەولود و کاروان عومەر کاکەسوور و سەمیر نووری و ئەکرەم مەحموود و ئاسۆ حامیدی و هیوا سلێمان و ئازاد ئارمان و شێروان مەولود و فەیسەڵ عەزیز و سەردار حەمید و دکتۆر پشتیوان عەبدوڵا و کاک وشیاری لێبوون. ئەرکی ئەم مەڵبەندە کۆکردنەوەی کرێکارانی وشیار و ڕابەرانی عەمەلی کرێکاران بوو. هەروەها هەوڵی دەدا شورا لە کارگەکان دروست بکات.

# نەورۆز و شوراکان لە هەولێر

مەڵبەندی شورا کرێکارییەکان لە سەر داخوازی ساجیدە خان ڕابەرێکی کرێکاریی کارگەی جگەرەی هەولێر بوو. لە نەورۆزی ساڵی ١٩٩١ هاوتا لە گەڵ ڕابەرانی "شواراکانی خەڵک" کۆبوونەوەیەکی گەورەیان لە بەردەم باڵەخانەی پارێزگای هەولێر سازدا. لەو کۆبوونەوەیە گەلێ وتار و شیعری حەماسی خوێنرانەوە. دواتریش ڕێپێوانێکی شکۆمەند سازکرا و ئەو ڕێپیوانە بە ناو شاری هەولێر کەوتە جووڵە. وەک باسم کرد من بریندار بووم بۆیە هاوڕییانی شورا لە ڕاپەڕینەکەدا سەیارەیەکی تۆیۆتای "ڕەفیق حیزبییەکیان" گرتبوو و بەدەستمانەوە بوو. من سواری ئەو سەیارەیە بووم و لەپێشەوە دانیشتم. جا بەحوکمی ئەوەی ئەوکات لەبەر دەستکورتی لە ڕادەبەدەرم کۆنە جەمادانییەکی سوورم چنگ کەوتبوو و لە سەرم نابوو. کە ڕێپێوانەکە گەیشتە تەنیشت قەڵای شاری هەولێر فەرماندەیەکی سەربازی و کۆمەڵێ پلەداری نزمی لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان هاتن بۆ ناو ڕێپێوانەکە و یەکێک لە پلەدارە نزمەکان کە وابزانم ملازم بوو وێنەیەکی مەلا مستەفای بەرز کردبۆوە و لەپێش سەیارەکەوە ئەڕۆیشت. سەربازە پلەدارە گەورەکەش لە تەنیشت منەوە و بە پێیان دەستی بە دەرگای سەیارەکە گرتبوو و منی دەپاراست و ئەو دروشمەیان لە گەڵ خۆپیشاندەران دەگوتەوە "نەپۆلیس نە کیمیایی، حکومەتی شورایی". دیارە بە عەقڵی ئەو بەڕێزانە مادام جەمەدانی سوورم لەسەرە ئەبێ من پارتی بم، بەڵام پاش ماوەیەک حاڵی بوون کە ئەوەی ئەوان تێیگەیشتوون وا نییە و ئەوسا ون بوون. خۆپیشاندەران ڕۆیشتن تا گەیشتنە مەڵبەندی شورا کرێکارییەکان کە بارەگاکەی لە قوتابخانەیەک لە تەنیشت سینەما سیروان و لەوێ ئاهەنگ سازکرا و

گەلێ وتار و شیعر خوێنرانەوە و لەوێدا من شیعری "بانگ"م خوێندەوە.

## بانگ

لەوەتەی هەم..
پێم دەڵێن نەزان و گەمژە!
پێم دەڵێن شایانی حوکم و دەسەڵات نیت!
"هەروابوە و هەرواش دەبێ
دەسەڵا و حوکم کردن.
پیشەی زانا و گەورە پیاوە
کەی دەگونجێ..
بۆرە پیاوێ..
گێل و گەمژە حوکم بکات ؟"!
*
ئەی بروسکەی ڕاچەنین و ڕاپەرین..
من بووم بارانی هەستانم
بە سەر ورد و شۆمی ژیانا باراند و
خۆزگەی دڵم نا بە سنگی ئازادییەوە.
دونیا .. بەرهەمی دەست ڕەنجمە
لە وەتەی هەم .. ئەم دونیایە
بەرینتر و..
جوانتر دەکەم.
خۆیشم ڕۆژ دوای ڕۆژ
پتر بە ناخی مردندا ڕۆ دەچم.
من پیسترین دڕندەی سەردەمم تۆقان.
چۆن ناتوانم ..دەسەڵات وەرێبخەم.
هەم ئازادی و.. هەم یەکسانی
تاج بن بۆ سەر سەری ئینسان.
*
ئەو کرێکارەم ..کە دوژمنانم بۆرە پیاوم
پێ دەڵێن
پڕ بە پڕی زەوی و ئاسمان
تامەزرۆی دونیای یەکسانم
بۆ ئەو ڕۆژە لە ئێستاوە
شورای خۆم دادەمەزرێنم.
بناغەی دەسەڵاتی خۆم
دەسەڵاتی حکومەتی کرێکاری
هەر ئێستاکە پێک دەهێنم
دەسا دەستان دەنە دەستم
بۆ شورایەک...
بێتە دی خەوی سەد ساڵە.
بن برتر کەین ئەو ژیانەی
چەشنی گوژاڵکی تەڕ تاڵە.

١٩ ی ئازاری ١٩٩١

دیارە تەمەنی مەڵبەندی شورا کرێکارییەکان لە گەڵ هاتن و هێرشی سوپای دڕندەی بەعس و داگیرکردنەوەی شارەکان کۆتایی هات. لە سێ هەفتەی ئازادبوونی




***تاڤگە ئیبراهیم لە کاتی پێشکەشکردنی وتاری یەکی ئایار ساڵی ١٩٩٢***

شاری هەولێر جوانترین شت بەلای منەوە ئەو ئازادییە ڕاستەقینەیە بوو کە لە ژیانمدا ئەزموونم نەکردبوو. ئەو ئازادییە بۆ ئێمە گەلێ مانای لەخۆ هەڵگرتبوو. بۆ یەکەمینجار هەستکردن بوو بە خود و بەهای خود. هەستکردن بوو بە جووڵەی شار و تێکچڕژانە سەیر و سەمەرەکانی ناو هەناوی کۆمەڵگە، دەربڕینی بێ سانسۆری ناخ بوو، دواجار ئازادی ئەو تەزووە

شادیهێنەرە بوو کە کۆمەڵگەی ڕاچڵەکاند.

لەو سێ هەفتەیەدا شورا کرێکارییەکان لە دوو ململانێی گەورەدا بوون.

**یەک**- ململانێ لەگەڵ برادەرانی "شورای خەڵک". جیاوازی تاکتیکەکانی نێوان ئەو دوو مەیلە بووە هۆی ناتەبایی و نابەهرەمەند بوونی ئەو بزووتنەوەیە لە تاک ڕیزی.

**دوو**- ململانێ لەگەڵ بەرەی کوردستانی و حیزبە کۆنەپەرستەکانی.

ئەم دوو ململانێیە لەو سێ هەفتەیەی ئازادیدا کاریگەری زۆریان دانا لەسەر ئەنجام نەدان و جێبەجێنەکردنی کۆمەڵێ ئامانج کە ئەبوو دەستیان بۆ ببردرایە وەک:

١- پێکهێنانی هێزی سەربازی بزووتنەوەی شورایی لە دەرەوەی بنکەی شوراکان لە چەشنی سوپای سووری سۆڤییەت.

٢- هەوڵدان بۆ دانانی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی شوراکان کە کاریگەری زۆری دەبوو لە سەر بردنە پێشەوەی بزووتنەوەی شوراکان.

٣- پێکهێنانی لیژنە و کۆمیتەی تایبەت بۆ بەدەستهێنانی ئیمکاناتی دارایی بەتایبەتی ئەو کاتانە ئەتوانرا سوود لە پاشماوەی کەلوپەلی بەجێماوی ڕژێمی بەعس وەربگیرایە. چونکە بزووتنەوەی شورایی زۆر دەستکورت و هەژار بوو لە بوارەکانی دارایی و لۆجستی و سەربازییەوە.

٤- دەستبردن بۆ کۆمەڵێ ئامرازی حکومەتکردن لە چەشنی سازدانەوەی دەوامی قوتابخانەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان و بە کورتی خۆ بەخاوەن کۆمەڵگە زانین و دەستبردن بۆ حکومەتکردن، وەک چۆن بەرەی کوردستانی دەستی بۆ برد.

لێرەوە ئەبینین بزووتنەوەی شورایی وەک بزووتنەوەیەکی

ڕادیکاڵ بەڵام بێئەزموون ئەیڕوانییە بارودۆخەکە. مەڵبەندی شورا کرێکارییەکان چاویان لەڕێنوێنییەکانی ئەو ڕابەرانەی ڕەوتی کۆمۆنیست بوو کە لە ژوورەکانیان نەئەهاتنە دەرەوە تا نەناسرێن! بۆیە بە بڕوای من ئەم تێگەیشتنەی ڕابەرانی ڕەوتی کۆمۆنیست بۆ بارودۆخەکە کاریگەری سلبی دانا لە سەر هەنگاوە عەمەلییەکانی ئەو بزووتنەوەیە.

لێرەدا ئەمەوێت بۆچوونی خۆم سەبارەت بەو بارودۆخەی ئەوسا و بزووتنەوەی شوراکان بەم شێوەیە کورت بکەمەوە:

**یەک**: ڕەوتی نەتەوەیی کورد و حیزبە سیاسییەکان بە تایبەتیش



***دیمەنێک لە جەماوەری کرێکاری کارگەی نەسیج لە مەراسیمی یەکی ئایاری ساڵی ١٩٩٢ کە شورای کارگەی نەسیج بەڕێوەی برد و سازیدا.***

یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ دەور و نەخشێکیان لە ڕاپەڕین نەبووە، جگە لە ڕادیۆکەیان. ڕاپەڕین، خەڵکی کوردستان ئەنجامیدا و هەر ئەوان خاوەنین. ئیتر منەتکردنی ڕاپەڕین و ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە لەو ڕاپەڕینە جگە لە درۆهەڵبەستنی حیزبە سیاسییەکانی ناسیونالیزمی کوردی هیچی تر نین.

**دوو:** بزووتنەوەی چەپی ئەو کات و ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست ناشارەزا و بێئەزموون بوون لە بوارەکانی بەڕێوەبردن و بەرەنگاربوونەوە و بردنەوەی ململانێکان لە گەڵ حیزبە کوردییەکان بە قازانجی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان.

**سێ:** بزووتنەوەی شورایی ئاسۆیەکی ڕۆشنی نەبوو بۆ هەڵسووڕان و خوێندنەوەی دروستی بارودۆخەکە و ناپارسەنگی هێزەکان و گەلێ شتیتر. واتە ئەو بزووتنەوەیە هەم لە ڕووی تیئۆرییەوە و هەم لە ڕووی پراکتیکەوە هەژار بوو. سەرچاوەی تیئۆری ئەسڵی ڕابەرانی شوراکان و چەپ بریتی بوو لە تێگەیشتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کادیرە نەشارەزاکانی وەک مزەفەری مەحەمەدی و ڕەحمانی حوسێنزادە کە بچووکترین ڕۆڵیان نەگێڕا لە لێکهەڵپێکرانی "شوراکانی خەڵک و گەڕەکەکان" و "شورا کرێکارییەکان". لە بری ئەوە بۆشایی نێوان ئەو دوو جۆرە لە مۆدیلی شورایی گەورەتر بووەوە. ئەمەش کاریگەری هەبوو لە لاوازی ململانێ لە گەڵ بەرەی کوردستانی و بزووتنەوە ئیسلامییەکان بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات.

**چوار:** هەوڵی ڕێکخراوە چەپەکانی ئەوسا و بەتایبەتی ڕەوتی کۆمۆنیست ئەوە بوو کە کرێکاران لە دەوری سیاسەتەکانی خۆیان کۆببنەوە، ئەمەش

نارۆشنییەک بوو لە ئاسۆی ڕێکخراوبوونی ئەو بزووتنەوە کۆمۆنیستە بێئەزموونە. کرێکاران دەبوایە لە دەوری بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕێکبخرێن نەک لایەنێکی سیاسی.

**پێنج**: شوراکان وەک ئەلتەرناتیڤی چەپ باسدەکرا بۆ دەسەڵات. بەڵام ڕابەرانی ڕەوتی کۆمۆنیست جگە لە هاوڕێ سەمیر نوری تەنها بۆ یەکجاریش بۆ مێژووش زەحمەتی ئەوەیان نەخستە بەر خۆیان بێن سەردانی مەڵبەندی شورا کرێکارییەکان و شوراکانی خەڵک بکەن یان ئێمەی کادیرەکان ببینن و بەئاشکرا بێنە ناو جەماوەری کرێکار. ئەم ترس و سڵەمینەوەیە لە سەرکوتی داهاتوو سەرباری بێئەزموونی، ناشەهامەت بوونیش بوو.

**شەش**: نائامادەیی خەڵکی کوردستان لە قەبوڵکردنی ئەو شێوازە تازەیەی دەسەڵات چونکە بزووتنەوەی چەپ خۆی بزووتنەوەیەکی گەنجی تەمەن کەمتر لە بیست ساڵ بوو.

**حەوت**: چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان لە خۆیان زۆر لە ئاستێکی نزم بوو. خەڵکی کوردستان لە ئەنجامی چەوسانەوەی چەندین ساڵەیان بە دەستی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق تووشی نائومێدییەکی گەورە ببوون و کلتووری بێدەسەڵاتی بە ئاشکرا بە سەریاندا زاڵ ببوو، بۆیە چاویان لە لایەنە سیاسییەکان بوو شتێکیان بۆ بکەن نەک خۆیان شتێک بۆ خۆیان بکەن. بزووتنەوەی شورایی ئەیویست ئەو تێڕوانینەیان لە نێودا زاڵ بکات کە خەڵکی کوردستان ئەتوانن خۆیان خۆیان بەڕێوە بەرن. ئەم خاڵە بە بۆچوونی من زۆر جێگای وردبوونەوەیە و هۆکارێکیشە کە وای کرد بزووتنەوەی شورایی نەبێتە جێگای ئومێد و پشت پێبەستنی زۆربەی هەرە زۆری خەڵک. دیارە کە ئەمە ئەڵێم بە ئیزافەی لەبەرچاوگرتنی مەیلی ناسیونالیزم کە دونیای

بیرکردنەوەی بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستانی تەنیبوو.

**هەشت:** بزووتنەوەی شورایی کوردستان موڵکی هیچ حیزب و لایەنێک نییە. ئەوە ڕاستە کە کادیرانی ڕیکخراوە کۆمۆنیستەکان ڕۆڵیان گێڕاوە لەو بزووتنەوەیە بەڵام ئەوە بەشداربووانی عەمەلی بزووتنەوەی شوراییین کە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو بزووتنەوەیەن.

**نۆ:** نادیموکراسی و میتۆدی یەکتر قەبوڵنەکردن و ڕەتکردنەوەی بەرانبەر خۆی بەشێکن لە پرۆسەی تەسفیەکردنی سیاسی کادیرە بەرجەستەکانی ڕابردوو کە بە ئەنقەست ئێستاش پەیرەو دەکرێت. ئەم عەقڵییەتە و میتۆدە ئاو لە سەرچاوەکەی، کە مەحفەلیزمی وردەبۆرژوازی ناکرێکارییە، ئەخواتەوە. من ئێستاش سەیرم پێدێت کە دوای ئەو هەموو ساڵە و دوای ئەو هەموو ئەزموونی دەرەوەی وڵات و فێربوونی زمان و ئاشنابوون بە سیستەمە دیموکراسییەکەی خۆرئاوا، کەچی شێوازی بیرکردنەوەی هەندێ کادیری ئەو حیزبانە هێشتا لە ساڵەکانی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودان و بە میتۆدی ئەو سەردەمەوە ئیش ئەکەن. بۆ نموونە کە لە نووسینێکدا بەناچاری ناوت ئەهێنن بە بێ بەکارهێنانی هیچ پێشگرێکی وەک "کاک، بەڕێز، هاوڕێ" ناوت دەبەن تەنها بۆ سڕینەوەی ڕابردووت و شاردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریت. ئەم کۆمیدیایە لە گەڵ ئەو بزووتنەوەی چەپە جمکەن و بێ یەکتر هەڵناکەن و ناژێن. لە لایەکی تریشەوە هێڵی ڕاست و چەپ هێنان بەسەر ڕابەرانی جەماوەری و هەڵسوڕاوانی دوێنێی خەباتی سیاسی و جەماوەریی لە کوردستان هەر بەو بیانووەی کە ئێستا ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست نین یان سیاسەتەکانی ئەو حیزبەیان پێ ڕاست نییە، خۆی لە بنچینەدا دەرهاویشتەی عەقڵییەتێکی دواکەوتووانە و

بڕوانە لاپەڕەی ٣٦

# گوستاو کوربێ

# تابلۆکێشی کۆمۆنارد

سلیمان قاسمیانی

گوستاو کوربێ Gustave Courbet ١٨١٩ لە "ئۆرنان" لە فەرانسە لە بنەماڵەیەکی دروستکەری شەراب لە دایک بوو و ساڵی ١٨٧٦ لە تاراوگە لە وڵاتی سوئیس Schweiz کۆچی دوایی کرد.

کوربێ ساڵی ١٨٣٩ لە پاریس نیشتەجێ بوو و لە سەرەتا سەردانی چەن مەدرەسەی هونەریی کرد بەڵام لە کۆتایی دا خۆی دەستی کرد بە بردنە سەری شارەزایی و توانایییەکانی خۆی لە مەیدانی هونەردا بە لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانی کۆنە ماموستاکانی تاقمی لۆورێن Louvren . کوربێ لە پاریس لە گەڵ فەیلەسوفی ئانارشیستی فەرانسی، پرۆدۆن ئاشنا دەبێ کە ئەم ئاشنایییە کاریگەرییەکی زۆری دەبێ لە سەر ژیان و بۆچوونی سیاسی ئەو.

کۆربێ تابلۆکێشێکی ناودار و پێشرەو بوو و وەکوو باوکی رئالیسم لە تابلۆکێشان دا ناوی دەبرێ. بۆچوونی رادیکالی کۆربێ نە تەنیا لە سیاسەتدا بەلکوو خۆی لە کاری هونەرییەکەشی دا پیشان دا و بوو بە هۆی پێشکەشکردنی تیوری هونەری تایبەت بە خۆی واتە رێئالیسمی هونەریی.

بۆچوونی کوربێ سەبارەت بە رێئالیسم بە تایبەتی کاریگەریی

خستە سەر هەڵبژاردنی بابەت بۆ تابلۆکانی. ئەو دەیەویست ژیانی ئاسایی ڕۆژانە لە بەرهەمەکانیدا بژیێنێتەوە، بێ ڕازاندنەوە و بێ ساختەگەریی. کوربێ پێی وابوو کە "ڕاستەقینە، جوانییە".

گوستاو کوربێ یەکێک لە هەڵسووڕاوان و ڕابەرانی ڕادیکالی ڕاپەڕینی کۆمۆنی پاریس بوو. دوای ئەوەی کە ڕاپەڕینی کۆمۆنی پاریس لە ١٨ مارس دا سەرکەوت، بە پێشنیاری کوربێ ڕۆژی ١٢ی ئەپریل، ئەستوونی "واندۆم" کە سیمبۆلی نەتەوەگەریی و سەرکوتگەریی ئیمپراتۆریەتی فەرانسی بوو، ڕۆخێنرا. ئەو ئەستوونە بە پەیکەرەیەک لە سەری، لەو تۆپە توێنراوانە دروستکرابوو کە ناپۆلیئۆن لە شەڕە داگیرکەرانەکانی خویدا، لە ولاتانی تیکشکاو، دەستی بەسەرداگرتبوون.

کوربێ هەروەها شانبەشانی ئۆژێن پوتییە لە دامەزرێنەرانی فیدراسیۆنی هونەرمەندان بوو لە پاریس کە مانیفێستەکەیان لەم ژمارەی هانا دا بڵاو بۆتەوە.

کۆربێ دوای تێکشانی کۆمۆنی پاریس، ناچار بوو فەرانسە بەجێ بێڵێ و تا کۆچی هەمیشەیی لە سویس بمێنێتەوە.


هەندێک لە تابلۆ بەناوبانگەکانی کوربێ بریتین لە: بەردشکێنەکان، سەرچاوەی ژیان (تابلۆی ئەندامی جنسی ژنە)، بە خاکسپاردنی ئورنان، شەپۆل...

## تێبینی:

* سەرچاوەی ئەم نووسینە "ویکیپیدیا"یە.

* بۆ دیتنی بەرهەمەکانی گوستاو کوربێ لە سەر ئینتێرنیت ئەتوانن لەم لینکە کەڵک وەرگرن:

https://sv.wikipedia.org/wiki/Lista_%C٣%B٦ver_ verk_ av_ Gustave_Courbet



گوستاو کوربێ
بە قەڵەمی خۆی



کرێکاری بەردشکێن



گەنم بێژنگکەر




پرۆدۆن و منداڵەکانی



هەڵدێرێک لە ئیترێتا



منداڵەکانی ماسیگرەکە



ڕێوی لە بەفردا



شەپۆل



چەقۆتیژکەر




رەشنووسێک لە سەر پیاوی خەولێکەوتوو

# چەند وشەیەك لە بارەی ڕاپەڕین و شۆراكانەوە

كاروان عومەر كاكەسوور

*ئەم نووسینە، نامەیەكە كە نووسەر بۆ عەبدوڵا سلێمان "مەشخەڵ"ی شاعیری نووسیوە.*

---

لە سایتی دەنگەکان بابەتێکت لەژێر ناونیشانی (لە یادی بیست ساڵەی ڕاپەڕین... ئاوڕێک لە بزووتنەوەی شوورایی)دا بڵاو کردووەتەوە، کە منیش بە پێویستم زانی هەر لەو بارەیەوە سەرنجی خۆمت بۆ بنووسم و چەند پەرەگرافێکی بۆ زیاد بکەم.

سەرەتا دەبێت بڵێم کاتێکی زۆر گونجاوت بۆ نووسینی ئەو بابەتە هەڵبژاردووە، بەوەی لە ڕۆژگارێکدایە، کە نارەزاییی جەماوەر لە دژی ناعەدالەتی و نایەکسانی زۆربەی شارەکانی باشووری کوردستانی گرتووەتەوە، بۆیە باسکردن لە ئەزموونەکانی ڕاپەڕینی بەهاری نەوەدویەک بۆ نەوەکانی ئەمڕۆ زۆر پێویستە. هەر بۆ زانینت منیش لەم چەند ڕۆژەی پێشوو وەک بە (گۆران عەبدوڵلا)ی هاوڕێشمم گوتووە باسێکم لەم بارەیەوە ئامادە کردووە، بەڵام تەواوم نەکردووە و بۆ ساڵی ئاییندەی هەڵدەگرم.

لە شوێنێکی وتارەکەتدا باس لەوە دەکەیت، کە لە کاتی دروستکردنی شۆرای کرێکارانی کارگەی نەسیجدا من ڕێگر بووم لەوەی شیعرێکی تۆ بخوێنرێتەوە، گوایە شیعرەکە درێژ بووە. ڕاستییەکەی ئەمەم لە بیر نییە،

بەڵام باوەڕ دەکەم، چونکە ئەوسا تێڕوانینێکی زۆر تەسکم بۆ مانای ئازادی هەبوو، کە دواتر ویستم بە هەموو شێوەیەک بە خۆمدا بچمەوە و تا لە توانامدایە ئەو ڕوانینەم بگۆڕم. زۆر لەو هاوڕێیانەم ئاگادارن، کە هەر لەگەڵ گەیشتنم بە ئەڵمانیا، ڕەخنەی توندم لە ڕوانین و هەڵسوکەوتی خۆم بە تایبەتی و هیی هاوڕێیان بە گشتی گرتووە. ئەو پرۆسێسەیش ئاسان نەبوو، بەڵکوو ماوەیەکی درێژی ویست، تاکوو توانیم خۆم لە بەشێکی زۆری ئەو تێگەیشتنە ڕزگار بکەم. ئەو پرۆسێسە لای من هەر بەردەوامە و درێژەیشی دەبێت. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا هەر پێوەندییەکی کۆنم لەگەڵ هاوڕێیانم نوێ کردبێتەوە، پێش هەموو شتێک ڕەخنەم لە خۆم گرتووە و داوای بوردنم کردووە. ئەگەرچی لەگەڵ تۆیش پێوەندییەکی زۆر دۆستانەم هەیە، بەڵام ئەو پێوەندییە زیاتر سیمایەکی ئەدەبییانەی هەبووە. بە مانایەکی تر، تۆ وەکوو شاعیر و وەرگێڕێک و من وەکوو نووسەری ئەدەبی گێڕانەوە باسەکانمان تایبەت بوون بە ئەدەب. ئێستایش دەرفەتێکی باشە، تاکوو داوای بوردنت لێ بکەم. هەروەها داوای بوردن لە هەر هاوڕێیەکی تر دەکەم، کە بە هۆی جیاوازیی بۆچوون و ڕوانینەوە بە چاکی هەڵسوکەوتم لەگەڵدا نەکردووە. مادام باس لە شۆرای کرێکارانی نەسیجە، با یەک هەڵەی بچووکیش ڕاست بکەمەوە، کە ئەوەی من لەوێ خوێندمەوە، شیعر نەبوو، بەڵکوو باسێک بوو، کە لەبارەی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە ئامادەم کردبوو، بەڵام بە زمانێکی ئەدەبی نووسیبووم. ئەو باسەم یەکەمجار لە دەواجن خوێندەوە. ئەو شیعرەی (ناسر حەفید)، کە ئاماژەت پێ داوە، بە بۆنەی ئاهەنگی یەکی ئایارەوە خوێنرایەوە، کە زۆر نووسەر و هونەرمەندی تریش تێیدا بەشدار بوون، لەوانە (ناڵە حەسەن)، (ڕزگار عومەر)، (جەمال کۆشش)



و (ئــــازاد)، کە شیعریان پێشکەشی جەمـــاوەر کـــرد. (وەفـیق زامـدار)ی هـــونەرمەنـــدی شـــێـــوەکـــار و هـاوڕێـیەکـی تـری هـونەرمەنـدمـان وا بزانم ناوی (ئاراس) یان (سـەردار) بـوو هەر بەو بـۆنەیەوە پێشانگایان کردەوە. (زاریا شێخەنۆڤا)ی هــاوڕێــیــشـــمــان ئاهەنگەکەی بەڕێوە دەبرد.

هـاوڕێی ئـازیـزم، مەشخەڵ گیان! زۆر بە دروستی باست لە دڵسۆزیی هاوڕێیان لە لایەک و نـاکـامـڵـیـان لە ڕووی فیکری و نەبوونی تێڕوانینی وردیان بۆ خۆیان و بۆ دنیا کـردووە. مـنـیـش گـومـانـم لە دڵسـۆزیـی هـاوڕێـیـانـی خـۆمـان نەبـووە. خـۆشـبەخـتـانە ئەو هـاوڕێـیانەی ئێمە وەک چۆن لە ڕۆژگارێکی زۆر سـەختدا لە دژی بەعس وەستانەوە، بە هەمان شێوە و بۆ سـاتێکیش دەسـتەڵاتـی ئەو دوو حزبەیـان بە ڕەوا نەزانـیوە، یان لانیکەم یەکێ لەو هـاوڕێیانەی ئێمە لەپێناوی هەندێ دەستکەوتی ماددیدا سەنگەری خۆیی بۆ ناو

ئەو حزبانە نەگواستەوە. ئەو فایلانەی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس کەوتنە دەست خەڵک، هیچیان ناوی هاوڕێیانی ئێمەیان تێدا نەبوو. باسی ئەوەیشت کردووە، کە کۆمۆنیستەکان ڕۆڵی سەرەکییان لە ڕاپەڕیندا هەبوو. لەمەشیاندا بە تەواوی پشتگیریت دەکەم. لە دوای دانوستانی بەعس و یەکێتی بێدەنگییەکی سامناک لە شارەکاندا هەستی پێ دەکرا. لایەنگرانی یەکێتی، کە پێشتر ڕۆڵی سەرەکییان لە خۆپێشاندانی سەرەتای هەشتاکاندا هەبوو، لەگەڵ ئەو دانوستاندنەدا بە تەواوی سارد بووبوونەوە. کەسانی وەک (محەمەد سەرسپی) ی باوکی (دلۆڤان)ی هاوڕێمان بە دەگمەن مابوون، کە دواتر گیرا و لە سێدارە درا. ئەوانەی هەر لە سەرەتاوە ڕەخنەیان لەو پڕۆسێسە دەگرت، کەسانی چەپ بوون و ڕیزەکانی یەکێتییان جێ هێشتبوو. هەندێکیان بووبوونە لایەنگری ئاڵای شۆڕش وەک (سەپان کاوێس) و (ڕەوەز قەشقە)، کە دواتر چوونە شاخ. ئەوە بوو یەکەمیان گیانی بەخت کرد، بەڵام دووەمیان وازی هێنا و گەیشتە ئەورووپا. بەداخەوە لەوساوە ئاگام لە هەواڵی نییە. هەندێکیان گرووپی سەربەخۆیان پێک هێنابوو، بێ ئەوەی هیچ شێوە ڕێکخراوبوون و دیسپلینێکیان بەو گرووپانەیان دابێت وەک (ئازاد ئارمان)، (ئاسۆ حامیدی)، (فەرهاد مەولوود)، (شیروان مەولوود)، (وشیار عەبدوڵڵا ساڵح)، (ئەحمەد پاشا)، (دڵشاد قەشقە)ی برای (ڕەوەز) و یەک دووانێکی تر. ئێمەیش ئەو هاوڕێیانەی لەناو پارتییەوە هاتبووین (خەلیل ساڵح)، (حسێن ڕەشید) و من پێوەندیمان لەگەڵ ئەو گرووپانەدا هەبوو. چەند هاوڕێیەکی تریشمان هەبوون. لەوانە (حەمە سەرسپی) و (هیوا سلێمان)، کە یەکەمیان خوێندکاری زانکۆی مووسڵ و دووەمیان هیی زانکۆی بەغداد بوو. هەردووکیشیان بە هۆی بەشدارینەکردنیان لە مەشقی سەربازی، دەرکرابوون. هەروەها

(دکتۆر حسێن)، (دکتۆر مزەفەر بارزانی)، (بەهرۆز) و زۆری تریشمان دەناسین و لەو بارەیەوە گفتوگۆمان دەکرد. ئێمە، کە لە ناو پارتییەوە هاتبووین، بە هۆی ئەوەی لە زووەوە هاوڕێی (ئەنوەر عومەر) بووین، کە ئەویش وازی لە کۆمەڵە هێنابوو، سەرەتا پێوەندیمان زیاتر لە گەڵ ئەو خۆش بوو. بەردەوام دەمانویست لە ڕووی تیۆرییەوە خۆمان پێ بگەیەنین. ئەوسا (ئەنوەر عومەر)، توانایەکی باشی لە مارکسیزمدا هەبوو، کە دواتر لەبەر هەر هۆیەک بێت سارد بووەوە و دەتوانم بڵێم وازی هێنا. ئێمە لەم ڕووەوە سوودی زۆرمان لە (ئەنوەر عومەر) بینی. (ئەنوەر)، (خەلیل) و من بە هۆی بەشدارینەکردنمان لە مەشقی هاوینەی سەربازی لە زانکۆ دەرکرابووین و بەردەوام دەمانخوێندەوە. دوایی (ئەنوەر) چونکە لە زانکۆی سەلاحەدین بوو، وەرگیرایەوە. لەو ڕۆژگارەدا قوتابییە چەپەکان لە دژی بڕیاری دەرکردن وەستانەوە و خۆپێشاندانێکی گەورەیان ساز دا، کە لە چاوەڕوانیی کەم کەسدا بوو کاری وا بکرێت. من و بەشێکی هاوڕێیانم تێیدا بەشدار بووین. بە هۆی ئەو خۆپێشاندانەوە قوتابییە دەرکراوەکانی زانکۆی سەلاحەدین وەرگیرانەوە. هێندەی پێ نەچوو (خەلیل سالح) گیرا و (حسێن ڕەشید) و من ماینەوە. لە ڕێگای (سەپان) و (ڕەوەز)ەوە (ئازاد ئارمان)م ناسیبوو، بۆیە تا دەهات پێوەندییەکەمان زیاتر پەرەی دەسەند. هەموویشمان لەپاڵ کەلەپووری مارکسیزمدا ئەدەبمان دەخوێندەوە و بەرگریمان لە ئەدەبی سۆسیالیزم و شۆڕشگێڕ دەکرد، بەڵام من لە هەموویان زیاتر خەریکی ئەم لایەنە بووم، چونکە چیرۆکیشم دەنووسی. پێشتر یەک دوو چیرۆکم نووسیبوون، بەڵام ساڵی هەشتاوشەش هەر کە وازم لە پارتی هێنا و بوومە کۆمۆنیست، ئیتر ناوەرۆکی چیرۆکەکانیشم گۆڕان، بەڵام هێشتا نەمدەویست بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەبارەی

کرێکارانەوە بنووسم. ڕەخنەی زۆرم لێ دەگیرا، گوایە زیاتر بایەخ بە ئەدەب دەدەم و کەمتر کاتی خۆم بۆ خوێندنەوەی بڵاوکراوەکان تەرخان دەکەم، ئەگەرچی بەردەوام کتێبەکانی (مارکس) و ئەوانی ترم دەخوێندەوە و ئەوانیش ئەمەیان دەزانی، بە تایبەتی (ئازاد ئارمان)، کە هەمیشە لەم ڕووەوە بەرگریی لێ دەکردم. (خەلیل)، (حسێن) و من لەناو پارتیيشدا مارکسیزممان دەخوێندەوە و بە ئەقڵی ئەوسامان دەمانویست گۆڕانکاری لە حزبماندا بکەین، کە دوای ئەوەی زانیمان ئەمە خەیاڵە، وازمان هێنا. باوەڕم وایە ئەم هاوڕێیانە ئەمەیان بە چاکی لە بیر مابێت. (خەلیل سالح) ئەگەر سەری لە خۆی نەشێواندایە، ئێستا بێگومان یەکێک بوو لە ڕووناکبیرە دەگمەنەکانی ئێمە. ئەو کوڕە لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندیدا کتێبی فیکریی دەخوێندەوە و بە چاکی لێیان تێدەگەیشت. ڕۆڵی گەورەی لە خۆپێشاندانی خوێندکاراندا بینی. گرفتی (خەلیل) ئەوە بوو، کە ئازایەتی و هەڵەشەییی لە یەکتر جیا نەدەکردەوە. ئەو مرۆڤێکی زۆر چاونەترس بوو چ لە ڕووی فیکری و چ لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ستەمدا، بەڵام زیاد لە پێویست هەڵەشە بوو. من خۆم تا ماوم قەرزاری ئەوم.بەهەرحاڵ دەتوانم بڵێم ئێمەی کۆمۆنیستان لەو سەردەمەدا زۆر بە گەرمی خەریکی چالاکی بووین، لە کاتێکدا حزبەکان دەنگیان بڕابوو. ڕۆژگارێکی زۆر سەخت بوو. هێزەکانی بەعس سەری هەموو کۆڵانەکانی شاریان گرتبوو، بەڵام هەرگیز بۆ ساتێک سارد نەدەبووینەوە. بەردەوام کتێب و بڵاوکراوەی قەدەغەکراومان پێ بوو. نەک هەر باسمان لە شۆڕش و ڕووخانی بەعس دەکرد، بەڵکوو ئەوسا حوکوومەتی شۆراییمان بە ئاڵتەرناتیڤ دەزانی. زۆرجار لە قەراغی مەرگ دەگەڕاینەوە. دەمەوێت تەنیا باسی یەکێ لەو جارانە بکەم، کە (شێروان مەولوود) و من دەبووایە سێ زەرفی گەورەی پڕ لە بڵاوکراوە لە

ماڵی (حسێن ڕەشید)ـەوە، واتە لە خانووەکانی نەسیجەوە بۆ شوێنێکی تر ببەین، کە لەو ماوەیە بە دەست نووسیبوومانەوە. تاکسییەکمان گرت و هێندەی نەبرد لە فولکەی نەسیجدا خۆمان لە (خاڵی پشکنین)ی (قوات خاصە)دا بینییەوە. سێ جار لەو شوێنە داوای ناسنامەیان لێ کردین، کە ئەوەی من ڕاستە هیی زانکۆ بوو، بەڵام ئەگەر داوای دەفتەر خدمەیان لێ بکردمایە، کە هەمیشە داوایان دەکرد، بێگومان دەگیراین. دەبێت ئەوەیش بڵێم ناسنامەی خوێندکارانی کۆلیژی ئێمە گۆڕابوو، بەڵام نازانم چۆن هەستیان پێ نەدەکرد. بڵاوکراوەکان هێندە زۆر بوون، کە (شیروان) نەیدەتوانی بیانشارێتەوە، بۆیە لە جامەکەوە دیار بوون. من دەبووایە ناوەناوەیش سەفەری سلێمانی بکەم، تاکوو هاوڕێیانی ئەوێیش ببینم، بە تایبەتی (عەزیز حەسەن) و (حەمە قەدۆ). دەشمزانی هەر کاتێ داوای دەفتەر خدمەم لێ بکەن، ئاشکرا دەبم، کە لە زانکۆ دەرکراوم. هەر جارێ سەفەری سلێمانیم دەکرد، بە باوکمم دەگوت دەچم بەشداری لە مەشقی سەربازی دەکەم، کە ئەو بەو قسەیە نەک هەر ڕێگای دەدام، بەڵکوو زۆریش دەگەشایەوە. دیارە هیچ یەکێ لەو هاوڕێیانەم حاڵیان لە هیی من چاکتر نەبوو، بۆیە دەکرێت ئەوانیش بیرەوەریی خۆیان بنووسنەوە و باسی ئەو ڕۆژگارە بکەن. ئێمە دوای ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە بە بڕیاری سەرکردایەتیی بەعس بۆ زانکۆ گەڕاینەوە. ئەمجارەیان (عەزیز)، (فەرهاد) و من کۆمەڵێ هاوڕێی ترمان ناسی لەوانە (قابیل)، کە دواتر ئیسلامییەکان لە هەولێر تیرۆریان کرد. دوو ژوورمان هەبوون، کە بە ژووری کۆمۆنیستەکان دەناسرانەوە. ئەو دوو ژوورە پڕ بوون لە کتێب و بڵاوکراوەی قاچاغ و تا بەیانی خەریکی گفتوگۆ بووین. دەبێت ئەوەیش بڵێم، کە لە زانکۆیشدا تەنیا چەپەکان چالاکییان هەبوو، دەنا زۆربەی ئەوانەی پێشتر

باسیان لە یاخیبوون دەکرد، نائومێد بووبوون و نەیاندەتوانی بەشداری لە هیچ شێوازێکی ڕووبەڕووبوونەوەدا بکەن. بۆ نموونە (عەزیز) و من لە گەڵ زۆر کەس گفتوگۆمان دەکرد، کە دەبێت قسەمان بکەینە یەک و نەبینە بەعسی، کەچی هەر یەکەی بیانوویەکی دەهێنایەوە. لێرەدا ئاماژە بە هەڵوێستی (شێرزاد فاتیح)یش دەدەم، کە هەمان هەڵوێستی ئێمەی هەبوو. ئەندامانی دوو ژوورەکەی ئێمە بە تێکڕای دەنگ دژی ئەوە بوون لە هیچ حاڵەتێکدا ئیمزا بکەن. تەنیا باسی کۆلیژی پەروەردە دەکەم، کە بە زۆر خوێندکاریان دەکردە بەعسی، دەنا لە کۆلیژەکانی تر هاوڕێی تریشمان هەبوون، نەدەبوونە بەعسی وەکوو (ئاراس محەمەد). ئێمە لە زانکۆی سەلاحەدینیش هەندێک هاوڕێی کچمان ناسیبوون، لەوانە (تارای کیمیا)، (تارای فیزیا)، (نیگار مستەفا) و زۆری تر، کە ئەوانەیش چەپ بوون و ئامادەیی یاخیبوونیان هەبوو. دواییش ئەو سێ کچە لە ماڵی (ئازاد ئارمان)دا دوو ژووریان بە کرێ گرت، کە هێندەی دیکە تێکەڵی چالاکییەکان بوون. ڕاستییەکەی ماڵی (ئازاد ئارمان) و (شادیە عەزیز)ی هاوسەری وەک بنکەیەکی حزبی و ڕۆشنبیری وابوو. هەمووومان لەوێ یەکترمان دەبینی. خەڵک دەیانزانی ئێمە خەریکی کاروباری حزبیین، بەڵام ئێستایش نازانم چۆن زمانیان لێ نەدەداین.

به هۆی شەڕی کەنداوەوە زانکۆ داخرابوو. من چەند ڕۆژێک چوومە بەغداد، چونکە (نیگار)، هاوسەری پێشووم، لە ماڵی دایکوباوکی بوو. کاتێ ویستم بگەڕێمەوە، ڕێگای نێوان بەغدا و شارەکانی کوردستان گیرابوو، تەنیا ڕێگای مووسڵ مابوو، ئەویش بە شەمەندەفەر. سوپای بەعس شکابوو و لەبەر سەرباز نەمدەتوانی لەناو ئەو شەمەندەفەرەدا شوێنێک بۆ دانیشتن بدۆزمەوە. کتێبی (متاهات، نصوص وحوارات في الفلسفة

والادب)م لەگەڵ خۆم هێنابوو، تاکوو لە ڕێگا بیخوێنمەوە، کە کۆمەڵێ گوتار و گفتوگۆی (نیتشە)، (هایدیگەر)، (هابرماز)، (جیل دولووز)، (مێشێل فۆکۆ)، (ڕۆلان بارت)، (جۆرج لویس بۆرخیس) و هیدیکەی تێدابوو و لە بەغدادا چاپ کرابوو، بەڵام لەوێ هەستم کرد دەرفەتێکی باشە قسە بۆ ئەو سەربازانە بکەم، بۆیە وازم لەوە هێنا کات بە خوێندنەوەی کتێبەکەوە بە سەر ببەم. ئەودەم خەڵک کەموزۆر قسەیان دەکرد. لە بەغداد گەنج کۆ دەبوونەوە و نوکتەیان لەسەر (سەدام حسێن) و دارودەستەکەی بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. من لەناو ئەو شەمەندەفەرە لای چوار پێنجێک دانیشتبووم. یەکێکیان دەیگوت سی دەوڵەت بوون، دەنا شەڕمان نەدەدۆڕاند. ئیتر من بۆم باس کردن، کە لە شەڕدا بردنەوە نییە، بەڵکوو تەنیا دۆڕاندن هەیە و ئەویش بەر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش دەکەوێت. لەمەوە ئەوانیش قسەی خۆیان گۆڕی و هەر یەکەی بە شێوەی خۆی نارەزاییی دەردەبڕی. من لە مووسڵەوە گەڕامەوە هەولێر بۆ لای هاوڕێکانم، کە وەکوو وتم بە زۆری لە ماڵی (ئازاد ئارمان) و (شادیە عەزیز) یەکترمان دەبینی. هەر لە ماڵی ئەوانیشدا پلان بۆ ڕاپەڕین دانرا. لەو ڕۆژەوە کوەیت لەلایەن عێراقەوە داگیر کرا، ئێمە خۆمان بۆ ڕاپەڕین ئامادە کرد. ڕاستە کەسمان شارەزاییمان لە چەک و تەقەمەنیدا نەبوو، بەڵام بڕیارمان دا بە هەر شێوەیەک بێت چەک کۆ بکەینەوە. باسی حوکوومەتی شۆراییمان دەکرد. ئەوسا من ئەو کتێبەی (لەنین)م خوێندەوە، کە لەبارەی سۆڤیەتەکانەوە نووسیویەتی. لە بیرمە چەند ڕۆژێ پێش ڕاپەڕین (شیروان مەولوود)، (خدر عەبدوللا)، (موئەیەدی هونەرمەند) و من لە خانووەکانی ئیسکان بۆسەیەکمان بۆ جاشێک نایەوە، تاکوو لەناکاو پەلاماری بدەین و چەکەکەی لێ بستێنین، بەڵام نەهات و پلانەکەمان لەبار چوو.

لەوێوە چووینە گەڕەکی باداوا، تاکوو خەڵک بۆ ڕاپەڕین هان بدەین. بە ڕێکەوت هاوپۆلێکی کۆنی خۆمم بینی و باسەکەم لەگەڵدا کردەوە. ئینجاگوتم هەوڵ بدەین لەگەڵ ژنانیشدا قسە بکەین، بەڵام ئەو برادەرە دەنگی خۆی قەڵەو کرد و گوتی: (کورە ئەوە ئەتوو دەرێی چ؟ ئەوە ئیشی ژنان نییە. بە سەری توو هەر بە خۆمان دەزانین کوو ئەو گەڕەکەی لە خۆفرۆشان خاوێن دەکەینەوە. ئەوە بە ژنان کوو دەکرێ!). ئێمە تا بۆ ماڵ گەڕاینەوە، هەر بەو قسەیە پێدەکەنین. من دەمگوتەوە و ئەوان قاقایان لێ دەدا. هەروەها (وشیار عەبدوڵڵا ساڵح) و من دەمانویست چەک لە ئەندامێکی جەیشی شەعبی بستێنین، کە من ڕێگاکەیم پێ دەزانی، بەڵام ئەویش سەری نەگرت، چونکە نەهات. توومەز هەموو خۆیان شاردبووەوە. من بە جەمەدان دەموچاوی خۆمم پێچابوو، چونکە کابرا دەیناسیم. کاتێ لەگەڵ (وشیار عەبدوڵڵا ساڵح) بۆ ماڵی ئێمە گەڕاینەوە، پێڵاو و دەرلینگی پانتەڵۆنمان هەمووی قوڕاوی بوو. باوکم پرسیی ئەوە بۆ ئاوامان لێ هاتووە، وتم لە کارەبا کاردەکەین. چاڵ هەڵدەکەنین و ستوونی تێدا دەچەقێنین. ئەو سەری با دەدا و دەیزانی ڕاستیی لێ دەشارمەوە. هەر لەگەڵ (وشیار عەبدوڵڵا ساڵح) ڕۆژی پێنجی مارچ بەشداریمان لە خۆپیشاندانی شێخەڵڵا کرد، کە دەبێت بۆ مێژوو بڵێم (سەلاح مەزن) لەو خۆپیشاندانەدا ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو، بەوەی بۆ چاوبەست جلی ئەفسەریی لەبەرکردبوو. شەوی دە لەسەر یازدەی مارچ لە ماڵی (ئازاد ئارمان) کۆ بووبووینەوە و دەمانزانی سبەینێ ڕاپەڕینە. بۆ یەکەمجار لەوێ (سەردار)م بینی، کە خەڵکی سلێمانی بوو، بە داخەوە ناوی باوکی نازانم. ڕۆژی یازدەی مارچ من ویستم زوو لە ماڵ بێمە دەرێ، بەڵام باوکم دەرگای لێ گرتم و گوتی:(نابێت بچیت). دایکم گوتی:(ڕێگای بدە و با بچێت). ئینجا باوکم گوتی:(بەڵام زۆر ئاگات لە

خۆت بێت!)... لایماڵی خۆمان، لە ڕووناکی خەڵک کۆ بوونەوە و بە بەرد هێرشمان کردە سەر بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس. لەوێ من کلاشینکۆڤێکم دەست کەوت. لای کۆلیژی پەروەردە ئەمنەکان خۆیان حەشاردابوو و تەقەیان لێ دەکردین. چەند کەسێک بریندار بوون. لە مەنزوومە بەرگریی زۆریان کرد، بۆیە تاکوو نیوەڕۆ ئەوێ نەگیرا. لەگەڵ (ئازاد ئارمان) و هاوڕێیانی تر لە مەنزوومە یەکمان گرتەوە و ئۆتۆمۆبیلێکی جۆری تۆیۆتا کۆرۆلایشمان دەست کەوت. تاکوو ئەو ڕۆژە ئێمە نەمانزانیبوو مەنزوومە چییە، چونکە زۆر جار چ بە ڕۆژ و چ بە شەو لەسەر ئەو شەقامەی تەنیشتی بە کۆمەڵێ کتێب و بڵاوکراوەی قەدەغەوە پیاسەمان کردبوو. لە سەعاتێکدا دە جار زیاتر لەوێ تا ئەوسەر چووبووین و گەڕابووینەوە.بە پێویستمان زانی هەر بەو ئۆتۆمۆبیلەی دەستکەوتمان بوو، سەردانی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بکەین، کە ئێستا ناوی شوێنەکەم لە بیر نەماوە. ئەوەندە دەزانم لە نزیک ڕانیە بوو. (فەیسەڵ عەزیز)م بۆ یەکەمجار ناسی، کە ئۆتۆمۆبیلەکەی لێ دەخوڕی. هاوڕێیان سێ کەسیان هەڵبژارد، بۆ ئەوەی قسەیان لەگەڵدا بکەن، کە (ئازاد ئارمان)، (ئاسۆ حامیدی) و من بووین. لەوێ (ڕەحمانی حسێن زادە) و یەک دووانێکی ترمان بینی و بە وردی لەبارەی بارودۆخی ڕاپەڕینەوە گفتوگۆمان کرد. ئەوان پێیان گوتین لە سلێمانی شۆرا دامەزراوە. ئەوە بوو هەر بەو ئۆتۆمۆبیلە، کە جامێکی شکابوو، بەرەو سلێمانی بە ڕێ کەوتین. دەزانم زۆر بووین، چونکە هەر جارێ بە نۆرە دووانمان دەچووینە سەندووقەکەی، بەڵام من هەر ئەمانەم لە بیر ماون: (ئازاد ئارمان) ، (ئاسۆ حامیدی)، (شیروان مەولوود)، (فەرهاد مەولوود)، (وشیار عەبدوڵڵا ساڵح)، (سەردار) (فەیسەڵ عەزیز) و من. ڕەنگە (دڵشاد قەشقە)یشمان لەگەڵدا

بوو‌بێت! بەو تاریکییە (فەیسەڵ) لێی دەخوڕی، بەڵام شوفێرێکی زۆر وریا بوو. وا بزانم لایتەکانیشی شکابوون. لە ڕێگا لە تاسەیەکی دا و زۆری نەما وەربگەڕێین. ئەوسا (ئاسۆ) و من لە سەندووقەکە دانیشتبووین و باسی کتێبی (نەخۆشیی چەپڕەویی مندالانە)ی (لەنین)مان دەکرد، خەریک بوو بکەوینە خوارێ. لە سلێمانی چووینە ماڵی پووری (نیگار) و زۆر ڕێزیان لێ نایین. ئەوانیش باسی شۆرایان کرد و ئێمە زۆر بەوە دڵخۆش بووین. بۆ بەیانییەکەی چووینە بنکەی شۆراکان، کە قوتابخانەیەک بوو و ژمارەیەکی زۆر گەنج تێیدا کۆ بووبوونەوە. ئێمە بە ناوی هەڵسووڕاوانی هەولێرەوە قسەمان کرد... دواتریش لە بەردەرکی سەرادا سەدان لایەنگری شۆرامان بینین، هوتافیان دەکێشا. ئەوسا بە هەموو حزبە کوردییەکان نەیاندەتوانی ئەو ژمارەیە کۆ بکەنەوە. هەر ئەو ڕۆژە بۆ هەولێر گەڕاینەوە. سەیرمان کرد وا دوو بنکەی شۆرا کراونەتەوە، یەکێکیان هیی خەڵک و ئەوی تریان هیی کرێکاری، ڕاستتر هیی ڕەوتی کۆمۆنیست. یەکەمجار بوو ئەو سیمایانە ببینم. لای من زۆریان نوێ بوون، لەوانە (مزەفەر عەبدوللا)، کە بە گۆچان دەڕۆیشت. لەو سەردەمەدا هاوڕێ کەرکووکییەکان زۆر ئاکتیڤ بوون. (جەمال کرێکار)، (سەمیر نووری)، (گۆران عەبدوللا)، (جەمال کۆشش) و زۆری تر، (بە داخەوە ئێستا ناویانم لە بیر نەماوە)، هەمیشە لە جووڵەدا بوون. بۆ یەکەمجار تۆیشم لە کاتی دامەزراندنی شۆرای کرێکارانی نەسیج بینی، کە بە دارشەق دەڕۆیشتیت، (مەشخەڵ) گیان. لەوانەیە پێشتریش یەکترمان دیبێت و من نەمزانیبێت. هەر لەو ڕۆژگارە لەگەڵ (عەبدولڕەحمان مەولوود)، (دکتۆر پشتیوان)، (دکتۆر یوونس) و زۆری تر یەکترمان ناسی. لەو کۆبوونەوانە کەس گوێی لە کەس نەدەگرت و هەمووی هەر دەیویست قسە بکات. شۆرای

کرێکاری، کە ڕەوتی کۆمۆنیست بوون، دەیانویست ئەوانەی خەریکی شۆرای خەڵکن بەوە تۆمەتبار بکەن، کە پشتیان لە داخوازییەکانی کرێکاران کردووە. شۆرای خەڵکیش پێیان وابوو ڕەوتی کۆمۆنیست دەیەوێت ئەو ڕووداوە بە خزمەتی ڕێکخراوەکەی خۆی ئاراستە بکات. بەکورتی باسەکان هەژار بوون و وەک تۆ دەڵێی، (مەشخەڵ) گیان، زۆرینەمان لە ڕووی فکری و تیۆرییەوە لاواز بووین. بۆ زانینت ئەم دۆخە هێشتا بەردەوامە. ئێستایش بەشێکی زۆری کۆمۆنیستانی ئێمە دوور و نزیک ئاگایان لە کەلەپووری مارکسیزم نییە، بەڵام ئێرە بە شوێنی ئەم باسە نازانم. لە سەردەمی شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا، چونکە کەسەکان حەماسێکی گەورەیان هەیە و لەناو ئێتمۆسفێرێکی حەماساوییشدا هەڵدەسووڕێن، بۆیە پێیان وایە تەنیا خۆیان ئازا و بوێرن و هەموو ئەوانەی تر ترسنۆکن، یان خەمساردن. وەک سەرنج دەدەین خەڵک لە سەردەمی شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا تۆمەت دەدەنە پاڵ یەکتر و توندوتیژیی زۆر بەرهەم دەهێنن، کە ئەمە لایەنێکی سایکۆلۆجیی هەیە و بە پێویستی نازانم لێرە باسی بکەم.

هاوڕێیانی ئێمە زیاتر لەگەڵ شۆرای خەڵک بوون و بەردەوام لە کارگە و گەڕەکەکاندا قسەمان بۆ کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش دەکرد. بێگومان ئەندامانی ڕەوتی کۆمۆنیستیش دەهاتن، بەڵام بە یەکەوە ڕێک نەدەکەوتین. ئەوان بە هیچ شێوەیەک واقیعەکەیان بە وردی نەخوێندبووەوە و دەستبەجێیش داوای حوکومەتی کرێکارییان دەکرد. لە بیرمە ئێمە یەکەم ڕۆژ سەردانی بنکەکەیانمان کرد، کە لە نزیک سینەما سەلاحەدین بوو، (جەمال کۆشش)، (ئازاد)، (ڕەحیم) و یەک دووانێکی ترمان بینین. بە شێوەیەک باسی حوکوومەتی کرێکارییان دەکرد، کە وایان دەزانی لەم چەند ڕۆژە دایدەمەزرێنن، بەڵام ئێمە ڕێگامان

لێ گرتوون. (جەمال کۆشش) لەپشت مێزێک دانیشتبوو. کاغەزێکیان هێنایە بەردەمی، تاکوو مۆری لێ بدات. چەند هەوڵی دا (ستامپ پاد)ەکەبخاتە کار، تێیدا سەر نەکەوت، چونکە لە کەڵک کەوتبوو. ئیتر ناچار ما بە تف ڕووی ئەو (ستامپ پاد)ـە سواغ بدات و کارەکەی مەیسەر بکات. لە دەرەوە گوتمان ڕێکخراوێک نەتوانێت کاغەزێک مۆر بکات، چۆن حوکوومەتی کرێکاری دادەمەزرێنێت؟ ئەو توانایە لە کوێ دەهێنێت؟ (ئاسۆ حامیدی) گوتی: (مۆرکردنی کاغەز بەهەرحاڵ، کە ڕەنگە بە تف مەیسەر بکرێت، بەڵام حوکوومەتی کرێکاری بە تف دانامەزرێت). ئەرێ خۆ ئێمەیش لە هیچ کاتێکدا وازمان لە گاڵتە نەدەهێنا! ئێمەیش لەوان باشتر نەبووین، بەڵام ئەوە هیچ لەوە ناگۆڕێت، کە هەمووان لە خەمی قۆناغەکەدا بووین و بە هیچ شێوەیەک نەماندەویست ئەو حزبە کۆنەپەرستانە دەست بەسەر کۆمەڵگادا بگرنەوە. ئەوان خەریکی ڕێکخستنەوەی خۆیان بوون. بەردەوام ئەنفالچی و سەرۆکجاشەکانیان بانگ دەکرد و پلەوپایە و سامانیان پێ دەبەخشین. ڕۆژانە لە لایەن ئەوانەوە هەڕەشەمان لێ دەکرا. بۆ نموونە بە حوکمی ئەوەی من بابەتێکم لەبارەی ڕاپەڕینەوە ئامادە کردبوو و بۆ کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشم دەخوێندەوە، زیاتر لە جارێک چ لە دەواجن و چ لە کاتی دامەزراندنی شۆرای خەڵکی مەنتکاوەدا هەڕەشەم لێ کرا، بەڵام هەموو ئەمانە ساردیان نەدەکردینەوە. ئێواران درەنگ درەنگ بە بیرمان دەهاتەوە، کە لە بەیانییەوە دەممان لە نان و ئاو نەداوە. ئەوسا بە خێرایی دەچووینە ڕێستۆرانتێکی لای سینەما سیروان و لەوێ کەمێک فەلافلمان دەخوارد. کاتێ دەگەڕامەوە و باوکم دەیپرسی: (ئەوە ئەتوو خەریکی چی؟) منیش هەر بە کورتی دەمگوت: (شوورا بابە، شوورا). جارێکیان گوتی: (ئەرێ وەرە پێم برێ کوڕی نازانم

کێ! ئەتوو لە غەسالەی ئیش دەکەی؟ هەر دەریێ شوورا شوورا؟ باشە کەینێ لەسەر ڕستەی هەریدێخی؟ ئەدی ئەوە کەینێ هیشک دەبیتەوە؟). واتە کەی لەسەر تەناف هەڵیدەخەیت و کەی وشک دەبێتەوە. لە کاتی دامەزراندنی شۆرای کارگەی جگەرەدا دوای ئەوەی قسەمان بۆ خەڵک کرد، ئینجا دەست بە هەڵبژاردنی نوێنەران کرا. هێشتا هەڵبژاردنەکە تەواو نەبووبوو، یەکێ لە کرێکارەکان، کە تەمەنی پەنجا ساڵ دەبوو، هاتە لام و گوتی: (ئەمن دەڕۆم). منیش پرسیم: (بۆچی دەڕۆیت؟ خۆ هێشتا تەواو نەبووە). ئەو وەڵامی دایەوە: (ئەوانەیماینە، هەموو ژنن، ئێ قابیلە دەنگی خۆم نادەمە ژنانیش، مامۆستا!). ئینجا دووبارە بۆیم باس کرد، کە ژن و پیاو هیچ جیاوازییان نییە. هەتا 31 مارچ ئێمە بۆ ساتێک پشوومان نەدا، کەچی بە خۆشترین ڕۆژانی ژیانی خۆمانمان دەزانی. کارگەکەی باوکی (نیگار)مان کردبووە بنکەی خۆمان و شەوانیش هەر لەوێ دەخەوتین، کە لە گەڕەکی تەیراوە بوو. یەک دوو جاریش ئەندامانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە سەردانیان کردین. ڕۆژی 31 مارچ، کاتێ سوپای بەعس هاتەوە، ڕۆژێکە، دەبێت هەڵوێستەی لەسەر بکەم، (مەشخەڵ) گیان. بەرەی کوردستانی شاری جێ هێشت و ئێمە ماینەوە، کە تەنیا یەک دووانێکمان شارەزاییمان لە چەک و تەقەمەنیدا هەبوو. ئێمە شەو درەنگ خەوتین و دەمانویست بزانین ئەو هێرشەی بەعس کەی دەگاتە هەولێر. بەیانی لەگەڵ دەنگی تەقەی تفەنگ و هاڕەی فڕۆکە بە ئاگا هاتین. لە گەڕەکی تەیراوەوە بە چەکی سووک و بە دەم گوتنی سروودی ئێنتەرناشیۆناڵەوە بەرەو گەڕەکەکانی خواروو بەڕێ کەوتین، تاکوو پێش لە سوپای بەعس بگرین. ئەوەندە خۆشباوەڕ بووین، وامان دەزانی بەرەی کوردستانی شەڕ دەکات، بەڵام ئەوان لە ڕۆژی پێشووەوە شاریان

جێ هێشتبوو. بۆ مێژوو دەڵێم (مامۆستا عەبدولخالیق) بە حەماسێکی گەرمەوە پێش ئێمە کەوتبوو. وەک چۆن ڕاپەڕین خەڵک کردی، بە هەمان شێوە خەڵکیش بەرگرییان لە شار کرد. زۆر کەس سەیریان لێ دەهات، کە ئێمە وا دەچین شەڕ بکەین، لە کاتێکدا بەرەی کوردستانی لە دوێنێوە ڕای کردووە. لەو گەڕەکە بووین، کە بەعس ناوی لێ نابوو (حي صدام). ماڵەکان چۆڵ کرابوون و دەرگایان خرابوونە سەر پشت. فڕۆکە بەردەوام بۆمبی بە سەر شاردا دەباراند. نەماندەزانی بەو چەکە سووکانە لەگەڵ چی شەڕ بکەین و چۆنی بکەین، لە کاتێکدا هەر شارەزاییمان لە شەڕدا نەبوو. دوایی چووینە گەڕەکی (حي العسکری) و (مام غەفوور)ی یەکێتیمان بینی. گوتی: (وا دەچمە گەڕەکی ئازادی، چونکە دوو دەبابە گەیشتوونەتە ئەوێ). تا ئەو کاتەیش وامان دەزانی شەڕەکە تەنیا لە سنووری شارە و نەگەیشتووەتە ناوەوە، بۆیە من پرسیم: (چی؟دەبابە گەیشتووەتە ناو هەولێر؟). ئەو گوتی: (هیچ نییە. ڕاویان دەنێین). برادەرێک گوتی: (مام غەفوور نایەوێت بڵێ پاشەکشێ دەکەم، بەڵکوو دەیەوێت بەو بیانووە خۆی بدزێتەوە). ئیتر ئێمەیش بە پێویستمان زانی بچینە عەنکاوە. لە (حی العسکری) لە هەموو لایەکەوە تەقەمان لێ دەکرا، بێ ئەوەی بزانین سەرچاوەی ئەو تەقانە لە کوێن. (ڕاستگۆ)ی برای (شەماڵ عەلی)، کە گەنجێکی زۆر ئێسکسووک بوو، گوللەتۆپێکی پێبوو. لە بەردەرگای ماڵێک جێی هێشت، گوایە دوایی بۆی دەگەڕێتەوە. ئێمە هەرگیز باوەڕمان نەدەکرد ئەو شارە بگیرێتەوە، کە ئەمە نیشانەی ساویلکەیی و کەمئەزموونیمان بوو. ئۆتۆمۆبیلێکی جۆری بەرازیلی گەیشتە ئاستمان و دەستڕێژیی لێ کردین، بەڵام کەسمانی نەپێکا. زۆر شپرزە بووبووین. یەکەمجار بوو بە ڕاستی هەست بە مردن بکەم. لە دەشتێک تەرمی سێ چوار ژن و پیاومان بینین. ڕاستییەکەی سەرەتا

نەمدەزانی ئەوانە کوژراون. پرسیم: (ئەریّ ئەوانە بۆ ڕا نەکەن؟. گوتیان: وکوژراون. بیکەیسییەک لای تەرمی پیاوێکیان کەوتبوو. هیچ لە مردوو نەدەچوو. ئەو دیمەنە هێندەی تر ئێمەی شپرزە کرد. گەیشتینە لای ئەمنی هەولێر و دەیان دەستڕێژیان لیّ کردین. بەکورتی لە هەموو لایەکەوە گوللەیان تێدەگرتین. لۆرییەک هات، کە ئەگەر بڵێم لە سەد کەس زیاتری هەڵگرتبوو، درۆ نییە. هەندێک خۆیان پێوە شۆڕ کردبووەوە. ئێمەیش هەر چۆنیّ بێت شوێنی خۆمان کردەوە. من دەستم بۆ (ڕاستگۆ) ڕاکێشا، تاکوو ئەویش بێت، بەڵام نەهات و گوتی: (نا، با یەکێکی تر سەر بکەوێت. من چاوەڕێی ئۆتۆمۆبیلێکی تر دەکەم). ئێستایش وا دیمەنەکەیم لە بەرچاوە. ئەوە بوو دوایی زانیمان لەگەڵ دوو هاوڕێی ترمان هەر لەویّ گیانی بەخت کردووە، کە (ڕەشاد) و (کاکەسوور) بوون. ئێمە گەیشتینە عەنکاوە. ئەوەی تاکوو ئێستایش لێی تێناگەم، ئەوەیە، کە چۆن خەڵکی ئەویّ وەک نە بایان دیبێت و نە باران، گوێیان بەو کارەساتە نەدەدا. بازاڕیشیان دانەخستبوو. لە بەردەمی دووکانێک دابەزین. من هەندێک کەیکم کڕی و گوتم بۆ (تاڤگە)ی خوشکمە، کە ئەوسا تەمەنی هەشت ساڵ بوو. هێشتا باوەڕم نەکردبوو، کە شار گیراوەتەوە و ئێمە دەبێت ڕوو لەو شاخانە بکەین. کیّ دەڵیّ هەر دەربازیش دەبین؟ لە عەنکاوە تراکتۆرێکمان گرت و لای دەواجنەکان فڕێی داین. کۆپتەر ئەو ناوەی تۆپباران دەکرد. لەسەر سک دەخشاین و دەمانویست بگەینە گەڕەکی مەلایان. ژمارەیەکی زۆر خەڵک لەو شوێنە گیانیان لە دەست دا. ئێمە گەیشتینە گەڕەکی مەلایان و لەویّ لەگەڵ (ئازاد ئارمان)، (فەیسەڵ عەزیز)، (فوئاد عەزیز) و زۆری تر یەکمان گرتەوە. دەبابەکانمان لیّ دیار بوون، کە لەو دەشتەدا هاتوچۆیان بوو. لەپەنا هەندێک گردۆلکەدا خۆمان مەڵاس دا، گوایە بەو چەکە سووکانە شەڕ

دەکەین. هەرە شارەزاکانمان (فەیسەڵ عەزیز) و براکانی بوون، دەنا ئێمە تەنیا دەمانزانی (مارکس) و (ئەنگڵز) لە فلان کتێبدا وایان گوتووە و ڕەخنەیان لە فیسار گرتووە، سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاران حەتمییە و ڕووخانی سەرمایەداری ئەگەر ئەمڕۆ نەبێت، ئەوە بێگومان سبەینێیە. هەندێکمان هەر ئەمانەیشمان نەدەزانی. دەبابەکان لێمان نزیک نەبوونەوە، بەڵام ئێمە لەو سەربانانە دابەش بووبووین و دەمانویست لە ئاستی هەر هێزێکدا بوەستین کە هێرشمان بۆ بهێنێت. تاکوو شەو داینەوە. ئیتر پلانمان دانا چۆن خۆمان دەرباز بکەین.

لاندکرۆزەرێک تاکوو ئەو کاتەیش مابووەوە و بەو دەشتە تاریکەدا ملی نا. گوتیان ئەوە (کۆسرەت ڕەسووڵ) بوو دەرچوو. بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەمە تاکە هێزی بەرەی کوردستانی بوو تا ئەو کاتە لە شار مابێتەوە. ئێمەیش دوای ئەو وشەی نهێنیمان دانا و دەرچووین. بە مەزەندەی خۆم لە سەد کەس کەمتر نەبووین، دەشێ زیاتریش بووبین. دەبابەکان لەسەر ڕێگامان بوون. ناوەناوە بە لایت ئەو دەشتەیان ڕووناک دەکردەوە. هەندێجار لەسەر سک دەخشاین و هەندێجار بە پێ دەڕۆیشتین، بەڵام من تاکوو ئێستایش سەرم سووڕ ماوە چۆن هەمووومان تێدا نەچووین، چونکە دڵنیام ئەوان هەستیان بە بوونی ئێمە دەکرد، بەوەی زۆر لێیانەوە نزیک بووین. هەمووومان ماندوو و شەکەت بووین، نەک هەر لەبەر ئەوەی بە درێژاییی ڕۆژ دەممان بەر نان و ئاو نەکەوتبوو، نەک لەبەر ئەوەیش، کە یەک دەقە دانەنیشتبووین، بەڵکوو بە زۆری لەبەر ئەوەی پشتمان لە شارێک دەکرد، کە هەزاران هیوامان لە سەر هەڵچنیبوو. لە نزیک لۆفەکانی مەسیف گەیشتینە بووسێک، کە جامەکانی شکابوون و لەوێ جێمابوو. هەندێکمان لەگەڵ ئەوەدا بووین لە ناویدا پشوو بدەین و بزانین سبەینێ چی ڕوو دەدات، کە

من یەکێک بووم لەوانە، بەڵام زۆربە لەگەڵ ئەوەدابوون بڕۆین. کاتێ ڕۆژ بووەوە، ئینجا قورسایی کارەساتەکەمان بینی، کە چۆن منداڵ و پیر بەو لۆفانەدا سەر دەکەوتن. هەندێکیان شەکەت دەبوون و گیانیان دەردەچوو. هەرچۆنێ بێت گەیشتینە مەسیف و خانوویەکمان کردە بنکەی خۆمان. لەوێ زانیمان ئەو بووسەی هەندێکمان دەمانویست پشووی تێدا بدەین، تۆپی بەر کەوتووە و کەسی تێدا بە ساغی دەرنەچووە.

نەماندەویست لە هەولێر دوور بکەوینەوە، چونکە بەردەوام بیرمان لە گەڕانەوە دەکردەوە. خەڵک سەردانی بنکەکانی بەرەی کوردستانییان دەکرد و لێیان دەپرسین، ئاخۆ ئەو بارودۆخە تا کەی وا دەبێت و ئێوە چ پلانێکتان هەیە، بەڵام ئەوان تەنیا درۆیان دەکرد و ڕاستییان لێ دەشاردنەوە. لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا زۆر برسیەتی و سەرمامان چەشت، بەڵام بەردەوام قسەمان لەسەر ئەوە دەکرد، کە دەبێت چی بکەین. لەوێ (شەماڵ عەلی) و (مزەفەر عەبدوللا)یشمان بینی، کە پێشتر هەر لە ڕۆژگاری شۆراکان یەکترمان ناسیبوو. پلانی گەڕانەوەمان دادەنا و خۆمان بۆ ڕاپەڕینێکی تر ئامادە دەکرد. (ئاسۆ حامیدی) لە ڕۆژگاری شۆراکانیشدا، پێش ئەوەی سوپای بەعس بێتەوە، هەمیشە لاسایی منی دەکردەوە، کە چۆن لە بەرەی کوردستانی تووڕە بووم و بە دەم ئاخهەڵکێشانەوە گوتوومە: (دەبێت شۆڕشێکی تر بکەین. ئەم شۆڕشەیان لەبار برد). بە هۆی شەڕی کۆڕێ ڕێگا داخرابوو و منیش دەمویست بۆ شار بگەڕێمەوە. ئەوە بوو بەیانییەک زووزوو لەگەڵ (سەباح کاوێس) و سێ کەسی تر لە شەقڵاوە بە شاخی سەفیندا هەڵگەڕام. ئەگەرچی دەمانزانی کارێکی ئاوا لە مەترسی دوور نییە، بەڵام گەڕانەوەیشمان پێویست بوو. ئێوارەکەی گەیشتینە دەربەندی گۆمەسپان و لەسەر ئەو شەقامەدا وەستاین، بەشکوو

ئۆتۆمۆبیلێکمان دەست بکەوێت و بمانباتەوە، بەڵام تەینا یەک بیلدۆزەر بۆمان وەستا، کە هەموومانی خستە ناو دەمەکەی. تا ناو شاری بردین. دوو ڕۆژ لە هەولێر مامەوە. چوومە کارگەکەی باوکی (نیگار)، بەو مەبەستەی بزانم شتەکانمان چییان لێ هاتووە. تایپرایتەرێک، هەندێک کتێب و بڵاوکراوەی لێ بوو. هەموویانم لە ژێر لم شاردەوە. ئینجا چووم بۆ بەغداد بۆ لای (نیگار) و کەسوکاری کە تا ئەو کاتە هیچ هەواڵێکی منیان نەدەزانی. ئەو ماوەیە لە بەغداد مامەوە و خەریکی خوێندنەوەی هەندێک لە کتێبەکانی (مارکس) و ئەوانی تر بووم، کە لە کتێبخانەکاندا بە ئاشکرا دەفرۆشران، بە مەرجێ لە کوردستاندا هەر کەسێک یەکێ لەوانەی پێ بگیرایە، دوور نەبوو لە سێدارەی بدەن.

فڕۆکەی هاوپەیمانان بەردەوام لە سەر ئاسمانی بەغدادا دەسووڕایەوە و خەڵکی بێزار دەکرد. نوێنەری بەرەی کوردستانیم لە تیڤی بینی، کە بە گەرمی و زۆر بە پەرۆشەوە ئەملا و ئەولای دیکتاتۆریان ماچ کرد. هاوڕێ عەرەبەکانم هەزار جوێنیان دەدا و دەیانگوت دەیانەوێت ڕێژیمێکی ڕووخاو هەستێننەوە سەر پێ. کاتێ گەڕامەوە هەولێر، هەواڵێکی زۆر خۆش و یەکێکی ناخۆشم بیست. هەواڵە خۆشەکە ئەوە بوو، کە دووبارە خۆپێشاندان دەستی پێ کردبووەوە، بەڵام هەندێک لە هاوڕێیانمان لەو خۆپێشاندانانە گیرابوون، لەوانە (ئاسۆ حامیدی). باش بوو زۆر نەمایەوە. ئەمجارەیان (وشیار عەبدوڵلا ساڵح) لە کەرکووک گیرا. لە خاڵی پشکنیندا نامەیەکی پێ دەگرن، گوایە ویستوویەتی بۆ سلێمانیی ببات. ئێمە ڕۆژانە سەردانی دایکیمان دەکرد و دڵیمان دەدایەوە، بەڵام ئەو وای دەزانی (نیگار) و من ناردوومانە، بۆیە دەیگوت هەمووی خەتای سلێمانییەکانە. ژنێکی زۆر میهرەبان بوو، بەڵام وەکوو هەر

دایکێکی تر ناهەقی نەبوو، ئەگەر بە گیرانی کوڕەکەی سەغڵەت ببێت.

ڕۆژێک (نیگار) و من لە کارگەکەی باوکیەوە بۆ ماڵ دەگەڕاینەوە و بە بازاڕدا دەڕۆیشتین. (نیگار) ئەو کتێبەی (لەنین)ی خستبووە جانتاکەی شانیەوە، کە لەبارەی سۆڤیەتەکانەوە نووسیویەتی و من پێش ڕاپەڕین دەمخوێندەوە، چونکە دەیویست بۆ ماڵەوەی بهێنێتەوە. ئەوەندەمان نەزانی لە نزیک بانک یەکێ بانگی کردین. کاتێ ئاوڕم دایەوە، ئەمنێک بوو، ئێمە لە ڕۆژگاری ڕاپەڕین گرتبوومان. (شەماڵ عەلی)، من و یەک دوو کەسی تر بووین، کە ئێستا ناویانم لە بیر نەماوە، لە ماڵەکەی هێنامانە دەرێ و بۆ بنکەی شۆرامان برد، تاکوو هەندێک پرسیاری لێ بکەین. ئەمنەکە عەرەب بوو، بەڵام هاوسەری کورد بوو و کەمێک کوردیی دەزانی. دوای ئەوە ئێمە دەبووایە بچینە دەرێ و بە هاوڕێیانمان گوت، کە دەبێت ئەو پیاوە لە بنکەی شۆرا بمێنێتەوە، بەڵام ئەوان چووبوون دابوویانە دەست بەرەی کوردستانی. ئەوانیش دەستبەجێ ئازادیان کردبوو. ئیتر ئەو ڕۆژە کابرا ئێمەی دیبوو، چونکە ماڵیان لە بازاڕ بوو و بە بەردەمیدا ڕۆیشتبووین. کاتێ بانگی ئێمەی کرد، هەموو گیانی دەلەرزی، لە کاتێکدا مەفرەزەی ئینزیبات تەنیا چەند مەترێک لێمانەوە دوور بوو. بە ئاخافتنی هەولێری لە منی پرسی: (ئەتوو نەبووی لە مەقەڕی ئیسلامی، وەکی ئەمنتان گرت؟). توومەز ئەو شۆرا (سۆڤیەت) بە شوورا (الشوری)ی ئیسلامی تێگەیشتبوو. پێش ئەوەی من وەڵامی بدەمەوە، (نیگار) گوتی: (ئەم لە ئیسلامییەکە نەبوو). پیاوەکە وشەی (ئەم) بە (ئەمن)ی هەولێری تێگەیشت و گوتی: (نا، ئەتوو نارێم). بە منی گوت ئێستا دەتوانێت بمگرێت و حوکمی سێدارەم بۆ ببڕێتەوە، چونکە ئەو بڕیارە بەسەر هەر کەسێکدا جێبەجێ دەکرا، کە ئەندامی حزبی

بەعسی لە ڕاپەڕین کوشتبێت. بەردەوامیش گیانی دەلەرزی. ئیتر دوایی گوتی لە شیمەی بەعس نییە کاری وا بکات و خواحافیزت بێت.

لەو ماوەیە دەوامی زانکۆیش دەستی پێ کردەوە، بەڵام من زۆر درەنگ چووم. کاتێ گەڕامەوە، ئەوان یەک دوو تاقیکردنەوەیان کردبوون. زۆر گوێم نەدایە. دوایی بە هۆی بارودۆخەوە تاقیکردنەوەی تایبەتیان بۆ ئەوانە دانا، کە نەیانتوانیبوو ئامادە بن.

ڕۆژێکیان (عەزیز حەسەن مەولان) لە سلێمانییەوە هات و گوتی لەوێ ڕاپەڕینیان کردوووە و دووبارە سوپای بەعسیان لە شار ڕاو ناوە. ئێمەیش بە پێوستمان زانی لە هەولێر دەستی پێ بکەین. وەک هەمیشە لە ماڵی (ئازاد ئارمان) و (شادیە عەزیز)ی هاوسەریدا بڕیار درا و پلانی بۆ دانرا. لە گەڵ (مزەفەر عەبدوللا)، (شەماڵ عەلی) و (وەستا جەلال) یش قسە کرا. هەموومان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین، کە شەو بچین یەکێ لە مزگەوتەکانی باداوا کۆنترۆڵ بکەین و جاڕی ڕاپەڕین بدەین. من چەکێکم لە ماڵی پوورم هێنا، کە لە ڕۆژگاری ڕاپەڕینەوە شاردبوویانەوە. خستمە گوشێکەوە و (نیگار) هەڵیگرت. دڵنیایش نەبووین، کە تەقەی پێ دەکرێت. دوای ئەوەی لە کۆڕەوەکە گەڕابوومەوە، دایکم هەمیشە پێی دەگوتم ناتوانم تۆ و هاوڕێکانت بەبێ چەک ببینم. خەڵک گوتبوویان هەتا ئێستایش لە هەندێک شوێن چەک فڕێ دراون و حوکوومەت کۆی نەکردوونەتەوە، بۆیە زۆرجار دایکم و (نادیە)ی خوشکم دەچوون و لەپەنا دیوار و قەراغی شار دەگەڕان، بەو مەبەستەی چەکێک بدۆزنەوە، بەڵام بێسوود بوو. دەبووایە (تارای کیمیا)، (تارای فیزیا)، (نیگار)، (عەزیز) و من بەو چەکەوە بچینە باداوا و لەوێ لە گەڵ هاوڕێیانی تر یەک بگرینەوە. (وەستا جەلال) و ئەوان کەوتبوونە کەمینی جاشەکانەوە و بە هەزار حاڵ خۆیان پێ ڕزگار کرابوو.

ئێمەیش بە هەمان شێوە، بەڵام ئەوەی ئێمە هەندێک جیاواز بوو. نەمانزانیبوو ماڵی سەرۆکجاشێک، (نازانم ناوی چی بوو، بەڵام دڵنیام پارتی و یەکێتی دەتوانن لە دۆزینەوەی یارمەتیم بدەن، چونکە لام ڕوونە وا لە ڕیزی خۆیاندایە) لە گەڕەکی زراعەن و ڕێگامان لێ دەگرن. پێش ئەوەی ئەوان هیچ شتێک بڵێن، من چوومە بەردەمیان و سڵاوم لێ کردن. ئینجا وەک یەکێک لە سەر شانۆ تەمسیل بکات و بە شێوازی ئاخاوتنی سلێمانی گوتم: (چۆنن قوربان؟ لە چییان؟ ئەوەی ڕاستی بێت لە ماڵی مامۆستا عەزیز حەسەن مەولان ئەگەڕێین. خۆی هەموو دوو ساڵە هاتوونەتە هەولێر. بیستوومانە ژنەکەی بووە بە ژێر سەیارەوە...... تاد). تا من ئەمانەم گوت، کچان بە چەکەکەوە بەرەو مەنتکاوە، بۆ لای ماڵی (ئازاد ئارمان) چوون. کارەبایش نەبوو، بۆیە خێرا لە چاو ون بوون. جاشەکان هەر سەیری ئەوانیان دەکرد. دوایی لە ئێمەیان پرسیی: (ئەو کچانە لەگەڵ ئێوە بوون؟). خۆمان لە گێلی دا و گوتمان: (نەخێر، کچی چی؟). ئیتر بەم شێوەیە دەرباز بووین. مادام لە نزیک زراعە و ڕووناکیین، با باسی ئەو کوڕە تورکمانە هەرزەکارەیش بکەم، کە ناوی (بارزان) بوو و بە (بازۆ) بانگ دەکرا. ڕۆژی پێشوو چووبووە لای ئەو خاڵی پشکنینەی، کە (قوات خاصە) لە گەڕەکی ئێمەیان دانابوو. بەردەکانی فڕێ دابوون و پێی گوتبوون: (ئێمە نامانەوێت، ئیتر چارەی ئێوە لە کوردستان ببینینەوە و بڕۆن!). ئەوانیش هەر لەوێ گوللەبارانیان کردبوو.

نەماندەویست بە هیچ شێوەیەک ڕاپەڕینی دووەم درەنگ بکەوێت. ئەوە بوو ڕۆژی حەڤدەی تەمووزمان دانا. چەند لافیتەیەکمان نووسی و لەناکاو چووینە ناو قەرەباڵغییەکەی شێخەڵلا. دەستمان پێ کرد. خەڵکی بازاڕ ئەوەی ویستی لە گەڵمان بەشدار ببێت، مایەوە و ئەوەی نەیویست، ڕای کرد. هەتا بەردەمی پارێزگاری

هەولێر چووین. تەقەیان لێ دەکردین و نەدەگەڕاینەوە. دوو هاوڕێمان گیانیان بەخت کرد. (ئاراس) و (زانای موهەندیس).

ناکرێت لێرەشدا هەڵویستی بەرەی کوردستانیمان لە بیر بچێتەوە، کە لایەنەکانی شانبەشانی بەعس دژمان دەوەستانەوە. پێیان دەگوتین ئێوە ئاژاوەگێڕن و مفاوەزاتمان لێ تێک دەدەن، تەنانەت نەیاندەویست بریندارەکانمان بۆ نەخۆشخانە ببەن. بەیانییەکەی من دەبووایە بچمە مووسڵ و تاقیکردنەوەم هەبوو. لە قۆناغی چوارەمی زانکۆ بووم. ڕێگا گیرابوو و یەک یەک نەفەرەکانیان دەپشکنی، بەڵام نەمزانی کەسیان گرتبێت. لەو ڕۆژەوە بەعس سوپای خۆی لە هەولێر کێشایەوە، چونکە بۆی دەرکەوت مانەوەی مەحاڵە. نەمزانیوە تاکوو ئێستا کەس باسی ڕاپەڕینی دووەمی کردبێت.

لە پشووی هاوین (نیگار) و من باری ئابووریمان خراپ بوو و نەشماندەویست بە هیچ شێوەیەک یارمەتی لە کەسوکارمان وەربگرین، بۆیە من زۆربەی کتێبەکانی (نیگار) و هیی خۆمم برد و لە بەردەمی قەڵا دامنان، بەو مەبەستەی بیانفرۆشم. لەمەوە بوومە کتێبفرۆش و دواتر (کتێبخانەی دواڕۆژ)م دانا، دەنا بە هیچ شێوەیەک پلانم بۆ دانەنابوو. کتێبخانەکەمان بووبووە بنکەی چەپەکان، تەنانەت ئەو شوێنە، کە پێشتر چۆڵوهۆڵ بوو، وای لێهات بە قەرەباڵغترین شوێنی شار بناسرێت. ناویان لەو شەقامەی نزیکشم نا (شەقامی چەپەکان)، بەوەی چەپی هەموو شارەکە و هیی شارەکانی تری لێ کۆدەبوونەوە. هەر لەو ڕۆژانە بەردەوام لە مەراسیمەکاندا بەشداریمان دەکرد و نەماندەویست بۆ ساتێک لە بەرانبەر دەستەڵاتی دوو حزبەکەدا بە چۆکدا بێین. ناکرێت ئاماژە بە ڕۆڵی هەندێک گەنجی یاخیی وەک (ڕێبوار عەبدوڵڵا)ی برای (گۆران عەبدوڵڵا) ، (تەیب)، (عومەر)، (فارووق) و

زۆری تر نەدەم، کە ئەگەرچی لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی بوون، بەڵام عەشقی خوێندنەوە و یاخیبوون بوون. ڕۆژانە سەردانی کتێبخانەی منیان دەکرد و کتێبیان دەکڕی، یان بە قەرز دەیانبرد.

ئێمە بۆیە کوردستانمان جێ هێشت، چونکە شوێنمان نەدەبووەوە. باسی ئەوەیش ناکەم چۆن لە ئیبراهیم خەلیل هەمان ئەفسەرەکانی سەردەمی بەعس ڕەخنەیان لێ دەگرتین، گوایە وڵاتی خۆمانمان خۆش ناوێت و دەچینە ئەوروپا. ڕۆژانە لە بەر هەتاو دەوەستاین. (دواڕۆژ)ی کوڕمم دەبردە پەنا لۆریی تورکەکان، تاکوو لەوە زیاتر هەتاوی گەرم نەیسووتێنێت، کە تەمەنی چەند مانگێک بوو. ڕۆژێکیان ئۆتۆمۆبیلێکی کەشخە لە بەردەمی ئەو ئۆفیسە وەستا، کە ئێمە بیست ڕۆژ بوو داوای ڤیزەی تورکیمان لێ دەکرد و بە پارەیش پێیان نەدەداین. ئەو گۆرانیبێژە لەو ئۆتۆمۆبیلە دابەزی، کە ئەم گۆرانییەی دەچڕی: (ڕووناکیی چاومان، گڵۆپی ماڵمان، گڵۆپی ماڵمان هەر تۆی سەدام... تەرەنەن نەننەن! نەنەنەن نەننەن! تەتەن تەنتەن! تەنتەن نەنتان! تەتەنەن تەنتان! تەنتان تەنتەن!). (جەمال کرێکار) لێی پرسیم، ئاخۆ دەزانم ئەوە کێیە. وەڵامیم دایەوە: (نەخێر). ئینجا پێی گوتم ئەوە فڵان گۆرانیبێژە و لە قوتابخانەی ئەواندا سەرۆکی (اتحاد طلبه) بووە. ڕێگای بۆ چۆڵ کرا و بە ڕێزێکی زۆرەوە چووە ژوورێ. ئەدی چۆن؟ هونەرمەند نییە؟ گۆرانیی بۆ قادسیە نەگوتووە؟ هەر خێرا ئیشەکەیان بۆ جێبەجێ کرد. چی لەوە خۆشترە بە چاوی خۆت هونەرمەندی ئایدۆڵی خۆت لە نزیکەوە ببینیت! ئەو کاتەی پارتی بووم، دەمگوت تۆ بڵێی ڕۆژێک شۆڕشمان سەر بکەوێت و هەموو ئەوانە دادگایی بکەین؟ نەمدەزانی دیسان هەر ئەوانە دەبنەوە خاوەنی وڵات و ئێمە بە ناپاک و دوژمنی نیشتمان حیساب دەکرێین. بۆ نا، مەشخەڵ گیان؟دەبێت شانازی بەو

ناپاکییەوە بکەیەن. ئێمە وڵاتێکمان بۆ چییە، کە مرۆڤی تێدا زیندانی بکرێت؟

من ئەم ئێوارەیە ئەمانەم بە خێرایی نووسین، کە ڕەنگە نووسینەکەم هەڵە و کەموکورتیی تێدا بن. باوەڕ دەکەم ناوی زۆر کەسم لە بیر چووبن. زیاتر مەبەستم بوو شتەکان بگێڕمەوە، نەوەک لێکدانەوەیان بۆ بکەم. دواجار دەڵێم ئەمە بەشێکە لە مێژووی من و لێی پەشیمان نیم، بەڵام لە ۹۲ وەوە ویستوومە بە شێوەیەکی جیاواز بیر بکەمەوە و تاکوو ئێستایش لەم بیرکردنەوەیە بەردەوامم، بێ ئەوەی بە هیچ ئەنجامێک گەیشتبم، کە ئەمەیان بۆ من مایەی خۆشبەختییە.

ڕێز و خۆشەویستیم بۆ تۆ و بۆ هەموو ئەو هاوڕێیانەی لێرە ناویان هاتووە. داوای بوردن لەوانە دەکەم، کە ناویانم لە بیر نەماوە، یان بە هەڵە ناویانم نووسیون.

☆

**پاشماوەی:** *کۆچی مەریوان...*

خاڵێک کە کەمتاکورت بەئەنجام گەیشت، هاتوچۆ نەکردنی چەکدارانە بوو لە ناو شاردا. ئەو فەزا گشتییەی کە باسی کرا، بوو بە هۆی ئەوەی کە خاڵە سەرەکییەکانی ڕێککەوتنەکە بە هەڵپەساردەیی بمێننەوە. شار نە لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا بوو نە وەکوو جاران لە لایەن کۆمۆنیستەکان و شۆڕشگێرەکانەوە ئیدارە دەکرا. خەباتی یەکگرتووانەی خەلک لەو دەورەدا، هێرشی نیزامی دەوڵەتی بۆ سەر کوردستان لە شاری مەریوانەوە بەرپەرچ دایەوە. ئەم وەزعە تا هێرشی سوپای پاسداران بۆ سەر شاری پاوە لە ۲۳ی گوڵان و دەسپێکردنی هێرشی سەرانسەری بۆ سەر هەموو کوردستان لە ۲۸ ی گوڵان دا درێژەی بوو.

☆

# ڕیئالیسم لە هەڵبژاردنی ئامێردا


نووسەر: کای کۆهلەر

وەرگێڕان: ڕامیار ڕەزایی

لە ئاگوستی ١٩٥٦ برتۆڵت بریێشت مرد. لەو دەمەوە زۆر جار مردنەکەیان ڕاگەیاندووە، وتوویانە دیالێکتیسییەنی ماندووکەرە، ئامێرە شانۆییەکانی ئەو ئیتر جێگایان لە مۆزەخانەیە، و میراتگرەترسەنۆکەکانی ڕێگر دەبن کە دەرهێنەرەکان بە ئازادی شانۆیەکانی دەکار بکەن. ڕەنگە بەم هۆیەش بێت کە بەرهەمەکانی ئەو لە لای بینەرانی سەکەوتوو ماونەتەوە. لە ساڵیادی لەدایکبوونی، ساڵی ١٩٩٨، بە ئاشکرا بە دەربڕینی نیگەرانی فێمینیستی، لە چەوساندنەوەی ژنان پەیڤ هاتەگۆڕێ. بێبەختییان ئەوە بوو کە بریێشت هەردەم ناوی ژنە هاوکارەکانی خۆی هێناوە. بەڵام ئەوەی کە ناکرێ کاری یەکلا بکرێتەوە، دەزگای بورژوایی بە یارمەتی ژیانێکی ساختە، ئەو داگیر و لەخۆیدا هەرس دەکات. ئاوا بوو کە ئەو ڕووخسارانە سەریان وەدەرنا: بریێشت، داهێنەری گشت ئامێرە مۆدێرنەکانی شانۆ، کە بە ڕامیاری و بە تایبەت بە مارکس



کەمترین سەرنج و بایەخی نەدەدا؛ و بریشت، یەکێک لە قوربانیانی DDR کە بەرلینەر ئەنسەمبڵیان Berliner Ensemble تەنیا لەبەر ئەوە بۆ ساز کردبوو کە ناسەرکوتوو بمێنێتەوە و بەس کارەکانی سەرۆکەکەی چێ بکات.



ئەم جۆرە دەس بەسەرداگرتنانەی شانۆنامەکانی بریشت، کارا نیین. هێندێک لەوانە بەشێک لە بەرنامە هەمیشەییەکانی شانۆکانن، هێندێکیشیان جار جار بەرچاو دەکەون، هێندێکیان دەگمەن دێنەسەر شانۆ یان هەرگیز نایەن. "ڕۆژەکانی کۆمۆن" یەکێکە لەو گرووپەی کۆتایی کە لە١٩٤٩ نووسراوەو بۆ دوایین جار سێ مانگ دوای مەرگی بریشت، لە ١٧ نۆڤەمبری ١٩٥٦ لە کارل-مارکس-ستات بە دەرهێنانی "بەنۆ بەسۆن" Benno Besson و مانفرێد وەکوێرت Manfred Wekwerth هاتە سەر شانۆ.

ڕووداوەکانی شانۆ لە ژانویەی ١٨٧١ دەست پێدەکا و هەتا شکستی کۆمۆنی پاریس لە ٢٨ مەی ١٨٧١ درێژەیان هەیە. خەڵکی پاریس لە کۆتاییەکانی شەڕی ئاڵمانیا و فڕانسا ١٨٧٠/٧١ تێدەگەن کە باری ئەو شکستە دەکەوێتە کۆڵی خۆیان و بۆرژوازی سوود لەوش دەبات. گاردی نیشتمانی وەک هێزێکی ئامادەباشی کۆمەڵانی خەڵک دەست بەسەر ئەو تۆپانە دادەگرن

که سوپا دەیەوێت بۆ دەرەوەی وڵات ڕایانگوێزێت. شۆڕش لە ناو شار دەسەڵات دەگرێت، بەڵام پاشماوەی هێزەکانی دەوڵەت لە وەرسای کۆدەبنەوە.

لە کاتێکدا کە شۆڕشگێڕان شاگەشکە بوون و بێسنوور لە سەرکەوتنی خۆیان دڵنیان، و دەست بە بەدیهێنانی ئیدەئاڵەکانی خۆیان دەکەن، دژەشۆڕش خۆی چەکدار دەکات. ئاڵمان کە لە شەڕدا سەرکەوتووە، دیلە فەرانسییەکانی خۆی لە ناوچەکانی دەرەوەی شارەکان ئازاد دەکا و لە دژی کرێکارانیی شاریی هان دەدرێن و ئامادەسازی دەکرێن. دەسەڵاتدارانی ئاڵمانیا و فرانسا شەڕیان لە دژی یەکتر کردبوو و دەیان هەزار کەسیان لە یەکتر کوشتبوو، لێ ئەو کاتەی کە پرسی بەرەنگاریی شۆڕش سەرهەڵدەدات، پڕاوپڕ هاوڕان. یەکێک لە گرووپانەی درووژاو بە پرۆپاگەندای پڕ لە نەفرەت، شەقام بە شەقام دەست بەسەر پاریسدا دەگرن و هەزاران کۆمۆنار دەگرن و دەیانکوژن.

برێشت لە چواردە پەردەدا ماڵباتێک پێشان دەدات کە لە گەڵ شۆڕشگێڕانن و لە گۆڕانە سیاسییەکانی کۆمۆندا بەشدارن. پێکڕای ئەوە، شانۆیەکە نیگا دەخاتەسەر ڕێبەرایەتی شۆڕش و لە بەرامبەردا لە هێندێک پەردەشدا نیگا دەخاتەسەر ڕێبەرایەتی دژەشۆڕش. هیچ گرژییەکی دراماتیک بە واتای تەسک و سنووردارەکەی لە گۆڕێ نییە. ئاراستەی ڕووداوەکانیش لە سەر هێڵیی کاتبەندی خۆیانن و ژێدەرکانیشیان دڵنیا و پشت قایمن، بەڵام بۆ تواشاوانێک کە ئامادەیی پێشینەیی نیە، ڕاگرتنی نیگای تێکڕایی بە گشتی دژوارە. هاوسۆزی لە گەڵ ژیانی کەسەکان و تاکەکانیش، پڕاوپڕ شێماتیک و بەبێ وردەکارییەکان دەناسێندرێن، بە دژواری دەتوانێ بینەر دڵکێش بکات، بەڵکو ئەو دڵبەستەییە تەنیا دەتوانێ لە پرسیارە

سیاسییەکانەوە داچۆڕێتەوە کە لە شانۆی بەرباسدا جێگیر دەکرێن. تەوەرەکە ئەوەیە کە چۆن دەشێ شۆڕشێک بکەی کە سەرکەوتنی مسۆگەر بێت.

لەم سۆنگەیەوە، بریێشت برگەیەکی سەبارەت بە هەڵەکانی کۆمۆنی پاریس نووسیوە، کە لەمەوە دێت کە لەو ساتانەی کۆمۆنی پاریس زیاترین هێزی هەبوو و بورژوازی دوژمنیش لە وەرسای لە لاوازترین دۆخی خۆیدا بوو، هێرشی نەکردەسەری، بەڵکو لە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرییەکی ئاشتیانەدا بوو. کریکارێک دەڵێت "ئەگەر کاتمان هەبووایە!" و لانژەڤینی Langevin نوێنەر کە زۆرینەی جار وتەبێژی بریێشت خۆیەتی، بە هۆی ئەو شکستەی کە بەریگاوەیە، دەڵێت "بەڵام خەڵک هیچ کات لە کاتژمێرێک ئەملاتر کاتی نییە. ئامان ئەگەر ساز و ئامادە، پڕ چەک خۆی نەگەیێنێتە مەیدان."

لەم خاڵ و بەندانەدا دەردەکەوێت کەبریێشت مەبەستی گوتنەوەی وانەی مێژوویی نەبووە. لانژەڤین بە تەمایە بە خۆشیی ئازادیی کامڵ، بخواتەوە، بەلام دەستڕادەگرێو دەڵێ: "من بە خۆشی ئازادی ناتەواو دەنۆشم«، چونکەتەنیا ئازادی ناتەواو دەگات بە ئازادیی کامڵ. ئازادی تەواو بۆ دژەشۆڕشیشە. پرسەکە ئەمەیە کە دەشێ هەتا گەیشتن بە ئازادی گشتگیر، لە ئازادی تاکەکەسی چاوپۆشی بکرێت."

لانژەڤین لە وەلامی ئەم ئیرادە کە مرۆڤ نابێ دەستی بەخوێن سوور بکات، دەڵێت: "لەم شەڕەدا یان دەستی خوێناوی هەیە یان دەستی بڕدراو." دواتر، لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی کۆمۆن دا وتاربێژەکان دەبێ کاردانەویان بۆ نارەزایەتییەکانی بیسەران پێشان بدەن، بۆ نموونە بەم شێوەیە: "ئێمە هیچ دەوڵەتێکمان ناوێ، چونکەسەرکوتمان ناوێت." هەڵبەت

**بڕوانە لاپەڕەی ٩٦**

# کۆچی مەریوان

نووسینی: مەجید حوسێنی

وەرگێران لە فارسییەوە: سلیمان قاسمیانی



بە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی ٢٢ی بەهمەن (ڕێبەندان) ی ١٣٥٧، لە شاری مەریوان هێزە کۆمۆنیستەکان و هیزە شورشگیرەکان شاریان بەڕێوە دەبرد. هێزە شورشگیرەکان شاریان لە ڕێگەی ڕێکخراوە گشتییەکان وەکوو شورای شار، بارەگای پارێزگاری (ستاد حفاظت) لە شار، شورای کرێکارانی شارەداری، یەکیەتی بێکاران، یەکیەتی جووتیاران، کۆمەلەی مامۆستایان، کۆمەلەی ژنان، دواتریش یەکیەتی ژنان، ناوەندی قوتابیان، وە هەروەها بە بوونی کۆڕ و کۆمەلی کۆمۆنیستی و ڕێکخراوی سیاسی وەکوو پەیکار و چریکەکانی فیدایی گەل… ئیدارە دەکرد.

لە بەرامبەر هێزە شورشگیرەکان، هیزە ئایینییەکان، ڕێکخراوێکیان بە

ناوی "مەکتەبی قورئان" هەبوو. رابەری ئەم گرووپە ئەحمەد موفتیزادە، دانیشتووی شاری سنە بوو. ئەندامانی ئەو رێکخراوە ئەوەندە کەمبوون کە خەلکی شارهەموانیان دەناسین. پێش لە شۆرش، موفتیزادە لە پەیوەندی لە گەڵ ساواک (ریکخراوی ئەمنی ئیران لە دەورەی پاشایەتی دا) لە چەند شاری ئیران "مەکتەبی قورئان" ی دانا. ئەوانە تا کۆتایی هاتن بە ژیانی حکومەتی پاشایەتی لە شارەکانی سنە، پاوە، نۆسوود، مەریوان بە هاوکاری لە گەل سازمانی ساواک دەستیان دابووە بانگەشەیەکی ئایینی دژی کۆمۆنیستەکان. دارودەستەی موفتیزادە، وەکوو جەماعەتێکی ئایینی سوننی توندڕەو، لە کوردستاندا شتێکی نوێ بوون. ئەوان لە یەکەم هاوکارەکانی خومەینی و حکومەتی ئیسلامی ئیران لە کوردستان بوون. بە هۆی خەسڵەتی هاوبەشی کۆنەپەرستانە و دژە شورشگیرانەی هیزەکانی ئایینی شیعە و ئەم گرووپە بچووکە سوننییە لە کوردستان و دوژمنایەتی هەردووکیان لە گەل نوێخوازی و ئازادی و ئاسایشی گشتی بۆ خەلک، جەماعەتی موفتیزادە زۆر زوو بوونە هاوکار و داردەستی دەولەتی ئیسلامی تازە بە دەسەلاتگەیشتووی ئیران.

## لە ئەزیەت و ئازارەوە تا کردەوەی تێروریستی

ئەندامانی مەکتەبی قورئان لە پۆشاکەوە بگرە تا شێوەی بەجێگەیاندنی فەرزە ئایینییەکان و تەنانەت هەستان و دانیشتنی کۆمەڵایەتی، لە گەل خەلک جیاوازییان بوو. بەرنامەی ئەوان بۆ بەشداربووان لە کۆڕەکانیان دا تەنیا فێرکردنی قورئان و مەسەلەی ئایینی نەبوو بەلکوو هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیی خەڵکی دادەپۆشی. لە کلاسەکانیان دا منالانی ورد و لاوەکانیان دژ بە خەڵکانێک هان دەدا کە شێوەی ژیانیان لە گەل ئەوان جیاواز بوو. بە هۆی ئەوەی


ڕێپێوانی پشتویوانی لە کۆچی مەریوان

کە زۆرێــک لە ئەندامانی مەکتەبی قـــورئـــان کـــۆنەدەرەبەگ و ســـاواکـــی و کۆنەپەرست بوون و شیوەی دینداری و هەلســـان و دانیشتنیشیان لە گەڵ خەڵـــک جـیـاوازبـــوو، و کەســـایەتـیـیە خـــۆشـــنـــاوە کۆمـۆنـیـستەکـان دژیـــان بـــوون، خەڵکیش دووریـان لێدەگرتن. موفتیزادە پێش لە شۆڕشی دژ بە شای ئیران، چەن جار هاتە مەریوان و لە مزگەوتی دارسێران، دژ بە کۆمـۆنـیـستە بێدینەکان و شارومەندانی سەر بە ئایینی بەهایی، بە ئازادی قسەی دەکرد.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ ئەوان ئـیـتـر تەنـیـا بە فێرکردنی قورعان لە کلاسەکانیاندا رازی نەبوون و لە شەقام و دەروکـۆڵان دەستیان کرد بە بەهانەگرتن و ڕێنوێنیکردنی ئەو ژنانەی کە لیباسی مودێرن و نوێیان لەبەردابوو. خەڵک لەم بەناو پەند و نسیحەت گەلی ئەخلاقی ئەمانە بە ژن و منالیان زۆر توورە بوون. هەرچەن ئەمانە لە یەکەم مانگەکانی سەرکەوتنی شۆرش دا

هەر لایەنگیری ساواک و سیستەمی پاشایەتی بوون، بەڵام لە گەل سەقامگیربوونی دەسەڵاتی ئیسلامییەکان لە ئیران دا، بە توندی هەڵگەڕانەوە و بوونە لایەنگیری سەرسەختی خومەینی و دەسەڵاتی ئیسلامیی. شیعاری سەرەکیان لەوکاتەدا بریتی بوو لە: "بۆ خومەینی و کاک ئەحمەد، سەللی عەلا موحەممەد". بە پلانی هێرشکردنە سەر دووکانی شارومەندانی سەر بە ئایینی بەهایی و تالانکردنیان، بە هیوابوون کە کەشی رادیکال و شورشگیرانەی شار بگۆڕن و کەشێکی ئایینی بە سەردا زاڵ بکەن. ئەم پیلانە بە هۆی وشیاری و بەئاگابوونی هەلسووڕاوانی چەپ و کۆمۆنیست و پارێزگارییان لە بەهاییەکان، تێکشکا. پلانەکانی ئەوان لە گەڵ پلانەکانی هێزە ئیسلامییە دژ بە شۆرشەکان لە باقی ئیراندا یەکیان دەگرتەوە. بەڵام پشتیوانی ئاشکرای ئەوان لە خومەینی بووە هۆی ئەوەی کە خەڵک لێیان دوورکەوێ.

لە گەل سەقامگیرتربوونی دەسەڵاتی ئیسلامی لە ئیران و پەیوەستبوونی ئەرتەش (سوپا) بە هیزە ئیسلامییەکان، بە پشتیوانی دەسەلاتەکانی زلهێزی رۆژئاوا و هاوپەیمانە سیاسییەکانیان لە ئیران وەکوو جەبهەی میللی، حزبی توودە و موجاهیدین، مەکتبی قورئانیش لە مەریوان هاوپەیمانی تازەی بۆ پەیدابوون. مەکتەبی قورئان لە گەل پادگانی شار، پەیوەندی هەبوو و زانیارییەکانی سەبارەت بە شار دەخستە دەست پادگان و چەک و تەقەمەنی پێویستی خۆیانیان لەوان وەردەگرت. هێزەچەکدارەکانی دارودەستەی حزبی دیموکراتی کوردستانی عیراق کە ئەو کاتە بە ناوی "قیادەموەقەت " لە ئاوایی "دزلێ" نیشتەجێ بوون، هەر وەکوو مەکتەبی قورئان، گوێ لەمستبوونی خۆیان لە دەولەتی پاشایەتییەوە، بۆ دەولەتی ئیسلامی گۆڕی. بەمجۆرە شۆڕشی خەلک لە مەریوان، مەکتەبی قورئان و قیادەموەقەت و پادگان و باقی

کۆنەپەرستانی لە بەرامبەر خۆیدا بینی.

دەسەڵاتی ئیسلامی ئیران بە کۆمەکی میدیای ناوخۆ و نێوتەوەیی بە شیعارگەلی وەکوو "ئەرتەش برادەرمانە"، "هیرش مەکەنە سەر پادگانەکان"، "نزیکی ناوەندنە نیزامییەکان مەبن"، "تا فەرمانی خومەینی دێ، دەست ڕاگرن!"، تەبلیغاتی خۆیان دژی درێژەپێدان و قووڵکردنەوەی شۆرش دەستپێکرد. هاوکات لەگەڵ ئەوەش، جەماعەتی وشکەمەلا و چەقۆکێشەکانی ئیسلامی لە هەموو ئێران دا بۆ تێکشکاندنی شورش دەستیان کرد بە هێرشکردن بۆ سەر ژنان و ڕێکخراوە سیاسییە چەپەکان و بلاوکراوە و چاپەمەنییەکان. سەرەڕای ئەوانەش خەلکی شورشگێر دەسەلاتی پاشایەتییان رووخاند و لە زۆر شوێن دەستیان گرت بە سەر پادگان و ناوەندە نیزامیی و ئەمنی و چەکدارییەکانی رژیمی شا دا و چەکیان کردن و بەم شێوە پلانی هیزەکانی ئیسلامیی دژ بە شۆڕش بۆ کۆنترولکردنی خەلک و ولات وەدواکەوت.

بەدوای راگەیاندنی دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی و دەسبەکارکردنی دەولەتەکەی لە تاران، مەکتەبی قورئانیش لە سنە و مەریوان و پاوە جموجۆلەکانی زیادی کرد. هەر رۆژە بە بەهانەی جۆراوجۆر لە شەقام و گەرەکەکانی ناو شاری مەریوان، بە تەقەکردن، ئەمنییەت و ئاسایشی گشتی خەلک و ئیدارەی شاریان لە لایەن شورای شار و بارەگای پارێزگاری دەشێواند. مەکتەبی قورئان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و پیلانی هاوبەش دژ بە هێزە چەپ و شۆڕشگیرەکان، پێشمەرگەکانی قیادەموەقەت یان بە نهێنی دەهێنایە ناو شار. ئەوان بارەگای پارێزگاری لە شار، کە کۆمۆنیستەکان و هێزە شۆرشگێرەکان تێیدا کۆببوونەوە و ئیدارەکردنی شاریان بەدەستەوە بوو، بە دوژمنی خۆیان و

بەربەستێک لە بەر ئامانجەکانیان دەزانی.

دوای ماوەیەکی کورت لە ئەزیەتکاری و نانەوەی نائەمنی لە شار، ئەمجار و دەستیان دایە کردەوەی تروریستی چەکدارانە لە شار و قومبەلەیان داوێشتە ناو مالی خەلکەوە. لە یەک حەتوودا، قومبەلەیان خستە ناو مالی: سەعید ئاشنا، ئەبوو کەریمی، سەدیق ئەمجەدی، رەشید فەتاحی (ناسراو بە ڕەشە هەورامی) و ئەمین روستەمی. ئەمە بوو بە هۆی تێکدانی ئاسایشی شار و زۆرکەس دەستیان کرد بە دانانی تۆڕی ئاسن لە پشت پەنجەرەکانیانەوە و زۆرکەس ناچاربوون کە شەوانە ئێشک بگرن. تیمەکانی ئێشکچی شەوانەی بارەگای پارێزگاری لە شار و دانانی پاسەوان لە شوێنی هەستیاری شار و هەروەها وشیاری خەلک، کۆتایی بە قومبەلە هاویشتنی مەکتەبی قورئان هێنا بۆ ناومالی خەلک. هەمووان دەیانزانی کە ئەم کارە، ئیشی مەکتەبی قورئان و قیادەموەقەت ە. هەولی خەلک و بارەگای پارێزگاری لە شار ئەوە بوو کە یەکێک لەو تێروریستانە لە کاتی ئەو پیشە چەپەلەیان دا بگرن.

ماوەیەکی وا بە سەر قومبەلە خستنەکان نەچوبوو کە دەست کرا بە کردەوەی تیروریستی تر. ئەمجار زیاتر شەوانە، و هەندێ جار لە رۆژیشدا، لە سەربانەکان را دەستکرا بە تەقەکردن لە "ناوەندی پاریزگاری لە شار" یان بەرەو پەنجەرەی مالی هەلسووڕاوانی شار و نەیارەکانی مەکتەبی قورئان. زۆرکەس ناچاربوون پشتپەنجەرەی مالەکانیان بە تەلیسی خۆل بگرن. هەموو پەنجەرەکانی بارەگای پارێزگاری ش بەم شێوەیە داپۆشرا. جارێکیان کاتێک کە گلۆپی ناومال هەلدەکرێ، لە پەنجەرەوە تەقەکرایە ناومالی عەتا روستەمی، بەڕیوەبەری بارەگای پارێزگاری . خۆشبەختانە کەس زیانی پێنەگەیشت. تیروریستەکان بۆ

ئەوەی کە بە ئاسانی نەبینرێنەوە هەر جارەی لەیەک تا دوو تەقە زیاتریان نەدەکرد. قیادەموەقەت، دەرگا و پەنجەرەی ماڵی "حاجی حەسەن نادری" یان بەهۆی ناو شاردا قەدەغە کردبو و شورای شار بڕیاری دا کە بازاری کڕین و فرۆشی چەک لە ناو شارەوە بۆ دەرەوەی شار بگوازێتەوە.



*رێپێوانی پشتیوانی لە کۆچی مەریوان*

خزمایەتی و هاتوچۆیان لە گەڵ یەکێتی نێشتمانی، گوللەباران کرد. لەو کاتەدا، بارەگای پارێزگاری شار، هەرجۆرە تەقەکردن لە ناو شار و هاتوچۆی چەکدارانەی لە

## جمنایەتی مەکتەبی قورئان

لەو رۆژانەدا مەکتەبی قورئان و ئەحمەد موفتیزادە، بە ئاشکرا، لە دژایەتی لە گەڵ هێزە چەپ و

شۆڕشگێرەکاندا، بە توندی پشتیوانییان دەکرد لە کۆماری ئیسلامی ئیران. ئەوان پشتیوانی مالّیی و چەکدارانەی دەولەتیان لە پشت بوو و بە پێی ڕێنوێنییەکانی ئەوان دەستیان دەدا بە تیرور. یەکێک لەوانە بە ناوی "عەبە حەبیب" بۆ ترساندنی خەلّک دەستی کرد بە ملهوڕیکردن دژ بە هەلّسووڕوانی کۆمۆنیست و ئەندامانی بارەگای پارێزگاری .
یەکەمجار بێ هیچ بەهانەیەک لە ناو شار، لە سەر شەقام تەقە دەکا لە ئەمین بالّەکی ئەندامی بارەگای پارێزگاری. دواجار لە هەلّسووڕوای کۆمۆنیست محەمەد مراد تەقە دەکا، بەلام محەمەد چەکی دەکات. ئەم دارودەستەیە بە شیوەی خۆیان دەیانویست خۆیان لە هەموو ئێش و کاری شار، تەنانەت مەسەلە کرێکارییەکان، هەلّقوتێنن. ئەوان دەیانویست لە هەژاری و فەقیری خەلک کەلّک وەربگرن و بۆ ڕاکێشانی خەلّک بەرەو خۆیان، یارمەتی مالّییان بلاو دەکردەوە و لەو پەیوەندییەدا کارتی ئەندامەتیی سپای پاسدارانیان لە ناو ئەندامەکانیاندا بلاو دەکردەوە. ئەم کارتانە دوایی وەکوو بەلّگە کەوتنە دەست بارەگای پارێزگاری . ڕەوتی شۆڕش لە شارەکانی جنووبی کوردستاندا بە ئاشکرا ڕووبەڕوو ببوو لە گەل کۆنەپەرستیی ناوخۆیی و لقێک لە پشتیوانانی کۆماری ئیسلامی.

لە سەرەتای فەروەردینی (خاکەلێوە) ١٣٥٨ دا، بە هۆی تەقەی چەکدارانی مەکتەبی قورئان بەرەو کۆمەلّیک لە هەلّسووراوان و ئەندامانی بارەگای پارێزگاری کە لە سەربانێک کۆببوونەوە، مەحموود سلیمانی، لە کۆمونیستە دێرینەکانی شار و هەلّسووراوی بارەگای پارێزگاری ، گیانی لەدەست دا. کەس نەیدەزانی تەقەکە لە چ مالّێک را و لە لایەن چ کەسێکەوە کراوە. بەلام هیچکەس شکی نەبوو کە ئەم کارە لە لایەن چەکدارانی مەکتەبی قورئان و قیادەموەقەت ەوە کراوە. ئەم

جەنایەتە بووە هۆی نەفرەتی زیاتری خەلک لەم دوو داروودەستە. بەلام بەدوای تیروری مەحمموود سلیمانی دا، ئەم جەماعەتە لە دژایەتییان بەرامبەر بە کۆمۆنیستەکان و بەتایبەتی ناوەندی پاریزگاری شار، زۆر بێشەرم تر ببوون. هەرچەن ئەمانە بە دوای هەر کردەوەیەکی تێروریستی دا، بۆ ئاشکرانەبوویان، ماوەیەک بیدەنگ دەبوون، بەلام ئەمجارە زووتر لە جاران دەستیان دایەوە چەک دژی خەلک.

ئەمجارە چەکدارانە هێرشیان بردە سەر خۆپیشاندانێک لە مەریوان کە هاوکات لە هەموو شارەکانی کوردستان دژ بە بێحورمەتییەکانی دەولەت بەرامبەر بە خەلکی کوردستان رێکخرابوو. لە نیوەی یەکەمی مانگی فەروەردین کاتێک کە خۆپێشاندان لە ئارادابوو، یەکێک لە کۆنەپەرستەکانی شار بە ناوی "سەید شەمسەدین تەکیەخا"، دەچێتە مزگەوتی جامیع و لە بلندگۆی مزگەتەوە هەرەشە لە کۆمۆنیستەکان دەکا و دەلێ کە قورئانیان خستوەتە ژێر پێ و سووتاندوویانە. کاتێک کە خۆپیشاندانەکە گەیشتە شەقامی هەورامییەکان، وایان پیشاندا کە هەندێک لە چەکدارەکانی مەکتەبی قورئان بە دوای بیستنی قسەکانی سەید شەمسەدین، ئەمبەرو ئەوبەری شەقامیان گرتووە، ئەوسا دەستیان کرد بە تەقە بەسەر خەلکدا و بۆ شێواندنی خۆپیشاندانەکە دەستیان کرد بە جنێودان بە کۆمۆنیستەکان و شیعاری "لائیلاهە ئیللەلا" و "بۆ خومەینی و کاک ئەحمەد، سەللی عەلا موحەممەد".

لە بەرامبەر ئەم کردەوەدا، خەلک بۆ یەکەمجار دەستیان کرد بە راونانی ئەندامانی رێگری مەکتەبی قورئان و تەمێیان کردن. وەلامی بەجێ و دەستبەجێی خەلک بۆ مەکتەبی قورئان، زیاتر لە هەر کاریکی تر، بوو بە هۆی ئەوەی کە قورسایی هێز بە لای هێزەکانی

پێشرەودا بشکێتەوە. بە جۆرێک کە تا ناوەراستی مانگی گولان، بەر بە جـموجـۆلـی تـیـروریسـتـی جەمـاعەتەکـانـی کـۆنەپەرسـتـی ناوخۆیی لایەنگیری حکومەت لە مەریوان گیرا و شار و ژیانی خەلک ئەمین تر بوو.

## پیلانی هاوبەشی قیادە موەقەت و مەکتەبی قورئان

لە نیوەی دووەمی مانگی گولانی ١٣٥٨ دا هەوالی هاتنە ناو شاری چەن کەس لە قیادەموەقەت بە چەکـداریـی، گەیشـتە بـارەگـای پارێزگاری شار. دەستەیەک لە ئەندامانی ناوەند، بۆ لێکولێنەوە لەو مەسەلە بەرەو شوێنی ناوبراو دەچن. یەکێک لە چەکدارەکانی قیادەموەقەت بەر لە گەیشتنی دەستەکەی ناوەند بۆ ئەو شوێنە لە شەقامدا تەقەیان لێدەکا و شەڕ دەست پێدەکا کە لە ئاکامدا ئەو چەکدارەی قیادەموەقەت دەکوژرێ.

بەداخەوە رێبوارێکیش بە ناوی "رەشید حەمەرەزا بێگ" دەکەوێتە بەر گوللە و دەکوژرێ. رابەرانی قیادەموەقەت بەرِوالەت بە نێوی سـەنـدنەوەی تـۆلەی پێشمەرگەکەیان، راگەیاندنێکی پڕ لە هەڕەشە دژی کۆمۆنیستەکان بڵاودەکەنەوە. لە راگەیاندراوەکەدا ٤٨ سەعات مۆڵەت دیاری دەکەن کە بارەگای پارێزگاری شار، چەکەکانی دابنێت و بینای ناوەند چۆڵ بک دەنا چەکدارانە هێرش دەکرێتە سەریان و بە زۆر لە شاری مەرێوان دەردەکرێن. مەکتەبی قورئان راگەیانڕاوەکەی قیادەموەقەت لە مزگەوتی جامیع و چەند شوێنی تر بڵاو دەکاتەوە. ئەوان بە پشتیوانی لە قیادەموەقەت لەناو شاردا دەست دەکەن بە بانگەشە دژ بە کۆمۆنیستەکان.

لەوەڵامـی هەڕەشـەکەی قیادەموەقەت و مەکتەبی قورئان، هەموو کۆڕ و کۆمەڵە چەپ و شۆرشگێرەکان بڕیاری بەرەنگاربوونەوەیان دا. ئێمە

سەنگەرەکانی دەوروبەری بارەگای پارێزگاری مان قایمتر کرد. بۆ شوێنە گرینگەکانی ناو شار و دەروبەری شار، هێزی جیاوازمان تەرخان کرد. دۆستانی چەکدارمان لەناو گەرەکەکاندا ئامادەبوون کە لە ئەگەریی هێرشکران بۆ سەر شار، لە سەربانی ماڵەکانیانەوە بەرەنگاری لە شار بکەن. لە رۆژی یەکەمی مۆڵەتەکەدا شار حاڵی هەمیشەیی خۆی نەبوو. بەردەرگای دووکانەکانی خواردەمەنی فرۆشی و نانەواخانەکان شلووق بوو و دووکانەکان زووتر لە جاران داخران. ئەو شەوە هەموو هێزەکانی ئیمە لە ناوەندی پاریزگاری دا تا بەیانی بەخەبەر بوون. عەتا روستەمی، بەرپرسی ناوەند تەواوی وەخت لە گەڵ هێزەکانی پاسەوانی ناو شار و دەوروبەری شار لە پێوەندیی دابوو.

سەعات شەشی ئێوارەی رۆژی دوایی مۆڵەتەکەی قیادەموەقەت کۆتایی پێهات. سیمای شار ئەو رۆژە زۆر نائاشنا و غەریب بوو. دووکانەکان و ئیدارەکان داخرابوون و هیچ هاتوچۆیەک لە ناو شاردا بەدی نەدەکرا. بێدەنگیی قورس و خەمباری شار لە گەل ئیرادەی پۆڵایینی بارەگای پارێزگاری بۆ بەرەنگاریکردن لە کێشە دابوو. ئەو رۆژە هەمووومان ئامادە بووین تا بەر بە هەر هێرشێک بۆ شار بگرین. چاو و گوێمان ئاگاداری هەر دەنگ و جووڵەیەک بوو لە ناو شار. سەعات ٣ی دوانیوەرۆ دەنگەدەنگێک لە رۆژئاوای شارەوە سەرنجی ئێمەی راکێشا. لامان وابوو کە قیادەموەقەت بۆ خافڵگیرکردنمان هێرشی خۆی لە رۆژئاوای شارەوە دەست پێکردووە. هەمووومان خۆمان ئامادە کرد بۆ شەر. دەنگەکە بەرز و بەرزتر دەبوو و وردە وردە ناسرایەوە. زانیمان کە خەڵک هاتووەتە سەر شەقام و بۆ پشتیوانی لە ئێمە بەرێگەوەن بەرەو ناوەند. شیعارەکانیان شاری

دەلەراندەوە. ئەوە دەنگی کۆمەڵێک ژنانی کۆمۆنیست و شۆڕشگێر بوو کە دژ بە قیادەموەقەت و مەکتەبی قورئان دەستیان دابووە خۆپیشاندان. لەو ساتەدا بیری خۆپیشاندان بە خەیاڵی هیچکام لە ئێمە پیاوەکانی چەکدار لە بارەگای پارێزگاری دا نەهاتبوو. ژنان لەو کاتە هەستیارەدا بەو شێوەیە بە دەستپێشخەری خۆیان ئەو سنوورانەیان شکاند کە بەریدەگرت لە بەشداری ئازاد و تەواوی ئەوان لە بەرەنگارییەکەدا. ژنانی خۆپیشاندەر بە دەنگی بەرز ئەو شیعارانەی کە شەرافەت قاسمنژاد لە پێشەوەیانەوە دژ بە قیادەموەقەت و مەکتەبی قورئان ئەیوت دەیانوتەوە. خۆپێشاندەران بانگەوازی خەلکیان دەکرد بۆ پشتیوانی لە ناوەندی پاریزگاری و لە کۆتاییشدا چوونە بەر دەم ئیدارەی پۆست و تێلێگراف و چەند تێلێگرافی نارەزایەتییان بۆ خۆمەینی و دەولەتی تازە دەسبەکارکردووی "بازەرگان" نارد.

ئەو رۆژە، سەعات ٦ تێپەری و مۆلەتی قیادەموەقەت کۆتایی پێهات بەڵام هیچ هێرشێک بۆ سەر شار نەکرا. شەو کە هات ناوەند زیاتر لە پێشوو، ئامادەیی خۆی بۆ پاریزگاری لە شار بەجێنەهێشت. رۆژی سێیەمی دوای مۆلەتەکەش، خەبەرێک لە هێرش نەبوو. ئیتر ئاشکرا بوو کە قیادەموەقەت و مەکتەبی قورئان شکستیان خواردووە و خەباتگێرانی شار سەرکەوتوون. بەدوای ئەوەدا خەلک هاتنە ناو شەقامەکانی شار و دەستیان کرد بە دەربڕینی شادومانیان بۆ ئەم سەرکەوتنە بە سەر هێزەکانی کۆنەپەرستدا. ئەو رۆژە شار وەکوو بۆمبێکی ئینسانیی بەر سەر کۆنەپەرستی دا تەقیەوە. ئەتوت کە خەڵک خۆپیشاندانەکەی رۆژی پیشووی ژنان دووبارە دەکەنەوە بەلام بە رێژەیەکی بەرفراوانتر و دەیان هەزارکەسی. بەرەنگاری ٣ رۆژەی ناوەند، دەورەیەکی نوێی لە شاری مەریوان لە رووبەڕووبوونەوەی

بەرەی شۆڕش و دژی شۆرش دەستپێکرد. رۆژێک دواتر ۱۲ تا ۱۵ ژنی لایەنگری مەکتەبی قورئان بە پشتیوانی لە موفتیزادە و خومەینی و دژ بە "کۆمۆنیستە بێ دینەکان" خۆپیشاندانیان ساز دا و دوای تێپەڕین بە بەر دەرگای ناوەند لە چوارڕای "شەبرەنگ" بڵاوەیان کرد.

## درێژەی رووبەڕووبوونەوەکان و چەن رووداوی گرینگ

لە ئاکامی بەرەنگاری ۳ رۆژەی ناوەند، ئیتر لە ناوەڕاستی مانگی گوڵان تا ناوەڕاستی مانگی تیر (پووشپەر) کردەوەی تیروریستی قیادەموەقەت و مەکتەبی قورئانیش وەستا. لەو ماوەیەدا ئارامییەکی نیسبی بە سەر شاردا زال بوو. لە جەرگەی ئەم ئارامییەدا، رووبەرووبونەوەی توندتر و چارەنووس سازتر لە نێوان شورش و دژەشورش خەریکی شکڵگرتن بوون کە سەرچاوەکەی سەرانسەری بوو و پێوەندی هەبوو بە سەقامگیربوونی دەولەتی ئیسلامی و لە کۆڵخۆکردنەوەی شۆڕش. لێرەدا ئیشارە دەکەم بە چەند رووداو لەو سەردەمەدا.

هەرچەند شاری مەریوان ئارامتر ببوو بەڵام پیلانگیڕیی و ئەزیەتکارییەکانی قیادەموەقەت لە دەرەوەی شار زیادی کردبوو و دەستی دایە تاوان و ملهوڕی دژ بە خەلک. قیادەموەقەت لە ئاوایی دزلێ کە مەقەرەکەشیانی لێبوو، دەستیان کرد بە دانانی سەیتەرە لە سەر جادەی مەریوان-پاوە کە بە ناو ئاواییەکەدا دەچوو. خەڵک لەم کارەی ئەوان وەکوو هێزیکی میوان و "پەنابەر"، بە توندی ناڕازی بوون. لە درێژەی ئەم پشکنینانەی سەر جادەدا، رۆژێک تەقە دەکەن لە ماشینێکی پڕ لە مسافیر، کە لە مەریوانەوە بەرەو پاوە دەچوو، کە لە ئاکامدا دو کچی منال بە ناوی ئەختەر و مەعزەر رەزایی، خەلکی شاروچکەی

نودشه، گیانیان له دەس دەدەن. ئەم جەنایەتە دەبێتە هۆی نارەزایی توندی خەلک له مەریوان، پاوه و نۆسوود و خەڵک دەیانەوێ هێرش بکەنە سەر مەقەرەکەیان. قیادەموەقەت بۆ پێشگرتن بە نارەزایەتی خەلک، ئەو چەکدارە که تەقەی کردبوو، بۆ سزادان دەداتە دەست ئەو بنەمالەی کوژراوەکان. بنەماڵە داخدارەکە چەکدارەکە دەبەخشن.

خەڵکی مەریوان بۆ پشتیوانی له بنەماڵەی مناڵکوژراو، ٣٠ هەزار تمەن کۆدەکەنەوە و له گەڵ هەندێک کەلوپەلی پێویست و خواردەمەنی بۆ ئەو بنەماڵەی دەنێرن. ئەو پارەیە و شتومەکە کۆکراوەکەی خەلکی مەریوان له لایەن چەن ئەندامی ناوەند و شورا و باوەڕپێکراوی شار وەکوو رەشید فەتاحی، فایق رۆستەمی، سەردار فەتاحی و ئەمین روستەمی دەنێردرێ. قیادەموەقەت له دزڵێ فایق روستەمی دەگرێ و پارە و خواردەمەنی و کەلوپەلی کۆکراوەی خەلک بۆ بنەماڵەی مناڵەکوژراوەکان بە تاڵان دەبا. هەواڵی ئەم گرتن و ڕاورووتە شەپۆلێکی تر له بێزاری له مەریوان دژ بە قیادەموەقەت دەخاتە ڕێ. عەتا روستەمی بۆ ئازادی فایق و هێنانەوەی نوێنەرەکانی تر دەچێ بۆ دزڵێ. کاتێک سەیارەکەیان دەگاتە ناو دزڵێ، چەکدارانی قیادەموەقەت تەقەیان لێدەکەن کە شانسیان دەبێ و کەس بەرناکەوێ. عەتا روستەمی توانی گیراوەکان ئازاد بکات و له گەڵ خۆی بیانهێنێتەوە مەریوان، بەڵام پارە و شتوومەکە تالانکراوەکەیان پێنادەنەوە.

بێجگە لەمە، قیادەموەقەت بۆ ماوەی چەند رۆژ لە سەر جادەی مەریوان-سنە، سەیتەرەیان دانا و بە ناو سەیارەکاندا دەگەران. ئەوان لیستەیەکیان بە دەستەوە بوو و بە شوێن کۆمۆنیستەکانەوە بوون. ئەوان ئەو مسافیرانەی کە سەرووەزعیان باش بوایە و کلاووجامانەیان نەبوایە زیاتر

ئەزیەت دەکرد. لە چەن شوێنی تریش وەکوو ئاوایی "نژمار"، قەڵاجی"... سەیتەرەیان دانا و خەڵکیان ئازاردا. هەروەها هێرشیان بردە سەر ئاوایی "ننە" و "چۆڕ" و شورای "چۆڕ"یان چەک کرد. قیادەموەقەت وەکوو هێزێکی ناسیۆنالیستی دژەشورش، وەکوو بەکرێگیراوی دەولەتی ئیسلامی رەفتاریان دەکرد و لە هیچ تاوانێک دژ بە خەڵک درێغیان نەدەکرد.

ماوەیەک دوای گەمارۆی شار لە لایەن قیادەموەقەت، لە ناو هێزی چەپی شاری مەریوان دا هەندێک باس و توێژینەوەی گرینگ هاتنە ئاراوە. یەکێک لەم باسانە، یەکیەتی جوتیاران بوو. ئەوکاتە دوو کۆڕی کۆمۆنیست لە شاردا هەڵسووڕاو بوون. یەکێکیان کۆڕێک بوو کە فواد موستەفا سولتانی لە ناوەراستی مانگی میهر (رەزبەر)ی ١٣٥٧ پێکی هێنا. کۆنەپەرستەکانی شار ئەم کۆڕەیان بە "چەپە" ناودەبرد. ئەویتریان کۆڕی "کانوونی شار" بوو کە فاتح شێخ لە کۆتایی ساڵی ١٣٤٨دا پێکی هێنابوو. ئەم کۆڕەش لە لایەن کۆنەپەرستانەوە بە ناوی "شیرین بەهارە" ناوی ئەبرا. لە رۆژەکانی کۆتایی مانگی گوڵانی ١٣٥٨دا فواد موستەفا سولتانی و کۆڕەکەی، بڕیاریان دا کە لە ناو یەکیەتی جوتیاراندا دەستەی چەکدار پێک بێت و لە دیهاتەکانی ناوچەدا جەولەی سیاسی بکات. "کانوونی شار" هاوڕابوو لەسەر پێویستی چەکدارکردنی جوتیاران و شوراکانیان، بەڵام پێی وابوو کە لە جیاتی جەولەی چەکداریی لە دیهاتەکان، باشترە قورسایی کار بخرێتە سەر شار.

چەن کۆبوونەوەی هاوبەش لە سەر باسەکە گیرا بەڵام بە هاوڕایی نەگەیشتین. ئەم ناکۆکییە بووە هۆی پێکهاتنی درزێک لە ناو هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیست لە مەریوان و هێزەکانی کردە دووبەش. زۆرینەی هەڵسووڕاوانی شۆڕشگێر و کۆمۆنیستی "کانوونی شار" لە ناو شاردا درێژەیان بە

چالاکی خۆیان دا.

ئەم باسە لەوە زیاتر لێرەدا جێگەی نابێ و لە کتێبێکدا کە بەم زوانە چاپ دەکرێ، بە وردی باسم لێکردووە. هاوڕێیانی هاوبیر لە سەر پێکهێنانی هێزی چەکداری یەکیەتی جووتیان لە سەرەتای مانگی خورداد (جۆزەردان)دا دەستیان کرد بە جەولەی چەکدارانەی سیاسی لە دێهاتەکان. ئەم ناکۆکییە بووە هۆی ئەوە کە هەڵسووڕاوانی یەکیەتی جوتیاران بۆ ماوەی دوو مانگ لە ئیدارەکردنی شاردا بەشدارنەبن. هەڵسووڕاوانی "کانوونی شار" هاوکات لە گەڵ بەڕێوەبردنی ئەرکەکان و ئیدارەی شار، پشتیوان و یاریدەری یەکیەتی جووتیارانیش بوون لە کاتی پێویستدا. لە ناوەراستی تیر (پووشپەر)دا هەواڵی دامەزرانی "ستاد پاسداران انقلاب اسلامی" (بارەگای پارێزەرانی شۆڕشی ئیسلامی) لە مەریوان لە لایەن مەکتەبی قورئان، دەنگی دایەوە و بوو بە مەسەلە و گرفتێکی گشتی لە شاردا.

## ٢٣ی پووشپەر، سەرەتای گۆڕانکاریی چارەنووس ساز لە کوردستان

دامەزرانی مەقەری سپای پاسداران لە مەریوان بووە هۆی نیگەرانی هەموو خەلک. خەلک لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵێکدا، لە ماڵ و شەقام و قاوەخانە... باسی ئەو مەترسییانەیان دەکرد کە ئەو مەقەرە بۆ ژیان و ئەمنییەت و ئاسایشی خەلک پێکی دێنێ. خەلک و هەڵسووراوانی شار، دەستە دەستە دەهاتنە "بارەگای پارێزگاری" بۆ گۆڕینەوەی بێرورا و پەیداکردنی ڕێگەی چارە. زۆربەی خەلک لە سەر ئەوە ساغ بوون کە "بارەگای پارێزگاری" دەبێ بە زووترین کات و بە توندی بەرهەڵستی "مەقەری سپای پاسداران" بێتەوە. تەنیا شتێک کە جێگەی باس نەبوو، داخستنی "بارەگای پارێزگاری،

خـــۆبەدەســـتەوەدان و دانـــی دەسەلاتی شار بە سپای پاسداران بوو. خەڵک ئەیانوت کە جەماعەتی مەکتەبی قورئان هەر زووتریش بەرلەوەی دەولەت بە ئاشکرا پشتیوانییان لێبکا، دەستیان بە خوێنی خەڵکی شار تێکەلاوبووە و ئێستا کە دەولەت بە پارە و چەکەوە لە پشتیانەوە و بەشێکن لە "سپای پاسداران"، دەتوانن لە هەژاری خەلک بۆ کۆکردنەوەی هێز بەدەوری خۆیان کەڵک وەرگرن و شەرێکی خویناوی بە سەر خەڵک دابسەپێنن. دامەزراندنی مەقەری سپای پاسداران لە لایەن مەکتەبی قورئانەوە، بە مانای پشتیوانی کردن لە تێرور و تاوانەکانی تا ئەوکاتەی مەکتەبی قورئان و قیادەی موەقەت بوو. کۆماری ئیسلامی ئیران لە هەموو ئیران دا، دەستی کردبوو بە خستنەگەڕی دارودەستەی ملهوڕ و چەقۆکێش و خەلکی ناوشیار بۆ پەرەپێدانی تێرور و تاوان بە ئامانجی دامرکاندنەوەی شۆرشی ئێران.

پاسدارەکان هەر لە یەکەم رۆژی دانانی مەقەرەکەیان کە لە دەروازەی شار لە سەر رێگەی سنە- مەریوان بوو، دەستیان کرد بە دانانی سەیتەرە و کۆنترۆڵکردنی هاتوچۆ بۆ ناو شار و ئەزیەت و ئازاری خەلک و بە تایبەت ژنان لە سەر چارشێو و پۆشاک. ئەوان بە ئاشکرا هەرەشەیان لە "ستادی پاریزگاری" دەکرد و دەیانوت بە زوویی جەماعەتی ٩٥ کەسەی کۆمۆنیستەکان لە شار چەک دەکەین و دەیانگرین. مەقەری پاسدارەکان بە توندی لە سەربان و بەر دەرگا، بە سەنگەر گیرابوو.

مەریوان یەکەم شار لە کوردستان دا بوو کە مەقەری سپای پاسدارانی تێدا کرایەوە. هەربۆیەش چارەنووسی ئەم مەقەرە و چۆنیەتی هەلسەوکەوتی بەرەی شۆرش لە کوردستان لەوبارە، دەبووە رێنوێن لە باقی شوێنەکان لە ناوچەکەدا. لەو کاتەدا رووی هەموو هەڕەشەکانی سپای

پاسداران لە مەریوان دژ بە "بارەگای پارێزگاری شار" بوو. خەڵک و هەموو هیزەشۆڕشگێرەکانیش پشتیوانی "بارەگا" بوون. مەترسی شەرێکی داسەپێنراو خەلکی نیگران کردبوو. نزیکەی دە رۆژ عەتا روستەمی بەرێوەبەری "بارەگا" و باقی ئەندامەکانی خەریکی هەڵسەنگاندنی پێشنیارەکانی جۆراوجۆری خەلک بوون لە سەر چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوە لە گەل مەقەری سپای پاسداران. لە ئاکامدا بڕیاردرا کە بە بۆنەی ناڕەزایەتی دەربرین سەبارەت بە سووکایەتی کردنی دەولەتی بازەرگان بە خەلکی کوردستان و سانسۆر، فریوکاری و بلاوکردنەوەی درۆ و دەلەسە لە لایەن رادیۆوتەلەویزیونەوە خۆپیشاندانێکی گەورە ساز بکرێ و داوای داخستنی مەقەری سپای پاسدارانیش بکرێ. بینای رادیوی شار، تەقریبەن رووبەرووی مەقەری سپای پاسداران بوو. شەوێک بەر لە خۆپیشاندانەکە بەیاننامەی خۆپیشاندانەکە بە داواکارییەکانەوە ئامادەکرا. رۆژی ٢٣ی تیر (پووشپەڕ) بۆ خۆپیشاندانەکە دیاری کرا و شورای شار ئاگادار کرا و لە هەموو رێکخراوە شورشگیرەکان داواکرا کە بەشداری بکەن. هەروەها لە شۆراکان، باوەرپێکراوان و یەکیەتی لاوان لە دێهاتەکان داواکرا کە بەشداری بکەن. عەتا روستەمی و موسا شێخولئیسلامی بۆ پشتگیری دەستەی چەکداری نانیشتەجێی یەکیەتی جووتیاران، چوونە لایان کە ئەوانیش بریاریان دا کە بەشداری ئەکەن. بەمجۆرە بارەگای پارێزگاری، خەلکی شار و ئاواییەکانی بۆ خۆپیشاندانەکە تەیار کرد.

خەڵکی مەریوان، رۆژی ٢٣ی پووشپەڕیان بە نیگەرانییەوە دەس پێکرد. ئەوان ئاگاداری تاوانکارییەکانی مەکتەبی قورئان بوون بەڵام متمانەیان هەبوو بە سیاسەتی بەرپرسانەی

کۆمۆنیستەکان لە بارەگای پاریزگاری و شورای شاردا. هەر لە سەرەتای شۆرشەوە، بارەگای پارێزگاری لە شار هەموو هەوڵی خۆی خستبووە کار بۆ بەرگری لە پیلان و تیروریزمی مەکتەبی قورئان، بێ ئەوەی موشکیلەکە بە کۆتایی بگات. بە دامەزراندنی مەقەری سپای پاسداران، خەڵک خرابووە سەر دوورێیانێک و ناچارکرابوو لە هەڵبژاردنی پاراستنی شۆڕش و دەسکەتەکانی یان خۆبەدەستەدان و ملکەچکردن بۆ تاوانەکان و تێرۆری تاقمی کۆنەپەرست و ئیسلامی. بارەگای پارێزگاری ئەوەندە بە هیزی بوو کەبە هێرشی چەکدارانە، مەقەری سپای پاسداران هەڵپێچێتەوە. بەڵام ئەم کارەی نەکرد و هەموو پێشنیارە چەکدارانەکانی خستە لاوە بۆ ئەوەی کە مەسەلەکە بە شیوەیەکی گونجاوتر حەل بکات. هەر لەم نیگایەوە بۆ پێشگرتن لە رژانی خوین، خۆپیشاندانی جەماوەری رێکخست بۆ داخستنی مەقەری سپای پاسداران. دیارە هەموو نیگران بووین لە ئەگەریی بەشداری نەکردنی بە کۆمەڵی خەلک لە خۆپیشاندانەکەدا، کە دەبوو بە مانای شکستخواردنی ئێمە. لە لایەکی تریشەوە نیگەران بووین لە چۆنیەتی هەڵوێستی سپای پاسداران. دیارە کە ئەو بەشە ئیتر بەدەس ئێمەوە نەبوو. بەشداری بەربڵاوی خەلک تەنیا هیوای ئێمە بوو بۆ بەرگری لە تێکهەڵچوونی چەکدارانە لە لایەن سپای پاسدارانەوە.

رۆژی ٢٣ی پووشپەر هەر لە بەیانی زووەوە خەڵک بە پای پیادە و بە سەیارە و تراکتورەوە، دەستە دەستە هاتنە ناو شار. بەشیکی زۆر لە خەلک بە هەرچی دەستیان کەوتبوو خۆیان چەکدارکردبوو، لە چەکی کۆنەوە تا دار. خەڵکی ناوشار، بەتایبەت لاوانی شورشگیری گەڕەکەکان بەرەو "بارەگای پاریزگاری" کەوتنە جموجۆڵ. شار پر ببوو لە خەلک، بە شیعاری جۆراوجۆری لە سەر پلاکارد و باندرۆل نووسراو. لە

گەڵ گەیشتنی هێزی چەکداری یەکیەتی جووتیاران بۆ نێو شار، خۆپیشاندان دەستی پێکرد. لاوانی شار دەستیان کرد بە گوتنەوەی سروود و شیعاری شورشگیرانە. کاتێک کە خۆپیشاندانەکە دەستی پێکرد، شار لە دەریای خەلک، جمەی دەهات. مەریوان هەرگیز لەمەوپێش شتێکی ئاوای بەخۆیەوە نەدیبوو. بەشداری خەلک زۆر زیاتر لەوە بوو کە ئێمە چاوەڕوانمان دەکرد. ئیمە ترسی ئەوەمان بوو کە بە هۆی مەترسی پێشهاتنی گرژیی و ئەگەریی تێکهەڵچوون، زۆر کەس نەوێرن بەشداری بکەن. بەلام دەرکەوت کە گرینگی سیاسی مەسەلەکە و پەیوەست بوونی بە ئاسایش و ئەمنیەتی خەڵکەوە، ورەی خەباتی بردووەتە سەر.

ڕیزی خۆپیشاندەران دوای تێپەڕاندنی چەن شەقام بەرەو بینای رادیۆوتەلەویزیون و مەقەری سپای پاسداران کە لە جنووبی شار هەلکەوتووە، رێکەوت. خۆپیشاندەران لە مەیدانێک کە دەکەوتە بەینی رادیۆوتەلویزیۆن و سپای پاسداران، کۆبوونەوە و بە شیعاردان داوای داخستنی مەقەری سپای پاسدارانیان کرد. قەرار وابوو کە بڕیارنامەی خۆپیشاندانەکە کە رووی لە رادیوتەلویزیۆن و پاسدارانی مەقەرەکە بوو بخوێندریتەوە. بەڵام پاسدارەکان کە لە بەردەرگا و سەربانی مەقەر سەنگەریان گرتبوو، دەستیان کرد بە تەقە بە سەر خۆپیشاندەرەکاندا. لە ئاکامی ئەم تەقەیەدا، رەئووف کۆنەپۆشی، کۆمۆنیستی تێکۆشەر و ناسیاو و کرێکاری کۆمۆنیست محەمەد دەرسید رابەری شورای کرێکارانی شارەداری و مەحمود باڵەکی جووتیاری خەباتگێڕ، گیانیان لە دەست دا و چەن کەسیش بریندار بوون. ئەمجارەش، مەکتەب قورئانییەکانی دوێکە و پاسدارانی ئەمرۆ، پێشدەستییان کرد و تەقەیان لە خەلک کرد و تاوانیان خولقاند. بەدوای ئەوەدا خەلک

وەڵامـــی تەقەکەیـــان دایەوە و سـەنـگەرەکـانـی بەردەرگـا و سـەربـانـی مەقەریـان گـرت و دوایەش هـیـرشـیـان بـردە نـاو مەقەرەکە و بە تەواوی داگیریان کـرد. لە ئـاکـام دا ٩ کەس لە پـاسـدارەکـان کـوژران. دوایـی ئـاشـکـرابـوو کە سـەرکـردەکـانـی پـاسـدارەکـان زووتـر مەقەریـان بەجـێـهـێـشـتـووە و لە دەرگـای پشـتەوەی مەقەرەوە هەڵاتـوون و بەشـێـکـیـان خـۆیـان گەیـانـدبـووە پادگان و بەشێکیش چووبوونە لای قیادەموەقەت لە دزڵێ.

## رووداوەکان دوای ٢٣ ی پووشپەر

ئێوارەی رۆژی ٢٣ یان ٢٤ ی پووشپەر، شۆڕایەکی نوێ بە ناوی "شـۆڕای شـۆڕش" لە لایەن عەتـا روستەمی و بە بەشداری هەندێک لە ئەندامانی شـۆرای پێشـوو کە خۆیان ئامادە بوون بۆ دریژەدان بە بەشـداریـیـان لە شـۆرا دا، دامەزرا. رێژەی ئەندامانی شـۆراکە و بەشـداربـووانـی، لە بـاری سیاسییەوە تەبایی بوو لە گەڵ وەزعـی تـازە و دەسـەلاتـی کۆمۆنیستەکان و هەڵسووراوانی شۆرشگیر و سیکۆلار لە شاردا. "شۆرای شۆڕش" سێیەم شۆرای شار بوو لە سەردەمی دەسپێکرانی شـۆڕش را کە هەرکـامەیـان وەڵامدەرەوەی دەورەیەکی تایبەتی لە شـۆرش و پیداویستییەکانی بـوون. ئەم شـۆرایە نـوێنەر و پارێزگاری شۆرش و ئازادیخوازیی و ئـاشـتـیـخـوازیـی شـار بـوو لە بەرامبەر ئیسـلامییەکانی دژ بە شۆرش. شـۆڕا و رووداوی ٢٣ی پـووشـپەر، پـیـشـانـدەری رووبەڕووبـوونەوەی دوو جووڵانەوەی سیاسی شـۆرش و دژە شۆرشی ئیسلامی بوون لە ئاستی سەراسەری ئیراندا. لەوە بە دواوە ئەم شۆرایە بە پشتبەستن بە هـێـزی شـۆرش و هـێـزی چەکداری خـۆی، بوو بە دژبەری سـەرەکی ئیسلامی سیاسی و دەولەتەکەی لە شاردا.

رۆژی ٢٤ی پووشپەڕ، فەرماندەی پادگانی مەریوان بە ناوی سەرهەنگ ئازەرفەر و ئوستانداری (پارێزگار) کوردستان بە ناوی شەکیبا، سەردانی شۆرایان کرد و رایانگەیاند کە سوپا بەیانی لە پادگانەوە دێتە ناو شار و دەبێ تا ئەو کاتە هەموو خەلکی چەکدار، چەکەکانیان بدەنەوە دەوڵەت. بەمجۆرە، سوپا دەیویست ئەو کارەی کە سپای پاسداران و مەکتەبی قورئان پێیان نەکرا، ئەوان بە سەعاتیک بە سەر خەڵکی دابسەپێنن. شۆرا نەچووە ژێر باری هیچکام لەم داوایانەی سوپا. رۆژی ٢٥ی پووشپەڕ، ئەم دوو کەسە ئەمجار لە گەڵ نوێنەری ناردراوی "ئایەتوڵڵا تاڵەقانی" لە تارانەوە، دووبارە سەردانی "شۆرای شۆرش"یان کردەوە. لە دانیشتنەکەی رۆژی دووەمدا، قسەکانیان زۆر لە رۆژی یەکەم توندتر بوون. نوێنەری تاڵەقانی بە هەڕەشەی ئیمام و ئەوەی خومەینی رایگەیاندووە کە خەلک دەبێ دەسبەجێ چەک دابنێن و سوپا بچێتە ناو شار، ئامادە نەبوو گوێ لە قسەوباسی شورا بگرێ. ئەوان بە دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە "نامانەوێ تێکهەڵچوون بەینی سوپا و خەلک بێتە پێش" راستەوخۆ هەڕەشەی هێرشی چەکدارانەیان بۆ سەر شار دەکرد. ئەم دانیشتنە بە ئاکامێک نەگەیشت و نوێنەری تاڵەقانی گەڕایەوە تاران. لە ٢٣ی پووشپەڕ را، هەموو ڕۆژێک چەن هێلیکۆپتەر لە پادگان دەنیشتن و سەرقاڵی پرچەککردنی سوپا بوون. خەڵک لە کۆبوونەوەی چەکدارانی دەمارگیری ئیسلامی لە ژێر فەرماندەیی کەسێک بە ناوی "ئەحمەد موتەوەسیلیان"بۆ هێرش بۆ سەر شار نیگەران بوون.

رۆژی ٣١ی پووشپەڕ، ئاخرین دانیشتن بەینی فەرماندەی سوپا و نیزامییەکی تر لە گەڵ شۆرای شار بەڕیوەچوو. لە دانیشتنەکەی ئەمجارەدا، فواد موستەفا سولتانی بەشدار بوو. فواد لە کاتی رووداوی ٢٣ ی تیر و دوو دانیشتنەکانی پێشوو لە مەریوان نەبوو. تا ئەو جێگایەی لە بیرم بێ

لەم دانیشتنەدا لە ئەندامانی شورا ئەمانە بەشدار بوون: حەسەن ئیزەدی، حەسەن نادری، عوسمان خالیدی، سەعید دارابی، ئەبوو کەریمی، عەتا روستەمی، فواد مستەفا سولتانی، فاتح شێخ... بەشدار بوون. فەرماندەی سوپا، داخوازی پێشووتری خۆیانی لە مەر چەکدادانی "بارەگای پارێزگاری" و خەڵکی چەکداری شار گۆڕیبوو بە "چوونە دەری چەکداران لە شار". ئەم دانیشتنەش وەکوو دانیشتنەکانی تر بە هیچ کوێ نەگەیشت. فەرماندەی پادگان رایگەیاند: "لەم سەعاتە بەدواوە، بتانەوێ و نەتانەوێ هەر کات کە حەز بکەین دێینە نێو شار. ئەمە بڕیارە و ئێمە ناچارین لە بەڕێوەبردنی."

لە کاتی دانیشتنەکەدا خەڵکێکی زۆر لە بەردەرگا و پشت پەنجەرەکانەوە شاهیدی گفتوگۆکان بوون. دانیشتنەکە بێ هیچ ریکەوتنێک کۆتایی پێهات. بەشداربووان کۆبوونەوەیان بەجێهێشت و هاتنە حەوشی بینایەکە. خەڵکیکی زۆر لەوێ بوون. فەرمانەدەی سوپا دوایماڵئاوایی کردن و تۆقەکردن لە گەڵ ئەندامانی شۆرا دووپاتی کردەوە کە دەبێ هەر ساتێک چاوەڕوانی هاتنی سوپا بۆ ناو شار بن. یەکیک لە ناو خەڵکەکەدا وتی ئیوە بە زمانی زۆرەوە لە گەڵمان دەدوێن. فەرماندەکە جوابی دایەوە کە سوپا هەمیشە لە پێگەی هێزەوە قسە دەکا. سەعید دارابی هاتە وەڵام و وتی: "ئەگەر ئێوە بتانەوێ بە زۆر بێنە نێو شار، ئیمەش چارەیەکمان نییە بێجگە لە کۆچ کردن لە شار." بە بیستنی وشەی کۆچ، زۆرێک لە ئامادەبووان سەیرێکی یەکتریان کرد و رێگەی چارەسەرکردنی گرفتی شاریان دۆزیەوە.

## دەسپێکرانی کۆچی مێژوویی مەریوان

دوای رۆیشتنی فەرمانەدەی سوپا، ئەندامانی شۆرا و خەڵکی

ئامادەبوو هەر لەوێ دەستیان کرد بە باسی چۆنیەتی کۆچ لە شار. باسەکان زیاتر لە نیو سەعاتی نەخایاند و هەموو بەشداربووانی باسەکە، بە ئەندامانی شۆرا و باقی




خەڵکەوە، لە سەر ئەوە ساغبوون کە کۆچ تەنیا ڕێگای بەرگرتنە لە شەڕی زۆرەملی بە شار. باس لەوە بوو کە خەلک توانایی بەرگرتنیان نییە لە سوپا و پاسدارانی ناو پادگان کە تەیارکراون بۆ شەڕ. دەبێ بەر بەو شەڕە بگیرێ. دەبێ لە ئەگەریی هێرشکردنیان بۆ سەر شار، لە گەڵ شارێکی چۆڵ ڕووبەڕوو بن و بەمجۆرە پێش بگیرێ لە قەتڵوعامی خەڵک.

بڕیار درا کە کۆچەکە بەرەو شوێنێک بە نێوی "پیرسلێمان" لە نزیک ئاوایی "بەردەڕەشە" بێت. هەڵبژاردنی ئەم شوێنە پێشنیاری موسا شێخ و ئەسەد نۆدینان بوو کە لەو ئاواییە وەکوو مامۆستا ئیشیان دەکرد. بە هۆی مەترسی هێرشی سوپا، بڕیار درا کە کۆچ لە شار دەسبەجێ دەست پێبکا و بڕیاری شۆرای شار بە هەموو خەڵک رابگەیێندرێ.

دەسبەجێ سەیارەیەک بە بڵنگۆوە ئامادە کرا. گیانبەختکردوو، حسین زینەتی سواری سەیارە بوو و بە ناو شاردا دەگەڕا و خەلکی لە بڕیاری شورا ئاگادار دەکردەوە. خەلک بە بیستنی ئەم هەواڵە و دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ پێشگرتن لە شەڕ، خۆشحال بوون.

لە گەڵ بلاوبوونەوەی پەیامی شۆرا، شار کەوتە جموجۆڵ. خەڵک شتی پێویستیان دەکڕی و کۆدەکردەوە. هاتوچۆی سەیارەکان بەرەو شوێنی دیاریکراوی کۆچ، دەستی پێکرد و تا تاریکانی شەو بەردەوام بوو. هەر ئەو ڕۆژە ئۆردووگای "پیرسلێمان" بە هاتنی هەزاران کەس لە خەلکی مەریوان، ئاوەدان بوو. دەسپێکردن بە کۆچەکە، هەروەکوو بڕیاری کۆچەکە، زۆر بە خێرایی بە ئەنجام گەیشت. خێرایی و بەجێبوونی ئەم بڕیارانە دەگەڕایەوە سەر ڕۆحی ئاشتیخوازی خەلک و پاریزگارییان لە دەسەلاتی خۆیان و قسەڕەوایی کۆمۆنیستەکان لە ناو خەڵکدا.

کاتەکە زۆر هەستیار بوو و نەدەبوو تەنانەت یەک سەعاتیش لە دەست چووبایە. شار بۆ کۆچ کردن بەرەو ئوردووگا، ئۆقرەی نەبوو. هێشتا رۆژ هەڵنەهاتبوو کە خەڵک هەستا. لە ماوەیەکی کورتدا شار جما. ئەو رۆژە زیاتر لە ٧٠ لە سەدی خەلکی شاری مەریوان نانی نیوەڕۆیان لە ئوردووگای پیرسلێمان خوارد. بەشێک لە خەڵک نەهاتنە ئوردووگا بەڵکوو چوونە لای خزم و کەسو کار و ئاشناکایان لە شار و دێهاتەکانی دەوروبەر. ژنان و پیاوانی بە سالاچوو لە شار مانەوە. تەنیا نانەواخانە و ئەو دووکانانەی کە پێداویستییەکانی خەلکیان دەفرۆشت، ئاوالە بوون. لە شەقامەکاندا زیاتر لە پەنجەکانی دەست خەڵک نەدەبینرا. تاریکی شەو سیمای شاری بە شیوەیەکی سەیر خەمبار کردووبوو. مەریوان بۆ ژیان، ژیانی لە خۆی بڕی. گەڕەکەکان و شەقامەکانی شار لە ژێر باری بێدەنگیدا، لە هەناسەکەوتبوون. لە هەمان کاتدا

سەربەرزیی شار بە هەموو کەلێن و قوژبنی شارەوە دیار بوو. سەربەرزیی بۆ چالاکی بێوێنە و گشتیی، بۆ پێشگرتن بە هێرشی لەشکری تینوو بە خوێنی ئیسلامییەکان بۆ شار.

دوو هەنگاوی گەورەی مێژوویی ٢٣ ی پووشپەڕ و کۆچی گشتی لە شار بە ماوەی زەمەنییەکی کەمەوە لە یەکتر، ئەم شارە بچووکەی بە هەمووان ناساند. ئەم دوو هەنگاوە پەیامی شۆڕش بوون بۆ ئامادەبوون دژی هێرشی سەرانسەری دەولەتی ئیسلامی. ئەو رۆژانە دەتوت کە دڵی شورش و ئامانجی ئازادیخوازیی جەماوەریی ئیران، لەو شارە بچووکەدا لێدەدا. چارەنووسی مەریوان، گرێدرابوو بە چارەنووسی شۆرش. دەوڵەت ڕێخۆشکەرییەکانی خۆی بۆ تۆڵەسەندنەوەی ئیسلامیی لە خەلکی شار، بە بلاوکردنەوەی هەواڵی درۆ و فریوکاریی لە مزگەوتەکان، رۆژنامەکان و رادیوو تەلەویزیونەوە و بە تەیارکردنی سوپا لە پادگان تەواوکردوبوو. کۆچی شار دەوڵەتی خافڵگیر کرد و پلانەکانی شێواند.

## خۆڕێکخستنی هیزەکانی شۆڕشگیر لە شار

کۆچ لە شار بەشیک لە بەرەنگاری خەڵک بوو، بەشەکانی دیکە، ئامادەیی هێزی چەکداری جەماوەری و شۆرای شۆڕش بۆ وتوویژ لە گەڵ دەولەت بوو. بەمشێوە کۆمۆنیستەکان بەرەنگارییان لە سێ لاوە رێکدەخست. بەڵام ئەو کارەی کە کۆچ کردی نە بە هیزی چەکدار و نە بە شۆرا نەدەکرا. بەرلەوە هەم شۆرامان بوو و هەم هیزی چەکدار، بەڵام دەولەت ساغ بوو لە سەر هێرشکردنەکەی. کۆچی خەلک لە شار پێگەی شۆرای شۆرشی لە وتوویژەکان لە گەڵ دەولەت و هێزی چەکداری شۆرای لە شار زۆر بەهیزتر کرد. بەیانی

ئەو ڕۆژەی کە خەڵک سەرقاڵی چۆڵکردنی شار بوون، فواد مستەفا سولتانی، فاتح شێخ و عەتا روستەمی لە گەڵ چەن کەسی تر لە حەوشی مەقەری شۆرا دا، خەریکی قسەوباس بوون. بڕیاردرا کە فاتح بچێتە ئوردووگا و سەرپەرشتی ئیدارەی ئوردووگا بگرێتە ئەستۆ. فواد و عەتا بە "فاتح"یان وت: "کاک فاتح، ئومێدی ئێمە بە تۆوەیە. ئەگەر بتوانی بۆ سێ ڕۆژ خەلکەکە لە ئوردووگا ڕابگری، خەتەری شەری زۆرەملیمان لێ دووردەکەوێتەوە." فاتح چووە ئوردووگا و عەتا و "فواد"یش لە گەڵ باقی ئەندامانی شۆڕا، لە مەقەری شۆرا جێگیربوون.

بەدوای ٢٣ی پووشپەردا، گۆڕانگاریەکی زۆر بەسەر ڕێکخستنە سیاسی و چەکداریەکانی هێزەکانی شورشگیری ناو شاردا هات. دوودەستەبوونی جاران وەکوو هێزی چەکداری یەکێتی جووتیاران لە لایەک و بارەگای پاریزگاری لەلاکەی تر، نەما. هەموو هێزەکانی چەکداری شار بۆ پارێزگاری لە شار دابەشکران بە چەن هێزی گەورەی نیزامی. هەلومەرجی نوێ، پیویستی بە ڕیکخستنی نوێ و سەنگەرگرتنی نوێ هەبوو. شۆرای شار، ئەم هێزە چەکدارە و دەستەی پزیشکی فریاگەر، کە بە دەسپێشخەری ژنانی شورشگیر پێکهاتبوو، تەنیا جەماوەری لەبەرچاوی لە شاردا مابوون. شار ئەوەندە چۆڵ بوو کە لە شیمالی شار لەرەی دەنگی خۆمانمان دەبیستەوە.

دوای دامەزرانی هێزەکانی ئێمە لە سەر بەرزاییەکانی روو بە پادگانی مەریوان، کەم کەم پادگان دەستی کرد بە هێرشی بەردەوامی برستبڕ. تۆپباران و خۆمپارەباران پەیتا پەیتا لە ئارادابوو. لاوانی شۆڕشگێر لە کاتی خۆمپارەبارانەکاندا، بوێرانە خۆیان دەگەیاندە لامان و هەواڵ و کەلوپەلی پێداویستیان بۆ دەهێنان.

پاسدارەکانی هەڵاتووی خەلکی شار کە پەنایان بردبووە پادگان، لە وەدواکەوتنی هێرشی پادگان بۆ سەر شار تووڕە بوون. ئەوان بەردەوام بە ناوی خەلکی مەریوان و خەلکی موسولمان راگەیاندیان بلاو دەکردەوە و داوایان لە خومەینی و سپای پاسداران دەکرد کە بێن و خەڵک لە دەست کۆمۆنیستەکان رزگار بکەن. دەوڵەت ئەم راگەیاندنانەی لە بڵاوکراوەکانی ناوچەیی و سەرانسەریدا بڵاو دەکردەوە. لە هەمان کاتدا بەردەوام بە هێلیکۆپتەر هێزی نیزامی دەڕژاندە پادگان.

## ئوردووگای پیرسلێمان

بەر لە کۆچ کەس لە فکری چۆنیەتی چۆلکردنی شار، نیشتەجێکردنی زیاتر لە دە هەزارکەس لە ئوردووگا و ئیدارەی ژیان لەوێ نەبوو. پێویستیی دەسبەجێی چۆڵکردنی شار و بەرگرتن لە کارەساتێک کە هەڕەشەی لە گیانی خەلک دەکرد، رێگەیەکی بۆ ئەم باسانە نەهێشتبۆوە. فاتح شێخ دوای گەیشتن بە پیرسلێمان، عەلی کۆنەپۆشی، ناسراو بە "عەلی فایق" وەکوو هاوکاری خۆی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئوردووگاکە هەڵدەبژێریت. ئەوان بە یارمەتی گەلێک خەلکی وریا و دەسپێشخەر لە ئوردووگادا و یارمەتی "ریکخراوی یەکێتی کۆمۆنیستەکان"ی ئیران، وەکوو یەکێک لە هەڵسووڕاوترین ریکخراوەکانی سیاسی لە ئوردووگادا، تیمی جۆراوجۆری پیویست بو بەرێوەبردنی ئیش و کار رێکدەخەن.

لە ماوەی دوو رۆژدا تیمی جیاوازی وەکوو پارێزگاری چەکدارانە لە ئوردووگا، دابیکردنی ئاو، خواردەمەنی، پاکوخاوێنی و پزیشکی، دەرمان، بەشی هەوال و ئاگاداری، هاتوچۆ، دروستکردنی سەربان و دامەزرانی خێوەت... دەستیان بە کار کرد. ئیدارەی



ئوردووگا بە شێوەیەکی گونجاو و درێژە پیدان بە کۆچ تا ئەو جێگایەی کە دەکرا، زامنی پێشگرتن لە شەڕ و پشتیوانی خەڵک لە بەرەنگاری و بەهێزکردنی پێگەی شۆڕای شار بوو لە درێژەی وتووێژەکان لە گەڵ لێژنەکانی دەوڵەتدا.

هەموو کارەکانی ئوردووگا لە لایەن جەماعەتێکی زۆر خەلکی خۆبەخشەوە بەڕێوەدەچوو. شوێنی دامەزرانی هەر تیمێک لە ئوردووگا بە خەتی گەورە نووسرابوو و بە دارەکانەوە هەڵاوەسرابوو. خەڵک دەیانزانی بۆ هەر کارێک روو لە کێ بکەن.

کاروباری پزیشکی لە لایەن هاورێیانی گیانبەختکردوو هووشەنگ موجاوێری، عوسمان حەقیقەت، سەعید یەزدیان، بەهمەن ئەسغەری و سێ دوکتۆری خۆبەخشی تر کە تازە لە شارەکانی ئێرانەوە هاتبوون، بەڕێوەدەچوو. کاری ئەم تیمە پزیشکییە ئەوەندە باش بوو کە خەڵک لە ئاواییەکانی دەوروبەر و تەنانەت لە خەستەخانەی مەریوانیشەوە دەهاتنە لایان. تیمی سیاسی تەداروکاتی (کۆکردنەوەی کەلوپەلی پێویست) بە سەرپەرشتی هەڵسووڕاوی کۆمۆنیست جەلال نەسیمی، بوو بە بەرپرسی

پەیوەندی گرتن لە گەڵ خەڵکی ئاواییەکانی دەوروبەر و هاندانیان بۆ یارمەتیدانی ئوردووگا. خەڵکی ناوچەکە بە ناردنی نان و خواردەمەنی هاوکاری خۆیان لە گەڵ ئوردووگا دەست پێکرد. فاتح و عەلی کۆنەپۆشی سەرەرای ئیدارەکردنی ئوردووگا، بەرپرسی تیمی هەواڵ و ئاگاداریش بوون. ئەوان هەموو رۆژێک ئێوارە کاتێ کە هەوا فێنک دەبوو، دوای راگەیاندنی بەرنامەی رۆژانەی ئوردووگا، هەواڵی تازەیان بە خەلک دەگەیاند. هەواڵی کۆچ، لە ناو بڵاوکراوەکانی سەراسەری ئیران و تەنانەت دەروەی ئیرانیش بڵاو ببۆوە. شیعاری پلاکارد و باندرۆلی پارچەیی گەورە لە زۆر شوێنی ئوردووگا بە حەواوە بوون. هەندێک لەو شیعارانە ئەوانە بوون: "تا گەڕاندنەوەی پاسدارەکان لە پادگان بۆ شارەکانی خۆیان، ناگەڕێنەوە شار"، "ئێمە لە گەڵ دەولەت شەڕمان نییە، بەلام تەسلیمی پاسدارانیش نابین"، "بژی یەکیەتی خەڵک". رۆژ بە دوای رۆژ، کاروباری ئوردووگا رێکوپێک تر دەبوو. ژیان لە ئوردووگا، سەرەرای هەموو تەنگوچەڵەمە و کەموکوورپیەکانی نەبوو بە هۆی کەمبوونەوەی جەماوەری "کۆچ"کردوو. دەنگدانەوەی هەواڵی کۆچ بوو بە هۆی ئەوە کە تەنانەت هەندێک بنەماڵە کە لە سەرەتاوە رووبانکردبووە ئاوایی و شارەکانی تر، هاتنەوە و بە کۆچکراوانی ئوردووگا پەیوەست بوون.

هەر لە رۆژی دووەمی کۆچ را، لافاوی یارمەتییەکانی دەرمانیی و خواردەمەنی و پووڵیی لە شارەکانی تاران، سنە، کامیاران، هەمەدان، خورەمشار، تەورێز، زاهێدان، چابەهار، بانە، شیراز، بۆکان، سەقز، سەردەشت، مەهاباد... بەرەو ئوردووگا هەڵرژا. لە گەڵ ئەم کاروانی یارمەتییانە، نوێنەرانی خەلکی ئەو شارانە و رێکخراوەکانی هاوکار، پەیامی هاوپشتی خۆیان بە خەلکی کۆچکردوو رادەگەیاند. لە رۆژی

دووەمی کۆچ، واتە ١ی گەلاوێژ (مورداد) دا، هەشت کەس لە هاوڕێیانی کاروانی یارمەتیی خەڵکی سنە و "کۆمەڵەی پارێزگاری لە ئازادی و شۆڕش" لە ڕێگای گەڕانەوە بەرەو سنە، لە سەیتەرەی بەر پادگانی مەریوان دەگیرێن و دەخرێنە زیندان. لە چەن ڕۆژدا ژمارەی زیندانییەکان گەیشت بە ١٦ کەس. ئەم گرتنانە خەڵکی لە ئوردووگا و لە شاری سنە زۆر نیگەران کرد. داخوازی ئازادکرانی ئەو گیراوانەش بوو بە بەشێکی تازە لە داواکارییەکانی خەڵک لە دەسەڵات لە سنە و مەریوان.

کۆماری ئیسلامی لە بڵاوکراوەکانی خۆی ڕایگەیاند کە "حزبی هەڵوەشاوەی دیموکراتی کوردستانی ئیران، برایانی پاسداری ئێمەی لە مەریوان شەهید کرد و خەلکیان بە زۆر لە شار دەرکرد." ڕابەڕانی حزبی دیموکرات بە "قاسملوو"شەوە ئەم هەواڵانەیان بەرپەرچ دەدایەوە. ڕاستییەکەشی هەر ئەوە بوو. حزبی دیموکرات هێزێکی لەبەرچاوی لە مەریوان نەبوو. ئەوان دژی خۆپیشاندانی خەلک بوون لە ٢٣ی پووشپەر (تیر) بۆ داخستنی مەقەری سپای پاسداران لە شار و دژی کۆچی خەڵکیش بوون لە شار. پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات لە کاتی کۆچی خەلک لە شار ١٠ تا ١٢ کەس زیاتر نەبوون. ئەوانیش شەوانە کە ئەگەریی هێرشی دەولەت بۆ سەر شار زیاد بوو، دەچوونە ئوردووگا و بە ڕۆژ دەگەڕانەوە شار و خەڵک شۆخییان پێدەکردن بۆ ئەم کارەیان.

## وتووێژی نوێی "شورای شۆڕش"ی مەریوان لە گەل لیژنەکانی دەوڵەت

بەر لە دەسپێکردنی کۆچ، وتووێژەکانی نیوان شورا و فەرماندەی پادگان و پارێزگاری کوردستان بە بنبەست گەیشتبوون.

دوای دەسپێکرانی کۆچ، دەورێکی تازە و جیاواز لە وتووێژ لە نیوان شورا و نوێنەرانی باڵای دەولەت دەستی پێکرد. بەو هۆیانەی کە زووتر باسمان کرد ئیستا ئیتر پێگەی شورا زۆر بەهیزتر بوو. نە تەنیا لە کوردستان بەلکوو لە زۆر شوینی ئیرانەوە خەلک پشتیوانییان دەکرد لە کۆچی مەریوان. هەوالنێرییەکانی فارسی زمان لە ئەوروپا، هەوالی کۆچیان بلاو دەکردەوە. بەشیکی لەبەرچاو لە خەلکی خەباتگێڕی شار و هەڵسووراوانی سیاسی شارەکانی تر پشتگیریی شورایان دەکرد. زۆرێک لەوانە سەرەرای ئەوەی کە ئەندامی شورا نەبوون لە کۆبوونەوەکانی شورا دا و تەنانەت لە وتووێژەکان لە گەڵ نوینەرانی دەولەت، بەشدارییان دەکرد.

دەولەت نەیدەویست بە شێوەی فەرمی لە گەڵ شورا وتووێژ بکات. پارێزگاری کوردستان و فەرماندەکانی سوپا، دەهاتنە مەقەری شۆرا و هاوکات وایان پیشان دەدا کە بۆ وتوویژ نەهاتوون و دەیانگوت کە زووتر ڕای خۆمان بە شۆڕا راگەیاندووە. ئیستا ئیتر داوای پێشوویان کە "هێرشی سوپا بۆ ناو شار"بوو، گۆڕیبوو بە داوای "کۆتایی پێهێنان بە کۆچ و گەڕانەوەی خەلک بۆ شار" و خاڵێکی تازەیان پێوە زیادکردبوو: "بەدەستەوە گرتنی کۆنترۆلی شار لە لایەن سپای پاسداران". فواد مستەفا سولتانی و عەتا روستەمی ئەم پێشنیارەیان بە جۆرێک رەد کردەوە کە رێگە لە درێژەدان بە وتووێژەکان نەگرێ. رۆژی ٤ی گەلاوێژ، لیژنەیەکی باڵا لە نوێنەرانی دەولەت وەکوو ئایەتوڵڵا لاهوتی، ئایەتوڵڵا ئیشراقی، سەرهەنگ دەستغەیبیان لە لەشکری ٢٨ی سنە، کەسێک بە ناوی گولستانی لە لایەن پارێزگاری کوردستان، گەیشتنە پادگانی مەریوان. هەر لێژنەیەک کە دەهاتە مەریوان لە سەرەتادا لە گەل دارودەستەی موفتیزادە و پاسدارەکانی محەلی کە راینکردبووە پادگان، دیداریان




ڕێپێوانی پشتیوانی لە کۆچی مەریوان لە شاری سنەوە بەرەو مەریوان.

دەکرد. هەموو لێژنەکانی دەولەتیی لەم پاسدارە هەڵاتووانەی ئەندامی مەکتەبی قورئان پشتیوانییان دەکرد و باسی ئەم پاسدارانەیان دەکردە بەشێکی داخوازییەکانی دەولەت لە وتوویژەکانیاندا لە گەڵ شوڕا. ئەم لیژنەیە دەورێک دانیشتنی درێژخایەنی لە گەڵ شورا کرد. هەلویستی ئەم تاقمە زۆر توندتر لە فەرماندەکانی سوپا و پاریزگاری کوردستان بوو. ئەوان وتوویژیان بە زیادە دەزانی و لایان وابوو کە دەبێ داخوازەکانیان بە "بەڵێ قوربانەوە" لە لایەن شوراوە جێبەجێ بکرێ. ئەوان داوایان دەکرد کە خەلک دەبێ دەسبەجێ بگەڕێنەوە شار و پێیان وابوو کە خەڵک فریویان خواردووە. قسەکانی شورا تا رادەیەک ئەوانی تێگەیاند کە مەسەلەکە وا ئاسان نییە. کۆبوونەوەکە کۆتایی پێهات و ئەم لیژنەیە رۆژی دواتر بە ٤٠ سەیارەی نیزامییەوە بەرەو

ئوردووگا ڕێکەوتن تا بەقەوڵی خۆیان خەڵک بگەڕێننەوە بۆ شار.

ئایەتوڵڵا لاهووتی و ئیشراقی لە گەڵ چەند کەس لە دانیشتوانی ئوردووگاکە قسەیان کرد و داوایان لێکردن کە بگەڕێنەوە شار و، کە ئەوە فەرمانی ئیمام خومەینییە. خەڵکە وەلامیان دایەوە کە "خومەینی ئیمامی ئێوەیە، ئێوە دەتانەوێ ئیمە بگەڕێیننەوە شار بێ هیچ پارێزگارییەک و دواییش پاسدارەکانی ئامادەکراوتان لە پادگانەوە بڕژێننە سەرمان." ئەم دوو ئایەتوڵڵایە کاتێک نەیانتوانی باوەڕپێکراوەکانی ئوردووگا بێننە سەر قسەی خۆیان، چوونە ناو خەلک لە ئوردووگاکەدا و مەلایانە دەستیان کرد بە دڵسووتاندن بۆ ژن و پیاوی بەسالاچوو و منالی بێ خۆراک و بێ سەرپەنا. ژنیکی زەحمەتکێش بە ناوی "حاجی تەلا" چەن گەلای داریکی ڕنی و خستییە زارییەوە و وتی: "ئێمە ئامادەین گەلای دار بخۆین بەلام نەچینە ژێر باری زۆرەوە."

ڕۆژی دواتر، ٥ ی گەلاوێژ، ئەم لیژنەیە لە پادگانی مەریوانەوە بۆ وتوویژ دێنە لای شۆرا. هەرچەن هەر داخوازییەکانی ڕۆژی پێشوویان دووبارە کردەوە، بەلام ئیتر هەرا و هاتوهووتی پێشوویان نەمابوو. هۆیەکەشی لە لایەکەوە ئەو وەلامە ڕوونە بوو کە لە لایەن دانیشتووانی ئوردووگاوە پییان درا و، لە لایەکی تریشەوە هەواڵی دەسپێکرانی ڕێپێوانی پشتیوانیی گەورە لە "سنە"وە بەرەو مەریوان کە زۆر دەنگی دابۆوە. ئەم لیژنەیە بێ هیچ ئاکامێک گەڕایەوە تاران.

## کۆچ و ڕێپێوانی پشتیوانیی

هەواڵی ڕێپێوانی پشتیوانی لە سنەوە بەرەو مەریوان، بوو بە هۆی پەرەسەندنی خۆشحالی و هیوا لە ئوردووگای کۆچی مەریوان. فواد مستەفا سولتانی بۆ ئاگادارکردنی خەلک لە چۆنیەتی وتوویژەکان سەردانی ئوردووگای پیرسلێمان کە خەڵک بە "کانی

میران"یش ناویان دەبرد، کرد. ئەو زۆر بە وردی چۆنیەتی قسەوباسەکان لە ڕۆژی یەکەمەوە تا ئەوساتەی بۆ خەلک گێڕایەوە. فواد بەردەوام دوای هەر قسەوباسێک لە گەڵ نوێنەرانی دەولەت، ئاکامەکەی بە خەلک رادەگەیاند. ئەو لە راستیدا ببوو بە قسەکەری شورای شار لە وتووێژەکاندا. هەموو جارێک لە قسەکانیدا بۆ خەڵک لە سەر گرینگی درێژەپێدان بە کۆچ بۆ راکێشانی پشتیوانیی زیاتری خەلکی ئیران و ئەو فشارەی کە کۆچ خستبوویە سەر دەوڵەت، دەدوا. دەسپێکرانی ڕێپێوانی خەلک لە سنەوە بووە هۆی زەمانەتێکی سیاسی و زەمەنیی بۆ بەردەوامبوونی کۆچی مەریوان لانیکەم تا ٥ ڕۆژی تر. خەلک لە ئوردووگادا خۆیان ئامادە دەکرد بۆ پێشوازی لە بەشداربووانی ڕێپێوانی سنە.

ڕۆژی ٦ ی گەلاوێژ، هەوالی ڕێپێوانی پشتیوانی خەلکی بانە بەرەو مەریوان بڵاو بۆوە. ئەم هەواڵە شەوق و شادییەکی ئێجگار زۆری لە نێو ئوردووگا و لە نێو هێزی چەکداری شورا لە ناو شاردا بڵاو کردەوە. ئەم دوو هەنگاوە شورشگیرانەی خەلک لە بانە و سنە بوونە هۆی راکێشانی سەرنجی گشتی لە ناوەوە و دەرەوەی ئیران بەرەو کوردستان. شەپۆلی وەڕێکەوتووی خەڵک بە ڕێگایەکی دووررودرێژدا بەرەو مەریوان، گەورەیی ئەو حەرەکەتەی، لە پشتیوانییەکی ئاسایی لە کۆچێک، تێپەڕاندبوو. ئەم ڕێپێوانانە جیگەیەکی گرینگیان لە کۆکردنەوەی خەلک بۆ بەرەنگاری لە شورش و لە دەسکەوتەکانیان هەبوو. سەرجەمی ئەم ڕووداوانە بوونە هۆی ئەوەی کە پلانەکانی دەوڵەت بۆ هیرشی یەکلاکەرەوە بۆ سەر شوڕش دواکەوێت. چەککرانی مەقەری سپای پاسدارن (و مەکتەبی قورئان)، کۆچی مەریوان، ڕێپێوانی سنە بەرەو مەریوان، ڕێپێوانی بانە بەرەو مەریوان و

شەڕی خوێناوی ٢٤ ڕۆژەی سنە، بناغەکانی سەرەکی گۆڕینی کوردستان بە سەنگەری شورش لە ئیراندا بوون.

بەدوای ئەم ڕێپێوانانەدا، دەولەت ئەمجار لێژنەیەکی بالاتری بۆ وتوویژ ناردە مەریوان. دەوڵەت دەیەویست بەرلەوەی نارەزایەتی

سپای پاسداران، بریتی بوون لە دوو فەرماندەی لەشکری ٢٨ ی سنە، سەرهەنگ دەستغەیبیان و شەکیبا و کەسێک بە ناوی گولستانی لە لایەن پارێزگاری کوردستان.ئەم لێژنەیە مافی هەبوو هەرچۆن بە دروستی بزانێ، کۆتایی بەم وەزعە بێنێ. تا ئەو جێگایەی لە بیرم بێت، شورا ٣



ڕێپێوانی پشتیوانی لە کۆچی مەریوان لە شاری سنەوە بەرەو مەریوان.

شۆرشگیرانە زیاتر پەرەبستێنێ، بە زووترین کات مەسەلەی مەریوان کۆتایی پێ بێت. لێژنەکەی ئەمجار بە سەرۆکایەتی چەمران، جێگری سەرۆکوەزیر و لە فەرماندەکانی

دانیشتنی لە گەل ئەم لێژنەیە بە سەرۆکایەتی چەمران بوو. قسەکانی چەمران لە گەڵ شورا، زۆر فەرماندەرانەتر لە لێژنەکانی تر بوو. ئەوان دەیانویست کە کۆچ

بێ هیچ قەید و شەرتێک دەبێ کۆتایی پێبهێنرێ. ئەوان هەروەها داواکاری هەڵوەشانەوەی شورای شار، چەککرانی هەموو چەکداران و هاتنەوەی سپای پاسداران بۆ ناو شار بوون.

چەمران زوو تێگەیشت کە مەسەلە بەو ئاسانییە نییە! شورا دژی گەڕانەوەی سپای پاسداران بۆ نێو شار بوو. لە سەر مەسەلەی چەککردنی خەلکیش پێیان وترا کە خەلک هەر لە دەورەی شۆڕشدا، بەرلەوەی کە نیزامی پاشایەتی بڕووخێ، خۆیان چەکدار کردووە و ئەوە بە دەست شورا نییە. خەڵکیش خۆیان "کۆچ"یان کردووە و بە ئارەزووی خۆیان کۆتایی پێدێنن. شوڕا پێیداگرت لە سەر ئەوەی کە ئەگەر سوپای پاسداران بێتەوە ناو شار، نە خەڵک دێتەوە شار و نە کەس چەک دادەنێ. لە کۆتاییدا لێژنەکەی چەمران، مەجبوور بوون تا رادەیەک دەس لە داواکانیان هەڵگرن. ئەوان قەبوولیان کرد کە لە جیاتی سپای پاسداران، ئەرتەش (سوپا) بێتەوە شار و لە جیاتی چەکدارانی خەلک، هێزی چەکداری خەڵک لە شار بچێتە دەرێ. چەمران لە قسەکانیدا چەند جار وتی: "ئیمە دەزانین کە ٧٥ کۆمۆنیست و سەهیۆنیستی چەکدار لە مەریوان هەن." ئەمەش بە ئاشکرا بۆنی پلانی قەتڵوعامی خەڵکی شاری لێوەدهات.

## کۆتایی کۆچ

بە نزیکبوونەوەی ڕێپێوانەکانی جەماوەری بەرەو مەریوان، چەمران دەیەویست هەرچی زووتر لە گەڵ شورا بە رێککەوتن بگات و کۆچی مەریوان کۆتایی پێ بێت. رۆژی ١١ی گوڵان، رۆژێک بەرلە گەیشتنی ڕێپێوانی سنە، پادگانی مەریوان هەموو گیراوەکانی ئازاد کرد. رۆژی ١٢ ی گوڵان، هاوکات لە گەڵ وتووێژی چەمران لە گەڵ شورا دا، ڕێپێوانەکە گەیشتە نێو شاری چۆلکراوی مەریوان. شورا و لیژنەکەی دەوڵەت بۆ دیتنی ڕێپیوانەکە دانیشتنەکە

رادەوەستێنن و دێنە بەر دەرگای شورا. ریزی پرشکۆی ژنان و پیاوانی رێگابڕیو، بە دەموچاوی خۆڵگرتوو و ماندوو، لە گەڵ هێزی چەکداری پشتیوانی خۆیان، بە دەنگی بەرزی شیعارە شورشگێرانەکانیان، ئاسمانی شاری دەلەراند. ڕێپیوانەکە شاری بڕی و بەرەو ئوردووگا درێژەی بە ڕێی خۆیدا. بە گەیشتنی ئەو ڕێپێوانە گەورەیە بە ئوردووگا، چاوی خەڵک پربوو لە فرمێسکی شەوق و شادی. جەماوەری ڕێپیوانەکە و خەڵکی کۆچکردووی مەریوان هاوخەباتی و هاوپشتی خۆیان جەشن گرت.

هەر لەو رۆژە دا، چەمران سەرۆکی لێژنەکە مەجبوور کرا لە هەلوێستەکانی پێشووتری خۆی دابەزێ. شورای شاریش رازی بوو بەو رێککەوتنە کە بە پێی سەنگی دەسەلات بەینی شورش و دژەشورش، لەو کاتەدا مومکین بوو. چوار خاڵی رێککەوتنەکە بریتیبوون لە:


١- کۆتایی هاتن بە "کۆچ" رابگەیێندرێ و خەلک بە گەڕانەوەیان بۆ شار، ژیانی ئاسایی خۆیان دەست پێبکەنەوە.

٢- هێزەکانی چەکداری دەولەت وەکوو، سوپا، سپای پاسداران و چەکدارانی پاڵپشتیان (واتە کۆنەپەرستانی ناوخۆیی هاوکاری دەولەت وەکوو مەکتەبی قورئان و قیادەموەقەت)، هەروەها ئەندامانی یەکێتی جووتیاران و باقی رێکخراوەکان، بە چەکەوە لە ناو شاردا هاتوچوو نەکەن.

٣- کۆنترۆلی ئاسایش و ئەمنیەتی شاری مەریوان بۆ مانگێگ بە ئەرتەش (سوپا) دەسپێردرێ.

٤- لە ماوەی ئەو یەک مانگەدا شورای شار، شارەبانی (پۆلیسی شار) دامەزرێنێت وئیدارەی هێمنی شار بەو ئورگانە بسپێردرێ.

رۆژی ١٣ی گوڵان، فواد مستەفا سوڵتانی هاتە ئوردووگای "کانی میران" بۆ ئەوەی کە راپۆرتی



فواد مستەفا سولتانی لە ئوردووگای پێرسلێمان بۆ خەلکی کۆچ کردوو قسە دەکا.

وتووێژەکان بە خەڵک پێشکەش بکات. فواد زۆر بە وردی هەموو لایەنەکانی وتوویێژەکە و دەسکەوتەکانی کۆچی جەماوەری مەریوانی شیکردەوە. ئەو بە تایبەتی قامکی دانا لە سەر ئەوەی کە "کۆچ"، بەریگرت لە بەخوێن کێشانی شار، بوو بە هۆی

پتەوترکردنی یەکێتی لە ناو خەلکانی ئێران، هاوپشتی و یەکگرتوویی بەینی خەلکی شار و دێی خستەڕوو، تەبلیغاتی دەوڵەت دژ بە خەلک پووچەڵکردەوەو، سەرنجی بیروڕای گشتی لە دەرەوەی ولات، ڕاکێشا بەرەو خەباتی خەلکی مەریوان و باقی خەلکانی ئێران. دوای ئەوە خاڵەکانی ڕێکەکەوتنەکەی شوڕای لە گەڵ دەولەت بە خەڵک ڕاگەیاند. ئەمجار داوای لە خەڵک کرد کە خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە لەبەرچاو بگیرێن وکۆچەکە کۆتایی پێ بێت. نە لە شار و نە لە ئوردووگا هیچ نارەزاییەک سەبارت بە کۆتایی پێهینان بە کۆچ نەبوو.

بەلام ڕێپێوەکانی بانە هەر ئەو ڕۆژە دەگەیشتنە مەریوان. چۆنیەتی پێشوازی و ڕێزگرتن لە ڕێپێوەکان بوو بە باسی جیددی دانیشتوانی ئوردووگا. بریارەکە بوو بە ئەوە کە خەلک بگەڕینەوە شار و هەر لە مەریوان پێشوازی لە ڕێپێوەکان بکرێ. ئەو ڕۆژە بە گەیشتنی هەزاران کەس بۆ ناو شار، ڕێوڕەسمی پێشوازی و بەخێرهێنانی ڕێپێوەکان لە پارکی "چوارباغ" بەڕێوەچوو. لە ڕێوڕەسمەکەدا هەلالە تاهیری هەڵسووڕاوی کۆمۆنیست لە لایەن ڕێپێوەکانی بانەوە قسەی کرد. بەمجۆرە کۆچی مێژوویی مەریوان کە لە ١ ی گولانی ١٣٥٨ دەستی پێکرد، ڕۆژی ١٣ی ئەو مانگە کۆتایی پێهات.

دوای کۆتایی پێهاتنی کۆچ، دەبوو ڕێکەوتننامەکە جێبەجێ بکرێ. خەتەری هێرشی سپای پاسداران بۆ شار، دوورخرابۆوە. قەرار بوو ئەرتەش بێتە ناو شار و شورای تازە هەڵبژێردرێ تا خالەکانی تری ڕێککەوتنەکە بە ئەنجام بگەیێنرێ. بەلام وەزعی گشتی کۆمەڵگای ئیران و تەبلیغاتی بەربلاوی دەولەتی ئیسلامی بۆ سەرکوتی شورش و ڕێکخراوە سیاسییەکان، فەزای کۆمەڵگای گەیاندبووە ئاستی سووتان. تەنیا

بروانە لاپەڕەی ١٧٠

# مانیفێستی فیدراسیۆنی هونەرمەندانی کۆمۆنەی پاریس

وەرگێرانی لە فەرەنسییەوە: جێف سکینەر

لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

کۆمۆنەی پاریس لە جەوهەری خۆیدا، یەکەمین ئەزموونی بەرفراوانی حکومڕانی سۆشیالیستی بوو. لە ١٨ ی مانگی ئازاری ساڵی ١٨٧١، کرێکارانی ڕادیکاڵ و پیشەوەران کە خۆیان لە گاردی نیشتمانیی ڕێکخستبوو، لەگەڵ هەڵهاتنی سوپای نیزامی فەرەنسا، بەشێوەیەکی تەواوەتی دەستیان بەسەر شاردا گرت. دوای چەند ڕۆژێک کۆمۆنە هەڵبژێردرا و یەکسەریش ڕایگەیاند کە کرێکاران دەتوانن دەست بەسەر کارگەکاندا بگرن و بەڕێوەی بەرن. هەروەها بڕیارەکانی خزمەتی سەربازی ئیجباری و سزای ئیعدام هەڵوەشێنرانەوە و ئایین لە دەوڵەت جیاکرایەوە و تەئمینی کۆمەڵایەتی و مووچەی خانەنشینی جێگیرکرا. کرێکارانی شۆڕشگێڕ و دیموکراسیخواز ڕۆژانە ڕێگای نوێیان دەدۆزییەوە بۆ بەڕێوەبردنی شار.

ئەمەش ڕێگایەکی تەواو لەڕەگەوە ڕادیکاڵ و جیاوازی هێنایە ئاراوە بۆ بەرخوردکردن بە هونەر. لە ١٥ی مانگی نیسانی ١٨٧١، هونەرمەندان و پەیکەرسازان و شارەزایانی جوانسازی لە سەرتاسەری پاریس بە جەستاف کوربیەی گەورە هونەرمەند و ئوژین پۆتیە کە دواتر بوو بە نووسەری سروودی ئەنتەرناسیوناڵ، کۆبوونەوە و بۆ دیاریکردنی شێوازی چۆنیەتی ئەم

بەرخـــوردكـــردنە بە هـــونەر. هۆكارەكانی ئەم پێشنیارە ڕوون بوون. كۆنتڕۆڵی هونەرمەندان بەسەر هونەرەوە، هونەر و كلتوور وەكو ماف، هەروەها پرسیاری ئەوەیان كرد بۆچی دەوڵەت و دەوڵەمەندان تەنها چێژ لە هونەر وەردەگرن. بۆیە لە سەر مكوڕی ئەم هونەرمەندانە فیدراسیۆن پێكهات كە هەموو كەس مافی ئەوەی هەیە لە ناوەندێكی جوانیدا كار بكات و بژێت. كریستین ڕۆز نووسەری كتێبی (ڕیفاهیەتی كۆمەڵگە، خەیاڵی سیاسی كۆمۆنەی پاریس) بەمجۆرە بایەخدارانە وێنای دەكات؛ (ڕەنگە وا دەركەوێت كە ئەمە داواكارییەكی بچووك و تەنانەت ڕازێنەرەوە بێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە بەو مانایەیە كە دەبێت تەواوی پەیوەندییەكانمان نەك تەنها لەگەڵ هونەر، بەڵكو لەگەڵ كـار و پەیـوەنـدیـیە كۆمەڵایەتییەكان و سروشت و تەنانەت ژینگەی ژیانیشەوە ڕێكبخەینەوە. ئەمەش بە مانای گشتیكردنی هونەر و جوانیی و تێكەڵاوكردنییەتی بە ژیانی ڕۆژانە و نەشاردنەوەیانە لە هۆڵە تایبەتییەكان و كۆنەكردنەوەیانە لەبیرەوەرییە قێزەوەنە نەتەوەگەرییەكان.[1]

ئەم دەقەی خوارەوە كە لە ڕاپۆرت و بڵاوكراوە ڕۆژانەییەكانی كۆمۆنەوە وەرگێراوە، مانیفێستی ئەو هونەرمەندانە لەخۆدەگرێ. ئەمەش تا ئەو جێگەیەی كە ئێمە ئاگادار بین، یەكەمین وەرگێرانی مانیفێستی هونەرمەندانی كۆمۆنەی پاریسە.[2]

## كۆمەڵەی هونەرمەندان

دوێنێ لە كاتژمێر دوو، دیداری هونەرمەندان لەسەر داوای بەڕێز كۆربی بە ڕەزامەندی كۆمۆنە لە هۆڵی وانە وتنەوە لە كۆلێژی پزیشكی هاتە سازكردن. هۆڵەكە جمەی دەهات و هەموو هونەرەكان نوێنەرایەتی دەكران. لەوانە بۆ هونەری شێوەكار هەردوو هونەرمەند فەین پێرین و هیرەو، هەورەها لە پەیكەرسازیی بەڕێزان

مووڵینە و دیلابلانش و هونەری
کارتۆن بێرتۆڵ و هونەری

دیدارەکەی دەکرد و هەریەک لە
مووڵیە و ئۆژین پۆتیەش



لەسەر داوای کوربی، کۆمۆنارەکان دینگەی ئیمپراتۆر ڤاندۆمیان ڕووخاند

هەڵکۆڵین بەڕێز میشڵان و ڕەخنە بەڕێز فیلیپ بۆرتی و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندازیارانی تەلارسازی لەوێ بوون. بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەی هونەرمەندان زیاتر لە ٤٠٠ کەس ئامادەی ئەو دیدارە بوون.

بەڕێز کۆربی سەرۆکایەتی

یارمەتیدەری بوون. پۆتییە یەکەمجار و پێش هەموو شتێک ڕاپۆرتی لیژنەی ئامادەکاری خوێندەوە کە هەر خۆی نووسیبووی و ئامادەشی کردبوو. ئەم دۆکیومێنتە زۆر جێی بایەخە بەڕاستی لێوانلێو بوو لە بیرکردنەوەی بەرزی

پێداویستییەکان و چارەنووسی هونەری هاوچەرخ.

داوا لە هونەرمەندان کرا کە خۆیان بەرژەوەندی خۆیان بپارێزن.

ئەمەش ئەو بیرۆکەیە زاڵە بوو کە لەروحی ڕاپۆرتی لیژنە فەرعییەکانیشدا خۆی نیشاندابوو. ئەوەش پرسیاری دامەزراندنی فیدراسیۆنی هونەرمەندانی پاریس بوو، کە بەرهەمەکانیان لەژێر ئەو ناوو نیشانە نمایش دەکەن.

## فیدراسیۆنی هونەرمەندانی پاریس

هونەمەندانی پاریس بەپشت بەستن بە بنەماکانی کۆماریی کۆمۆن هەستان بە بنیادنانی ئەم یەکێتییە.

ئەم یەگکرتنە هەموو هزرە هونەرییەکان دەگرێتەوە کە لەسەر بنچینەکەی:

فراوانترکردنەوەی ئازادانەی هونەر، دوور لە هەموو چاودێرییەکی حکومیی و هەر ئیمتیازاتێک

یەکسانی لەمافی هەموو ئەندامانی ئەو یەکێتییە

سەربەخۆیی و کەرامەتی هەموو هونەرمەندێک لەلایەن پێکهێنانی لیژنەی هەڵبژێردراو بە دەنگدانی گشتی و ئازادانەی هونەرمەندان پارێزراو دەبێ. ئەم لیژنەیە هەوڵی توندوتۆڵ کردنەوەی هاوکارییەکان و هەمئاهەنگی دەدا.

## پێکهاتنی لیژنە

لیژنە لە ٤٧ ئەندام پێک دێت کە نوێنەرایەتی ١٦ شێوەکار، ١٠ پەیکەرساز، ٥ تەلارساز، ٦ هەڵکۆڵەر (نەقاش) ، ١٠ ئەندامی هونەرە ڕازێنەرەکان (زەخرەفییەکان) کە بە هەڵە پێی دەگوترێت هونەری پیشەسازی.

لیژنەکە بە سیستەمی لیست و دەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێردرێن.

مافی دانیشتوانی پاریسە بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ کە

توانیبێتیان جێ و شوێنی خۆیان وەکو هونەرمەند بسەلمێنن – جا چ لەڕێگەی ناوناوبانگی ئیشە هونەرییەکانیانەوە بێت، یان لەڕێگەی دەلیلی پێشانگاکانیانەوە، یانیش بە پاڵپشتی بەدەست و خەت نووسراوی دوو هونەرمەندی سپانسۆر، بەشداری پرۆسەی دەنگان بکەن.

ئەندامانی لیژنە بۆ ماوەی یەک ساڵ هەڵدەبژێردرێن.

لەکاتی کۆتایی هاتنی ماوەی ئەم نوێنەرایەتییە، پانزە کەس لە ئەندامان کە بە دەنگدانی نهێنی هەڵبژێردراون بۆ لیژنەکە، بۆ ماوەی ساڵی داهاتوو لەشوێنی خۆیان دەمێننەوە، بەڵام ٣٢ ئەندامەکەی تر بە هەڵبژاردن شوێنیان پڕ دەکرێتەوە. ئەو ئەندامانەی کاریان تەواو بووە تا ساڵێک دواتر ناتوانن دووبارە هەڵبژێردرێنەوە.

هەر ئەندامێک ئەگەر بە کاری خۆی هەڵنەستێت ئەندامەتی لێ دەسەنرێتەوە. لێسەندنەوەی ئەندامەتی تەنیا بەدەست کۆنگرەی فیدراسیونە و پێویستی بەدەنگی دوو لە سێی بەشداربووانی کۆنگرەکە هەیە. هەڵپەساردنی ئەندام نابێ ئاشکرابکرێ تا مانگێک بەسەربریارەکەدا تێنەپەڕی بێت.

## دەرکردنی بڕیارنامە

ئەمە دەسەڵاتەی جیهانی هونەرییە کە ئەم ئەرکانەی لە لایەن هونەرمەندانەوە پێسپێردراوە.

پاریزگاری لە گەنجینەکانی ڕابردوو بکات.


ڕاپەڕاندن و تیشک خستنەسەر هەموو ڕەگەزە ئەوڕۆییەکان.

نوێکردنەوەی داهاتوو لە ڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە.

## شوێنەوار و مۆزەخانەکان

شوێنەوارەکان، لە گۆشەنیگای هونەرییەوە، مۆزەخانەکان و ئەو دامودەزگاکایانەی پاریس لەوانە

هۆڵەکانی نمایش و کــــۆکــــراوە هــونەریــیەکــان و کتـێبـخـانەکـان کە بەرهەمی هونەرییان تـێـدایە ســەر بە کەسی تایبەت نەبن و دەخـرێـنە ژێـر چـــاودێـــری و کارگێڕی لـیژنەی بەڕێــوەبەرایەتــی فیدراسیۆن.


گوستاو کوربێ

لیژنە هەڵدەستێت بە رێـکـخـسـتـن و پـــاراســـتـــن و چــاکــکــردنــیــان، نەخشەکانیان بۆ تەواو دەکات و ژماردن و پێڕست و کەتەلۆگیان بۆ تەواو دروست دەکات.

دەیانخاتە خزمەت جەماوەرەوە لەپێناو هاندان بۆ لێکۆڵینەوە لە پێـنـاو بەجـێـهـێـنـانـی ئـارەزووی سەردانیکەران.

تێبینی کردنی دۆخی پاراستنی بــاڵەخــانەکــان و ئــامــاژە بە چاککردنەوەی دەستبەجێیان و ئینجا لیستی کارە بەردەوامەکانیان پێشکەش بە کۆمۆنە دەکات.

دوای پشـکـنـیـنـی تـوانـاکـان و لێکۆڵینەوە لە ئاکارباشییان، ئینجا بەڕێوەبەران و سـکـرتـێرەکـان و بەڕێــوەبەری ئەرشــیــفەکــان و

پاسەوانەکان دادەمەزرێن. لەپێناو دەستەبەرکردنی پێداویستییە خزمەتگوزارییەکانی ئەم دامودەزگا و پێشانگایانە کە دواتر قسەیان لەبارەوە دەکەین.

## پێشانگاکان

لیژنە هەڵدەستێت بە کردنەوەی پێشانگای کۆمۆنەیی بەکۆمەڵی نیشتمانی و نێودەوڵەتی لە پاریس.

بە نسبەت ئەو پێشانگا نیشتمانی و نێودەوڵەتییانەی کە لە پاریس ناکرێنەوە، لیژنەیەکی بەرپرسیار پێکدەهێنرێت بۆ بەرژەوەندی هونەرمەندە پاریسییەکان.

تەنها ئەو بەرهەمانە وەردەگرێت کە لەلایەن دانەرەکانیانەوە، خولقێنەرە ڕەسەنەکان و وەرگێران لە هونەرێکەوە بۆ هونەرێکی تر واژوو کرابێت،وەک ئەو هەڵکۆڵینانەی دەگوێزرێنەوە سەر تابلۆکان و تاد.

زۆر بە توندی هەموو ئەو پێشانگا تەماحکارانە ڕەت دەکاتەوە کە دەیانەوێت ناوی بەڕێوەبەر و یان خولقێنەری بەرهەمەکان بگۆڕن.

خەڵات بە هیچ کەسێک نادرێت.

کارە هونەرییە ئاساییەکانی کۆمۆنە دەدرێت بەو هونەرمەندانەی کە بە دەنگدانی هەموو خاوەن پێشانگاکان دیاریکراون.

بەڵام کارە نائاساییەکان دەخرێنە پێشبڕکێوە.

## پەروەردە و ڕۆشنبیری

لیژنە چاودێری وانەی وێنەکێشان و نموونەیی لە قوتابخانە سەرەتایی و پرۆفیشناڵەکان دەکات کە مامۆستاکانی لە سەر بنچینەی پێشبڕکی دەستنیشان دەکرێن. هەروەها هانی ناساندنی میتۆدە سەرنجڕاکێشەکان دەدات. مۆدێلەکان مۆر دەکات و هەروەها ئەو بابەتانە ڕێکدەخات کە ڕوحی بەرز تیایاندا کەشفکراوە. هەروەها پێویستە لێکۆڵینەوەکانیشیان لەسەر

بودجەی کۆمۆنە تەواو بکرێن.

لیژنە هانی ئەوەش دەدات کە هۆڵی گەورە بۆ خوێندنی باڵا و کۆنفرانس لەسەر جوانناسی و مێژوو و فەلسەفەی هونەر بنیاد بنرێت.

## بڵاوکردنەوە

ئۆرگانێکی بڵاوکردنەوە پێکدەهێنێت بەناوی بەرپرسیارێتی هونەرەکان

لەژێر چاودێری و بەرپرسیارێتی لیژنە، ئەم بڵاوکراوەیە ئەو ڕووداوانەی کە پەیوەندن بە جیهانی هونەرەکان و زانیاری بەسوودی بۆ هونەرمەندان تێدایە، بڵاو دەکاتەوە.

هەروەها بڵاوکراوەکە لێکدانەوەکان لەسەر کاروباری لیژنەکە و پرۆتۆکۆڵی کۆبوونەوەکان و بڕی پارەی بەدەستهاتوو و خەرجکراو و هەموو ئیشوکارە ئامارەییەکان کە ڕۆشنایی دەخەنە سەر پرسەکان و ئامادەکاریی ڕێکوپێک، بڵاو دەکاتەوە.

بەشی ئەدەبیش تەرخان دەکرێت بۆ ئەو وتارانەی لە سەر ئیستاتیکا دەنووسرێن، هەورەها بوارێکی بێلایەنی کراوە دەبێت بۆ هەموو بیروباوەڕ و سیستەمێک.

بە پێشکەوتووخوازیی، سەربەخۆیی، بەڕێز و ڕاستگۆیی خۆیەوە، "بڵاوکراوەی بەرپرسیارێتی هونەرەکان" دەبێتە جیددیترین بەیاننامەی ئێمە بۆ نوێبوونەوەمان.

## ناوبژیکەران

بەنیسبەت هەموو ئەو ناکۆکییە جیاوازانەی لە سەر مەسەلەی هونەریی دێنە ئاراوە، لیژنە لە سەر داوای لایەنی پەیوەندیدار (هونەرمەندان یان غەیری ئەوان) ناوبژیوان دیاریدەکات.

بۆ ئەو کێشە مەبدەئییانەی بەرژەوەندی گشتی تێدا بێت، لیژنە شورای ناوبژیوان دادەمەزرێنێت و بڕیارەکانی لە بڵاوکراوەی

بەرپرسیاتێتی هونەرەکان بڵاو دەکاتەوە.

## دەستپێشکەری ئیندیڤیجواڵ

لیژنە بانگەوازی هەموو دانیشتوان دەکات بۆ ناردنی هەر پێشنیار و پرۆژە و ڕاپۆرت و بیروڕایەک کە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی هونەر یان ڕزگاربوونی فیکری یان مەعنەوی هونەرمەندان یان بەپێزکردنی ماتریاڵی بەرهەمەکانیان لە بەرچاوە.

لەو بارەشەوە ڕاپۆرتێک پێشکەش بە کۆمۆنە دەکات و پشتیوانی مەعنەوی خۆی و هاوکاری لەگەڵ هەر شتێک کە بەگونجاوی بزانێت، دەردەبڕێت.

داواش لە ڕای گشتی دەکات بۆ پشتگیری لە هەر هەوڵێکی پێشکەوتووخواز و ئەو پێشنیارانەی لە "بڵاوکراوەی بەرپرسیارێتی هونەرەکان"دا بڵاو دەکرێتەوە.

لە کۆتاییدا، بە وشە، بە پێنووس، بە خامە،بە دووبارە چاپکردنەوەی شاکارە جەماوەرییەکان، بە وێنەی وشیار و بەرزکەرەوە کە دەتوانرێ بە زۆری بڵاوبکرێتەوە و لە هۆڵەکانی شارەوانی لادێ



ژول دالو، پەکەرسازی بە ناوبانگ و یەکیک لە کۆمۆنارەکان

بێنازەکانی فەرنسا نمایشی بکرێت، لیژنەکە کاردەکات لە سەر تازەبوونەوەمان، گرتنەدەستی جڵەوی سامانی کۆمەڵایەتی،

داهاتووی درەوشاوە و کۆمارێکی گەردوونیی.

***گ کۆربی، موولینە، ستێفەن مارتان، ئەلێکساندەر ژووس، رۆزینیش، تریشون، دەلوو، ژوو لێهیرو، س شابرێت، ە دوبوا ، ئەی ڤالینیەر، ئوژین پۆتیە، پیراین، ئەی میوللارد.***

☆

## پەراوێزەکان:

*** تێبینی وەرگێڕی ئینگلیزی:** فیدراسیۆنی هونەرمەندان، گرووپێکی ڕادیکاڵی پێکهاتوو لە شێوەکاران و پەیکەرسازان و شارەزایانی ڕازێنەرەوە، لە مانگی نیسانی ساڵی ١٨٧١ کۆبوونەوە بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی ڕۆڵی هونەر لە هەناو کۆمۆنەی پاریسدا.

### * تێبینییەکانی مەشخەڵ

١- ڕیفاهیەتی کۆمەڵایەتی خەیاڵی سیاسی کۆمۆنەی پاریس، کریستین ڕۆز، چاپخانەی (مەیپڵ پرێس) ئەمریکا ٢٠١٥.

٣- ئەو پێشەکییە لە نووسینی دەستەی بەڕێوەبەری سایتی (Red Wedge)ە کە لە ١٥ی نیسانی ساڵی ٢٠١٦ ئەم بابەتەیان لە سایتەکەیان ئامادە کردووە و وەرگێڕاوە. کە یەکەمین وەرگێرانی مانیفێستی هونەرمەندانی کۆمۆنەی پاریسە بە زمانی ئینگلیزی و جێی خۆشیەتی بڵێم یەکەمین وەرگێڕانی ئەو مانیفیستەشە بۆ سەر زمانی کوردی.

### * ناوەکان بەپیتی لاتین:

G. COURBET, MOULINET, STEPHEN MARTIN, ALEXANDRE JOUSSE, ROSZEZENCH, TRICHON, DALOU, JULES HÉREAU, C. CHABERT, H. DUBOIS, A. FALEYNIÈRE, EUGÈNE POTTIER, PERRIN, A. MOUILLIARD

### * سەرچاوە:

http://www.redwedgemagazine.com/online-issue/manifesto-federation-artist-commune

☆

# دوو نامە لە لوئیز میشێل بۆ ویکتۆر هیوگۆ!

وەرگیران لە فەرانسەوە بۆ فارسی:
سینا دادگر

وەرگێران لە فارسییەوە:
ئازاد عەبدالی

## نامەی ژمارە چوار

بەرێز!

نازانم دەڵێم چی بەڵام لەوپەڕی بێ هیوایی دا دەژیم. بۆوەی ئازارێکی کەمتر بکێشم حەزدەکەم نامەیەکت بۆ بنووسم. زۆرنیگەرانی ئەوە نیم کە نامەکەم بۆت نامۆبێت، چونکە تۆ من ناناسیت و ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی نیگەرانی من، نابێ ئێوە خەمبار بکەن، بەڵام من دەبێ بیانڵێم تا خۆم تاوێک ئارام بگرم.

نەنکم ، خاتوو "دمائی"، کە ساتێک لێی بێ ئاگا نەبوومە و قەت بەجێم نەهێشتووە زۆر نەخۆشە و دەردو ئازاری نەخۆشی نەنکم بێ هێزو لاوازم دەکات و وەک شێتانم لێ بە سەرهاتووە و نازانم چ بڵێم و چبکەم.

بیری لەدەست دانی نەنکم دەمخاتە گێژاوی ترسەوە فکرم بۆ هیچی تر ناچێ. باشیش دەبینم کە ئیتر هیوایەک نییە و ئەو دڵدانەوانەش کە بە منی دەدەن بۆ هێورکردنەوەی کوڵی دڵی منە. تەمەنی نەنکم زۆرە بەڵام



دیسانیش ژیان بە بێ ئەو ناتوانم بێنمە بەر چاوم. تەنانەت لە بیرم



زۆر شێواوە بەڵام ئێوە لێمدەبوورن و چەند دێڕێکیشم بۆ دەنووسن تا ورەم بەرز بێتەوە، چون ئیتر هیچم بۆ نەماوە. دەڵێن من مرۆڤێکی بەئیمانم. بەڵام ئەگەر ئیمانم لە دەست بدەم باوەڕناکەم بە هیچ شتێکی تر ئیمان بێنمەوە. دەی خوا چەندە بێڕەحم بێت.

هەر ئێستا چەند نووسراوەی دەستنووسی تریشم دۆزینەوە، ئەوانیشت بۆ دەنێرم. لەوانەیە دوایین نامە بن کە لە منەوە بە دەستت دەگەن. دەزانم ئەگەر نەنکم لە دەست بدەم ئیتر لەوانەیە نەتوانم دەست بۆ هیچ کارێک ببەم و هەر بەو دەردە بمرم. ئەوسا تۆش براله، لە سەرگۆڕەکەم چەند دێڕ شێعر دەخوێنیتەوە. لای تۆ خۆش. سەبارەت بە نووسینی ئەم نامەیە بمبوورە. لە بەر ئازار خەریکە دەچێتەوە کە ئێستاش دایکم بۆ دڵدانەوەم لە ژیان دا ماوە.

لەو ڕۆژەوە چاوم بە دنیا هەڵێناوە قەت لە جیا نەبووم و تەنیا مامۆستای من بوو. ئێمە هەردووکمان بۆ یەکتر دەژیایین و ئێستا ئەوە هەمووی کۆتایی پێ دێت. چم هەیە پێت بڵێم، زەینم

شێت دەبم. نازانم چیم لێ بەسەر دێت. هەموو شتێک بە لامەوە مردووە. نامەم بۆ بنوسە.

لوئیز میشل

***

## نامەی ژمارە شەش!

هەموو نامەکەم ئەمڕۆ مەخوێنەوە. دەبینی کە زۆر دوورودرێژە و ئەم بیرە ئازارم دەدات (ئەم دێڕە کە لە سەرووی نامەکە دا نووسراوە).

سپاس، هەزارجار شوکر. چ خۆشبەختییەک کە لە ناو ئەو هەموو دەرد و ڕەنجەدا بتوانم پەنا بۆ ئێوە بێنم، دەڵێی هاتوومە دونیایەکی تر. زۆر نامەت بۆ نانووسم، مەگەر نامەی دوورو درێژ کە هەموو وجوودی خۆمی لە گەڵ بەڕێ بکەم. ئەگەر من پێم وابووە کە وەڵامم نادەیەوە، مەبەستم تاوانبارکردنی ئێوە نەبووە. "هیوگۆ"، من باوەڕم بە چارەنووس هەبوو. تەنانەت لە خوداش نائومێد بووبووم و پێموابوو کە ئەو دەبێ من بە نەحلەت بک ات، چونکە سەرەڕای شک کردن لە ئەو، من بە تۆ ئیمانم هێنا بوو. دووبارە سپاس بۆتۆ، گرینگ نییە چ بەڵایەکم بە سەر دێت. دەردە دڵ کردنم لە گەڵ تۆ ئازارم کەم دەکات. دووری نێوان ئێمە گرینگ نییە. گیانی من تیشکێکە لە گیانی ئێوە و بی هیچ پەژارەیەک زەینم دەخەمە فڕین.

ببوورە کە بە ڕێزێکی زیاترەوە نامەت بۆنانووسم بەڵام روو بە ئێوە وشەی بێ گیان ئازارم دەدەن. بەڵام هیوگۆ، بۆ منێک کە قەت تۆ نابینێت، گوتنی ئەم قسانە بۆ دەبێ قەدەغە بێ؟ ئێوە بە دڵنیاییەوە لەمە تێدەگەن کە بەندییەک، تەنیا تیشکی ئەو هەتاوەی کە لە تەنیاییەکەیدا دەدرەوشێتەوە، خۆش بوێت. لێمگەڕێ هەرچی لە دڵم دایە پێت بڵێم. هەروەک ئەوەی لێرە بیت، لەبەر شومینەکە، لە سەر کورسی

بەتاڵی نەنکم دا، دەستەکانت لەناو دەستەکانمدا، هەربەوجۆرەی کە من و ئەو شەوانە، سات بە دوای سات دادەنیشتین.

ئایا تۆش جاروبار هەستت کردووە بەو کاتانەی ڕوح بە سەر جەستە دا زاڵ دەبێت؟من لە کاتێکی وا دا دەمرم، چ خۆشبەختییەک کە ئەوسا جارێکی تر ئەو دەبینمەوە. ئەگەریش خوا باڵی فڕینم بداتێ ئاگام لە تۆش دەبێت. ئایا تۆش وەک من خەیاڵی وا تاویان داویت کە شڕو شیتاڵت بکەن و لێشیان تێ نەگەیت؟ ئەمە دەبێ زمانی ئاسمان بێت یان زمانی دۆزەخ؟ ئەمە هەر لە گۆڕ دا دەزانین. هەموو شتێک لە خەیاڵ دەچێت بەڵام لەوانەشە خەیاڵێک بێت کە ژیانە.

گەیشتوومە قوناغێک کە لە هەموو شتێک بە گومانم. تەنانەت بەحەقیقەتی بوونیش. چەند لاپەڕەیەکت سەبارەت بە ژیانی خۆم بۆ دەنووسم بەڵام تەنیا بۆخۆت.

ئەمەی بۆتی دەنووسم دەبێ ڕازێک بێت لە نێوان خودا و ئێمەدا. دەزانی بۆچی باوەڕم بە چارەنووس هێنا و بۆچی کاتێک کە ناوێکی سیحراوی لە شەوگارمدا ترووسکایەوە، هاوارم بۆکرد؟ بەڵام ئەمرۆ هەموو ئەمانە بۆتۆ باس ناکەم. ناتوانم خۆم لە سەر هێڵێکی فیکری ڕابگرم و ئەم خەیاڵانەش کە هێزی لێکهەڵاوارنیانم نییە، پەرێشانم دەکەن. هەست دەکەم تەوێڵم خەریکە دەقەڵشێت تا ئەم خەیاڵانە باڵ بگرن و دەرچن و من وشەیەکی گونجاو نادۆزمەوە تا بتوانم بۆت شی بکەمەوە. هیوگۆ، قەت فەرامۆشم مەکە و بڵێ کە بیرم دەکەی، تەنانەت ئەگەر واش نەبێ هەر وا بڵێ، چون بۆ من واباشترە.

(...)

ناتوانم تەواوی سۆزەکانی منداڵیمت بۆ باس بکەم. تێکەڵاوێکە

له ئازار و شادی وخەیاڵ و چارەنووس و بیرۆکەی "بەش" کە دایکم باوەڕی پێ هەبوون. لە بیرمە ڕۆژێک پیرەژنێک لە ئامێزی گرتم و دەیجووڵاندم و دەیگوت: "بچکۆڵە گیان برۆ لەناو قەبرستاندا بخەوە". قسەی ئەو پیرەژنەم وەک تووکێک هەر لە دڵ دا ماوەتەوە. یا جارێکی دیکە لە بیرمە چەند کچۆڵەی ئاشنا بە پێکەنینەوە پێیمیان دەگوت: "برۆ بۆ لای بابت!" و بە دیتنی فرمێسکەکانی من بەرزتر پێدەکەنین.

ئێستا هەمووی ئەوانە بۆمن لە خەون دەچن. دەنگی نەنکم دەبیستم کە دەملاوێنێتەوە، لەگەڵ من دەگریت یان چیرۆکی ئاشقانەم بۆ دەخوێنێتەوە. بیرەوەری زۆرم لە دڵ داماون چ لەو کاتانەی شاد و کەیف خۆش بووم و چ لەو کاتانەی کە لە ژیان ماندوو بووم. یان هێندێ شەو تا درەنگ وەخت کە باپیرم دادەنیشت و باسی ڕێگران و سوارچاکەکانی بۆ دەکردم. یان بەسەرهاتەکانی واندە، شۆڕش و پاشا لوویی ٦□ی بۆ باس دەکردم. یان دەنگی گیتارەکەی کە ئێستاش شەوانە لە گوێم دا دەداتەوە. یا پیانۆی نەنکم کە بە چاوی جووقاو و خەواڵوو گوێم لێدەگرت و هەر نۆتێکی بۆمن شکڵێکی بوو و لە ناخمدا گیانی پێدەبەخشرا.

نازانم ئایا تۆش وەک من ئەم شتانەت هەست پێکردوون یانا، بەڵام مۆسیقا جیهانێکی تەواو بۆ من ئاشکرا دەکات. دەنگی پەلەوەرانم دێتەگوێ کە لە ناو دارستان دا ئاوازی خۆش دەخوێنن. دەنگی پێی هاموشۆی جنۆکەکان دەبیستم و دەبینم کە لە ناو ڕێگاکانیان دا ئاڵای مەرگ دەنێنە سەرشان، نۆت گەلێک کە وەک پەری دەفڕن و دەگرمێنن یا دەگرین. هەمووی ئەمانە دێنە دی و ڕوح و گیان دەگرن و دیمەنی سەرنجڕاکێش دەخوڵقێنن. ئەو وێنەیەی کە بۆت دەنێرم یەکێک لەو دیمەنانەیە کە لە کاتی نووسینی پارچە مۆسیقایەک کە لە

دەستپێکی خولقاندنی دابووم هاتبووە نێو خەیاڵی من.

(...)

لە ناو ئەم یادەوەرییانەی منداڵیم دا تێکڵاوێک لە وێنەی ترسناک و شیرن و پێکەنیناوی دێنە بەرچاو کە ئێستاش خەمبارم دەکەن. بۆ نموونە پیرەژنێکی تەرکەدونیاکەر کە داوام لێدەکات دەستەکانم جووت بکەم و لە گەڵ بیستنی دەنگی زەنگی کڵێسا کە لە ناو لق و پۆپی دارەکانەوە بەرزدەبووەوە و لە گەڵ دیتنی تروسکە تروسکی ئەستێرەکان دوعا بخوێنم. لەو کاتانەدا هەمیشە حەزم کردووە بەرەو ئاسمان بفڕم.

زۆرجاران نەنکم بە بیستنی ئەم خەیاڵانە فرمێسکەکانی هەڵدەڕژان و دەیگوت کە ئەم خەیاڵانە سەرەخۆرەن. هەر بەوجۆرەی کە بۆ ڕوحی سەرکێشی ئەو ژیانێکی پڕ لە ژانیان دروست کردبوو. دواتریش ڕواڵەتی جیددی و بەفیزی مامۆستای قوتابخانەکەم دەبینم کاتێک کە بە بێزارییەوە لەسەر دەفتەری حیسابی من پۆلێک شەیتان یان ژمارەی باڵداری زەنگوڵەداری دم ولیچ خواری دەکەوتە بەرچاو. ئەمانە دونیایەکی سیحراویان دەخولقاند کە زۆر جار لە ناویان دا کاریکاتۆری ئەم مامۆستایە بە مشتێکی گرێدراوەوە بەرەو لاپەڕەکانی دەفتەرەکەی من دەهاتە بەر. یان کابرای ڕەزنەرەوەی کورتە باڵا و کۆم و شەل، لە تەنیشت پیاوێکی باڵابەرزی دەست پڕ لە هەتاو کە منی دەخستەوە بیر ڕێگرەکان.


دواتر کیژۆڵەیەک بە چاوی گەشی شینەوە، "ئالیز برتو" ی کچە جووتیار کە زۆرتر وەک تابلۆکانی حەزرەتی مریەم دەچوو و لەو ناوەوەش ڕوخساری تاڵی بابم کە جاربەجار دەردەکەوت و من دەستەکانمم بەرەو ئەو درێژ دەکرد بەڵام ئەو دەستی نەدەگرتم. دەشمبیست کە دەڵێن: "منداڵێکی چاک نەبوویت دەنا بابت خۆشی

دەویستی."

(...)

رۆژێک بابم لە گەڵ فەرمانبەری نووسینگەکەی هاتەوە ماڵ. دەیەویست لە گەڵ ئەو، ژنێکی تری غەیری دایکم، زەماوەند بکات. هەستی ئەو کاتەم هەرگیز فەرامۆش ناکەم. ئەژنۆ لە باوەشدا تا بڵێی گریام، هەر لەو ژوورە بچکۆلەی بە پەنجەرەی تۆردارەکەوە، کە من تێیدا لە دایک ببووم. لە خوا داوام کرد بیکاتە خاوەنی منداڵانێک کە خۆشیان بوێ، هەربەوجۆرەی کە من خۆشم دەویست.

دوای زەماوەندی بابم، خوشکی بابم سەرەرای مەیلی بابی دەهاتە ماڵمان و زۆربەی جاران بەینی ئەو و نەنکم دەبوو بە هەڵلای گەورە و هەر بەم هۆیەوە لە ماڵ بە تاق دەکەوتەوە. بێجگە لەوە


ویکتۆر هیوگۆ

خەڵکی گەڕەکیش لە پوورم بێزار بوون و هەمووی ئەوانە ببوونە هۆی ئەوەی کە سۆزێکی خۆشەویستی توند نیسبەت بە پوورم لە مندا بێتە دی، کە بێجگە لە من کەسی تری بۆ دەربرینی خۆشەویستی نەبوو. شتێکی سەیر لەودا هەبوو، تێکەڵاوێک لە میهرەبانی و بیڕەحمی، دیمەنێک لە وەحشیانە و سەرسوڕمان، هەر

وەکوو ژیانی خۆی. تووڕەییەکەی بۆ من جەهەنەمێک بوو. حازر بووم هەموو شتێک بە خاتری ئەو فیدا بکەم. جارجار لە گەڵم توند بوو. جارێک لەبەر چاوی خۆم بە نەنکمی گوت: "مەگەر شێت بووی کە بەم منداڵە کە ئەوەندە خاوەن بەهرەیە بۆ دەرچوون لە حالەتی ئاسایی، دەرسی مۆسیقا دەڵێنەوە؟ دەبێ مەجبووری بکەن کە لە دەرزی درووماں واتر هیچی تر نەگرێتە دەست."

نەنکم لە دەستی تووڕە دەبوو و من لە ترسی ئەخلاقی توندی پوورم نەمدەوێرا دەفتەری نۆتی مۆسیقا بگرمە دەست. هەر کەسێکی تر بووایە، بە سەری بەرز لە بەرامبەری دەوەستام، بەڵام چون هیچ کەس ئەوی خۆش نەدەویست، بە گریانەوە خۆم دەخستە سەر لاقی و داوای لێبوردنم لێدەکرد. تەنانەت کوڕەکەشی لە گەڵی زۆر سارد و سڕ بوو. ئەگەر دەربڕینی خۆشەویستی لە لایەن منەوە نەبایە، بیرم دەکردەوە کە دەبێ چەندە بەدبەخت بێت.

(...)

بابم دوو منداڵی لە ژنە تازەکەی بوو. جارجار منداڵەکانی لە گەڵ خۆی دەهێنایە ماڵ و من کە خوشکیان بووم تەنانەت نەمدەوێرا ماچیان بکەم. ئەو وەزعە چەند ساڵێکی خایاند و وردەوردە بابم رووی دەکردە من. مناڵەکان خۆیان پێمەوە هەڵداوەسی و کاتی رۆیشتنیان کە دەهات، دەگریان. بابیشم ئەوەندەی کە جاران سارد بوو، ئیستا میهرەبانتر ببوو. باپیرم خەریک بوو دەمرد و فایلی جیابوونەوەی پوورم لە مێردەکەی لە دادگا دا لە گەڕدابوو. من هەرگیز بە تەواوی خۆشبەخت نەبووم. نوکتەی تایبەتی ئەوەیە کە هەر کات هەستم کردووە زۆر خۆشبەختم، خەمێکی گەورە هاتووەتە سۆراغم.

(...)

باپیرم مرد. شەوێکی مانگی دێسێمبربوو و "با" دەگریا. هەموو وردەکاری مردنەکەیم لە بیرماوە. هەروەک ئەوەی دوێنێ بوو. ئەو کەم تا زۆر هاوفکری وڵتەر بوو، هەر بۆیەش قەشەمان نەهێنایە سەری. کاتێک کە مرد بەتەواوی هەستمەوە هانام بۆ خودا برد. تا بەڵکوو بتوانم ڕوحی بە رزگاری بگەیێنم. بەڵام هیوگۆ، لە بەینی خۆمان دابێت ناتوانم ئیمانم بە دۆزەخ و ئەبەدییەت هەبێت.

دوای مەرگی باپیرم پوورم گەڕایەوە ماڵی ئێمە. هەروەک ئەوەی بۆ مردن هاتبێتەوە. چەند مانگێک هەستم دەکرد خۆشی دەوێم، هەر بەو شێوەی کە منیش خۆشم دەویست. دەمزانی ئەو بە بێ من زیاتر ئازار دەبینێ. ئەویشمان لە دەست دا وپاش ئەو، بابم و دوای ئەو ئەو کیژۆڵەی کە زۆرم خۆش دەویست. هەروەک ئەوەی کە بوونی من بۆ هەموویان ببووە سەرەخۆرە.

(....)

حەزنـــاکەم هەمـــوو ڕووداوە شـوومەکانت بۆ باس بکەم و خەفەتی زیاتر بخۆم. هێندێ کەس بە خۆ بە دۆست نواندن هێندێ لە نووسراوەکانی منیان وەرگرت و بە شەپۆلێک ڕەخنەوە بڵاویان کردنەوە. هێندێ کەس وەهمەکانی منیان یەک بە یەک تێکشکاند. یەکێک لەو نامانە، کە لە کەمتر خراپەکانە، بە بێ ئاشکراکردنی ناوی نووسەرەکەی، بۆ تۆ دەنێرم تا بزانی کە چۆن بە ناحەزکردنی هەموو شتێک لە چاوی منەوە، چێژ دەبن. بەڵام ئیتر نامهەوێت بە هەموو ئەو شتانە بیربکەمەوە. دەزانی چییە هیوگۆ، ئیتر ڕەنج ناکێشم بەڵام حەزدەکەم یەکێک لە خەمەکانمت بۆ باس بکەم.

زۆر سامناکە، ئەویش گومانە سەبارەت بە راستگۆیی دایکم. بابم سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بڵێ من خوشکی ئەوم نەک کچی. من بەوە باوەڕ ناکەم. بەهەر حاڵ پێم وایە بیرلێکردنەوەشی هەر

ترسناکە و تەنیا تۆ ئەمە دەزانیت. دەمەوێ ئەم فکرە لە سەرم دەرکەم، کە ئەمەش زوڵمێکە دەرحەق بە دایکە چاک و پاکەکەی من.

ئەمڕۆ نامهەوێت سەبارەت بە هەموو ئەو ڕووداوانەی کە دوای مەرگی نەنکم روویان داوە، سەبارەت بەو جیهانەی دەمێک وەلامدەنێ و دەمێک کلکم بۆ دەلەقێنێ و وەک شەپۆلێک دێت و دەچێت، بنووسم. ئەمانە هەموویان وەک خەیاڵن و حەز ناکەم خۆمیان پێوە سەرقاڵ بکەم و پێم باشترە بێ بیرکردنەوە پێنووسەکەم بۆ نووسین ئازاد بکەم.

ئایا دەزانی ئەگەر پەڕو باڵم لە هەڵم و ئاگربووان و خودا منی وەک فریشتەی خۆی بۆ پارێزگاری لە تۆ دانابا، چیم پێت دەوت؟ پێم دەوتی: ئەگەر بڕیاربووایە "بوربون"ەکان لە تاراوگە بگەڕێنەوە، ئەوە ئەرکی سەرشانی تۆی شاعیر دەبوو کە وەکوو یەکەم کەس بۆ ئەم داخوازییە جوان و گەورەیە دەنگی بەرزبکردایەوە.

تۆلایەنگری ئازادی و سەربەرزیی و گیانی تۆ لە پێناو هەموو ڕەنجەڕۆییەکان دا دەسووتێت. ئایا چەن وشەیەک بۆ بەخشین و لێبوردن نالێی؟

ئەی ئەلەمپیوو، ئەگەر فریشتەی تۆ بوایەم لە ئاسمان دادەبەزیم و باڵەکانی خۆم لە سەر تەوێڵت دادەنا و گوێبیستی قسەکانی تۆ دەبوم.

ماڵئاوا! بە دژواری لە درێژەپێدانی نامەکە دەست هەڵدەگرم. بیری ئەوەی کە نامەکەم بە لاتەوە لە رادەبەر دوورو درێژ بێت ئازارم دەدات.

لوئیز میشێل

☆

# شاعیری وەرزی گێلاسەکان[١]

ئامادەکردن و وەرگێڕانی:
سلیمان قاسمیانی

ژان باتیست کلیمان (Jean Baptiste Clèment) ٣١ی گولانی ١٨٣٦ لە شاری "بۆلونی سورسەین" کە ئیستا بۆتە بۆلونی بیانکورت" Boulogne-Billancourt لە فەرانسە لە دایک بوو وەکوو شاعیر و هەلبەستوانی مۆنمارتە و شورشگیری کۆمونی پاریس ناسراوە کە شیعرەکانی وەکوو گۆرانی بەکارهێنراون.. زۆربەی ئەو گۆرانییانە ئیتر لە بیرچوونەوە، بێجگە لە چەند گۆرانی وەکوو، "وەرزی گێلاسەکان"، "حەوتووی خوێناوی" و گۆڕانی منالانەی "سەمای گولی نەستەرەن".

ژان باتیست لە بنەمالەیەکی ئاشەوان لە دایک بوو. لە ١٤ سالی باوکی بەجێهێشت و دەستی بە کار کرد. یەکەم ئیشی کار لە کارگەیەکی مس بوو کە خۆی بە شوێنێکی زۆر ناخۆش و بێ بایەخی دەزانی. ژان باتیست زۆر ئیشی تریشی تاقی کردەوە و ماوەیەکی زۆریش لە ئاشی بابەگەورەی کاری کرد. بە دوای



چوونی بۆ پاریس، ناسیاوی پەیدا کرد لە گەل رۆژنامەنووسانێک کە بۆ رۆژنامەکانی سوسیالیستی وەکوو "ئەسرینی خەلک" Le Cri du peuple یان "ژول والێس" Jules Vallès بەرهەمیان دەنووسی. بەدوای ئەمەدا ژان باتیست بوو بە چالاکوانێکی شۆرشگێڕ و لە راپەرینە یەک بەدوای یەکەکانی ئەو سەردەمە و کێشەکانی نیوان، ئەشراف، فیۆدالەکان، بورژواکان و کرێکاران، ئیمپراتۆری خواز و کۆماریخوازەکان... بەشدار بوو. سالی ١٨٦٧ بە دوای تیکشکانی یەکێک لەو راپەرینانەدا ناچار بوو دەرچێ و بچێتە ولاتی بێلژیک و هەر لەوێش گۆرانی بەناوبانگی خۆی بە نێوی "وەرزی گێلاسەکان" کە بۆ ئەو ڕاپەڕینە نووسراوە، بلاوکردەوە.

دوای گەڕانەوەی بۆ پاریس، دەستی کرد بە هاوکاری لە گەڵ رۆژنامەی جۆراوجۆر، وەکوو "لا ریفورم" *La Réforme* کە دژی ئیمپراتۆریەتی دووەم بوون. ژان باتیست پاش ماوەیەک گیرا و خرایە زیندان بە جۆرمی ئەوەی کە بە بێ ئیجازەی فەرمی رۆژنامەیەکی خستووەتە رێ و تا راپەرینی کۆمارییخوازانەی ٤ی سێپتەمبەری ١٨٧٠ ئازاد نەکرا.

ژان باتیست ئەندامی "گاردی نیشتمانی" بوو. ئەو وەکوو هەڵسووراوێکی سوسیالیست شوێنێکی گرینگی هەبوو لە رێکخستنی کرێکاران و قووڵکردنەوەی بزوتنەوەی چەپی سوسیالیست لەو سەردەمەد. ئەو یەکێک بوو لە کۆموناردە شۆرشگێرەکان کە رۆڵی بەرچاوی بوو لە سەرکەوتنی راپەڕینی ١٨ ی مارسی کۆمۆنی پاریس. ژان باتیست رۆژی ٢٦ مارسی ١٨٧١ دوای سەرکەوتنی شۆرشی کۆمۆنی پاریس، وەکوو سەرۆکی شارەوانی گەڕەکی ١٨ی پاریس هەلبژێردرا. ئەو هەروەها ئەندامی کۆمیسیونی بژیو و خزمەتکارییە گشتییەکان بوو. لە ١٦ ئەپریل هەلبژێردرا وەکوو بەرپرسی



ژان باتیست کلێمان

بەرهەمهینانی تەقەمەنی. ٢١ ئەپریل هەڵدەبژێردرێ بۆ کۆمیسیونی پەروەردە. لە گۆڤاری "لوکری دێ پـــیـــپـــول" *Le Cri du people* نارەزایەتی خۆی دەردەبڕێ دژی داخستنی هەندێک لە رۆژنامەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە کۆمۆن دا. لە حەوتووی خوێناوی دا شان

بەشانی کۆمۆناردەکان لە سەنگەرەکاندا دەجەنگیٚ و هەر ماوەیەکی کورت دوای ئەوە شیعری "حەوتووی خویٚناوی" نووسی کە بوو بە گۆرانی. ئەو لەو شیعرەدا سەرکوتی وەحشیانە و بیٚرەحمانەی کۆمون مەحکوم دەکات.

دوای شکستی کۆمۆن، ژان باتیست توانی دەرچیٚ و خۆی بگەییٚنیٚتە بیٚلژیک و لەویٚشەوە روو بکاتە لەندەن و لەویٚ دریٚژە بە خەبات بدات. سالٚی ١٨٧٤ بەبیٚ بوونی خۆی لە دادگای نیزامی دا مەحکوم بە مەرگ کرا. لە مانگی مای ١٨٧٥ تا نوامبەری ١٨٧٦ بە نهیٚنی دەگەڕیٚتەوە لای دایک و باوکی لە ئاوایی "مونفیٚرمەی" Montfermeil. ئەو بەوشیٚوە نهیٚنییە تا سالٚی ١٨٧٩، بە چاوەروانی لیٚبوردنی گشتییەوە دەژی. سالی ١٨٨٠ دوای راگەیەنرانی لیٚبوردنی گشتی گەرایەوە پاریس.

سالی ١٨٨٥ گرووپی لیٚکۆلینەوەی سوسیالیستی "لیتانسیٚل دوشارل" و دوایی "فیدراسیونی سوسیالیستی ئاردیٚننیٚنا"ی دامەزراند کە سالٚی



١٨٩٠ بەشداربوو لە دروستکردنی حزبی شۆڕشگێری سوسیالیستی کرێکاری.

ژان باتیست ٢٣ی فێبرواری سالی ١٩٠٣ کۆچی دوایی کرد. ڕۆژی ٢٦ی فێبرواری لە کاتی بەخاکسپاردنی لە گۆرستانی پێرلاشێز دا لە پاریس، بەینی ٤ تا ٥ هەزار کەس بەشدارییان کرد. بە پێی وتەی یەکێک لە هاوڕێکانی: "یادی مرۆڤێکی ئاوا، هەرگیز لەبەین ناچێ، تێپەربوونی زەمەن، ئەو مرۆڤە هەرچی زیاتر خۆشەویست دەکات لە لای ئەو کەسانەی کە حەزیان دەکرد بەو ڕەوشتە پاکانەی کە لە دلی ئەودا جێگەیان گرتبوو، وەکوو شاعیرێکی پاک و پرۆلێتەرێک کە دژی هەموو ناڕەواییەک وێستا... سەرەڕای ئەوەش هیچ خەباتگێڕێکی بانگەشەگێڕ، وەکوو ئەو بێحورمەتی پێنەکراوە. بەڵام هیچکەس نەیتوانی ئەو بوەستێنێ، نە ناوزەدکردنەکان، نە چەپەڵی کاپیتالیستیی و نە رووساردی کرێکاران. ئەو بەڕاستی یەکێک بوو لە مرۆڤە گەورەکانی سەردەمی قارەمانیەتی سوسیالیسم."

ژان باتیست لە تەواوی ژیانی دا لە ژێر چاوەدێری پۆلیسی ئەمن دابوو. ئەستوورایی فایلی ڕاپۆرتەکانی پۆلیسی ئەمن لە سەر ئەو ٣٠ سانتیمەترە. ئەم چاوەدێرییە تەنانەت دوای مەرگیشی هەربەردەوام بوو. دوایین ڕاپۆرت کە لە سەر فایلەکەی ژان باتیست لای پۆلیسی ئەمن هەڵگیراوە، دەگەڕێتەوە سالی ١٩٦٣ لە سەر جەژنی یادەوەریی ٦٠ سال بە سەر کۆچی دوایی ژان باتیست دا.

ئەوەش دوو شیعر لە شیعرە گۆرانییەکانی ژان باتیست:

## وەرزی گێلاسەکان[٢]

ئەو کاتەی کە گۆرانی بۆ وەرزی
گێلاسەکان دەچڕین
بولبولی دڵخۆش و کلاوکوڕە

هەموویان دەکەونە سەما و جەژن.
جوانەکان خۆشی لە دڵیان دا مۆنج دەدا و
ئەڤینداران خورێک لە دڵیان دا.
ئەو کاتەی کە گۆرانی بۆ وەرزی
گێلاسەکان دەچڕین
کڵاوکورەش خۆشتر دەکەوێتە چڕین
بەڵام داخم، وەرزی گێلاسەکان گەلێک
کورتە
لەو شوینەی کە هەردووکمان
لەخەوندا کۆدەکەینەوە گوارەی دڵۆپەیی
گێلاسی خۆشەویستی بە کراسی سوور
لە ژێر گەڵاکانەوە بەردەبنەوە بۆ ناو
دڵۆپەکانی خوێن
بەڵام داخم، وەرزی گێلاسەکان گەلێک
کورتە و
ئێمە گوارەی مەرجان هەڵدەگرینەوە لە
خەونەکەماندا
ئەو ساتەی کە وەرزی گێلاسەکانە
ئەگەر تۆ هەراسانی لە جەرگ سووتان
دوور بگرە لە جوانخاسەکان!
بەڵام بۆ منێ کە ناترسم لە خەمی
جەرگبڕ
رۆژێک نییە لە ژیانم دا بێخەم تێپەڕێ

ئەو ساتەی کە وەرزی گێلاسەکانە
تۆش خەمی خۆشەویستی هەڵدەبژێری

من هەمیشە وەرزی گێلاسەکانم خۆشدەوێ
ئەو برینە سەرئاواڵەی وا لە دڵما هەڵگیراوە
هی ئەم وەرزەس!
ئەگەر بێت و فریشتەی بەختیش رووم تێکا
هەرگیز ناتوانێ لە ژانم کەمکاتەوە....
من هەمیشە وەرزی گێلاسەکانم خۆشدەوێ و
بیری لە دڵما هەڵدەگرم!

## حەوتووی خوێناوی[٣]

لە ژاندارم و سیخور بە دەر
چیتر دیار نییە بە رێگاوە
پیرەپیاو خەمبار چاو پڕ لە ئەسرین
بێوەژن، منالی هەتیو.
پاریس بۆگەنی هەژاری هەڵدەرێژێ
تەنانەت خۆشبەختەکانیش هەڵدەلەرزن
"شۆرای شەر" بوەتە مۆدە و
بەردەچنراوەکانی شەقام گەوزاوی خۆێنن.

ئەرێ وایە...
دەسگرەی دەرگا دەلەرێ
ئەم رۆژە ناخۆشانەش هەر بە سەر ئەچن
جا ئاگاتان لە تۆڵە بێ
کاتێ هەموو هەژارەکان بێنە مەیدان.
رۆژنامەی گشت هەرێمەکان

زۆربلەکانی پەرلەمان
ئەو مرۆڤە شێتانە
نۆبەختەکانی شەڕفرۆش،
خۆشگوزەرێنەرەکان، مرۆڤە رازاوەکان
خەڵکانی بازاری بوورس، گانگستەرەکان،
لەشفرۆشکرەکان
وەک تۆپەڵەیەک بالووکە
ڕادەخوشێن بە سەر تەرمی تێکشکاوەکاندا.

ئەرێ وایە...
"ئێمە راودەنێین، زنجیر دەکەین، دەکوژین
هەرچی بە ڕێکەوت بکەوێتە دەستمان:
دایکێ لە پاڵ کەنیشکەکەی
مناڵی سەر باڵی پیرەپیاو.
سزاکانی ئاڵاسوورەکە
ئەگۆڕین بە رەشەکوژی
بە یارمەتی هەرچی چەتەی بە ڕێگاوە
بەکرێگیراوەکانی پاشا و ئیمپراتۆرەکان."

ئەرێ وایە...
وا دووبارە گەیشتینەوە بە فریوکارەکان
بە ماک-ماهان، بە دوپانلوپ
ئاوی پیرۆز دێتە بارین
کوندە دارەکان پارەی بێئەژمار هەڵئەچنن.
لە بەیانی ڕا، بە خۆشییەوە
گۆرستانی سەن ئوستاش و ئۆپێرا
بە یەکەوە کێبڕکێ دەکەنەوە و
بەندیخانەکان پڕدەکرێنەوە!

ئەرێ وایە...
بەیانی کوڕە جوانکارەکان و کیژەکان
خاتوونەکانی گەڕەکە جوانەکانی
فەقیری شار
تاپر و تەپڵ دەخەنە دەوری ملیان.
ئیمەش هەموو شتێک دەپێچینەوە لە ئاڵا
سێ رەنگەکەی فەرانسە
بە پێشکەشییەکانی تایبەتی رۆژ و
بە نەواری سەر
ئەو کاتەی کە قارەمانی پاندۆرا
مناڵەکانمان دەکوژێ!

ئەرێ وایە...
بەیانی دووبارە پۆلیسەکان
دەپشکوێنەوە لە پیادەڕەوەکان
لەخۆبایی لە خزمەتی بێ ئەژماریان
بە دەمانچەی ناوقەدەوە.
بێ نان، بێ ئیش و چەککراو
حوکم دەکەن بە سەرمانا
سیخور، ژاندارمە، چەقۆکێش و مەلاکان!
ئەرێ وایە....
ئەو خەڵکەی تۆقی هەژاریی بە ملەوە
هەتاکەی هەر سەرکوت دەکرێ؟

تاکەی پیاوانی شەڕ
بە سەر شۆستەکاندا زاڵ دەبن؟
تا چ ڕۆژێک باوەڕ دەکا "کلیک"ی
پیرۆز
بە ئیمەی "ئاژەڵی نەفرەتبار"؟
کەی دێ کۆماری دادپەوەریی و کار؟

نایەکسانیی ئەم دونیایە!
جا ئەو کاتەی کە گەورە بووی خوشەویستم
چەکێکی باشت دەدەمێ بە گوڵلەوە!
دەی ئازیزی بچکۆلانە
دەزانی بۆچی پێخواسی؟

## جەژنی کریسمەس

نان گرانە و بێ ئاگرین
زستان لە کاری کردین و
نەخۆشیش بەرۆکی گرتین
بۆیە گیرفانم بەتاڵ و
خەزنەی پارەش هەر وەکوو ئەوا!
خۆشەویستە بچکۆلەکەم گرژە و خەمبار
چون ئازیزەکەم پێخواسە.
لە حەواوە هەرگیز پارە ناڕژێتە خوار
هەر بۆیەشە ئێمەی هەژار
جەژنی کریسمەسمان نییە!
تۆش ئازیزە بچکۆلەکەم حەسوود مەبە
ئەوەی منداڵە داراکان
ئاوەها کایەی پێدەکەن
بە پارەی خەڵکانی دیکەوە کڕاوە!
ئازیزەکەم ماچت دەکەم، بڕۆ بێخەم!
گەورە ببە و بەڵام هەرگیز لە بیرمە کە

## ڕوونکردنەوە:

١- بەشی هەرە زۆری سەرچاوەی ئەم بەسەرهاتە لە ویکیپیدیای فەرانسەیی و لە هەندێک سایتی دیکە وەکوو "شیعری نامومکین"وە وەرگیراوە.

٢-- ئەم شیعرە لە وەرگێڕانی ئینگلیسی شیعرەکە لەم سایتە وەرگێراوە:
https://impossiblepoems.blogspot.com/2012/10/the-time-of-cherries.html

لینکی گۆرانییەکە بە فەرانسی:
https://youtu.be/f1BgR4jwHIl

٣- - ئەم شیعرە لە ئینگلیسیەوە وەرگێردراوە. ئەوش لینکی گۆرانییەکە بە فەرانسەیی:

# کوشتاری گەورە [۱]

ویکتۆر هیوگۆ نووسەری بەناوبانگی فەرانسی لە سەردەمی کۆمۆنی پاریس دەژیا و مرۆڤێکی پێشرەو و لایەنگری چینی هەژار بوو. ویکتۆر هیوگۆ لایەنگیری کۆمۆن بوو. ئەو لە گەڵ لوئیز میشێل، خاتوونی سووری کۆمۆن، پێوەندی هەبوو. ویکتۆر هیوگۆ لە سەر پارێزگاری نەترسانە و قارەمانانەی لۆئیز میشێل لە شۆڕشی کۆمۆنی پاریس لە کاتی دادگایی لەشکریی دا ئەم شیعرەی نووسیوە.

وەرگێران: سلیمان قاسمیانی

ئێمە خەبات و کوشتاری گەورەمان بینیوە
خەلکی لە دار دراو
پاریس لە نێو تەختیخەوی هەژاری دا.
لە وشەکانت دا بەزەییەکی ترسناک
شەپۆلی دەدا.
ئەوەی کە تۆ کردت تەنیا گیانی مەزنی
شێت دەیکەن!
ماندوو لە شەر، خەیاڵ و لە ئازار،
وتت: "وایە، من کوشتوومە!"
چون داوای مەرگی خۆت دەکرد.

*

تۆ دژ بە خۆت، درۆت هەڵبەست،
چ سامناک و بان لە مرۆڤ!
جودیتی یەهوودی [۲] و ئەریای رۆمی [۳]
چەپلەیان بۆ تۆ لێدەدا
ئا لەو کاتە دا کە ئەدوای!

بە کۆخ نشینەکان [٤] وت: "بەڵێ، کاخەکانم
سووتاند!"
وە شکۆت دا بە ژێردەستە و
بە وردوهارِ کراوەکان!
تۆ دەتگوڕاند: "من کوشتوومە! دەسا بێڵن
با بمکوژن!"
وە جەماوەر گوێی رادەهێشت
بۆ ئەو ژنە سەرکەشەی کە
تاوانی دەخستە سەر خۆ.
وەک ئەوەی ماچ بنێری بۆ گلکۆکەی
خۆت:
نیگای تیژت قورسایی دەخستە شانی
قازییە رەنگپەڕیوەکاندا.
تۆ وەک گلکۆی ئیومێنیدێس [٥]،
خەونت ئەدی.
مەرگیش بە رەنگی بزرکاو، لە پشت سەرتا
ڕاوەستابوو!


ترس هۆڵی گەورەی دادگای داگرتبوو
چونکە خەڵکی شەلالی خوێن، بێزارن لە
شەری ناوخۆ!

لە دەرەوە دەنگی شار دەگەیە گوێمان.
لە پێگەیەکەی بەرزەوە، سەرسەخت و
ڕاوەستاوانەوە
بە سەرشێتییەکی شاراوە، گوێ لە ژین
دەگرت ئەم ژنە
دەتگوت کە ئەو لە هیچی تر حاڵی نابێ
بێجگە لە ئەو سێدارەیەی کە چەقابوو
تا ئەو ببا بەرەو پێگەی خوداوەندی.
کاتێک کە ئەو سووکایەتێی کردە
حورمەت، ئەشکەنجەی گەیاندە جوانی،
جا بە هەڕەشە و بە پەلە،
هەنگاوی هەڵێنایەوە بەرەو گڵکۆ.

قازییەکان وتیان بە چپە: "حەقی خۆیە،
دەبا بمرێ ئەم بەدکارە!"
بەڵام ویژدانیان ئەیپرسی: "نەکا پیرۆز بێ
ئەم ژنە؟!"
لە بەرامبەر "ئەرێ" و "نا"دا، قازییەکان
ماون تێڕاماو
دوودڵ هەروەک لە مابەینی دوو
تاشەبەردی گومان و دڵنیایی،
زەق ئەڕواننە تاوانبارە سەرسەختەکە.

بەڵام خەڵکانی وەکوو من،
دەزانن تۆ لە دلێری و چاکە واتر، هیچی
ترت لە دەست نایە.
کێ دەزانێ، ئەگەر خوا لە تۆی پرسیبا
"لە کوێوە دێی؟"
تۆ دەتوت: "من لە ناخی شەوێکەوە دێم
کە هەمووانی دەردەدارن
من لەو ئەرکی سەرشانەی وا، تۆ لە
هەڵدێری نەماندا بۆت داناوین،
حاشا دەکەم!"

ئەو کەسانەی کە شارەزان بە شیعرەکانی
رەمزاوی و شیرینی تۆ
بە رۆژەکان، شەوەکانت، خەمەکانت،
بەخشەندەیی و فرمێسکەکانت بۆ هەمووان
بە لە خۆبوردوویی تو
بە وتەکانت کە وەکوو کلپەی وشەی
رەسوولانن،
ئەوکەسانەی کە ماڵوحاڵی بێ ئاگر، بێ
هەوا و نان دەناسنەوە،
ئەوانەی کە تەختیخەوی بە تەل تەنراو،
مێزی هەژار دەناسنەوە
چاکێتی تۆ، سەربەرزیت وەکوو ئافرەتێ لە
ڕێی خەڵکا،
ئەو بەزەییە تاڵەی کە وا لە ژێر پیستی



تووڕەییەکەت دا خەوتووە،
نیگای قووڵی پڕ نەفرەتت لە هەموو
نامرۆڤەکان
قاچی ئەو مناڵانەی دەستت گەرمی
کردوونەوە...
هەموو ئەو خەڵکانە ئەی ژن
لە بەرامبەر گەورەییتا ئەوێستن و
سەرەڕای ژارخەندەکەی سەر لێوەکانت
سەرەڕای لەعنەت، ئازار و قیژەی قیزەونی
یاسا لە دژی تۆ،
سەرەڕای ئەو دەنگە بەرز و کوشندەیەی
کە خۆتت پێ تاوانبار کرد...

ئەم خەڵکانە دیسان فەڕی فریشتەیان
بان لە مێدووسا[٦] دۆزییەوە!

لە بەرامبەر ئەم درێژدادڕییانەدا
تۆ چەندە جوان، سەرسوڕهێنەر و بەرز بووی
بە قەبارەی بەدکاریی ژیان لێرەدا.
ئەوەی ئەمان بە یەکجاری دەشڵەژێنێ
دوو ڕۆحی لە یەکتەنراون
ئاژاوەی خوداوەندانەی ئەستێرە ورشەدارەکان
کە لە ناخی دڵی گەورە و پێداگردا
بەدی دەکرێ
هەر وەکوو ئەو پڕشنگەی کە
لە لەرینەوەی بلێسە دێتە بەرچاو!

١٨ی دیسەمبری ١٨٧١

## ڕوونکردنەوە:

١- وەرگێڕانی ئەم شیعرە لە وەرگێڕانی ئینگلیسی Jodie Martire و دوو وەرگێڕانی فارسی، "سینا دادگر" و "زلمی کاوە" کە لە فەرانسەوە کراون، کەڵکم وەرگرتووە. وەرگێرانە فارسییەکان زیاتر لە گەڵ دەقەکە فەرانسەکەدا دێنەوە، بۆیە وەرگێرانە کوردییەکەش زیاتر پشتی بەستووە بە وەرگێرانە فارسییەکان.

٢- جودیت بە وتەی تۆرات، بێوەژنێکی جوانی یەهوودییە کە بۆ رزگاریی قەومی یەهوود لە دەست سوپای ئاشور، دڵی یەکێک لە سەرۆکەکانی سوپا بە دەست دێنێ و مەستی دەکات و دوایی سەری دەبڕێ.

٣- ئەریا، ژنێکی بوێری رۆمی دێرینە. میردی ئەریا ناوی پاتێئۆسە. پاتێئۆس تاوانبار دەکرێ بە بەشداری لە شۆرشێک دژی ئیمپراتوریەتی کلاودیۆس. ئیمپراتۆر بڕیار دەدا کە پاتێئۆس خۆی بکوژێ. بەڵام پاتێئۆس ناوێرێ ئەو کارە بکا. ئەریا خەنجەرەکە لە دەست مێردەکەی دەردێنێ و لە سینگی خۆی رووەدەکا و دەریدێنێتەوە و دووبارە دەیداتەوە بە مێردەکەی و پێی دەڵێ: "نابینی... هیچ ژان ناکا!"

٤- کۆخ نشین: هیوگۆ وشەی "ژێر شیروانی" بەکارهێناوە کە لەو کاتەدا وەکوو ئەنبارکەڵکیان لێوەردەگیرا و زۆرجاریش کەسی بێدەرەتان تێیدا دەژیان. بۆ وێنە قارەمانی رۆمانەکەی هیوگۆ "پیاوە کووڕەکەی نۆترێدام" لە شوێنێکی وا دا دەژیا.

٥- ئیومێنیدێس: ژن-خودای تۆڵەسەندنەوەی یوونانییە، کە ئەتینا دوایی ناوی دەگۆڕێ بە "بەخشەندە" و بریار دەدا کە لەمەودوا لە جیاتی تۆڵەسەندنەوەی تایبەت، دادگا، لە سەر هەموو تاونێک بریار بدات.

٦- مێدووسا لە ئەفسانەکانی یوونانیدا کچی دوو خوا، فۆرکیس و کێتوو، بوو و زۆر جوان بوو. پۆسەیدون خوای دەریا، لە یەکێک لە پەرستگاکانی ئاتێنا دا دەسدرێژی دەکاتە سەر مێدووسا. دوای ئەو کارەساتە، ئاتێنا بۆ ئەوەی تۆڵە بسێنیتەوە لە پۆسەیدون، مێدووسای بێچارە و بێ تاوان تەمبێ دەکا و مار دەروێنێ لە قژەکانی دا و دەیکاتە بوونەوەرێکی هێندە سامناک کە هەرکەس چاوی پێبکەوتایە دەبوو بە بەرد.

☆

# یادێك له برێشت

بێرتۆڵت برێشت (Bertolt Brecht) ١٠ی فێبرواری ١٨٩٨ له ئاڵمان له دایک بوو و ١٤ی ئۆگوستی ١٩٥٦ له بەرلینی رۆژهەلات، کۆچی دوایی کرد. برێشت یەکێک له گەورەترین شانۆنووسەکان و دەرهێنەرانی شانۆی جیهانه. برێشت هونەرمەندێکی کرێکارییه که تا کۆتایی ژیانی پشتی ئەو چینەی بەرنەدا. گرنگترین تایبەتمەندی برێشت له بەرهەمه هونەری و ئەدەبییەکانیدا، هەنگاوهەڵێنانه بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕیی بنەڕەتی له ژیان و له کۆمەڵگادا. ئەو هەوڵ دەدا که مرۆڤەکان دەخیل بن له چارەنووسی ژیانیان چ وەکوو تاک و چ له ئاستی کۆمەلایەتیدا. یەکێک له بەناوبانگترین شیعرەکانی برێشت "بڕیارنامه"یه. ئەو شیعره له شانوی "رۆژەکانی کۆمۆن"دا نووسراوه. بۆ ڕێزگرتن له برێشت ئیمه لەم ژمارەی هانا دا چوار شیعری ئەو لێرەدا بلاو دەکەینەوە!

# بڕیارنامه

وەرگێران له ئینگلیسییەوە:
سلیمان قاسمیانی

١

بەپێی ئەوەی ئێمه بێ هیز و لاواز بووین
یاساتان بۆ فەرمانبەرێتیمان دانا.
بەپێی ئەوەی ئێمه چیتر نامانەوێت که
کۆیله بین
یاساکانتان بۆ داهاتوو هەڵوەشاوەن.
بەپێی ئەوەی هەڕەشەمان لێدەکەن
به تۆپ و تفەنگ
بڕیارمان دا لەمەبەدوا
له ژینی تاڵ زۆرتر له مەرگ بترسین.

۲

بەپێی ئەوەی برسێتی بینمان بەرنادا
تا ئەو ساتەی بێڵین هەروا تالانمان کەن
بۆیه ئاگادارتان دەکەین
له شووشەکان واتر نییه

بەینی ئێمە و ئەو گەرمەنانانەی کە وا
لێی بێ بەشین!

۳

بەپێی ئەوەی لێرە زۆر ماڵ هان بە پاوە
بەڵام ئێوە، ئێمە بێ ماڵ دەهێڵنەوە
بڕیارمان دا نیشتەجێ بین لەو ماڵانە
ئیتر هیچمان رازی نابین بە کەلاوە.

٤

بەپێی ئەوەی هەتا بڵێی خەڵووز زۆرە
کەچی سەرما دەتەزێنێ ئێمە
لە بەر بێ خەڵووزی
بریارمان دا دەست دابگرین بە سەر گشتی
بە پێی ئەوەی ئەوسا ئێمە گەرم دادێین!

٥

بەپێی ئەوەی ئێوە هەرگیز دەستتان ناچێ
هەقدەستی باش بدەن پێمان
خۆمان سەرلەبەر کارگەکان
ئەگرینە دەست.
بەپێی ئەوەی کە بێ ئێوە، بەرهەمەکەی
بەشی هەمووی ئێمە دەکات
بە پێی ئەوەی کە متمانە
بوونی نییە لە لای ئێمە بۆ دەوڵەت و
هێچکام لە بەڵێنەکانی
بریارمان داوە کە ئیتر
ژیانێکی جوان و رەنگین
بە رێبەرایەتی خۆمان بخوڵقێنین!


بەپێی ئەوەی ئێوە چاوتان بە شوێن
تۆپەکانتانەوە و
لە زمانی تر حاڵی نابن
ناچارین لولەی تۆپەکان بگرینەوە روو لە
خۆتان!

☆

# ستایشی دیالکێتیک

برتۆلت برێشت،
وەرگێران: هێدین

بێدادگەری ئەم زەمانە
بە هەنگاوی سامناکەوە دەڕواتە پێش.
چەوسێنەران خۆیان بۆ سەد سەدەی تر
تەیار دەکەن.
زۆردار ئەڵێ: هەر ئاوایە و واش ئەمێنێ.
بێجگە لە دەنگی چەوسێنەران
دەنگێکی تر دەنگ ناداتەوە لە بازاڕا
چەوسێنەر هاوار دەکا:



ئەوا تازە دەست پێدەکەم.
زۆربەی چەوساوەکان دەڵێن:
ئەوەی ئێمە دەمانەوێ، هەرگیز بە دەسمان ناکەوێ!
ئەگەر زیندووی، مەڵێ: هەرگیز!
هیچ شتێک مەحاڵ نییە.
رۆژگار هەر ئاوا نامێنێ.
لەپاش هەرای چەوسێنەران چەوساوەکان دێنە زمان.
کێ دەوێرێ بڵێ: هەرگیز؟
بەهۆی کێوە چەوسێنەر دەمێنێ؟
ئێمە!
کێ قەڵای چەوسێنەر دەڕووخێنێ؟
دیسان ئێمە.
ئەگەر تەواو تێکشکاوی،
دەسا هەستە!
ئەگەر تێکڕا هەڵشکاوی،
دیسانەوە هەر بجەنگە!
ئەوەی پێگەی خۆی ناسی،
کێ ئەتوانێ بیوەستێنێ؟
تێکشکاوانی ئەمڕۆکە،
سەرکەوتوانی سبەینێن
هەرگیزیش دەبێتە: ئەمڕۆ!

☆

# وەرە پێشەوە

بێرتۆڵت برێشت
وەرگێڕان: مەسعوود بینەندە

باسی پیاوچاکیتمان بیستووە
گوایە نرخت بەرزە و لە کڕین نایێت،

بەڵام هەورەبرووسکەش کە ماڵان کاول
دەکات، لە کڕین نایەت.
تۆ لەسەر قسەی خۆت ڕادەوەستی.
بەڵام چیت هێناوەتە زار؟
تۆ مرۆڤێکی ڕاستبێژی،
بیروبڕوای خۆت دەبێژی.
کامە بیروبڕوا؟
ئەتۆ ئازای. بۆ کێ ئازای؟
ئەتۆ زانای بۆ کێ زانای؟
تۆ لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆت
هەڵناسووڕێی
ئەی بەرژەوەندییەکانی کێ ڕەچاو
دەکەی؟
تۆ هاوڕێیەکی چاکی
داخۆ بۆ خەڵکانی چاکیش، هەروا
دۆستێکی چاک دەبی؟

کەوایە، گوێ ڕادێرە:
ئێمە دەزانین ئەتۆ پاک دوژمنی ئێمەی.
هەر بۆیە ئێستاکە لە تەنیشت دیوارێکەوە
راتدەگرین.
بەڵام ڕەچاوی لێهاتوویی و تایبەتمەندییە
شازەکانت دەکەین
ئێمە ئەتۆ لە تەنیشت دیوارێکی چاکەوە
دادەنین و بە گوللەیەکی چاک
لە تفەنگێکی چاکەوە تەقەت لێدەکەین و
بە پێمەڕەیەکی چاک لە زەوینێکی چاک
لە گۆڕت دەنێژین...

☆

# جبهەی یەکگرتوو

بێرتۆڵت برێشت
وەگێران: ماریا کارگەر

هەر لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ، مرۆڤە
پێویستی بە نان هەیە
کەواتە قسە کردن و دەهۆڵ لێدان
تێری ناکات

بۆیە چەپ دو سێ،
بۆیە چەپ دو سێ
جێگەی خۆت بگرە
لە نێو جبهەی یەکیەتی کرێکارانا، هاورێ
چون تۆش کرێکاری

هەر لە بەر ئەوەی کە مرۆڤ، مرۆڤە
پێویستی بە جل و بەرگ و پێڵاو هەیە
قسە کردن و تەپڵ کوتان
بێگومان گەرمی ناکاتەوە
بۆیە چەپ دو سێ،

بۆیە چەپ دو سێ
جێگەی خۆت بگرە
لە نێو جبهەی یەکیەتی کرێکارانا، هاوڕێ
چون تۆش کرێکاری

هەر لە بەر ئەوەی کە مرۆڤ، مرۆڤە
پێی خۆش نیە شەقی تێهەڵدرێ
پێی خۆش نیە نە کۆیلەی هەبێت،
نە ئاغاکان حوکمی بکەن
بۆیە چەپ دو سێ،
بۆیە چەپ دو سێ
جێگەی خۆت بگرە
لە یەکیەتی کرێکارانا، هاوڕێ
چون تۆش کرێکاری

لە بەر ئەوەی کرێکار، کرێکارە
کەس ناتوانێت رزگاری کات
رزگاری کرێکاران
تەنیا بە کرێکاران خۆیان ئەکرێت
بۆیە چەپ دو سێ،
بۆیە چەپ دو سێ
جێگەی خۆت بگرە
لە نێو یەکیەتی کرێکارانا، هاوڕێ
چون تۆش کرێکاری!

# هەمووومان
# یان هیچ کەس

بێرتۆڵت برێشت
وەرگیران: عەلی رەسوولی

١
ئەی کۆیلە، کێیە کە ڕزگارت کات؟
ئەوەی کە لە ژێرژێرەوەیە تۆ دەبینێ
هاواری تۆ تەنیا ئەوەی لە ژێر ژێرە
گوێبیست دەبێ
یەخسیرەکان زنجیرەکانت دەپسینن.
هیچ کەس یان هەمووومان،
هەموو شتێک یان هیچ.
هیچ کەس ناگا بە رزگاری لە شوورەیی
بە تەنیایی
زنجیر یان چەک
هیچ کەس یان هەمووومان،
هەموو شتێک یان هیچ.

٢
ئەی برسی،
کێیە ئەو کەسەی کە تێرت کات؟
گەر بە تەمای لەتە نانێکت دەس کەوێ
هەستەو وەرەوە لای خۆمان

ئێمەی برسی

ڕێگەت پیشان دەین وەک هاوپشت
ئەوە برسییەکانن کە تێرت دەکەن
هیچ کەس یان هەموومان،
هەموو شتێک یان هیچ.
هیچ کەس ناگا بەرزگاری لە شوورەیی
به تەنیایی
زنجیر یان چەک
هیچ کەس یان هەموومان،
هەموو شتێک یان هیچ.

٣

ئەی ئەوکەسەی داغیان ناوە بە لەشتەوە،
کێیە کە تۆڵەت بستێنێ؟
هەستە و بێرە گەڵ زامداران
چون بە تەنیا ئێمەی زامدارین هاورێکەم
تۆلەت دەستێنینەوە لە نەیار!
هیچ کەس یان هەمووماں،
هەموو شتێک یان هیچ.
هیچ کەس ناگا بەرزگاری لە شوورەیی
به تەنیایی
زنجیر یان چەک
هیچ کەس یان هەمووماں،
هەموو شتێک یان هیچ.

٤

تۆ ئەی هەژار، کێ دەوێرێ رابوەستێ؟
ئەوانەی کە وا ڕووتاون چیتریان پێ
قەبوول ناکرێ
بۆیە ئێمەش دەبێ پەیوەست بین بەمانە
کێ دەتوانێ ڕەنجی ئاوا لە کۆڵ بگرێت
با هەستێ لە گەل یارانی چەک هەڵگرێ
هەستێ و نەترس،
رووکاتە مەیدانی نەبەرد
تا هەوڵیان بەربدات
با هاوڕای ئەوانە بێت کە ئێستاکە
خەبات دەکەن
بۆ ئەوەی کە هەوڵی ئەورو بۆ سبەینێ
نابێت.
هیچ کەس یان هەمووماں
هەموو شتێک یان هیچ.
هیچ کەس ناگا بە رزگاری لە شوورەیی
به تەنیایی
زنجیر یا چەک،
هیچ کەس یان هەمووماں،
هەموو شتێک یان هیچ.

# سوار دابەزێ و پیادە-سوار

موسلیح ریبوار

**روونکردنەوەیەکی کورت:**

فۆرومی ئێکونۆمي جیهاني: World Economic Forum، بە بۆنەی کۆرۆناوە، قسە لەوە دەکەن کە ئێکۆنۆمی دنیا، Great Reset (ریسێت ی گەورە) بکرێتەوە، ئابووري جیهاني، سەر لەنوێ و لە ڕگەوە، دامەرزێننەوە! من لێرەدا، Resetم کردووە بە "داچنینەوە" وەک چۆن داشەکانی شەترەنج دادەچنینەوە؛ ئەم شیعرە باسی ئەو داچنینەوەیە.

کۆرۆنا پاشقولی داون
بەزم و بازاریان شێواوە
شپرزاون!
قاویان داوە:
بەتەمای داچنینەوەن!
پاش شێوانی بەزم و بازاڕی نگریسیان
باسی داچنینەوەی مەزنی
داشەکانی شەترەنجی شپڕێویان دەکەن!
بەڵام ئێمە، خۆ لەمێژە
خەریکی داچنینەوی مەزنی ئەم
گۆڕەپانەین!
سەد و پەنجا ساڵ پێش ئێستا،
کۆمۆنەی پاریس، فەرەنسا،
دامان بەژێر تەختەی شەترەنجی جیهانا؛
ئەوە ئێمە بووین ئەو کاتە،
داچنینەوەی مەزنمان لە هەڵڵا دا!
بۆ دامەرزانێکی نوێ؛
دامەرزانێک بێ شا،
بێ وەزیر و بێ فیل،
بێ فیل سوار؛
بێ قەڵا و پەستوو و پەناگای
دەسەڵاتیان!
وتمان: ئەرێ؛
سوار، ئێتر دابەزێ!
سوار دابەزێ و پیادە سواربێ!
\\\\\V/////
به شۆڕشەکەی ئۆکتۆبریش
جارێکیتر
سوارمان کێشایە خوار لە زین؛
پیادەی خۆمان
هەڵمان کوتایە سەر تەختی
دەسەڵاتی گشت-گۆڕەپان؛

هەمان-کات، لە هەڵڵامان دا:
پیادە-سوار!
ئێستا بەڵام،
زۆڵم و زۆر و هەڵاواردن و تاڵانیان
بە پانایي هەموو جیهان
ڕێگای هەناسەی لێ گرتووین؛
گیانیان گەیاندوەتە لێوان،
هێشتاش ئاوا بێشەرمانە،
بەتەمان تێهەڵکەنەوە و
شەترەنجە شپرێوەکەیان
جارێکیتر داچننەوە؟!
\\\\\\V///
بەسیە ئیتر!
با داچڵەکێن؛
با بزانن!
با بزانن:
کات،کاتی هەڵپێچانیانە؛
نەک داچنینی سەرلەنوێی
شەترەنجی شڕ و شپرێوی دەسەڵاتیان!
\\\\\\\\V//////
بەڵێ؛
بێن دایچنینەوە لە ڕەگەوە!
داچنینەوەی حەقەتی و هەرە مەزن:
با سوار، یەکجاری، دابەزێ و
پیادە سواربێ!

# بۆ کۆمۆنە

**بەندی عەلی**

مەشخەڵێکم ..
پشکۆی ملیۆنەها چاوی
بۆ ئازادی داگیرساوی
لەمێژینەی هێشتا گەشم ..
ئەی دەمەکانی شەوە زەنگ
فووم لێ دەکەن ،
دەتانەوێ بکوژێمەوە ؟؟
بە گەردەلوولیش نامرم ،
دیسان دادەگیرسێمەوە !!
تا دەروونم بەجۆش تربێ
سەرم سەما بۆ گڕ دەکاو
بۆ باخی بێ دڕك و پەرژین ،
بەستەی نیگا ..
بە کۆراڵی چاوەکانم دەڵێمەوە !
بە گەردەلوولیش نامرم
دیسان دادەگیرسێمەوە !

دەستێکی ماندووم و بەڵام ..
پەنجەکانم ، پێنج کیشوەری لەیەك دوورن
تەور وەشێنە گەمژەکە ، بۆ کوێ دەچن ؟
تەورەکانت هەر کول دەبن ..



باسکی منیش ئەستوور ترو
نینۆکەکانم ڕەقترو
کەندەڵانی نێوانیان پڕ دەبێتەوە !
کە بوون بە مست ، باش بزانە
ئاهەنگی مەرگ هێندە دوور نییە لێتەوە !
ڕووبارێکم ..
نە تەلبەندی سنوورەکان ،
نە شانی شاخ ..
نە گابەردی بەرزە دەماخ ..
نە دارستانی ئەم ژینە ژان گرتووە
ڕێی سەفەرم پێ دەگۆڕن ،
نە تەم هاژەم دا دەپۆشێ ..

نەبێ من دەشت کەسك دەبێ و
نەبێ من چرۆی کەناریش
تکەی ئاوەنگی ژیانی نوێ دەنۆشێ ..
من بەهارم .. هەر کە هاتم
گۆڕی زستان هەڵدەکەنم ..
شەختە زیندەبەچاڵ دەکەم ،
بۆ برسییەکان ، سەرتاسەری
جیهان دەکەم بەگوڵە گەنم !
بە گەردەلوولیش نامرم ،
خۆم شنەی شەماڵی شەنم !
سرودێکم ،
هەرچی نوزەو ناڵە هەیە
لە باوەشما دەبن بە هاواری خەبات !
نەوای بەرزم .. زەنگی دڵمەو
لەجیاتی ترپە ، لێ دەدات !

برینێکم ،
هەرچی ژانی حەسرەت هەنە
لەنێو مندا کۆدەبنەوەو
تاکو تێزیم دەکەن لە ژان ..
ئەوسا دەبم بە گڕکانی
ڕقو تۆڵەی برینەکان ..
ئەی دەمەکانی شەوەزەنگ !
فووم لێدەکەن ..
دەتانەوێ بکوژێمەوە !
بە گەردەلوولیش نامرم ،
دیسان دا دەگیرسێمەوە !!

# دەنگ دێ

*بەیادی ١٥٠ساڵەی کۆمۆنەی پاریس*

*شیعری: عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)*

لەو ڕۆژەوە چرپەی نەرم و هاواری بەرز
لێکئالاوان
سەمای وەرینی گەڵاکان وخونچەی گوڵ
ئاوێزانن
لەژێر هەوری خۆڵەمێشی ساڵی خۆشی و
پێکەنیندا
دڵ ئومێدی تیادا دەزا و چاو ئەسرینی لێ
دەباری
پاریس بوو بە دڵی فەرەنسا و ئەورووپا
لە سەدەیەک جارێ هات و وەکچۆن دڵی
ئینسان دەقەی ٧٢ جاران لێدەدا
ئەویش ٧٢ ڕۆژ ترپەی هات و ئینجا ئیتر
خامۆش بۆوە
سبەینان لەگەڵ قاوەی تاڵ دەیان بڕیاری
ئینسانیی لە پەنجەرە و دەرگای ماڵەکانی
دەدا
ڕۆژنامەکانی سینگیان کردبووە مەتەرێز،
وشەکانیشیان بە گوللە
سەنگەرەکان پڕ لە قاقا و لە خۆشی بوون
لویس میشێڵ کۆڵان بە کۆڵان دەگەڕا و
بە تفەنگێک لە یاخیبوون
مانیفیستی فیمینیستی دەنووسییەوە
گریگۆری ئەو ڕۆژانە پێڵاوەکانی فڕێدا و
وانەی شیعری دەوتەوە
ئۆژین پوتییە ببووە دەنگی بەرزی خەمی
چینایەتی نێو کۆمۆنە
کۆمۆنارە ڕەنگ سوورەکان زوو زوو
دەچوون لەژێر تاقی ئازادیدا وێنەی خۆر و
بەهار و ئازادی و شیعر و ئومێدی
دواڕۆژیان دەگرت
مۆسیقا ببووە خەرمانەی دەوری سەری ژن
ومناڵ.
***
ئەو بەهارەی کۆمۆنە چاوی هەڵهێنا،
ڕەنگی سروشت
تەنانەت ڕەنگی گوڵاڵە سوورەکانیش گەش
و جوان بوون
ئاسمان دەتوت لەنێو شینیدا نووستووە
کزەباکان بەخۆبادانەوە دەچوون بن گەردن و
سینگی ئارەقاوی جەنگاوەرانیان فێنک
دەکردەوە
پێکەنینی کۆمۆنارەکان پڕ لە مانا و پڕ

ئومێد بوون
لەو دەلاقە زەمەنییەوە سێدارە بوو ئەفسانە
ئایین هەڵمی بێدەسەڵاتی لێ هەلدەستا
گشت چاوەکان لەسەر ئایندەیەکی نوێ،
خەریکبوون بێدارییان دەخستە سەرشانی
نەوەیەکی تازەهەڵچوو
ئاڵای سووری کۆمۆنەش بەسەر کەلاوەی
ژیانی پاش جەنگ و کوشتن، دەشەکایەوە
ماچ لەژێر ئەو ئاڵا سوورە تامێکی پڕ
چێژی هەبوو
خۆشەویستی لەژێر ئاڵای کۆمۆنەدا
مانایەکی تری هەبوو
شیعر، هونەر، ژیان لەژێر ئەو ئاڵایە
پێناسەی جوانیان دەدا بە باڵندەکانی حەز
و خۆزگە و هیوا و ئاوات و بوون
***
هەتا ئاڵا شەکاوە بوو هەتاو گەش و
شەوانیش پڕ لە درەوشانەوەی ئەستێرەی
ڕەنگاورەنگ و
کۆڵانەکانی کۆمۆنە پڕ لە هەناسەی
بەجۆش و
ئاسمانیش پڕ لەجریوە
هەتا ئاڵا سوورەکەی کۆمۆنە بەئاسمانی
پاریس دەشەکایەوە
دڵ پڕاوپڕ لە ئومێد بوو
دوای کەوتنی ئەو ئاڵایە.. دەریایەک
خوێن هاتە هەستان
شەقامەکانی پاریس بوون بە گۆڕی
بەکۆمەڵی کۆمۆنار و شۆڕشگێران
سۆشیالیستەکان دەجەنگان
شەڕی سەروماڵیان دەکرد
بەڵام ئەفسووس دەستی ڕەشی مەرگ
توانی خەندەکانی عەشق ببا
توانی بزەی سەرلێوانی مێژوویەک بسپێرێ
بە خەم
قەڵای داهاتووی خەونێکی گەورەیان
ڕووخان
دەیان هەزار بسکی زەردی هەناسەیان لەبن
بڕی و
جارێکی تر پاریس لەنێو ڕەنگی ڕەش و
خۆڵەمێشی بوو بەتابلۆ
تابلۆی خەون و ئومێدی بەرزی ئینسان و
گۆڕی ترپەی دڵی پڕ لە ئاواتی
کۆمۆنارەکان.
****
گەرچی پاریس بوو بە پارچەیەک لە تەم و
بوو بە شاخێک لە پرسەی خۆشەویستان و
بوو بە دەریای خوێنی سەرجەم
شۆڕشگێران
گەرچی دەنگی هاواری پڕ جۆش و
خرۆشی سۆشیالیستەکان کپ بۆوە
بەڵام ئەو دەنگە قەت نەمرد

ئێستاش دەنگ دێ
دەنگی کۆمۆنارەکان دێ
دەنگی خەونی سۆشیالیستەکان دەگاتە
گوێچکەی هەمووان
پاریس ئێستاش دوای ١٥٠ ساڵ لە کوشتن
و برین هەستاوەتە پێ
بە سەدان هەزار کۆمۆناری هێلەک زەردی
شۆڕشگێری هێناوەتە سەر شەقام و
هەموو هەمان گۆرانییەکەی ئۆژین پۆتیە
دەڵێنەوە
ئەمڕۆ دەنگی کۆمۆنە سوورەکەی مێژوو
لە نێو کووچە و کۆڵانەکانی ڕۆژهەڵات
لەنێو دڵی ئەورووپادا
لە ئەمریکا و
لەودیو ئۆقیانووسەکان و کیشوەرەکانی ئەم
جیهانە دەبیستین
بۆیە ئەمڕۆ هەموو بووینە بە سێلاوی
هەمان ڕێڕەوی ئاوی ڕوون
ئەو سێلاوەی بۆ بۆرژوازی مەرگ بەخشە و
بۆ ئێمەی کۆمۆناری نوێش ئارامهێنی دڵ
و دەروون.

کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠

# هەوری ئێستا
# ئاو دانادات

شیعر : عارف کوردە

هەوری ئێستا ئاو دانادات
تەژیە لەپرتەوبۆڵە و
تەڕم ناکات و
شڵپەی پێم نایە..
لە بەفرانباردا هەڵدەپڕوکێی و
بەهاران دڕک ئەچەقێتە پەنجەتا
لەسەر کانی ژنان شەڕە تەنەکەیەو
کلدان لە ژێر پێدایە
کتێبخانەکان تۆزاوین و
کورسیەکان پۆپجی ئەکەن
لەمەیدانی هێز فرۆشتن گورچیلە
ئەفرۆشرێ و
دەستی ماندوو سکی برسی هەڵئەگوشێ
لەتایەی گەنم زیوان دەبێتە خەلە
بزنسمانێک دونیایەکی باشتری ئەوێ
خاوەندکار مەراسیمی ئایار ئەگێڕی و
کرێکارێک قەپ لەسێو ئەگرێ



ڤایرۆسێک جیهان ئەکات بەزیندان و
ڕێکخراوی ژینگە پارێز سێڵفی لەگەڵ
چڕە دوکەڵ ئەگرێ و
پزیشکانی بێ سنوور ئەڵێن هەوای پاک
هەڵمژن و خۆرتاو بخۆنەوە
دارستانەکان تەلبەند ئەکەن و
نیشتیمان پەرچەمێکەو
لەناو دەستی چەتەکاندا لەسەر گردەکان
ئەشەکێتەوە
هەوری ئێستا ئاو دانادات و
بەدوای دەریایا ئەگەڕێ و هەڵمی لێ
ونبووە
ئەم ڕۆژگارە لنگەو قووچە
هەموو شەوێ بەدەم وەنەوزەوە ژەهر
ئەخۆمەوەو

ئەچمە گەرووی تەمەنەوە
شاخێکی سپیم وەفادار بووم بە بەڵێنەکانم
وەلێ لە هیچ هەسارەیەک جێم نابێتەوە
گەردەلوولێک بەرەو ڕووم دێ و
پەناگەکان لێم هەڵدێن
بوومەتە نیشانەی پەلاپیتکە
هەموو ڕۆژێک دەمپێکێ و نامرم
دەمکوژێ و زیندوو ئەبمەوە
پیر ئەبم و ئەڕۆمەوە لای نەینۆکەکە
لە قووڵایی خۆم ورد ئەبمەوەو ناینا‌سمەوە
پێشتر سیمایەکی دیکەم هەبوو
لە مۆزەخانەی پیرۆزیەکان دانرابووم و
سەردانیان ئەکردم نایناسمەوەو
جێگەم لای خۆم نابێتەوە
ئەچمەوە بۆ لای ئەو کچەی لە
نیشتیمانەکەم ئەچێ
هەموو ڕۆژێک بە ئەتک کراوی بەپێش
چاوما تێئەپەڕێ
خەنە ناو لەپی سوور ناکات
خەنەبەندانی بۆ ناگێڕدرێ
شەرەفنامەی بووکێنی نەدراوەتەوە ماڵە
باوانی
نامەی جیابوونەوەی پێ ئەدرێ
وەفادار بووم بە بەڵێنەکانم
کەچی ئاسمان لێم تووڕەیەو
تەیرولول ئەبابیلەم بۆ ئەنێرێ

زەوی ئەکات بە مەنجەنیق و پاکیزەیی
ئەسووتێنی
لەپاڵ ئەو گۆڕانەی ژمارەن بەبێنازی ئەیان
نێژێ و
بۆنی گوڵ و شیعریان لێدێ
تامی ماچ و ترپەی ترس و دەنگی تەقەو
تەپەتەپی مەرگی لێدێ
.وەفادارم بووم بەڵێنەکانم
سەرم سوورڕماوە لەو کانیانەی
دەمەوێ مشتێ ئاو بخۆمەوە قرژاڵێک
لێڵی ئەکات
نوێژ دائەبەستم شەرواڵەکەم بەدڵۆپە
خوێنەوەیە و دەست نوێژم ئەشکێ
زیکر ئەکەم
جەستەم حاڵی نائومێدی ئەیگرێ
لەکام کانی ڕۆژوو بشکێنم؟
جۆگەلەکان لێخن بوونەو بوونە بەکانیە
درۆزنە
بستێک زەوی نەماوە بیکەم بەچاتۆڵ و
شەماڵێک خۆی فێنک بکاتەوە لەم
سیبریا شەتاوەدا

# بەڕێگاوەم

شیعری فوئاد عەزیز

بەڕێگاوەم
بەنێو تەمی ئەم پایزەدا
تروسکاییەک لەگەڵ خۆم دێنم
بەڕێگاوەم
وشەکانم کۆ دەکەمەوە
هەنگاوەکانم چڕتر و
نیگام تیژتر
تاریکی ئەم ڕێگا دووره
شەق دەکەم
بە ڕێگاوەم
نەغمەی سرودێکم پێیە
گیتارەکەت زینکە
کۆترە دەنوک سوورەکانی هەیوان
هەڵفرێنە
با کوکوختیەکان
ئەم گۆرانییەی هەموو ساتێ
بە شوێنی دوعادا دەیخوێنن
بیلێنەوە
من و شیعرێک بە رێگاوەین
شیعرێک پڕاو پڕ لە گۆرانیەکانی باران



بۆ گەنم
تەژی لە هەورێکی پڕ لە بروسک
کە دایدەکات
گوناحەکانی تاریکیی ئەشواتەوە
بە ڕێگاوەم
دەرگای قوتابخانە سارد و سڕەکان،
والاکەن
ژمارەی هیچەکانی سەر تەختەڕەشەکان،
بسڕنەوە
بە ڕێگاوەم
کتێبێکم هێناوە
دیاری پاریسە و
کراسی سووری کۆمونەی لەبەردایە
بە ڕێگاوەم

تشرینی یەکەمی ٢٠١٨

☆

# چەند شیعرێکی
# خالید بایەزیدی (دلێر)

(١)


ڕۆڵەکەم!
تاقانە گوڵەکەم
کاتیک ئەبینی
ژیان پایزێکی گەڵاڕێزانە
یان کراسێکی چلکنە
وە بە جێگای نان
خەم وپەژارەت دەرخوارد ئەدەم
لیم زویرمە بە!
ئەوە نەزمی نوێی جیهانە
ڕۆڵەکەم!
تاقانە گوڵەکەم
کۆلان و شەقامەکانی شار زور گەڕام
بازاری کۆیلەکانیش گەڕام
هەروەها بازاری درۆفرۆشتنەکانیش...
بەڵام!
هیچ شتیکم دەست نەکەوت
بۆ شۆرینی ئەم ژیانە کراس چلکنە
تەنیا پیاڵەیەک نەبێ
لە فرمێسکەکانم!
ڕۆڵەکەم
تاقانە گوڵەکەم

بەهاری ئێمە هەمیشە پایزە
بزە و پێکەنین لێمان زیزە
کەڵەباب لە منارەکانی ئەم گوندە
هەمیشە بێوەخت ئەخوێنێ بە بزە و خەندە
بۆ ئێمەی هەژاری برسی؟!

(*) ئیلهامی ئەم شیعر لە شیعری نەزمی نوێی هاورێێ شاعیرم رزگار عومەرەوە وەرگرتووە.

(٢)
پیاوێکی سپی
دەستەکانی بەسەربالّی
باڵندەکاندا دەهێنا و دەیوت
با بە دارستان بڵێین
کە هەرگیز نەهێڵن
لە درەختەکان
قەفەسێک دروست کەن
چاوەشینەکانی ئاسمان
چاو ئینتزاری هەڵفرینی باڵندەکانە.

(٣)
کە لە دایک بووم
لە نێوچاوانیان نووسیم
منالێکی هەژار
رۆڵەی باوکێکی کرێکار



لە دایکێکی خەماوی و گیرودەی
کومەڵگای پیاوسالار
چاوی ماتەم و پەژارە و گریانی هەڵێنا!
لە جیهانی بێبەزەیی سەرمایەدار

(٤)
کاتێک کە لینین سەرکەوت
سەرمایەداران
لەژێر ئامێری کارگەکەیان
خۆیان حەشاردا
کە نەبادا کرێکاران داوای
مافی رەوای خۆیان بکەن

(٥)
سەرمایەدار
بیر لە هەموو شتێک ئەکاتەوە
جگە لە مافی کرێکار!

☆

# ئەی هەڤاڵان

شەوبۆ مورادی

ئەی هەڤاڵان
هەستنە سەر پێ
کڵپەی ئاگری وشەکانمان
بخەینە گەرووی زەمانە
بە هەموو خەڵکی شار بڵێین
دەلاقەی هێوایان ئەورۆ ئاواڵەکەن
بێنە شەقام، کووچە و کۆڵان
پیر و لاو و زارۆکەکان
گەرچی ڕێگەی ئاسنین دەبڕین
بەڵام لە ئاست چەوسێنەر و مشەخۆران
هەنگاوەکانمان پۆڵایە!

ئەی هەڤاڵان
چڵی ڕووتی دارەکانی ئەم زستانە
بکەین بە دەستی یەکگرتن
با گڕ و تێنی بێزاری لە ژێردەستیی
بهەژێنێ هەموو جیهان
سەرکەوینە شەمەندەفەری یەکسانی و
بڕیار بدەین دونیایێ تر بخوڵقێنێن
بڕیار بدەین هەتاوی ژینی بێ بەشان زووتر هەڵبێت
بڕیار بدەین بەهاری یەکسانی زووتر بپشکوێ!

ئەی هەڤاڵان
بۆ دەبێ بەدیهێنانی ئەم ئاواتانە خەیاڵ بێت؟!
کە ئیتر کەس بالوورەی برسییەتی نەیێ
کە چارەنووسی هەر ژنێ بە دەس خۆی بێ
کە ئیترهەرگیز مناڵێ
لە قوژبنی هیچ دیوارێکا لە سەرما
لە زستانی چەتوونی ژین هەڵنەلەرزێ!

ئەی هەڤاڵان
دەنگی ئەورۆی کڵپەی ئاگری وشەمان
هێند بەهێزکەین
کە زەلکاوی مەنگ و قوڕاوی هێرشی
داگیرکەرانی ئازادی تێک بشکێنێ
وەرن ئەورۆ لە سەرەتای تاریکی شەو
کوڵانەکانی هەژاری و مافی بڕاو
بکەینە گوڕەپانێک بۆ ڕاماڵینی چی
ترسە و خۆف!

ئەی هەڤاڵان
ئەورۆ، رۆژە سەرتان هەڵبڕنە ئاسمان
لە دوای تۆفانی شوڕشمان
ئاسمانەکەی پڕ تامەزرۆی ئازادی و
یەکسانی پاریس
بە کۆڵکەزێڕینەی ئالای سوشیالیزمەوە ئالاوە
ئەی هەڤاڵان!

٥ ی ژانویە ٢٠٢١

# بالانس

فاتح شێخ "چاوە"



لە سەر یەک پێ ڕادەوەستم
گۆڕەوی پێیەکەی ترم دادەکەنم
دیسان دەیکەمەوە پێم و پێگۆڕکەیەک،
سەرلەنوێ لە سەر پێکەی تر ڕادەوەستم،
گورج گۆڕەوی ئەو پێیەکە دادەکەنم،
دەیپۆشمەوە،
لەسەر هەردوو پێ دەوەستم،
چەن جاری تر دیسان هەروا، هەتا دوایی ...

***

ئەزموونێکی ناوازەیە،
بۆ تاقیکردنەوەی بالانس!
بالانسی قایم ڕاوەستان لەسەر پێی خۆ، لە ڕۆژگاری دژواریدا
ئەم ئەزموونە لە کێ فیر بووم؟ کەی فێری بووم؟
زیاد لە نیو سەدە لەمەوبەر، کاتی لاوی،
لە ئەزموونێکی ناوازەی شۆڕەلاوێکی نەناسراو
کە ئاوازەی ئازایەتی و نەترسی ئەو،
لە کۆڕی خەڵکی ئاسایی شارە شیرینەکەی سنە،
دەماودەم دەگوترایەوە:
گرتبوویان،
بە تاوانی قەت نەکردووی چەتەگەری! گرتبوویان

دادگای لەشکر، سزای ئێعدامی بەسەردا سەپاندبوو
دەمەوبەیانی ئەو ڕۆژەی دەیانبرد بۆ مەیدانی تیر
بڕیاری دا بێتاوانی و دڵگەورەیی و دلێری خۆی بەو شێوەیە نیشان بدا:
لەسەر پێیەک ڕاوەستابوو،
گۆرەوییەکەی لەو پێی تری داکەندبوو، هێواش لە پێی هەڵکێشابوو،
بە بەرچاوی داپچڕاوی جووخەی جەڵلادەکانەوە
چەن جاری کەش بوێرانە وای کردبوو،
ئینجا بە دەنگێکی دلێر، نەڕاندبووی بە ڕوویاندا:
من چەتە نیم، ئێوەن چەتەن کەسی بێتاوان دەکوژن
هەقتان نیە قۆڵبەستم کەن، پارچەی ڕەش لە چاوم بدەن،
لە چەکی دەستان ناترسم، لە ڕواڵەتی تاڵ و ناحەزتان ناپرسم!

***

جووخەی تفەنگ بەدەست کوشتیان
لاوی چەتەیی نەکردووی بێتاوانیان تیرباران کرد،
بە یەک دەسرێژ باڵای ڕاوەستاوی لاویان داراندەوە
بەژنی جوانی بە لادا هات، بەڵام چیرۆکی دوا شانۆی ژینی شیرینی ئەو لاوە
لە یادی ئەو شارە شیرینەدا ماوە

***

ئێستا، بە دوای دەیان ساڵدا، بۆ دیسان ئەو کارەساتە دڵتەزێنە
دەگێڕمەوە و دەیهێنمە بەر زەینی خوێنەرانی شێعرم؟
ئاساییە: ئەزموونی ئەم ڕۆژانەمان بۆ ئەوەیە دڵنیا بین کە دەتوانین
لەم ڕۆژگارە دژوارەدا باڵانسی خۆمان ڕابگرین!
باشە وا دەرچوو دەتوانین لەسەر یەک پێمان ڕاوەستین،
دەی چی؟ So what?

***


لە دۆخێکی وەک ئەمڕۆدا
ڕاگرتنی باڵانسی قایم ڕاوەستان لە سەر یەک پێ دژوار نیە،
گرنگ باڵانسی ورەیە، باڵانسی ئارامی دەروون، لەسەرخۆ بوون.
جووخەی جەللادەکانیش گەر لوولەی تفەنگ بەڕووی ئینساندا ڕانەگرن،
دۆڵپای غەدداری سەرمایە، ئەو دێوەزمە هەزارپێیە، بە ڕۆژ بە شەو،
تەپی داوەتە سەر ملی تاکی ئینسان، سواری بووە و بە تیربارانی نامۆیی،
باڵانسی ناوخۆی دەروونمان، هی خۆمان و هەڤاڵان و هاونەوعانمان،
بە تاک بە کۆ، دەشێوێنی،
ژاری خەمباریی دەڕژێنێ،
گەر ئاگامان لە خۆ نەبێ زەفەر بە ورەمان دەبا،
هێواش هێواش تووشی خەمۆکیمان دەکا
ئەو دۆڵپایە بە خواستی خۆی هەرگیز، هەرگیز لە سەر شانمان دانابەزێ،
مەگەر بە هێزی یەکگرتووی لێبڕاوانەی تاک و کۆمان
بە زۆر دایکێشینە خوار و ئازای ئەندامی تێک دەین ولەجێگایدا،
نەزمێکی نوێ دامەزرێنین.

***

ڕەخنەگری بێخەم کەم نین بێن و بەم شێعرەمان بڵێن:
جا کوا شێعرە؟ ئەمە سەرتاپای شیعارە!
خەمتان نەبێ!


٩ مارسی ٢٠٢١

☆




”ئەنتۆلۆژیای شیعری کرێکاریی کوردی“ بە ئامادەکردنی عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) لە لایەن ناوەندی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی هانا، چاپ و بڵاو بۆوە. کتێبەکە لە زۆربەی کتێبفرۆشییەکانی کوردستانی باشوور دەستدەکەوێ. لە دەرەوەی کوردستان، ئەتوانن کتێبەکە لە ناوەندی هانا داوا بکەن. نرخی کتێبەکە بە پارەی پۆستکردنیەوە ٣٢٠ کرۆنی سویدە. بۆ داواکردنی کتێبەکە بەم ئیمایلانەی هاناوە پەیوەندیمان پێوە بگرن:

govaryhana@gmail.com
info@hana.se




لە لایەن گۆڤاری هانا وە، خۆشحالی خۆمان دەردەبرێین بۆ چاپ و بلاوبوونەوەی ''هەریمی شەو'' کۆمەڵە شیعری شاعیری شاعیری ئاوانگارد و کۆمۆنیست ''چاوە'' لە پێشەنگانی شیعری نوێ لە کوردستانی ئیران. هیوادارین بتوانین لە داهاتوویەکی نزیکدا بەرهەمەکە لە لای ناوەندی ''هانا''وە بە خوازیاران پێشکەش بکەین.

govaryhana@gmail.com
info@hana.se